


# ئاین و کولتوور

نووسین و لێکۆڵینەوەی:
دەستەیەك لە خوێندکارانی پەیمانگای ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوین
"KADEK"

## وەرگێڕانی: ئارام ئاران

چاپی یەکەم/2003

ناوەرۆك:

بەشی یەکەم:

**ئایین و کولتوور، جێگایان لە پەرەسەندنی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا**

***ا- ڕیشەی پەرەسەندنی ئایینی و کولتووری و، ڕۆڵی لە پەرەسەندنی ماددی و مەعنەوی مرۆڤایەتیدا .***

***ب-بەدەستخستنی دووراییی ئایدیۆلۆژی لە لایەن ئایینەکانەوە و، شوێنی لە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیدا .***

**ج- دەوڵەمەندی و پێشکەوتنی کولتووری و ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا .**

**د- ئەو ئەنجامانەی لە دەوڵەمەندی کولتوری و ئاینی کەوتنەوە لە هەرێمەکەدا, لە ڕووەکانی ئیدیۆلۆژی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەوە.**

**ه- کاریگەری ئاین لە سەر مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوین.**

**بەشی دووهەم:**

**دەوڵەمەندی کولتوری لە هەرێمەکەدا و گۆڕانی ئاین بۆ هۆکاری ململانێ و بێچارەیی.**

**ا- ڕیشە نەکوتانی فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا پشت بەستووەکان بە پەرەسەندنی زانستی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین, سەرەڕای دەوڵەمەندی کولتوری هەرێمەکە.**

**ب-گۆڕانی جیاوازی ئاینی و ئاینزای لە هەرێمەکەدا بۆ هۆکاری ململانێ و پێکدادانەکان.**

**ج-ڕۆڵی باڵادەستی دەرەکی لە دروست بوونی ململانێکاندا.**

**د-ڕۆڵی ئاین لە بەردەوان بوونی ڕژێمە نادیموکراتەکان لە هەرێمەکەدا.**

**بەشی سێهەم**
**نزیك بونەوەی هێڵی دیموکراسی KADEK لە دەوڵەمەندی ئاینی و کولتورری هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین:**
**ا- ئاین و مرۆڤ لە فەلسەفەی ئاپۆیزمدا.**
**ب- سیاسەتی KADEK بۆ دیموکراتیزە کردنی ئیسلام و ئازادیە ئاینیەکان.**
**ج- هەڵوێستی دیموکراسیانەی KADEK بەرامبەر بە جودایی کولتوری لە هەرێمەکەدا.**

---

## پێشەکی:

پێویستە درك بە دیالێکتێکتی پەیوەندی نێوان کات و شوێن بکرێت، چونکە بەوە ئاسۆی فراوان دەکرێنەوە لە بەردەم تێگەیشتنێکی گشتیگیرانەی مێژوو و ڕاستینە و ئایندە.

پەیوەندی نێوان کاتی نادیار وسروشتی شوێنی دیاریکراو, پەیوەندی نێوان مێژوو و جوگرافیایە. کارلێکردنی ئەم دوو توخمە و گۆڕینەوەی کاریگەرییەکانیان لەسەر یەکتر, دەبێتە مایەی کێشانی تابلۆیەکی نوێ. بۆیە هەرگیز ناتوانین نکولی لە ڕۆڵی جوگرافیا بکەین لە وێنە کێشانی مێژوودا، چونکە هەرێمی جوگرافی ڕۆڵی گێڕاوە لە مێژوودا و ڕۆڵ دەگێرێت لە وێنە کێشانی ئایندەشدا، بە هۆی ئەو بایەخەی کە بەم یان بەو شێوەیە شوێنگەکەی هەیەتی. ڕۆژهەڵاتی ناوینیش دیارترین نمونەی ئەم ڕاستیەیە. هەڵە نییە بگوترێت، کە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوین قەرزداری جوگرافیاکەیەتی. ئیتر بە هۆی شوێنگە جوگرافیاکەیەوە بێت، یان بە هۆی تواناکارییە گەورەکانی ژیانی ئابوورییەوە, هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتیەوە و تا ئێستا. خۆ ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوینمان ئەم گۆڕەپانە جوگرافیە گرنگە دەگرێتەوە, ئەوا کاریگەرانە بەشداربووە لە کێشانی مێژووی گشت مرۆڤایەتیدا، نەك تەنیا ئەمە، بەڵکو وتەی (مێژوو لێرەوە دەستپێدەکات) بەرجەستە کردنی ئەو ڕاستییە، کە هەزاران لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی و مێژوویی زانستیانە, سەلماندوویەتی و دەیسەلمێنێ.

وەك ئەنجامی ململانێیەکی گەورەی مرۆڤانە, داهێنانی کولتووری بە جوانترین شێوەکانی لەم هەرێمەدا دەرکەوتووە، ئەگەر بەپێی ئاستی پەرەسەندنی هۆشیاری بپێورێ لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا. هەتا دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵاتی ناوین سەرچاوەی کولتوور و شارستانی هەموو مرۆڤایەتیە بە کولتووری ئێستای ڕۆژئاواشەوە. کولتووری یۆنانی بانگەشەی دایکایەتی خۆی دەکرد بۆ گشت کولتوورەکانی جیهان، بەڵام بەشێوەیەك کە هیچ گفتوگۆ هەڵناگرێ سەلمێنرا، کە ئەمان کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوینیان وەرگرتووە یان هاوردووە و، زیاتر لەوەی کولتوورێکی تایبەت بەخۆیان دابهێنن, شتیان خستۆتە سەری. بەوەش ئەم هەرێمە ناوەندی پڕشنگدانی کولتووری و شارستانی بووە و، تیرێژی بە هەموو ئاڕاستەکانی جیهاندا بڵاوکردۆتەوە، بۆیە دەبێ ڕۆژئاوا دان بەو قەرزدارییەی خۆی دا بنێت و، وەك یەکێك لە ڕاستیە مێژوویەکان پەسندی بکات. ئەگەر شۆڕشی نەولۆتیك و، پێش ڕۆژئاوا بە هەزاران ساڵ, لێرەوە دەستی پێکردبێ، ئەوا ڕاشکاوانە بڕی لە پێشەوە بوون لە ئاواکردنی شارستانی و دەست پێکردنی لەسەر ئەم زەویەدا نیشاندەدات.

لێرە یەکەمین نووسین داهێنرا و ئەفسانە و ئایین و وێژە و موزیك پەیدابوون. هەروەها شار و یاسا و دەوڵەت و (شار دەوڵەت) سەریانهەڵدا. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە زانایان و لێکۆڵەرەوەکان ئەنجامی دەدەن ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن. ئێرە جێی شارستانیەکانی سۆمەری، ئەکادی، بابلی، ئاشوورییەکان و زۆری تریشە, کە بەشداربوون لە پاڵنان بە چەرخی مرۆڤایەتییەوە بۆ پێشەوە.

ئەم هەڵمەتە لە سەر دەمی دەرەبەگایەتیشدا بەردەوام بوو و، دەتوانین ئەو ئاستە بەرزە ببینین، کە هزر و کولتووری مرۆڤایەتی پێیگەیشت، بە ڕێگای ئایینە تاك خوداییەکان (یەهودیەتی، کریستیانی، ئیسلام), وەك بەرزترین شێوەکانی پەرەسەندنی ئایین لە جیهاندا, هاوکاتانە لەگەڵ پەرەسەندنی هزریدا.

ڕۆژهەڵاتی ناوین سەرچاوەی شارستانییەکان و، گەنجینەی کولتوورەکانە و، سامانێکی کولتووری وای هەیە، کە کەڵەکە بوونی هەزاران ساڵ لە ئافراندن و داهێنان دەنوێنێ، بەڵام شوێنەوار و داهێنانەکانی تووشی سڕینەوە و هەوڵەکانی کوشتن بوون, بەڕێی چەمکە جۆربەجۆرە نا مرۆڤایەتییەکان و، ئەو ڕووبەرە جوگرافیە بە هەموو خێر و بێرەکانی شوێنگەی جوگرافی و سیاسی گرنگییەوە, بۆتە فاکتەرێکی سەرەکی لە وێنە کێشانی مێژووی هەرێمەکەدا. ئەگەر گشت ئەو هەوڵە جیاوازانە لە شێوە و ئامانج و ئاڕاستەکانیدا نەیانتوانی ڕەسەنایەتی ئەم کولتوورە لە ناو ببەن، هەرچەندەش پەرەسەندنیان تێدا ڕاوەستاندبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە سەرلەنوێ هەڵدەستێتەوە و، بەڕێی بەدیهێنانی پەرەسەندنی مرۆڤانەی پێویست و سەپێنراو, بەرگری لە مافەکانی دەکات.

ڕۆژهەڵاتی ناوین، کە ئایینە مەزنەکانی لە ئامێزگرت و، لانکەی شارستانیەکان بوو، لە پەرەسەندنێکی گەورەدا دەژیا لەوکاتەدا کە ئەوروپا لە چاخەکانی تاریکیدا دەژیا، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیتوانی نوێ بوونەوە پێك بێنێ، بۆیە لە هەنگاوەکانی گەلان و، نەتەوەکانی تر و، مرۆڤایەتی دواکەوت, لە کاتێکدا کە ڕۆژئاوا بەهۆی چاکسازییەکان و گۆڕانکاری و شۆڕشی ڕێنیسانس, توانی بە خێرایی پەرەبستێنێ. لە ناوەندی ئەم دۆزەشدا دەتوانین پرسی

بەدەستەوە گرتنی ئایین ببینین، چونکە ڕۆژهەلاتی ناوین نەیتوانی خۆی نویٚ بکاتەوە و بە تایبەتی لەم بابەتە دەربچیٚت، بۆیە بە ڕووی خۆیدا داخرا. ئایین، کە ڕۆلێکی پێشکەوتنخوازانەی بینی، بووە تەگەرەیەکی بەهەند لە بەردەم ئازادی هزری مرۆڤانە و، ئاڕاستەگرتنی بەرەو ئاسۆکانی زانست و پەرەسەندن.
ئێمە لێرەدا نکولی لە ڕۆلی بیٚ وێنەی ئایین ناکەین لە کاروانی مرۆڤایەتیدا بەرەو پێشەوە، بەلْکو لەوە دەدوێین، کە پەرەسەندنەکانی پاشتر و، بە درێژایی ئەم سالانە پەرەسەندنێکی گونجاوی دەسەپاند لە بەدەستەوە گرتنی ئایینیشدا، ئەمەی کە ڕۆژهەلاتی ناوین بەدینەهێنا. لەم پێگەیەوە سەرۆك ئاپۆ دەلێت: ( ڕۆژئاوا توانی پرسی ئایین چارەسەر بکات، بەوەش توانی دەیان جار ڕۆژهەلات "فتح" بکاتەوە). واتا باش بەدەستەوە نەگرتنی ئایین و خۆ ڕزگارنەکردن لە دۆگما دواکەوتووەکان و، بیرۆکە چەوتەکان و سووربوون لەسەر گوتنەوەی وتەکانی هەزاران سالی ڕابردوو وەك ئەوەی ڕاستی هەتا هەتایی بن و، گفتوگۆ هەلْنەگرن. هەموو ڕێگاکانی بەردەم تواناکاری بەدیهێنانی پەرسەندنەکان دادەخات. ئەگەر نا, ئەوا کەلْەکەبوونی کولتووری لە ڕۆژهەلاتی ناویندا زەمینەیەکی بیٚ وێنەیە و، دەرفەتێکی بێهاوتا دەدات بۆ بە دیهێنان فراوانترین و شکۆمەندترین شێوەکانی پێشکەوتن، بەلاٚم تەنیا وەك زەمینەیەك دەمێنێتەوە، ئەگەر بە وردە کاری و، داهێنەرانە نەقۆزرێتەوە، ئەمەش هەرگیز نکولی کردن و، دوورکەوتنەوە و، دەستبەردان نییە لەڕەسەنایەتی، ئەوەندەی کە پاراستن و نوێکردنەوەیەتی. واتا تەنیا بەوە دەتوانریٚ سەنتێزێکی نویٚ داڕێژرێت وەك ئەلتارناتیڤێکی گشتگیرانەی کولتووری, بەتایبەتیش بۆ ئایین کە بڕبڕەی پشتی کولتوورە لە ڕۆژهەلاتی ناویندا.
ئەم لێکلۆلینەوەیەش (ئایین و کولتوور)، هەولْدانێکی بە هەندە لەم ڕێگا سەخت و پێچا و پێچ و دڕکاوییەدا، خۆ ئەگەر نەشیتوانیبێت، وەلامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە، ئەوا بە دلْنیاییەوە ڕێخۆشکەر دەبێت لە بەردەم تێڕوانینێکی گشتگیرانە بۆ ئایینەکان، کە ڕیٚ بە کردنەوەی دەرگاکانی گفتوگۆیەکی بەرفراوان، سەبارەت بەم بابەتە گەرم و سەرەکیانە دەدات و، بۆ هەرکەسێك کە لەسەر ئەم خاکە و، لەم قۆناغەدا دەژێت گرنگە. هەروەها سەبارەت بە هەولْ و تەقەلای ئاواکردنی مرۆڤی نویٚ بە پێودانگە کولتووری و شارستانی و، دیموکراسیەکانیەوە. بۆیە ئەم کارە بەشداری کردنێکی هزرییە لە پالْ پێوەنانی گفتوگۆکان بەرەو بابەتی مرۆڤانەی گرنگی وەك ئایین و کولتوور، هیواشمان ئەوەیە، کە ئەم لێکۆلینەوەیە خوێنەرەکەی بگەیەنێتە ئامانجی هیواکراو.

## بەشی یەکەم:

### ئایین و کولتوور، جێگایان لە پەرەسەندنی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەلاتی ناویندا:

***ا- ڕیشەی پەرەسەندنی ئایینی و کولتووری و، ڕۆلی لە پەرەسەندنی ماددی و مەعنەوی مرۆڤایەتیدا:***

مێژووی مرۆڤایەتی بە مێژووی ڕەنج و داهێنانی بەها مەعنەویەکان دادەنرێت. هەروەها مێژووی بەرهەم و کار و زەحمەتکێشی یە. فاکتەری سەرەکی جیاکردنەوەی مرۆڤیش لە ئاژەلْ لەم چوارچێوەیەدا. کاتێك مرۆڤ دەستی بەکار کرد بۆ فەراهەم کردنی پێویستییە ماددییە سەرەکیەکانی, توانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیش دابهێنێت. **ڕۆلی کارکردن سەرەکییە لە کردنی مرۆڤ بە مرۆڤ.** ئەمەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەلمێنراوە. هاوکات سەلمێنراوە، کە یەکەمین کۆمەلْگا مرۆڤایەتیەکان لەپێناو فەراهەم کردنی ئەم پێویستیانەدا دروست بووە، تا لە توانا دابیٚ هێزە پێویستیەکان بۆ جێبەجێکردنی کار کۆبکرێتەوە. بەم شێوەیەش بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەلایەتی هۆشیار دەرکەوتووە. لەم خالْەدا بەتایبەتی دەبیٚ ڕۆلی سەرەکی کار و ئامرازەکانی ببینین لە بەرزکردنەوەی مرۆڤ لە قۆناغی ئاژەلْییەوە بۆ قۆناغی مرۆڤایەتی. ئەمەش هەمان هۆکارە، کە وایکرد ئاژەلْ نەتوانیٚ بگاتە هەمان ئاست، چونکە نەیتوانی کاربکات و، ئیدی دروست نەبوونی هۆشیاری لە لای، ئەم ڕاستییە لە سەرەتاکانی دروست بوونی کۆمەلْگا مرۆڤایەتیەکاندا دەردەکەوێت و، پاشان ڕووکردنە دروستکردنی کۆمەلْگایەکی سەرەتایی. لەم قۆناغەدا بەتایبەتی تاکە کەس ڕۆلێکی گەورەی هەبووە, واتا لە قۆناغی دروستبوونی کۆمەلْگای چینایەتیدا. هەربۆیە ئەم قۆناغە بە قۆناغی پالْەوانان ناو دەنرێت.
**گرنگترین توخمەکانی کولتوور ئەو توخمە هاوبەشانەیە، کە شێوازی بیرکردنەوە و ژیان و پرسەکانی ڕۆح و، باوەڕ و، ڕێکخستنی گشتی دیاری دەکات. ئەم توخمانە بەشێوەیەکی گشتی شێوەی سەرەکی پەیکەری کولتوور و بونیادە جیاوازەکەی پێك دێنیٚ. هەروەها هونەرەکان و پرسە ڕەوشتی و یاسایی و داب و نەریتەکان, بە توخمەکانی کولتوور دادەنرێن. بۆیە کولتوور پێودانگی ئاستی ئەو هزرەیە، کە ژیان پێناسە دەکات و، بە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەلایەتییەوە گرێدراوە و، لەگەلْ دەرکەوتنی کۆمەلْگادا دەرکەوتووە.**
کولتوور سەرچاوەی شارستانی مرۆڤایەتییە و، هەر ئەوە کە چارەسەری دادەنیٚ بۆ هەموو گرفتەکانی، وەلامی پرسیارەکانی تاك و، کۆمەلْگای داوەتەوە. زمانیش بە توخمێکی گرنگ دادەنرێت لە توخمەکانی کولتوور، لەبەر ڕۆلْە گرنگەکەی لە ڕێکخستنی هزر و ژیانی مرۆڤدا و، لە گرنگترین ئەو ئامرازانەیە، کە شارستانی لە نەوەیەکەوە، بۆ

نەوەیەکی تر گواستۆتەوە و بەشداربووە لە دانانی کۆڵەکە قایمەکانی ژیانی کۆمەڵگای نوێ، چونکە کۆمەڵگا بوو بە خاوەن هەندێ لە دەستکەوتە ڕەوشتی و بەها مەعنەوییەکان. لەبەر ئەوەی کاتێك کە هەموو توخمەکانی کولتوور لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا کۆدەبێتەوە، ئەو پەرەسەندنە کولتوورییە بەدیدێت، کە بەپێی خۆی پەرە بەکۆمەڵگاش دەدات. هەرچینێکی کۆمەڵگاش ڕۆڵی لە پەرەسەندنی کولتووردا هەیە، پیشە و کارە دەستیەکانیش یارمەتی دەربووە لە گەشەکردنی ئەم کولتوورەدا, بەوەی توخمەکانی پێشکەوتن و بڵندبوونی پێداوە. بە تێپەڕبوونی کات و بە ئاوێتە بوونی ئەم توخمانە لە ناو یەکتردا پێشکەوتن بەدیدێت. بەردەوام بوونی پەرەسەندنی دیالێکتیکی, بەپێی خۆی هەندێ چەمکی ئابووری و سیاسی دروستکردووە. ئەم چەمکانەش ڕۆڵێکی سەرەکیان گێڕا لە پەرەسەندن و ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتیدا. هەروەها لەگەڵ خۆیدا زۆری لەو داهێنانە مێژووییانە هێنا، کە بەشداربوو لە تێپەڕاندنی چەندین قۆناغ لە مێژووی شارستانی مرۆڤایەتیدا. لێرەشەوە دەرکەوتنی ئەنجامی کۆمەڵایەتی گرنگی وا، کە بە شێوەیەکی گشتگیرانە هزری مرۆڤایەتی پێشخستووە.

کاتێك ئاماژە بە ئایین و، توخمەکانی و، سەرچاوە سەرەکیەکانیشی دەکەین، پێویستە ئەم پەرەسەندنانە ڕەچاوبکەین، چونکە نەبوونی توانای شیکردنەوەی دیاردە سروشتییەکان, وای کردووە لە بەرامبەریاندا ترس دروست ببێت لەلای مرۆڤ. ئەمە هۆکاری باوەڕبوونی مرۆڤ بووە بەخوا. بۆ نمونە: ترس لە مردن کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر مرۆڤ کردووە و، وای لێکردووە بەشێوەیەکی میتافیزیکی بیر لە گەڕان بکاتەوە بەشوێن چارەسەری و هێزدا لە دەرەوەی چێوەی ئەو چوارچێوە ماددییەی تێیدا دەژی و، پشت بەستن بە هێزە نادیارەکان و وابیری کردۆتەوە، کە ئەمان دەتوانن بیپارێزن لەو هێزانەی دەیانەوێ زیانی پێبگەیەنن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بووە هۆی دروستبوونی جۆرێك لە هۆشیاری سەرەتایی، کە ئەمیش بە جۆرێك لە ڕەوشت و پەیوەستبوون و پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە چوارچێوەی ماددییەوەی, کۆمەڵگای ڕەنگ کرد.

بە تێپەڕبوونی کات ئەم پەیوەندیانە بە شێوەیەکی گەورە و کاریگەر قووڵبوونەوە، ئەمە کە وایکرد مرۆڤ گەوهەرێکی ڕۆحی و ئایینی هەبێت، سەرەڕای مەیلی ئاژەڵی و سروشتە دوژمنانەکەی مرۆڤ . **بە مجۆرە دەرکەوتنی باوەڕییە ئایینیە کۆنەکان لە ئە نجامی بێدەسەڵاتی مرۆڤدابووە بەرامبەر بە سروشت،** ئەم باوەڕە ئایینیانە لەو ئەفسانە ئایدیالیستیانەوە دروستبوون، کە لە پاڵ هەستکردن بە هەیبەت و، ڕێزگرتن بۆ ئەشکەوت و، چیا و، زنار و، دار و خۆر و مانگ و ئاژەڵە گەورە و بەهێزەکان, باوەڕیشی وابووە، کە (با) پڕە لە ڕۆحە پیرۆز و دڕندەکانیش، ئەم ڕۆحانە– بەپێی باوەڕی مرۆڤی سەرەتایی–هەروەکو ئاژەڵی جەنگەڵن. لە پاڵ ئەوەدا باوەڕی بەوەشبووە، کە ژن جۆرێك لە هێزە شارەوەکانی هەیە و، سەرکەوتنی هێزەکانی ژیان بەسەر ڕاستی مەرگدا دەنوێنێت، ئەم هێزانەش بریتییە لە (هێزی ئاوسبوون)، کە بەردەوامی بە هەبوونی دەدات و مانا بەچەمکی بەردەوامبوون دەدات، بۆیە (خواوەندی دایك) وەکو یەکەمین خواوەندەکان وەردەگرێت، بەو پێیەی نوێنەری ژیان و بەردەوام بوونیەتی. مرۆڤی سەرەتایی وای خەیاڵ کردووە، کە خوداوەندی دایك سەرەتا لە ناو ئەشکەوتێکدا ئافرێنراوە. ئەگەر تەماشای خواوەندە سەرەتاییەکانی دایك و کوڕەکەی بکەین، یەکێتی ڕەسەنی ئەفسانەکانی (ئافراندن و دروستبوونمان) بۆ ڕوون دەبێتەوە. هەرچەندە ناونانەکانیشیان جیاواز بێت، چونکە (عەشتار و تەمموز)، (ئیزیس و ئەزۆریس)ن. هاوکات (ئەفرۆدێت و ئەدۆنیس)شن. لێرەشەوە هاوشێوەیی بنچینە کولتوورییەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە لای تیرە سەرەتاییەکانی پێش مێژوو.

لەبەر ئەم هۆکارە بەتایبەتی چەمکە سەرەتاییەکانی هەرێمی دەریای سپی ناوەڕاست و، میزۆپۆتامیا گرنگییەکی گەورەی مێژوویی هەیە، نمونەی ئەوەش: دوای مردنی (خواوەند ئەزۆریس)، کە (سیتی) برای کوشتی و پارچە پارچەی کرد و، ئەو پارچانەی بەسەر رووی زەویدا بڵاوکردەوە، خواوەندی ژن (ئیزیس) هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی ئەم پارچانە و، لە خواوەند (ڕەع) دەپاڕێتەوە تا بۆ ماوەی ڕۆژێك بیگێڕێتەوە ژیان, بەو ئامانجەی بتوانێ میراتگرێکی لێوە بەدەستبخات. خواوەند وەڵامی ئەم پاڕانەوەیە دەداتەوە، (ئیزیس) لە (ئەزۆریس) ئاوس دەبێت و، دوای تێپەڕبوونی کات خواوەند (حۆرس)ی لێدەبێت، کە ئەمیش چاوێکی خۆی دەبەخشێ لە پێناو دووبارە گێڕانەوەی باوکی بۆ ژیان، دەشزانرێت، کە خواوەند (سیت) لە نووسراو و وێنە فیرعەونیەکاندا بە وێنەی مرۆڤێك، کە سەری بەرازە، کێشراوە، بەڵام عەشتاریش تەمموز زیندوو دەکاتەوە دوای ئەوەی کە بەرازێك دەیکوژێت. **ئەم ئەفسانانە بەستراوەتە بە چێوە ماددییەکەی مرۆڤەوە. ئەفسانەکان بریتیبوون لە هەوڵی شیکردنەوە و چۆنیەتی روونکردنەوەی بەڕێوەچوونی ئەم ژیانە و، هێزە کاریگەرەکان تێیدا و، هەوڵدانی بۆ کارلێکردنی بە شێوەیەك بتوانێ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی و بە پێی پێویستیەکانی بیگونجێنێ. لە سەردەمانی زۆربوونی خواوەندەکاندا, ئەفسانەکان لە گرنگترین ڕووکارەکانی ژیانی ڕۆحی بووە لەلای مرۆڤ. لەسەر ئەم بناغەیەش مرۆڤ زۆر چیرۆکی ململانێکانی ژیانی ڕۆژانەیی و، تێڕوانینەکانی بۆ ئایینده نەخشاندووە.**

کاتێك ئایینە تاك خوداییەکانی (یەهودی–کریستیانی–ئیسلامی) سەریانهەڵدا، ئەم ئایینانە ڕۆڵی خواوەندی دایکیان پشت گوێخست، هەتا دەتوانین بڵێین، کە وەها ڕۆڵێك لە ئارادا نەما. لە لای یۆنانییەکان، کە خاوەنی ئایینە پشت بەستووەکان بوون بە فرە خواوەندی و، خۆیان بە وەچە و نەوەی ئەو خواوەندانە دادەنا، دەبینین (توئوگۆنیا) ئەو

سەردەمانە بە بیر دەهێنێتەوە، کە تێپەڕیوون و لەو مێژووەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕەگەزی مێینە لە ڕەگەزی نێرینە بەهێزتر بووە و، لە ناو ژناندا زۆر پاڵەوان دەرکەوتوون. هەروەها (تۆئۆگۆنیا) لە نووسینەکانیدا ئەوە بەبیر دەهێنێتەوە، کە (پرۆمیتۆس) کاتێک سەرکەوتوو دەبێت لە دزینی ئاگر لە خواوەندەکان، (زیۆس) تووڕەیی و نەفرەتەکانی خۆی بەسەردا دەبارێنێ، سەرەڕای بەرهەڵستکاریکردنی ژنەکەی و، خوشکەکەی بەرامبەر ئەوە. دواتر (پرۆمیتۆس) دەبرێتە چیایەکی ڕووت تا لەوێدا ئەشکەنجە بکرێ، چونکە زیۆس نەیدەخواست مرۆڤ فێری زانست ببێ، تا ئازاد نەبێت.

کاتێک لێکۆڵینەوە لە مێژوو و شارستانیەکانی گەلان دەکرێ لە شارە سەرەتاییەکاندا، دەبینین کە زۆر کارەکتەری هاوبەش و، لایەنەی وێکچوویان هەیە لەلایەنی کولتوورییەوە. زاراوە خۆجێییەکان و، شێوازی ژیانی هاوبەش، هزر و بیرۆکە وێژەییەکان-فەلسەفی-زانستی- عەشقی جوانی، هەموو ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆر بەشێوەیەکی وێکچووبوون لە هەموو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، لە پاڵ وێکچوونێکی زۆر لە داب و نەریت و، باوەڕە ئایینیەکاندا، بەڵام کۆچبەر بوون بەدرێژایی مێژوو-کۆچە مرۆڤایەتیەکان- بۆتە هۆی دروستبوونی داب و نەریتی لەیەک جیاواز، بە لەیەک جیاوازبوونی سروشتی جوگرافی لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دی. بەڵام گەشتە بازرگانییەکان هۆکارێک بووە بۆ گواستنەوەی کولتوورەکان لەنێوان گەلە جیاوازەکاندا.

ئەم باوەڕە ئایینیانە پلەی یەکەمی گرتووە لەم کۆمەڵگایانەدا، گەلانی لە یەکتر نزیک کردۆتەوە و، ڕۆڵیشی هەبووە لە دروستکردنی ناکۆکی و ملاملانێکانی نێوانیان. لەلایەکیترەوە دەبینین کە **ئایین بەو پێیەی پێویستیەکی مێژووییە و، لەگەڵ پەرەسەندنی مرۆڤدا پەرەدەستێنێت، بۆیە جیاوازی تیرەیی و سیاسی هۆکار بووە بۆ پەرەسەندن و زۆر بوونی خواکان.** ئەمەش کە ڕێی لە پێش تاک خوداییدا داخست. ئەگەر بگەڕێینەوە مێژووی کۆن و، قۆناغەکانی پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤ و، هەروەها پەرەسەندنە ئایینی و، نرخاندنە مادديیەکانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە هەر خێڵێک خودایەک، یا چەند خودایەکی هەبووە و، شێوازەکانی پەرەسەندنی ئەم خودایانە و، بوارەکانی کاریگەرێتیان. جۆرێک لە (هەستی شاراوەی) پاڵپێوەنەری مرۆڤی ڕێکخستووە بۆ گرتنی شوێنێک بۆ خۆی لە ناو کۆمەڵگاکاندا، کاتێک یۆتۆپیای ئایینی سنووری مادديیەکانی بەزاند بوونەوەری ئەفسانەیی و، خواوەندی خەیاڵی هاوبەش دروستبوون و، بەها بەرزەکانی دەنواند، کە هێزی لێوە وەردەگرێت بەپێی پێویستی و یارمەتی دەدات لە تێپەڕاندنی تەگەرەکاندا و، پاڵپشتی دەبێت بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمنانیدا لەسەردەمە کۆنەکاندا.

دەرکەوتنی بیرۆکە ئایینییەکان تێڕوانینی نوێیدا بە "ڕۆحی مرۆڤانە و ڕەوشت" لە لای مرۆڤی سەرەتای، لە پاڵ پەرەسەندنی ئەم بیرۆکانە لەلایەنەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بەهۆی ئەم باوەڕییانەوە کۆمەڵگا بووە خاوەنی کۆمەڵێک ڕژێمی نوێ، کە هۆکاری سەرەکی بوون لە ئاواکردنی شارستانی مرۆڤایەتیدا و، ئەم ئایینانە ڕۆڵێکی پەروەردەیی گرنگییان بینی لە ژیانی مرۆڤی سەرەتاییدا و، ڕەوشت و بەهای نوێیان لە لا دروستکرد، و بنچینە بوون بۆ شێوازەکانی بیرکردنەوەی نوێ، کە شێوەیەکی پەرەسەندووی بە شارستانیدا لەو قۆناغەدا و، پاڵی بە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنەوە نا بەرەو چاخە سەرەتاییەکان. ئەو شارستانیەش بە هیچ گەل و ڕەگەزێکەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو ئەو توخمانەی ئەو شارستانیەی لەسەر دروستبوو ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە پێشخستنی کۆمەڵە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی و زیاتر چڕکردنەوەیان، ئەمەش بە گرنگترین ئەنجامەکانی شارستانی دادەنرێت.

بە جیاوازی هەرێمە ئاوەدانەکانیش کولتوور و، هەلومەرجە بابەتیەکانی چوار دەوری مرۆڤ کە شارستانی ئافراند جیاوازبوون. بۆیە دەبینین کۆنترین پێکهاتە لە ڕێکخستنی مرۆڤانەدا (گروپە). تیرە-ش لە چەند گروپێک پێک دێت و، لەئەنجامی ئاستی جودا جودای پێشکەوتنی تیرەکان لە بەرهەمهێناندا، ناکۆکی و کێشە دروستبوو، ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە دەرکەوتنی سەرۆک و (شار دەوڵەت)ەکاندا. هەندێ لەم فەرمانداانە جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست و، باڵا دەستی خۆیان بەسەر گەلاندا سەپاند. بەڕێی ڕەوایەتی پێدان بەو دەسەڵاتەی کە کردیانە شتێکی نادیار و خودایی، ئەو یاسا نوێیانەشیان دروستکرد، کە وایان نیشان دەدا لەلای خواوە دابەزێنراوە و، ناشێ، کەس لێی دەربچێ. کۆمەڵگاکانیش ئەو یاسایانەیان وەک، کە ئەو بەڵگە نەویستانە وەرگرت، کەشکاندنی لە تواناد نییە و، لەگەڵیدا خۆیان گونجاند.

## ب- بەدەستخستنی دوورایی ئایدیۆلۆژی لە لایەن ئایینەکانەوە و، شوێنی ئەمە لە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیدا:

بۆ زانینی چۆنیەتی بەدەستخستنی دوورایی ئایدیۆلۆژی لەلایەن ئایینەکانەوە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگادا، دەبێت لە فەلسەفە تێبگەین، بەو پێیەی نوێنەری بیرۆکە و بۆچوونەکانن، واتا ئایدیۆلۆژی. هەروەک زانست, فەلسەفەش ڕۆژێکی نییە، کە لێیەوە دەستی پێکردبێ و دەرکەوتبێ. ئەمەش ڕەوشی هەموو چالاکیە مرۆڤایەتییەکانە، لە هونەر و، داب و نەریت و... هتد.

فەلسەفە شێوەیەک نییە بۆ زانینی واقیع، چونکە ئەمیش لە پاڵ ئەوەدا کە وەک هەر زانستێکی تر شێوەیەکە لە شێوەکانی زانین، بەوە لە زانستەکانی تر جیادەکرێتەوە، کە تێڕوانینێکە سەبارەت بەجیهان، لەبەرئەوە فەلسەفە لە دروستبوون و پەرەسەندنیدا ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و،

وەك شێوەیەکی ئایدیۆلۆژیا دەردەکەوێت. لەگەڵ دابەش بوونی کۆمەڵگا بۆ چینەکان و، پێشکەوتنی ململانێی چینایەتی تێیدا، پێویستی هەبوونی تیۆرییەك دەردەکەوێ، کە بەرژەوەندییە ماددیەکانی چینە زۆرانبازەکان و، توێژە کۆمەڵایەتییە جودا جوداکانی کۆمەڵگا بنوێنێ. بۆیە ئایدیۆلۆژیا ئەو بیرۆکەیەیە، کە لە کۆمەڵگای چینایەتیدا دەردەکەوێت لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە چینایەتیەکاندا. بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیەش پێویستیمان بە هەڵسەنگاندنی فاکتۆر و هۆکارە مێژووییەکانی هەیە.

بۆ فەیلەسوف گرنگ نییە، کە فەلسەفەکەی بۆ گەلێك یان چینێك بەکەڵك بێت یان نا، گرنگیش نییە، کە فەلسەفەکەی بەپێی ژیانی گەلێك بێت، چونکە ئەگەر بیرۆکە فەلسەفیەکان تێڕوانینێکی پاشەڕۆژیانە بێت، ئەوا لە هەناویدا شیمانە کردنەکانی مرۆڤ هەڵدەگرێ، کە لەسەر بناغەی ئەنجامەکانی ژیانە ماددیەکەی دروستی دەکات. هەروەها باوەڕییە تایبەتەکانی سەبارەت بە ئایینده. لەبەر ئەمە هەر فەیلەسوفێك تێنەگەیشتن لە فەلسەفەکەی ڕەچاو دەکات لەو کاتەدا کە پێشکەشی دەکات بەو کۆمەڵگایەی تێیدایە، چونکە شیمانەی ئەوەی دەکرد، کە بیرۆکە و تێڕوانینەکانی مەگەر لە پاشەڕۆژدا فام بکرێ، کە خۆی لەسەر بناغەکەی ئەو بیرۆکە پێشکەشکراوەی دیاری کردووە. فەیلەسوف بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆی بە بێ گرنگیدان بە ڕاوبۆچوونی خەڵك دەردەبڕێت، بەڵام ئایدیۆلۆژیا وانییە، بە تایبەتی ئەو ئایدیۆلۆژیانەی لەسەر بنەمایەکی ئایینی دەرکەوتن، چونکە ئەم ئایدیۆلۆژیانە، ئایدیۆلۆژیای دابەزێنراوبوون و، چێوە گشتییەکانی لەلایەن هێزی بەدەر لەچێوەی مرۆڤ دیاری کراوە. ئەم هێزانەش بە (خودا) دەنوێرێن. بۆ نمونە پەیامبەرەکان نەیانتوانیوە بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان ڕاستییەکانی جیهان دەربڕن، بەڵکو ناچاربوون سەرەتا لە نێو خێڵەکانی خۆیاندا بەم کارە هەستن لە پێناو تێگەیاندنیان و، هەژاندنی ناخی خێڵەکانیان تا کاریگەرییان لەسەر بکەن و، ئاوەزە نەبزواوەکانیان ئازاد بکەن، **بۆیە پەیامبەرەکان ئاواکردنی کەسێتییەکی نوێی وایان لێدەخوازرێت، کە هێزێکی ڕامان و، ڕۆحێکی بەهێزی هەبێت، تا بتوانن وزەکانیان وەگەڕبخەن و لە کارەکانیاندا بەکاریان بێنن. واتا پاراستنی کەسێتی و، وروژاندنی تایبە تمەندییە ئەرێنییەکان لە ناو دەروونی مرۆڤانەدا بۆ ئافراندنی چواردەورێك، کە تێیدا کەسەکان توانای دەربڕین و خۆگۆڕینیان هەبێت.**

کۆمەڵگا ئەم چێوەیەی وەك دوا سنووری نەگۆڕ وەرگرت بۆخۆی، بۆیە ئەو ڕێکخستن و هزرەی پێشکەشی دەکات، ئەوەندەی ئەم چێوەیە سنووردار دەبێ و، زیاتر خۆجێیی دەبێت، بە پێی ئەو چێوانەی لەسەر ئەم بنەمایەی ئاواکراوە و ڕێکخراوە. **لەبەر ئەمە ناسینی ئایین و تێگەیشتن لێی ئەو ترۆپك و لوتکەیەیە، کە لەو قۆناغەدا ئاوەزی مرۆڤ پێیگەیشتووە.** لە پلەیەکی باڵاتری ئەو قۆناغانەشدا بە تەسکی لە ئایین ڕوانراوە، بەڵام تا ئێستا کاریگەرییەکانی ئەم بیرۆکانە لەسەر مرۆڤ ماوەتەوە، سەرەڕای پێشکەوتنی زانستەکان و، پەرەسەندنی فەلسەفە سەردەمیەکان.

**ئایین: بریتییە لە پەرستنی هێزە میتافیزیکیەکان و کەمکردنەوەی تووڕەبوونی ئەم هێزانە و مرۆڤ بەدەستخستنی توخمەکانی هێزی مەعنەوی لێیانەوە, بە ئامانج دەگرێت. کاتێك مرۆڤ لە توانایدا نابێت ڕووبەڕووی ئەم گرفتانە ببێتەوە، کە چوار دەوریان گرتووە و لە ئەزموونە هزرییە کەڵەکە بووەکانیاندا چارەیەك نادۆزنەوە، پەنا دەبەنە بەر پشتیوانی هێزە نادیارەکان, تا خۆیان دڵنیا بکەنەوە و هیوا و ئاسایشی لێوەربگرن، کە لە ئامانجە گەورەکانە و، بەو پێیە هەڵدەستن بە ڕێکخستنی هەموو لایەنەکانی ژیانیان.**

ئەو پەرەسەندنانەی کە زانستەکان بە درێژایی مێژوو بەدیان هێنابوو نە گەیشتبووە ئەو ئاستەی، کە بتوانێ ئەو کۆمەڵگایانە بپارێزێ لە کارەساتە سروشتییەکان و، مەترسی مردن و، دەستدرێژی و، داگیرکارییە دەرەکییەکان، بۆیە خەڵك ئایینیان هەڵبژارد لە پێناو خۆ ڕزگارکردن لە دڵەڕاوکێ و لاوازی بیرکردنەوە و، پەیداکردنی وزەی پێویست، تا خۆیان بە هێز ببینن. بۆ نمونە سرووت(تەقس) و ڕێوڕەسمە ئایینیەکانی، کە دەروون دڵنیا دەکاتەوە و، ڕۆح تێر دەکات لە هەموو بەها مەعنەوییەکان، جێگای ئەو پەیوەستبوونە قایمەی گرتەوە، کە نەوە یەك لە دواییەکەکان, بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ناسینی ئایین لە چێوەی ئایدیۆلۆژیدا، ناسینی ئەو سەرچاوەیە نییە، کە مۆڕاڵ و، پاڵنەر و وزەی بە مرۆڤ دابێت بە تەنیا، بەڵکو ناسینی لایەنە بنچینەیی و، گرنگەکانی کرۆکی مرۆڤە.

ئاوەز، تەنیا بەڕێی زانینی ڕاستەقینە و درك پێکردنی, ئازاد دەبێت. هەروەها پەرەسەندنی زانست، کە بەشێوەی سیستەماتیکی زانینی واقیع دادەنرێت، لەسەر بناغەی پێکهێنانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دروستبوو و پەرەی سەند، بە پێچەوانەی یاسا بابەتیەکانی جیهان و لایەنەکانی. چونکە زانست لە پێویستییەکانی بەرهەمهێنان و پێکهێنانی کردارییەوە دروستبوو، لەگەڵ یەکەمین دابەشبوونی کۆمەڵگاشدا بۆ چینەکان دەست بە گەشەکردن دەکات. واتا لەگەڵ کۆیلەداریدا، کە ئارەزووەکانی مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا زێدەتر دەکات. واتا بەرهەمهێنان و تێکۆشانی چینەکان هێزی بزوێنەری گەشەکردنی زانستە.

کاتێ ئەم ڕاستیە دەبینرێ و فام دەکرێ, ئاوەز(عەقڵ) پێشدەکەوێ و، بیری ئازاد دێنێ. بۆ نمونە لە ئایینی (بوزی)دا زانینی ڕاستی (نکۆلی لە خۆکردنە). لە ئایینی (زەرەشتی)شدا، (بیری راست–وتەی دروست– کاری چاك)ە، ڕێگای ئازادبوون لە (کریستانی)یشدا (لێبوردن و مامەڵە کردنە بەچاکە لەگەڵ کەسانی تر). لە (ئیسلام)یشدا (تاك خودا پەرستییە–توحید).

مێــژووی ئایدیۆلۆژییــە ئایینیــەکان مێــژووی ڕامــانی مرۆڤایەتییــە. هــەروەها مێــژووی وەرچــەرخانەکانی ژیــانی مرۆڤایەتییە، مێژووی وەرچەرخانی ئابووری جیهانییە، بەو پێیەی داینەمۆی گۆڕان و وەرچەرخانە لە چوارچێوەی شارستــانێتیدا. ئــایین ڕووکــار و، شــێوەی بــە کولتــوور، مــۆراڵ، ڕەوشــت و داب و نەریتــەکان داوە. دەتــوانین هــەموو شۆڕشە ئایینیـەکان لـە سـەر بناغـەی سیستـەمی ئـابووری هەڵسـەنگێنین. هـەروەك چۆن فەلسـەفەی (زانسـتی مێـژوو) دیاری کراوە و، دەتوانین بەپێی ئەمە پەیوەندی نێوان هۆکار و، کارلێکراو ڕوونکەینەوە.

## ج- دەوڵەمەندی پەرەسەندنی کولتووری و ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا و هۆکارەکانی:

مێژووی میزۆپۆتامیـا مێـژووی ئـەو گەلانەیـە، کـە لەسـەری ژیـاون و، ئـەو هەرێمەیـە، کـە پێکـەوە ژیـانی گـەلان و کولتوورەکانیانی بەخۆوە دیوە. واتا زۆر گروپ و خێڵ و، تیرە و، گەلی تێدا ژیاوە و، ئەمانە تێکەڵی یەکتربوون و، مۆزایکێکی کەم وێنەی پێکهێناوە. ئەو گەلانـەی لـەپێناوی سـەربەخۆیی خۆیاندا بەرامبـەر بە هـەموو ئەو هێرشانەی شەپۆلەکانی کۆچبەری، کە (سامییەکان) پێی هەستان بەرەو هەرێمەکە, لە ناوچەکانی ئەکادییەکانەوە و ناوەندەکانی لە باکوور، بـەرخۆدانیان کرد. ئـەم گەلـە جیاوازانـە و، سـەرەڕای ناکۆکییـە بەردەوامـەکانیان کۆڵەکـە سـەرەتاییەکانی یەکەمین شارستانیان داکووتا لە مێژووی کۆندا، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر ڕووی ئەم هەرێمە ناسراوە.

توێژینــەوە و، لێکۆڵینــەوە ئارکیۆلۆژییــەکان, بــڕ و ئاســتی ئــەو داهێنــان و دروســتکاریانەیان ســەلماندووە، کــە ئــەم شارســتانیە پێــی گەیشــتووە, کــە بەمــەزنی خــۆی بەرامبــەر بەهــەموو شارســتانیەکانی ســەر ڕووی زەوی بــووە لــەو ماوەیەدا. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە زانستی (سۆمەرلۆژی)، لـە زانینـی ڕەگـەز و شـوێنی هاتنیــان بــۆ ئــەم هەرێمــەدا، یــەکلایی نەبوونەتــەوە, بــەڵام هــەر بــەپێی ئــەم لێکۆڵینــەوە مێژووییانــە, هــەروەها بەڕەچاوکردنی پاشماوەکانیان لەلای ئاشوورییەکان، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە کولتووری سۆمەری, تا پلەیـەکی بەرز پێشکەوتوو بووە. بەشێوەیەك کە هەندێك لە هەڵبەستووانە ئاشوورییەکان و زانیارەکانیـان, ویستویانە مێـژووی ئەم شارستانیە کۆبکەنـەوە و بینووسنـەوە. هەڵبەسـتوانەکانیان کۆمـەڵێك چیرۆکیان نووسیـەوە، کـە دواتـر بـوون بـە ئەفسانەی پەیوەست بە ئەفسانەی (ئافراندنی سەرەتایی). هەروەها هـەڵکردنی گێژەلوکـە و، گـەردەلول و، نوقمبـوونی بەهەشـت (بەهەشـتی سـۆمەر) بەهۆی ئـەوەی یـەکێك لـە پاشـاکانی تـاوانێکی گـەورەی کـردووە. ئەمـە و بابلییـەکان و عیبرانییەکان ئەم داستانەیان سـەلماندووە و باوەڕیـان پێکردووە. دواتـریش کردیـان بـە هـی خۆیـان. کریسـتانیەتی و ئیسلامیش بەشێك لەم باوەڕییانەیان وەرگرتووە لە کولتووری سۆمەری دێرین.

شێوازێکی دیاریکراو لەخێزان و پەیوەندییە خێزانییەکان زاڵە بەسـەر ژیـانی سـۆمەرییەکاندا. بۆنمونەش دەزانرێـت، کـە کیژگـە یـان باخچـە لـە لایـەن دایکـەوە بـەڕێوەبراوە، لـە کـاتی ئامـادە نـەبوونی باوکـدا، ئەگەرچـی کـوڕی گـەورەش ئامادەبوبێـت. هـەروەها ژن سـەربەخۆ لـە مێردەکـەی مـاف بازرگـانی هـەبووە. مـاف خاوەنـداریکردن لـە کۆیلـە و مـاف ئازادکردنیشــیانی هــەبووە. هــەتا لــە هەنــدێك کاتــدا ژن دەگاتــە ئاســتی شــاژنێتی. هــەروەها یــەکێك لــە مــەزنترین پاشماوەکانی سـۆمەرییەکان، کـە تـا ئـەمڕۆ دەبینـرێ, شوێنەوارەکانی (خـەت و نووسـینە) و ئـەم هونـەرە لەسـەردەمی ئەواندا پەرەسەندوو بووە و، توانیویانە بەشێوەیەکی چڕ, بازرگانی و شیعر و ئایینی پێ دەرببڕن. بەپێی شیکردنەوە زانستییە مێژووییەکان سەلمێنراوە، کە ئەوان یەکەمین بوون لە دروستکردنی ڕژێمی دەسەڵاتدا.

***سۆمەرییەکان و ئاکادییەکان:***

سەرەڕای ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی کە زانایان پێی هەڵساون, لـە تواناماندا نییـە بزانین, سـۆمەرییەکان سـەربە کـام ڕەچـەڵەکن لـە ڕەچـەڵەکە مرۆڤایەتیـەکان یـان کـام ڕێگـایـان گرتۆتـە بـەر تـا گەیشتنـە وڵاتـی سـۆمەر. نزیـك ساڵی 2300ی پێش زایین، کە سـەردەمی دروستکردنی شارەکەیان زۆری بەسـەردا ڕۆیشـتووە، زانایـانی سـۆمەر هەوڵیانـدا مێژووی کۆنی وڵاتەکەیان بنووسنەوە، بۆیە چیرۆکەکانی سەبارەت بە سەرەتای (ئافراندن) و، بەهەشتێکی سـەرەتایی و لافاوێکی ترسناك، کە لەو بەهەشتەی داوە و داپۆشیوە وەك سزادانی خەڵکەکەی بەرامبەر بە تاوانێك، کە یەکێك لە پاشا کۆنـەکانیان کردوویـەتی، نووسـراوەتەوە. بابلی و عیبرانییـەکانیش بـاس لـەم چیرۆکـە دەکـەن و، دواتـر بـوو بـە بەشێك لە باوەڕی کریستیانی. پاشا (ئور–ئـەنگور) بـەناوی خـوای هـەرە گـەورە (شـەمش)ەوە لـە زەوییـەکی فرەوانـدا یاساکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە و، هەرزوو دەسەڵات سوودی سیاسی بینیوە لە پانابردنە بەر ئەم ئایینە، بۆیە ژمـارەی خواکـان ئەوەنـدە زۆربـوون تـاوای لێهـات هـەر شـارێك و، هـەر ویلایـەتێك ئـەنجا هـەر جـۆرە چالاکییەکی مرۆڤییانـە، خودایەکی هەبێت. کاتێك وڵاتی سۆمەر دروستبوو, (ڕۆژ پەرستی) سەردەمێکی درێژی بەسەردا تێپەڕیبوو، {**شـێوازی پەرستنی خۆر ( خوای ڕووناکی )، کە شەوی لە قوڵایی باکووردا بەسەر دەبرد, تا کازێوە دەروازەی ئاسمانی بـۆ دەکـردەوە و، وەك پشکۆ بە گالیسکەکەیەوە لە قوڵایی گومەزی شینی دەدا و، خۆریش تەنیا چەرخەی گالیسکە ئاگرینەکەی بووە**}.

لـە شـاری (تـەبوور)ی سـۆمەریدا پەرسـتگا گـەورەکانی خواوەنـد (ئـین لیـل)ی خـاوەنی بـا و، ژنەکـەی (نـەن لیـل) دروستکراون، بەڵام لە (ئوروك) تەنیا خواوەندێکی مێینەی بێگەرد پەرستراوە، کە لای ئەکادییـەکان بـەناوی (ئەسـتێر) ناسراوە و (ئەفرۆدێت و دیمترا)شە.

هەردوو شاری (کیش و لاکاش-لکش) تەنیا دایکێکی خۆیان پەرستووە، ئەویش ژنە خواوەند (ننکرساج)ە، کە بەدبەختی مرۆڤەکان غەمگینی کردووە و، دەستی بە پاڕانەوە کردووە بۆیان لە لای ئەو خواوەندانەی، لە خۆی بەهێزتربوون.

(تنجرسۆ) خوای ئاودان و لافاوەکان، (ئابوو یان تەمموز) خوای چاندن و (ئەلسن) خوای مانگ بووە، کە بە وێنەی مرۆڤێکی هیلال بەسەر نوێنراوە. هەروەها بەپێی باوەڕییەکانیان (با) پڕا و پڕە لە ڕۆحەکان، کە لەناو ئەمانەدا پەری چاکە هەن و، هەر سۆمەرییەك خوایەکی هەیە، کە دەیپارێزێ. لە ناویشیاندا ڕۆحە گلاوەکان یان جنۆکە-ش هەن، کە کۆشش دەکەن بۆ دەرکردنی ڕۆحی چاکەی پارێزەر تا بچنە ناو ڕۆح و جەستەی مرۆڤەوە. ڕاهیبە سۆمەرییەکانیش بوون بە دەوڵەمەندترین و بەهێزترین کەس لە شارەکانی سۆمەردا. بەهۆی ئەو قوربانییانەی پێشکەش بە خواکان دەکران، بەڵکو بەهێزترین دەسەڵاتدارانیش بوون.

سۆمەرییەکان باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن هەبووە، چونکە لەگەڵ مردوواندا خواردن و، دەفر و، پۆشاکییان دەخستە گۆڕ و، دواماڵەکەیەوە. هەروەك یۆنانییەکان لە دوای ئەمانەوە هەمان شتیان کردووە." جیهانێکی تاریك کە تارماییە بێ ئومێدەکانی تێدا دەژین و، مردووانی تێدەکەون، بەبێ جیاوازی ئیدی هەرچۆنێك بووبێتن" چونکە، بیرۆکەی بەهەشت و ئاگر لە ئاوەزی سۆمەرییەکاندا جێی نەگرتبوو.

دەقە یەکەمینەکانی سۆمەرییەکان ئاماژەی بەڕەسەنی خواکان و، چۆنێتی لە دایکبوونییان کردووە. یەکێك لەو دەقانە ئاوا لە دایکبوونی خوا دەگێڕێتەوە: ( لە ئە نجامی جوت بوونی دووان لە خواوەندە سەرەتاییەکان، کە "خا-راب" و زەوین، زەریا لە دایك دەبێت و، ئەمیش یەکەمین خواوەندییانە، وشەی "خا-راب"یش لە زمانی ئەکادییدا بەمانای "گاسن" دێت، واتا بەچەند لێدانێکی گاسن لە زەوی زەریا لە دایك بووە و، بە دووبارە جووتبوونیان کوڕێکیان بوو "ئەماکاندۆ"، کە خوای ئاژەڵە کێوییەکانە و، باوکی خۆی "خا-راب" دەکوژێت، خۆی دەکاتە هاوسەری دایکی و"زەریا"ی خوشکی، کە ئەمیش "لاخار"ی خوای تاییەت بە ماڵاتە بچووکەکانی لێدەبێت ).

دەقی ئەم ئەفسانەیە نیشانی دەدات، کە دایکی سەرەتایی لای سۆمەرییەکان, زەوییە (مامی) و، باوکی یەکەم (خا-راب)، کە ئەمیش (گاسن)ە. ئا بەم شێوەیە سۆمەرییەکان بیریان لە دروستبوونی زەوی و زەریاکان کردۆتەوە، چەند لێدانێك بە گاسن لە زەوی دراوە و زەریای لێهەڵقوولیوە. دەقەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ("خا-راب"و"ئەماکاندۆ" یەکەمین شاریان دروستکردووە، کە ئەویش شاری "دوونۆ"یە، "زات ئەلمیعقەلەین"، کە "خا-راب" دەسەڵاتی میرایەتی "دوونۆ"ی تێدا دامەزراندووە و خۆی جڵەو بەدەستبووە). بەڵام کوشتنی باوك لەلایەن کوڕەوە و هێنانی خوشکەکەی "زەریا" وەك ژنی خۆی، کە "لاخار"ی لێدەبێ و، ئەمیش باوکی خۆی دەکوژێ و، زەریای دایکی دەکاتە ژنی خۆی، کە کچی زەوییە، بەو پێیە: "لاخار" دەسەڵاتی میرێتی بەدەست دەگرێت. واتا ژیانی مرۆڤی سەرەتایی بە ئاژەڵداری و کۆچەریەتی دەستی پێکردووە، لە ئە نجامی ئەوەی خواوەند لاخار لە زەویدا وەچەی خستۆتەوە. ڕەوشی سروشتیش ئەوەیە، کە کوڕانی ئەو خواوەندەی ئاژەڵداری دەکات، ببنە شوان. واتا کۆمەڵگای سۆمەری کاتێك وێنەی خواکان و، ڕەچەڵەکیانی کێشاوە، خۆیان بەنەوەی خوا-شوانکارەکان داناوە. بەو پێیەی گەلێکی شوانکارەی کۆچەرن. کاتێکیش سۆمەرییەکان لە میزۆپۆتامیا جێگیر دەبن و، لە ئەنجامی لافاوەکانی (دەجڵە و فوڕات) و پەرەسەندنی زانینە زانستییەکانیان ڕوویان کردۆتە کشتوکاڵ و، شاریان دروستکردووە. بناغەی کولتووری سۆمەرییەکان خاکی زەوییە، کە لافاوە گەورەکانی هەردوو چەم بە پیتی دەکەن و، توانیویانە بە جۆگەکانی ئاودێری، کە بەدرێژی و بە پانی وڵات لێیانداوە ئاودێری بکەن. ئەم کار و دەستکەوتەش کۆنترین و گەورەترین دەسکەوتەکانی شارستانی سۆمەرە، چونکە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 4000 ساڵ پێش زایین، گومانیش لەوە دانییە، جۆگەکان ئەو بنچینەیەیە کە، لە کشتوکاڵکردندا پشتیان پێ بەستووە، کێڵگەکانیان ئامادە کردووە. هەموو جۆرە تۆوێکیان تێدا چاندووە وەك گەنم و جۆ و، خورما و، سەوزەی جۆراوجۆر. هەروەها ئامێری جووت پەیدا دەبێت، کە گا-ڕایدەکێشن (گاسن).

بەڵام ئەکادییەکان گەلێکیترن و لە ڕەگەزی سامیین، بە سەرۆکایەتی سەرجۆنی یەکەم, مەملەکەتێك دروستدەکەن، کە لە شاری ئەکاد دەسەڵاتداری بەڕێوە دەبات (200میل لە باکووری رۆژئاوای شارەکانی سۆمەرەوە دوورە ). ئەم سەرجۆنەش کوڕی هیچ پاشایەك نەبووە، چونکە لە مێژوودا باوکی ناناسرێ و، دایکیشی سۆزانیەکی پەرستگاکان بووە. بۆیە ئەفسانە سۆمەرییەکان سەرگوزەشتەیەکی وەك سەرگوزەشتەی موسایان داوە بەسەریا، چونکە دەڵێ: (دایکە ئاساییەکەم بە من ئاوس بوو، بە دزییەوە منی هێنایە دنیا و، خستمیە بەلەمێکی "سەبەتە ئاسا" و بەقیر دەمەکەی داخست)، پاشان کەسێك ڕزگاری دەکات و، دەبێتە ساقی پاشا و، نزیك دەکرێتەوە و کاریگەری و دەسەڵاتی زیاد دەکرێت، دواتر هەڵدەگەڕێتەوە و، پاشا دەردەکات و، خۆی لەسەر تەختی پاشەیەتی ئەکاد دادەنیشێ. خۆی وەك پاشای باڵادەست بەسەر جیهاندا ناو دەنێت، هەر چەندە بەشێکی کەمی دوورگەکەی بەڕێوە دەبرد، دەست بە داگیرکارییەکی زۆر دەکات و، لەمەدا خەڵکێکی فرە زۆر لە ناو دەچن و، لە ناو قوربانییە زۆرەکانیشیدا یەکێکیان پاشا (لۆکان-زاکیسی)یە، کاتێ کە (لکش) تاڵان دەکات و، ڕێزی خەڵك و خواکانی دەشکێنێ و، یەکەم ئیمپراتۆریەت دادەمەزرێنێ لە مێژوودا و، 55 ساڵ فەرمانڕەوایی دەکات. ئەوەندەش ئەفسانەی لەسەر وترابوو، ئاوەزی نەوەکانی پاشتری ئامادەکردبوو، بۆئەوەی بیکەنە خودا، کاتێکیش ئاگری شۆڕش لە هەموو لاکانی ئیمپراتۆڕیەتیەکەی بەربوو، کۆتایی

بەدەسەڵاتی هات و، لە دوای خۆی" 3 "کوڕی بەجێهێشتووە، کە هەرە بچووکیان (ئارام-سین)ە (پەیکەرەکەی لە ناوچەی قەرەداغی باشووری کوردستانە-و). ئایینی ئەکادیش زۆر جیاواتر نییە لە ئایینی سۆمەری، جگە لە جیاوازی ناوی خوداکان،ئەوەش بەهۆی جیاوازی زمانی ئەکادی لە زمانی سۆمەری.

## بابلییەکان:

بابل تێکەڵەیەك بوو لە هەردوو گەلی ئەکادی و سۆمەری و، لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی ئەم دوو گەلە باڵادەستی لە سولالەی نوێدا بۆ ڕەگەزی سامی بوو، لەسەرەتای مێژووی ئەم دوو شارستانێتیەدا کەسایەتیەکی بەهێز دەرکەوت، کە (حامۆرابیە 2123-2081 پ. ن) و دەسەڵاتداریەکەی 43 ساڵ بەردەوام بوو. (یاسا ئاساییەکان)، کە پاشای داهێنەر حامۆرابی دایڕشت و، بونیادی پتەو و فەرمانڕەوایەتیەکی چاکی لەسەر دروستکرد. یاساکانی حامورابی, بۆ گەلەکەی و زۆر لە گەلانی تری پاش خۆیشی، ئەو ڕووناکییە بوو، کە لە تاریکیدا ڕێی ڕۆشن دەکردنەوە. بابلییەکان لە ڕووکاردا سامی بوون. قژ ڕەش، ئەسمەر، پیاوانیان بە ڕیش بوون و، جاربەجاریش قژی دەستکردییان لە سەر دەکرد و، پیاوان و ژنانیان هەروەك یەك, قژی خۆیان ڕەنگ کردووە.

لە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی شاری بابلی نوێ, خێڵێکی بەهێزی چیانشین هەبوون، ئەوانیش (کاشی)یەکان بوون، تەنیا 8 ساڵ بەسەر مردنی حامۆرابیدا تێپەڕی بوو، کە کاشییەکان دەوڵەتی بابلیان داگیرکرد و، دەسەڵات بەدەست, تێیدا جێگیربوون، ئیدی وڵاتی بابل لە دوای ئەم داگیرکردنەوە, بووە شانۆی نا جێگیری ڕەگەزی و هەرای سیاسی، کە پێشکەوتنیان تێدا ڕاوەستاند، دوای شەش سەدەش لە دەسەڵاتدارێتی، کە ناجێگیری زاڵبوو بەسەریدا, کاشییەکان لە خاکی بابل کشانەوە، دوای دەرچوونیشیان بە 400 ساڵ ئەو ڕەوشە هەر بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا فەرمانڕەوای لاواز لە بابل دەسەڵاتدارێتیان دەکرد، ئەو ماوەیەش بەردەوامبوو هەتا دروستبوونی ئیمپراتۆریای ئاشووری، کە باڵا دەستی خۆی بەسەر بابل دا سەپاند و، ملکەچی نەینەوای کرد. کاتێك بابل لەژێر فەرمانڕەوایی (سەنحاریب) دابوو بە تەواوی وێرانی کرد، بەڵام (ئەسەرحەدۆن) خۆشگوزەرانی و کولتوورەکەی بۆ گێڕایەوە، کاتێکیش دەوڵەتی میدیا دروستبوو و ئاشوورییەکان لاوازبوون (نەبولابلاسەر) هانای بۆ دەوڵەتی تازە دروستبوو برد, بۆ ڕزگارکردنی وڵاتی بابل لە دەسەڵاتی ئاشوورییەکان، ئەمە پێکهاتوو و پاشان بنەماڵەیەکی جلە و بەدەستی سەربەخۆی تێدا دانا، دوای مردنیشی (نەبوخوز نەسری دووەم) بووە میراتگری دەسەڵات و بابلی کردە پایتەختی بێ هاوشانی ڕۆژهەڵات و، گەورەترین پایتەختەکانی جیهانی کۆن و جوانترینیان.

**سەبارەت بە ئایینیش لە بابلدا ئەوا، دەسەڵاتی پاشا تەنیا بە یاسا یان گەورە پیاوان کۆت نەدەکرا، بەڵکو ڕاهیبەکان بڕیاریان لەسەر دەدا، ئەمەش لەبەر ئەوەی پاشا لە گۆشە نیگای یاساییەوە تەنیا جێگری خواکان بوو، هەربۆیە باج بە ناوی خواکانەوە دەسە پێنرا و، پاشا بە پاشا دانەدەندرا، ئەگەر ڕاهیبەکان پەسندیان نەکردبایە و، لە بۆنە و ئاهەنگە ئایینییەکانیشدا, پادشا بەرگی ڕاهیبەکانی دەپۆشی، ئەمە بەڵگەیە لەسەر یەکێتی نێوان ئایین و دەوڵەت، تا ڕۆژی دانانی نەبوخوزنەسر بە پادشا، وڵاتی بابل لە ڕاستینەی خۆیدا هەر دەوڵەتێکی ئایینی ملکەچی بڕیاری ڕاهیبەکان بووە بە بەردەوامی.**

سەبارەت بە خواکانی بابلییەکانیش، ئەوا ژمارەیان زۆربوو، کاتێك لە سەدەی نۆیەمی پێش زاییندا بە فەرمی ژمێردراون (65005شەشت و پێنج هەزار و پێنج) خودا بووە، چونکە هەر شارێك خوایەکی هەیە کە دەیپارێزێ، هەر ناوچە و گوندێکیش، خوایەکی بچووکیان هەبووە، کە پەرستوویانە و دڵسۆزی بوون. هەر چەندە کە بە فەرمی هەمووان ملکەچی خوای هەرە گەورەبوون. لەشاری لارسا ژمارەیەکی زۆر پەیکەر دروستکرابوون. (شەمش) و (عەشتار) لە ئۆروك و، (نینار) لە ئور دروستکرابوون. ئەو خودا سۆمەرییانەی، کە بەکۆتایی هاتنی سەردەمی سۆمەرییەکان کۆتاییان پێنەهات، کۆنترین خواکانیشیان (ئانو)، کە خوای ئاسمان و، شتەکانی ناویشی بووە (ئانو=ئاسمانی جێگیر) و، (شمش=خۆر)، (ئینینا= مانگی شەو یان چێڵی زەوی)، بووە کە هەموو بابلییەکان دوای مردنیان دەگەڕێنەوە سنگی. لای بابلییەکان هیچ بەڵگەیەك نابینرێتەوە لەسەر (تاك خودا پەرستی)، وەك ئەوەی لەسەردەمی ( ئەخناتون) و سەردەمی (ئەشعیای دووەم) دەبینرێت. ژمارەی خودا بچووکەکانیش کەمبۆوە، دوای ئەوەی وەك وێنەی خەسڵەتەکانی خودای گەورە شیکرایەوە)، بەم پێیەش (مەردۆك) بووە خوای بابل، لە سەرەتادا (شەمش) یەکێك بوو لە خواکانی خۆر و، گەورەترین خوداکانی بابل بوو و، دواتر نازناوی مەردۆکی پێدرا و، لەپاڵ ئەمدا خەڵکی بابل لە نوێژەکانیاندا ڕوویان دەکردە عەشتار.

ئەفسانەی ئافراندنی بابلی دەڵێت: **(سەرەتا "عەمما" هەبووە، لە کاتێکدا، کە هیچ شتێکی بەرز بە "سەما=ئاسمان" ناو نەنراوە، شتێکی نزمیش لە ئارادا نەبووە بە ناوی زەوی، "ئابۆ=زەریا" هات و، باوکی شتەکان بوو لەسەرەتادا و، "تیمات=عەمما"، یش هەموو ئەم شتانەی لێبووە و، ئاوی تێکەڵاویان بووە، ئیدی شتەکان وردە وردە، گەشەیان کرد و، شێوەیان گرت، بەڵام خوداوەندی ژن"تیمات" لە بەرامبەر هەموو خواکان خۆی بەدەستەوە دەدات، تا خۆی بگەیێنێتە بەرزترین پلە، پاش ئەمە شۆڕشێکی زۆر توند ڕوویدا و، هەموو ڕژێمەکانی هەژاند، ئە نجا خوایەکیتر هات و، ئەویش "مەردۆك"ە و، "تیمات"ی کوشت, بەوەی پاڵی بە گێژەلوکەیەوە نایە ناو دەمی "تیمات"، کاتێك ئەم دەمی کردبۆوە بۆ قوتدانی "مەردۆك"، ئە نجا شیرەکەی دەستی کرد بە سکی دا و، "تیمات"ی خواوەندی ژن تەقیەوە، ئەفسانەکە ئەوە بەردەوام دەکات، کە دوای ئەوەی "مەردۆك" ئارام بۆوە، "تیمات"ی مردووی بە درێژی، دوو پارچە کرد، وەك چۆن مرۆڤ ماسی دەکاتە دوو پارچە بۆ وشك کردنەوە**

و، یەکێکیانی بەرزکردەوە و، بووە ئاسمان و، ئەوەیتریشی لە بن پێیدا بلاوکردەوە و، بووە زەوی، دوای ئەوەی "مەردۆك" زەوی و ئاسمانی لە شوێنی خۆیان دانا، بە خوێنی خواکان دەستی بە شێلانی زەوی کرد، تا خەلك دروستبکات بۆ خزمەتکردنی ئەو خوایانە). هەموو ئەفسانە بابلییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی مرۆڤ، لە قوڕ درستکراوە و، واباس ناکەن، کە سەرەتا مرۆڤ لە بەهەشتدا ژیابێت، بەڵکو دەڵێن مرۆڤیش وەك ئاژەڵ ژیاون.

باوەڕبوون بە نەمری لە ئایینی بابلیدا، هیچ شتێکی دڵخۆشکەری تێدانەبوو، بۆ بابلییەکان، چونکە ئایینەکەیان ئاینێکی زەمینی کردەیی بوو، کاتێك کە مرۆڤی بابلی نوێژی دەکرد داوای دەکرد زەوییەکەی فرەوانتر ببێت و، داوای پاداشتێك نەدەکرد لە بەهەشتەوە. هەروەها باوەڕی بە خواکان و ژیاندنەوە نەبوو، پاش ژێر خاك کردن، سەرەڕای ئەوەی یەکێك لە دەقەکان دەڵێت: ( مەردۆك مردووان زیندوو دەکاتەوە)، بەلام بیرۆکەی بابلییەکان سەبارەت بە ژیانی دوایی هاوشێوەی بیرۆکەی یۆنانییەکان بوو(مردووان دەڕۆن بۆ شوێنێکی تاریك لە قولایی زەوییدا و، جارێکیتر کەسیان ڕووناکی نابیننەوە). بەهەشت هەبوونی هەبووە لە باوەڕییەکانیاندا، بەلام (بەهەشت تەنیا بە خواکان براوە)، بیرۆکەی هەڵەکردنیش لای بابلییەکان وەك نەخۆشی بووە، کە لەئەنجامی زاڵێتی جنۆکە و، ڕۆحی خراپەوە بەسەر جەستەدا دروست دەبێت و، نوێژیش لە لایان پاککردنەوەی جەستەبووە لە جنۆکە و، ڕۆحە خراپەکان.

***فیرعەونەکان:***

کەس نازانێت، کە میسرییە کۆنەکان لە کوێوە هاتوون و، هەندێك لە زانایان و، لێکۆڵەرەوەکان بەلای ئەو بۆچوونەدا دەڕۆن، کە ئەوان لە (نۆبێکانن) و، (حەبەشەییە لۆبییەکانن) لە لایەکەوە و، لە کۆچەرە سامی و ئەرمەنییەکانن لە لایەکیترەوە، **چونکە هەتا لەو سەردەمە کۆنەشدا، هیچ ڕەچەڵەکێکی بێگەرد لەسەر زەویدا نەژیاوە**، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو داگیرکەر و کۆچەرانەی لە ڕۆژئاوای ئاسیاوە لە گەڵ خۆیان کولتوورێکی بەرزتر لە کولتووری وڵاتەکەیان هێناوە و، تیکەلاوبوون و ئاوێتە بوونیان لە گەڵ دانیشتواندا، ڕەگەزێکی تێکەڵیشیی خستۆتەوە، ئەوەش هەروەکو هەموو شارستانێتیەکانی تر، بووە سەرەتای شارستانێتیەکی نوێ. ئەم ڕەچەڵەکانە بەشێوەیەکی سادە ئاوێتە دەبن، تا لەئەنجامی ئەم ئاوێتە بوونەدا لە نێوان (4000–3000 پ.ز) تاکە گەلێك پێکدێت، کە میسری کۆنیان دروستکردووە.

بەر لە هاتنی ساڵی (4000پ.ز) ئەو گەلانەی لە کەنارەکانی نیل نیشتەجێبوون دەسەلاتێکیان بۆخۆیان دروستکرد. نیشتەجێبووان بەشێوەیەك دابەش ببوون بەسەر هەرێمەکاندا، کە دانیشتووانی هەر هەرێمێك لەیەك ڕەگەز بوون و، یەك دروشمیان هەبووە و، ملکەچی یەك سەرۆك بوون و، بەهەمان ڕێوڕەسم یەك خودایان پەرستووە. شێوەی دەسەلاتی دەسەلاتدارانیشی وەك هێز و لاوازی و سەربەخۆیی، بە پێی هێز و لاوازی پاشای گەورە دەگۆڕدرا، پێویستیەکانی بازرگانی تازە گەشەکرد و، پالی پێوەنان خۆیان ڕێك بخەن، تا دوو مەملەکەتیان لێ پێك هات، یەکێکیان لە باشوور و، ئەوەی تریان لە باکوور، پێشدەچێ کە ئەم پارچەکردنە وێنەیەك بێ لە کێشەی ئەفریقاییەکانی خەڵکی باشوور و کۆچبەرە ئاشوورییەکانی خەڵکی باکوور. ئەم کێشەیەش کە کاریگەربوو بۆ زۆرکردن و قوڵکردنەوەی جیاوازییە جوگرافی و ڕەگەزییەکان، کە لە کاتی (مینا–مینیس) بەشێوەیەکی کاتی چارەسەرکرا. کاتێك ئەم، هەردوو کەرتەکەی خستە ژێر تاکە دەسەلاتی خۆی و لە گشت وڵاتدا یەك یاسای ڕاگەیاند و، گوتی: کە لەلایەن خواوەند (تەحوت)ەوە بۆی دابەزیوە و لەمێژوودا یەکەمین خانەدانی دروستکرد و، لە (مەنف–مەنەفیس) پایتەختێکی نوێی بۆ مەملەکەتەکەی ئاواکرد، (هەرەمەکان) بە گرنگترین ئەو شوێنەوارانە دادەنرێن، کە تا ئەمڕۆ ماونەتەوە و، شێوەی پەرەسەندووی گۆڕە سەرەتاییەکانە، چونکە خودی پاشا و، زۆرینەی گەلەکەشی باوەڕیان وابوو، کە لەناو هەر جەستەیەکدا، شتێك هەیە و پێی ووتراوە(کا)، کە نامرێ، ئەگەرچی مرۆڤ دوا هەناسەکانی ژیانیشی دابێت. ئەم (کا) یە مانەوەی تەواوی مسۆگەر دەکات و، جەستە دەپارێزێ لە برسیبوون و، داوەشان. هەرەمەکانیش بە جۆرە هەوڵێکی مرۆڤ دادەندرێت بۆ مانەوە و بەرخۆدانکردن بەرامبەر مەرگ بەهۆی بەرزی و گەورەیی و، شێوە و شوێنەکەیەوە، بۆیە (کا) بە بۆچوونی میسرییە کۆنەکان وێنەیەکی بچووککراوەی خودی جەستەیە، لەمەشەوە بەو ئەنجامە دەگەین، کە بێگومان میسریە کۆنەکان باوەڕیان بە ژیانی دوایی بووە و، لە پێناویدا کاریان کردووە.

بەلام ئایینی میسری وای دەبینێت، کە خودی ئەم ئایینە لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، چونکە هەر میسرییەك دەڵێت: ( **سەرەتای ئافراندن لە ئاسمانەوەیە و، نیلیش گەورەترین شادەمارەکانیەتی تا دوا ڕۆژەکانی. ئەستێرەکانی ئاسمانیش بە تێڕوانینی ئەو، جگە لە وێنەی زیندووی ڕۆحە گەورەکان هیچیتر نین، ڕۆحی خودا خاوەن ئیرادەکان، ئاسمانیش گومەزێکی گەورەیە لە بۆشاییە فراوانەکەیدا، چێڵێکی گەورە ڕاوەستاوە، کە ئەوویش خواوەند ( حەتمور)ە. زەوی لە ژێر پێکانی دایە و، سکیشی بە جوانی دەیان هەزار ئەستێرە دا پۆشراوە** ).

ئەفسانەی سەرەتای ئافراندن لە میسردا دەڵێت: ( **ئاسمان خواوەند "سیبۆ"یە، کە بە هێمنی لەسەر زەوی خەوتووە، ئەمیش خواوەند "نویت"ە، لە ئە نجامی جووتبوونی ئەم دوو خوایە هەموو شتەکان لە دایکبوون**). ئەمە و زۆر ئەفسانەی جیاوازتریش هەیە، کە هۆکاری جیاوزییەکەیان بۆ جیاوازی هەرێمەکان دەگەڕێتەوە. دەشێ، کە هەندێ جار خوایەك لەو خوایانە مانگی خواردبێ، بەلام ئەمە زۆر درێژە ناکێشێ، چونکە پاڕانەوەی مرۆڤەکان و، تووڕەبوونی خواکانی تر، بەراز

ناچار دەکەن واز لە خواردنی مانگ بهێنێ). ئا بەم شێوەیە میسرییەکان مانگ گیرانیان شیکردۆتەوە ئەمەش چیرۆکی مردنی (ئۆدینس و تەممون) مان بیردەخاتەوە، مانگ خوایەك بووە، پێدەچێت کۆنترین خواکانی میسریش بووبێت، بەڵام لە ئایینی فەرمیدا (خۆر) وەك گەورەترین خواکان لە هەندێ کاتدا پەرستراوە، بەو پێیەی، کە خواوەند (ڕەع)ی باوکی پرشنگدارە، کە بوێرانە زەوی دایکی کوتاوە، ئەنجا ئەم ئایینە پەرەی سەند و، خۆر بووە خواوەند (حۆرس)، کە لە وێنەی بازێکدا کێشراوە. (ڕەع) یان خۆر بەردەوام ئافرێنەربووە، یەکەمجارکە هەڵدێت و، زەوی بەڕووتی و بێ پیتی دەبینێ، بەتیرێژەکەی لە ئامێزی گرتووە و، چالاکی تێدا ژیاندۆتەوە و، لە چاوانییەوە هەموو بوونەوەرە زیندووەکانی دەرهێناوە, لە ڕووەك و ئاژەڵ و مرۆڤ، لەبەر ئەوەی کە یەکەمین ئافرێنراوەکانیش پیاو و ژن بوون لە ڕۆڵەکانی (ڕەعی ئەدنەیین) زۆر کامڵ و بەختەوەر بوون، بەڵام ڕۆڵەکانی ئەمان وردە، وردە لادەدەنە ڕێی خراپە و ونبوون، ئیدی بەختەوەری و کامڵبوونیان لەدەست دەدەن (ڕەع) لەبەر ئەوە تووڕە دەبێ و، ژمارەیەکی زۆری ڕەگەزی مرۆڤ لە ناو دەبات.

**ڕۆحی ئایینی لە لای میسرییەکان چڕ و بە پیتە، ئەوەندەش بە پیتبووە، وای لە میسرییەکان کردووە کە هەموو سەرچاوەکانی ژیان و وێنەکانی بپەرستن.** خواوەندە ئاژەڵییەکان زیاتر بڵاوبووە لەو خواوەندانەی، کە لە ڕووەك بوون، هەتا کاتێك خواوەندەکان گۆڕان بۆ سەر وێنەی مرۆڤانە, هەر شێوە ئاژەڵییە دوانەییەکەی خۆی پاراست: (ئاموون) لە شێوەی بەراندابوو، بەڵام (ڕەع) بە گۆلکێك یا "گوێرەکەیەك" سیمبولیزە کراوە و، (ئەزوریس)ش بە گۆلکێك یان بزنێك و (سەبك) بە تیمساح و (حۆرس) بە باز و، (حەتحور) بە چێڵ.

**ڕاهیبەکان لەسەر پێڕاگری تەختبوون لە میسردا، هەروەها پاسەوانی نهێنی ڕژێمی کۆمەڵایەتی بوون، بۆیە ئەم ئایینە پێویستی بە ئاڵۆزکردن بوو، ئیدی چینێکی کارامە لە هونەرەکانی سیحر و سرووتە ئایینییەکاندا، پەیدابوون، کە دەستیان لێبەرنادرێ، بۆ گەیشتنە خواکان.**

## زەردەشتی :

گێڕانەوەکان دەڵێن: خودی زەردەشت تاکە کەسێك نەبووە، بەڵکو سێ کەس بوون و، لەسەر دەستیان, ئایینی زەردەشتی بڵاوبۆتەوە. ئەوانیش:

1- مەهاباد (3000پ.ز).
2- هۆشەنگ
3- زەردەشت (660پ.ز)، کە هەڵساوە بەڕێکخستنی ئایینی زەردەشتی و بڵاوکردنەوەی لە ناو میدییەکان، پارسەکان و، ئەخمینییەکان.

زەردەشتی سێهەم کاری بۆ ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی ئایینی زەردەشتی کردووە، کە هەر لەسەردەمی زەردەشتی یەکەمینەوە، (3000پ.ز) ەوە هەبووە، بۆ ناسینی زەردەشت پێویستە ئەو ژینگەیە بناسین، کە زەردەشت، تەڤگەر و، ڕاپەڕینەکەی خۆی تێدا ئەنجامداوە....

1–هەبوونی باوەڕە ئەفسانەییەکان وەك جادو و ڕاهیبەکان, لە ئەنجامی ترس و ناهۆشیاری.
2–دەستگرتنی ڕاهیبە ژنەکان (موغان) بەسەر ژیانی ماددی وڕۆحی مرۆڤدا.
3–ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤایەتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی سەپاندووە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ژیانیدا.

لەم ژینگەیەدا، کە گەلی ئاری تێدا دەژین زەردەشت دەردەکەوێت و، ئاینێکی نوێ ڕادەگەیەنێت. جادوگەر و ڕاهیبەکان پەسەند ناکات و، دەست بەسەراگرتنی موغەکان ڕەت دەکاتەوە و، دەیەوێت چاکسازی بکات لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆحیدا.

**لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە، کە زەردەشت یەکەم کەس بووە، کە چاکسازی لە ئایینە سەرەتاییەکاندا کردووە و، ڕێبازێکی هێنایە ئارا، کە تێیدا پشت بە چاندن و، جووتیاری دەبەستێت، بەمەش ژیانێکی نوێی بۆ گەل و کۆمەڵگا هێناوە،** بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین، کە ئایینی زەردەشتی لەسەر کشتوکاڵ کردن ئاواکراوە. زەردەشت دەڵێت: (کێ بیرێکی هەڵکەند, دەچێتە بەهەشتەوە) و لە زۆربەی وتەکانیدا بە چاکدانانی چێندرا و، دار و ڕووەك و سەوزە هاتووە و، پەرستنی یەك خودا، جێی پەرستنی بتەکان و، ئاژەڵەکان و، ئەستێرەکانی ئاسمانی گرتەوە، بەمەش ڕێی دەست بەسەراگرتنی ژیانی ماددی و ڕۆحی کۆمەڵگای گرت لە لایەن مۆغانەکانەوە و، **سەردەمێکی نوێی لە ژیاندا کردەوە، کە کۆك و گونجاوە لەگەڵ پێویستیە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گەلەکەی و، لە پەرەسەندنی دەسەڵاتداران و، مەزهەبە خەیاڵییەکان ڕزگاری کردن. لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی بوونە مایەی دەرکەوتنی ئایینەکەی، پێویستی تیرە کۆچەر و شوانکارەکان بوو، بەجێگیربوون، بۆیە زەردەشتی ئایینی پەیوەستبوونە بە خاکەوە.**

ئایینی زەردەشتی پێچەوانەی ئایینی بوزاییە، کە ڕەشبینانە دەڕوانێتە جیهان و سروشت و مرۆڤ و، لە ڕژێمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا–پەیوەندییەکانی جووتبوون–هۆکارێك دەبینێ بۆ کەوتوویی و داڕوخان، چونکە ئایینی زەردەشتی بەتێڕوانینێکی زانستی و واقیعی دەڕوانێتە جیهان و سروشت و مرۆڤ. هەروەها خەڵك هاندەدات بۆ کارکردن و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و نرخێکی مەعنەویان پێدەدات و، بە باشترین کارەکانی پەرستنیان دادەنێت،

پەسنی ژیان و پێکەوە ژیان دەدات. وەکو وتیشمان بنەمای ڕەوشتی ئەم ئاینە لەسەر پەیوەندییە کشتوکاڵیەکان ئاواکراوە بۆ پەرەدان و پێشخستنی ژیانی مرۆڤایەتی. لەسەر ئەم بناخەیە دەتوانین بڵێین، **کە ئەم ئایینە ئاینێکی بابەتییە و، فەلسەفەیەکی ئەرێنی بۆ کامڵ بوونی مێژوو, دیاری دەکات.**

بە بۆچوونی زەردەشت مێژوو بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێت و، هەر قۆناغێك چوار هەزار ساڵە، لە کۆتایی هەر قۆناغێکدا مێژوو دەسووڕێتەوە و، (سوشیانت) واتا فریادڕەسی مرۆڤایەتی دەردەکەوێت. لەم ململانێ مێژووییەشدا (ڕاستی ڕەها) سەردەکەوێت و، مرۆڤایەتی لەو نەخۆشی و پۆخلاواتانە پاك دەکاتەوە، کە بەدرێژایی چەندین سەدە تووشی بوون، لەسەر ئەم بنچینەیەش هەڵوەستەیەکی زۆر گرنگ دەکات، لە سەر ئاوەزبوون و بیرکردنەوە سەبارەت بە سروشت و مرۆڤ و ژیان و قۆناغەکانی کامڵ بوونی، هەروەها گرنگی بەدروستکردنی کۆمەڵگایەکی کامەران و خۆشگوزەران دەدات، دوور لەو چینانەی کە ڕاهیبەکان و، ئەفسانەکان لەو سەردەمەدا دروستیان کردووە. زەردەشت باوەڕی بەخوای تاك و تەنیا بووە، واتا ئایینەکەی یەکتاپەرستە. ئەم خوایەش (ئاهورامەزدا)یە و، کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتی پێدەدات، هەروەك هەموو ئایینە تاك خوداییەکانی تر بەتایبەتیش ئیسلام، باوەڕی بەوەیە، کە خوا خاوەنی خەسڵەتی (ئەزەلیێتی و هەتا هەتایێتیە). هەروەها باوەڕی وایە، کە **مرۆڤ لەبەردەم هێزی چاکە و خراپەدایە و، بەردەوام لە ململانێدایە. هەبوونی ئەم دوو هێزەش بە پێویست دەزانێت بۆ کامڵ بوونی ژیانی ماددی و مەعنەوی مرۆڤایەتی.**

هەندێ لە زانایان وای بۆچوون، کە زەردەشت باوەڕی بە تاکە خوا نییە و، ئایینەکەشی هەروایە، چونکە باوەڕی بە خوای چاکە و، خوای خراپە هەیە، بەڵام لە ڕاستی ئەم ئایینەدا باوەڕی بەوەیە، کە خوا دروستکەری چاکە و خراپەیە، چونکە چاکە و خراپە دوو خوای خاوەن هێز و کاریگەرین لە ژیاندا، بەڵام خوای تاك و تەنیا و ئافراندنی ئەم دوو هێزە لە جیهاندا پێویستییەکە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، هەروەك لە ئایینی ئیسلامیشدا هاتووە، لە زاری پێغەمبەر (محەممەد– د.خ)ەوە، بەو چەمکەی وێکچووی مرۆڤ و شەیتانە، قورئان دەڵێت: ( <u>*لقد افلح من زكاها وقد خاب من دساها*</u> ) هەروەها دەڵێت: (<u>*فالهمها فجورها و تقواها*</u>) ئەوەش بەو مانەیە دێت: کە مرۆڤ لە ململانێیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ هەردوو هێزی چاکە و خراپە.

بەم شێوەیە زەردەشت وای دەبینێ کە مرۆڤ لە بەردەم ئەم دوو هێزەدایە و بە کارکردن و خۆ پەروەردەکردن و پاککردنەوەی لە خراپە و پیسی ڕزگاری دەبێ، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە ووتەکەی (بیری ڕاست، وتەی جوان، کاری چاك)ە کە لە ئاینی ئیسلامدا بەرامبەرەکەی بە ووتەیەکی بێغەمبەر هەیە (الایمان و بالقلب الاژعان والتصدیق باللسان والعمل بالارکان). واتە دڵ جێی بیرکردنەوە و زمان جێی ووتنە و کاریش بەبنەماکان.

هەندێك کەسیش هەن کە بە هەڵە وای بۆ دەچن کە زەردەشت باوەڕی بە ئاگر پەرستی بووە و "ئاهورا مەزدا" ئاگرە، بەڵام بە تێڕوانینی زەردەشت ئاگر ڕوکارێکە لە ڕوکارەکانی خوا, هەروەك لە قورئانیشدا دەوترێ (خوا ڕووناکی زەوی و ئاسمانە) ئەو جێیەی کە ئاگری تێدا دەکرێتەوە بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنیا مزگەوت و کڵێسایە و لەلای زەردەشتیەکان بە (ئاتەشگا) ناو دەنرێت. بەپێی ئاینی زەردەشتی ژیان بە سەر چوار قۆناخدا بەش دەکرێ کە لە ئەفسانەی ئافراندنی زەردەشتیدا باس دەکرێ:

1- **چاکە و خراپە یەکەمین ئافرێندراوەکانن و لە ( عمائی = ئاسما = تیمات ) لە دایك بوون ئەو کاتەی هیچ شتێك و جێیەك و کاتێك هەبوونی نەبووە.**

2- **جیهان کەوتۆتە ژێر چێوەی تاریکیەوە کە لە ئە نجامی سەرکەوتنی خراپە بەسەر توخمە چاکەکاندا لە سروشتدا ڕووی داوە.**

3- **هاتنی زەردەشت و لێکدابڕاندنی چاکە و خراپە، تاریکی و ڕووناکی.**

4- **کۆتایی هاتنی تاریکی و باڵادەست بوونی چاکە بە سەر زەویدا و بڵاوبوونەوەی ڕووناکی.**

پەرتووکی ئاڤێستاش کە بە زمانی کوردی کۆن نوسراوە پەرتوکی پیرۆزی میدیەکان و فارسەکان و هەندێ لە گەلانی تریشە کە باوەڕیان پێ بووە و لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی:

**بانگەشەی هەموو کەس دەکات لە هەموو لایەکی زەویدا واتە مۆرکێکی مرۆڤانەی پێوەیە و دەسەڵات بە ئامانج ناگرێ. لە کرۆکیشیدا لە سەر ململانێی نیوان چاکە و خراپە ئاوابووە بەو پێیەی کە ئەو دووانە لە ململانێیەکی بەردەوام و هەتا هەتایی دان. خوێنڕژتنی حەرام کردووە و ئامرازە کشتوکاڵیەکان و هاوشێوەکانی دەپارێزێ**، بەڵام ئەو لایەنەی کە خراپی و خراپەکاری دەنوێنێ لە ئاینی زەردەشتی دا بە(ئەهریمەن) ناو دەبرێ و بەردەوام هەوڵ دەدا بۆ دوو بەرەکێتی دروست کردن لە نێوان گەلاندا تا خوێن بڕێژرێت و ئامرازەکانی کشتوکاڵ کردن خراپ دەکات تاوا لە مرۆڤ بکات لە سەر دزی و تاڵانی و ڕووت کردنەوە و قۆرخ کردن بژین. زەردەشت دەڵێ( **شەڕی تیرە و خێڵەکان سەرکەوتنی ئەهریمەنە** ).

فەلسەفەی ئافراندنی زەردەشتی پشت بە چوار تووخمی پیرۆز دەبەستێت ئەوانیش:

1- خاك: پیرۆز کراوە، بۆ پێویستیەکانی مرۆڤ و بۆ پەیوەست بوون بە خاکەوە و دەست بەردان لە کۆچەرێتی کە ئەهریمەن نوێنەرەکەیەتی.

2- ئاو: كە ئەميش توخمى يارمەتى دەرى زەويە لە پێناو بەرهەمهێناندا و بنچينەى فەڕ و زێدەبوون و بە ختياريە.
3- ئاگر: ئەويش ڕووى ڕووناكيە كە يارمەتى دەرە بۆ ساف بوون و بێگەرد بوون لە هەڵەكان، لە پاڵ ئەوەدا كە ئامرازى خۆپاراستنە لە سەرما و بەردەوامبوونى تەندروستى لە مرۆڤدا و لە مرۆڤدا يەكێتى و ئازادى و سەربەخۆيى دروست دەكات ئاگرى زەردەشتى بە سێ شێوە بووە:

ا – ئەو ئاگرەى لە پەرستگاكاندا دادەنرێ بۆ پاككردنەوەى دەروون و ئەم ئاگرە بەردەوام هەڵگيرساوە و كوژانەوەى بە ماناى كۆيلايەتى و مردن دێ.
ب – ئاگرى چێشتخانەكان – بۆ لێنانى خواردن و شتى تر.
ج – ئاگرى جەژنەكان كە توخمێكى سەرەكى بووە بۆ كۆكردنەوەى گەل و ڕێكخستنى لە ئاهەنگ و جەژنە ئاينيەكاندا.
4 – با: ئەميش هەڵدەستێ بە پاككردنەوەى دەروونى زيندوو.
هەروەها ڕووەكەكان شوێنێكى تايبەتيان هەبووە بۆ پەرستن لەم ئاينەدا، چونكە توخمى سەرەكى بووە لە مانەوەى زيندوەكانى سەر زەوى. ***ئاينى زەردەشتى بريتى بوو لە ئاوێتە كردنى چەند ئاين و بيرۆكەيەكى ئاينى پێشتر لە پاڵ داهێنەريى زەردەشتدا كە نكوڵى لێناكرێ.*** لەم ئاينەدا مرۆڤ بەسەر 3 بەشدا بەشدەكات:
1- جەستەى ئادەمى كە لە خۆڵ پێك دێت.
2- ئاوەز كە چاكە و خراپە لێك جيا دەكاتەوە و لە جياوازى تاريكى و ڕووناكى پێك دێت.
3- ڕۆح كە ئەميش ڕووناكى و پاقژى و چاكەيە.
بۆ زانينى چۆنيەتى كەوتنى ئاينى زەردەشتى و ئەو ناكۆكيانەى دواى ئەوە دروست بوو پێويستە بگەڕێينەوە مێژوو:
گەلى ئارى لە 3 ڕەگەزى سەرەكى پێكدێت، بەشێك لە ڕۆژهەلاتى ئێران(هەرێمى خوراسان) و بە پارتيەكان ناونراون. بەشێك لەباكورى ڕۆژئاواى ئێران (هەرێمى ئازربايجان و كوردستان) ئەمانيش گەلى ميديان. بەشەكەى تريش لەباشورى ئێران و ناوەندەكەيدا نيشتەجێ بوون و بە پارس يان فارس ناسراون. وەك دەزانين ميديەكان يەكەمين كەس بوون كە دەسەلات و ڕژێمى پاشايەتيان دامەزراندووە. دواى ئەوانيش كۆرشى پارسى دێت و ئيمپراتۆرى ئەخمينى دادەمەزرێنێ. دايكى كۆرش ميدى بووە بەوەش دەسەلات لە ميديەكانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەخمينيەكان و ناوەندى دەسەلاتيش دەبێتە فارس دواى ئەوەى كە جێى(هەمەدان يان ئەكبەتان) دەگرێتەوە, پاشان فارسەكان واتە بنەماڵەى ئەخمينى دەشكێن, كاتێ ئەسكەندەرى مەكدۆنى هێرشيان دەكاتە سەر و بەم شێوەيە دەسەلات لە دەستيان دەردەكەوێت و لەو ماوەيەدا ئەسكەندەر لە ئێراندا دەسەلات و فەرمان ڕەوايى خۆى دروست كرد، دواى ماوەيەكيش لە فەرمانڕەوايى يۆنانيەكان گەلى پارسى هەستا بەشەڕێكى خوێناوى لە دژيان و يۆنانيەكان لە ئێران كشانە دواوە و جارێكى تر فەرمانڕەوايى گەڕايەوە بۆ ڕۆڵەكانى ڕەچەڵەكى ئارى ئەمانيش (ئەشكانيەكان بوون) و فەرمانڕەوايەتيەكەشيان نە ميديايى بوو نە فارسيش, بەڵكوو وەك پێشتر باسمان كرد لە ڕۆژهەلاتى ئێران بوون و ئاينى زەردەشتيان بە ئاينى ميديەكان و فارسەكان دەبينى, بۆيە كە دەسەلاتيان گرتە دەست پەيڕەوەى ئەم ئاينەيان نەكرد و گرنگيان پێنەدا، ئەمە بووە مايەى بێزارى زەردەشتيەكان لەم دەسەلاتە و زانايانى زەردەشتى كە پلەو پايەيان هەبوو لە سەردەمى ئەخمينيەكاندا, دژ بە ئەشكانيەكان, لە هەموو هەرێمەكان هەستان بە كۆكردنەوە و ڕێكخستنى گەل و بەناوى ئاينەوە تێكۆشان و ناوەندى ئەو تێكۆشانەش پارس بوو، هەروەها ناوەندى فەرمانڕەوايى ئەخمينيەكان بوو, كە پەيوەست بوون بە ئاينيى زەردەشتيەوە.
مەوداى تەڤگەرى زانايانى زەردەشتى فراوان بوو و خەڵكێكى زۆريان لە دەورى خۆيان كۆكردەوە و هەڵمەتى دژواريان بردەسەر ئەشكانيەكان بەو تاوانەى كە بێباوەڕ و دژ بە ئاينن، خاكيان داگيركردوين و ئاينەكەمانيان پێشێل كردووە. دواى ماوەيەك فەرمانڕەوايى ئەشكانى لاوازبوو و ڕوخا و لە جێى ئەم, دەسەلاتى ساسانى دەركەوت كە بەدەستى زانايانى زەردەشتى ئاواكراو و چاودێريان دەكرد. **ئيدى ئەم ئيمپراتۆريە دەستى بە فەرمانڕەوايى كردن كرد بەسەر گەلانى ئێراندا, بەم شێوەيە زانايانى زەردەشتى ميريەكى نيشتمانى و ئاينزاييان ئاواكرد, كە هەموو شتێكى بە دەستە و بە ڕێوەيان دەبات، هەتا ئەمرۆش كاريگەرى ئەم بيرۆكە ئاينيە لە سەر دەسەلاتە يەك لە دواييەكەكانى ئێران دەبينين. بەم شێوەيە ئاينى زەردەشتى لە ڕێ لايداو ڕوونى و بێگەردى و كرۆكە مرۆڤانەكەى لە دەست چوو, چونكە كەوتە ڕاژەى دەسەلاتى ساسانيەوە و لە لايەن ئەم دەسەلاتە دەربەگيەوە بە كارهێنرا،** بە سەپاندنى باج لە ژێر ناوى ئايندا، كە بووە مايەى دووركەوتنەوەى خەڵك لێى و دەركەوتنى گەندەڵى و پاشڤەڕۆيەتى و ناكۆكيە ئاينزايى و نەتەوەيەكان و ئەمەش هۆكارى سەرەكى بوو لە سەرهەڵدانى (مەزدەك)دا لە بەردەم ڕژێمى دەرەبەگايەتى كە لەو ماوەيەدا لە ئارادا بوو. ئەم تەڤگەرە لە هەموو شتێكدا بانگەشەى يەكسانى دەكرد. هەروەها زانايانى زەردەشتى يارمەتى دەرى فەرمانڕوا ساسانيەكان بوون بۆ درێژەدان بە فەرمانڕەوايەتيان كە بووە مايەى ئەوەى ئەم ئاينە بە مۆركێكى سياسيانە مۆرك بكرێت.

ئەم ئاینە سەرکەوت بەڵام ئەم سەرکەوتنە گەوهەری نەبوو و لە ڕاژەی بەرژەوەندیە مرۆڤایەتیەکان و پێویستیە سەرەکیەکانیدا نەبوو. بووە ئاینێکی ڕاوەستاوی دوور لەو پرنسیپانەی کە زەردەشت هێنابوونی و بواری کردەوە لەبەردەم دەرکەوتنی ئاینی تر وەك مەزدەکی و مانێتی و لە کۆتایشدا ئیسلام، هۆکاری ڕوخانی ئاسانی ئاینی زەردەشتی و جێگرتنەوەی لە لایەن ئاینەکانی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستەمەی کە ساسانیەکان بە ناویەوە دەیانکرد و بە یارمەتی زانا لادەرەکان لە خۆیان و ژیان و پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووی و کولتوری یە کانیان.

***<u>مانێتی:</u>***

ئەم ئایینە دەگێڕدرێتەوە بۆ مانی، کە لە وڵاتی بابل لە دایکێکی ئەشکانی و باوکێکی (غنوسی) لە 14ی نیسانی ساڵی 216ی زایینیدا لە دایك بووە. **ئەم ئایینە بە ئاوێتەیەکی کاریگەرییەکانی زەردەشتی و، کریستیانی و بوزێتی دادەنرێت. هەروەها ئایینە سامییەکان و ئایینەکانی میزۆپۆتامیای ئاوێتە بووە، بەشێوەیەك، کە لەیەك جیا ناکرێنەوە.**

مانی لەسەر مەزهەبی (ماندەری–المغتسلە)ی گەورەبوو، بەڵام دوای ئەوەی لە خوێندنی ئایینەکانی – سەردەمی خۆیدا قوڵبۆوە، واتا ( زەردەشتی و کریستیانی و ئاینزا "جنستیکییەکان" بە تایبەتیش هەردوو ئاینزای (کوڕی دیسان–مەرقەوییەکان)، ئیتر دەستبەرداری مەزهەبی ماندەری بوو. **لە ڕاستیشدا مانێیەتی زیاتر لەوەی، کە ئایین بێت، پرەنسیپەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتییە، بە پلەی یەکەمیش لە ئازارەکانی خودی مانی و تێڕوانینە تیژەکەیەوە بۆ کۆمەڵگا بە ئە نجام گەیشتووە. هەروەها لە هەوڵەکانیدا بۆ زانینی پێویستییەکانی و، دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، لە هەر ژینگەیەکیشدا بانگەشەی مانیگەرایی ڕەنگێکی تایبەتی خۆی هەبووە، چونکە مانی ویستی ئاینێکی جیهانی بڵاوبکاتەوە و ڕێبازەکەی خۆی, کارامانە گونجاند لە گەڵ بۆچوون و زاراوە ئایینییەکانی گەلە جیاوازەکان.**

دەتوانین کاریگەرییەکانی فەلسەفەی یۆنانی کە بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی لە هەرێمەکەدا دەستی پێکردبوو، لەو ماوەیەدا. بخەینە پاڵ کاریگەرێتیە گشتییەکان لە فەلسەفەی مانێتیدا. مانی خۆی پەرت و بڵاو دۆزییەوە لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە ناکۆکییە ئایینیەکان دا، کە زۆر جار دەبووە مایەی شەڕی ناوخۆیی و دەرەکی. لە هەوڵێکی مانیدا بۆ دوایی هێنان بە سەرچاوەی ململانێکان، هەوڵی کۆکردنەوەی ئایینەکانیدا لە ئاینێکی نوێدا. مانەوێتی هەموو خواکانی دەگێڕایەوە بۆ (بڵندبوونی) خودی مرۆڤانە خۆی و هەوڵدانی بۆ چارەسەرکردنی مەتەڵەکانی ئەم گەردوونە، هەر بۆیە دەبینین مانی جگە لە ئایینی یەهودێتی، لەبەر ئەوەی ئایینێکی وشك و توندڕەوە, هیچ ئایینێکی تری ڕەت نەکردۆتەوە و، فەلسەفەکەش لە ئافراندنی جیهاندا بناغەی هزری و خودایەتی بەرەوشت دەدات.

**باوەڕبوونی مانی بە مرۆڤ وەك یەکەیەکی کاریگەر لەگەردووندا و، دانانی خواکان بە یەکێك لە ( تجلیات )ەکانی هزری مرۆڤانە، لە گەورەترین دەستکەوتەکانی مانی یە لەو قۆناغەدا.** بۆیە هەوڵیدا ڕۆحی یەکێتی بخاتە نێوان گەلانەوە، بەو پێیەی کە مرۆڤ توخمی هەرە بەرزە، خودی خۆی خاوەنی هزر و ئایینە، ئەم خاڵە خاڵی سەرەکییە لە فەلسەفەی مانێتیدا.

یەکەمین وتەی مانی :(سوپاست دەکەم ئەی خودای من، چونکە لە بابل منت ئافراند و، وەك خوێندکارێك لە لای خۆت پەسندت کردم), بووە.

لە گێڕانەوەکانیشدا هاتووە کە مانی لە 12 ساڵییەوە, دەستی بە بانگەشەکردن بۆ ئایینەکەی کردووە.مانی دەڵێت: (ئەو پاشایە هاتە لام، کە نێوانکاری دەکات لە نێوان من و پاشای ڕوناکیدا و پێی وتم: پێویستە لەم دەستەیە دەربچیت، چونکە ئەرکێکی نوێت لە ئەستۆدایە، ئەوەش ڕێك و پێککردنی داب و نەریتەکان و زاڵبوونە بەسەر ئارەزوودا، بەڵام لەبەر بچووکی تەمەنت هێشتا کات زووە بۆ بانگ کردنت). لێرەدا دەتوانین لە ڕاستی ئایینی مانەوێتی تێبگەین، پەروەردەکردن و ڕێك و پێککردنی داب و نەریت و خووەکانە کە زۆری نەمابوو کۆمەڵگاکەی لە ناو ببات. هەروەها بۆ ڕاستکردنەوەی ئارەزووەکانی مرۆڤ و پێودانگە سەرەکیەکانی بیرکردنەوەی, بۆ جوان ترکردنی ژیان. هەروەها دەوترێت، کە ئەوپەرییەی ناوی (قەرین)ە، جارێکیتر دێتەوە لای مانی, دوای ئەوەی تەمەنی گەورە بووە و پێی دەڵی: گەورەبوویت و کاتی بانگەشەکردن هاتووە بۆ ئایینە نوێیەکەت, هەستە و بانگەشەی بۆ بکە، بانگەشەکەش سەرەتای ئاشتییە).

فەلسەفەکەی مانی پشت بە دووشتی بەردەوام ناکۆك لە گەڵ یەکدی دەبەستێ و ئەوانیش (ڕووناکی و تاریکی)ین. واتە چاکە و خراپە، بەدرێژیش چۆنێتی هێرشی تاریکێکان دەبینین لەسەر ڕووناکی و تێکەڵاوبوونی لەگەڵیدا، داستانی دروستبوونی مانێتیش دەڵێت: **جیهان لە ڕووناکی ئافرێنداروە و کۆتاییەکەشی بەگەڕانەوە دەبێ بۆ سەرەتا، واتە بۆ خاڵی دەستپێکردن کە ئافراندن لێیەوە دەستی پێکردووە. هەروەها داستانەکە مژدەی ئەوە دەدات، کە تاریکی و خراپە ناهێڵێت هیچ شتێك لە ناویدا ئاوێتە ببێ، بۆیە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ڕووناکی لەناوخۆیدا هەمووشتەکان دەنوێنێ. بۆیە سەرکەوتن لە کۆتاییدا بۆ توخمە ڕووناکەکە دەبێت.** ئەم ململانێیەش لە هەموو قۆناغەکانیدا کاریگەری کردووە لەسەر سایکۆلۆژییەتی مرۆڤ لە ئایینی مانێتیدا و ئامۆژگارییە تایبەتەکانی بۆ مرۆڤ، چونکە ئەم ئایینە ئەوە دەکاتە ئەرك، کە مرۆڤ لە لایەنی تاریك و دڕندەی ناو خۆی بڕوانێ، هاوکات لایەنی ڕووناك و چاکە ببینێ لەم دەروونەدا. واتا چاکە و خراپە لەناو مرۆڤدان. هەروەها ئەم ئایینە جەخت لەسەر لایەنی ڕووناك و چاکە دەکاتەوە لە مرۆڤدا و موڵکی خوای ڕووناکییە و لە کۆتاییشدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو، بەڵام جیهانی تاریکی و خراپەکارییەکان جیهانی

ماددەیە و، لە ڕووناکی، ئاشتی دروست دەکرێت. کاتێك ململانیٚ ڕوودەدات لەنێوان تاریکی و ڕووناکیدا. واتا (لەنێوان ژیری و نەزانی و چاکە و خراپە...هتد). تاریکی بە ئارەزوویەکی توندەوە خۆی فڕیٚ دەداتە ناو ڕووناکیەوە و بەوەش کۆتایی بە تاریکی دیٚ، بەڵام کاتیٚ بەشێوەیەکی کاتی تاریکی سەردەکەویٚ ئیدی ستەم لە سەر زەوی دەست پێدەکات و زۆر دەستی و چەوساندنەوە و کۆیلەکردن دێت و توخمە گرنگەکان لە ڕووناکیدا دەسڕدرێتەوە و بە ماددەوە دەبەسترێتەوە، واتا مرۆڤ بەنەزانی خۆی هەندیٚ لە توخمەکانی جوانی ناڕاستەقینە دەخاتە سەر جیهانی ماددە. لە پالٚ ئەوەدا فەلسەفەی مانێتی مۆرکی سازش و لێبوردن و ڕق لە بەکارهێنانی زەبر و توند و تیژی بەسەرەوەیە، هەروەها ئاسان کاری لە بەردەم گرفتەکاندا وەك دەڵێت: (کەس بە هۆی وتەی منەوە ناکوژریٚ)، مانی گەیشتنە دەسەلاٚتی بە ئامانج نەگرت، چونکە دەیوویست کە ئەم ئایینە لە نێو هەموو گەلاندا بلاٚوبکاتەوە.
ڕەوشی مانێتیش بە زنجیرە ڕێسایەك فرەبووە، بەتایبەتی {الخواتیم السبعە ، حەوت ئامۆژگاریە کە} کە چواریان ڕۆحین و پەیوەستە بە باوەڕییەکانەوە، سیانیشیان لێکۆڵینەوە لە هەڵسوکەوتی باوەڕمەندان دەکەن ئەوانیش ( ئامۆژگاری تێگەیشتن) ، (نە وتنی ئەو وتانەی دەبێتە مایەی کوفر و ناپاکی)، ئامۆژگاری دەست، (خۆ پاراستن لە هەر کار و کردەوەیەك کە ڕووناکی تورەبکات). ئامۆژگاری دلٚ، (خۆت لەخۆبەدستەوەدانی ئارەزووە ڕەگەزییە نەشیاوەکان دوور بگرە) و، ئەو پیشانەی لە شوێن پێهەڵگرانی نەشیاوکردووە، کە توخمەکانی ڕووناکی تورە دەکات، کۆشش بە دوای دەوڵەمەندی و زێدە ڕۆیی و، گۆشتی ئاژەڵیشی لیٚ حەرام کردون. هەروەها کولاٚندنی سەوزەمەنی، چونکە ئەو زەرە ڕووناکیانەی تێیدایە تورە دەکات. خواردنەوەی مەی حەرام کردوە لێیان و دەبیٚ جگە لە خواردنی ڕۆژێك هیچیتریان نەبیٚ، هەرووەها پۆشاکی سالێك و بیٚ هاوسەر بژین و بە هەموو ولاٚتانی جیهاندا بگەڕێن بۆ موژدەدان بە ئایین و ئامۆژگاری کردنی خەلك تارێی ڕاست بگرن. بەلاٚم گوێگرەکان دەتوانن گرنگی بدەن بە کارەکانیان و پیشەکاری بکەن و گۆشتی ئاژەلٚ بخۆن, بەو مەرجەی بەدەستی خۆیان سەری ببڕن و دەتوانن ژن بێنن، بەلاٚم دەبیٚ ڕێی ڕاست بگرنە بەر و کۆشش بکەن تا پەیوەست نەبەن بە شتەکانی جیهانەوە. بەگشتی پێویست بوو لە سەر باوەڕمەندان ئەمانە جێبەجێبکەن و ڕۆژ و نوێژەکانیان بپارێزن و، هەر مانگێك حەوت ڕۆژ بە ڕۆژوو بن. ئەمەش پەروەردەکردنی دەروون و چاککردنی و بە هێزکردنی ئیرادە نیشان دەدات. هەر ڕۆژێکیش چوار جار نوێژ بکەن بۆ بە هێزکردنی گرێدانیان بە پرەنسیپ و ئایین و ڕووناکییەوە، کە بەرەو ڕووی دەچن. زەکاتیش ناچاری بووە، مانیێکان نان و ئاویان بە بیٚ باوەڕان نەدەدا، چونکە لەوەدا دەست درێژی کردنە سەر زەرەکانی ڕووناکی هەیە، کە لە ئاو و نانان هەن، بەلاٚم پۆشاك و پارە و شتی تریان پێدەدان، کە ڕووناکی تێدا نییە. بەم فەلسەفەیەش دەیویست مرۆڤێکی شکۆمەند و کۆمەڵگایەکی نمونەیی بیٚ وێنە بئافرێنیٚ.
مانی گرنگیەکی گەورەی دەدا بە زانست و هونەر، کەسی خۆشی لەوەدا دەرکەوتوو و کانی هونەر بووە، چونکە وێنەکێشی دەزانی و لە نوسین و نیگاردا کارامە بووە و، کاری هونەری پزیشکیشی دەکرد و، گوێی لە مۆسیقا دەگرت. لە پالٚ ئەم کارانەیدا شێوازێکی ڕاکێشەری هەبوو لە ڕێکخستنی مرۆڤەکاندا. هەندیٚ سەرچاوە دەڵێن، کە مانی سەرکەوتووبووە لەوەدا کە دوو برای شابور بێنێتە ناو ئایینەکەیەوە. ئەوەش بە ڕێگای باس کردنی لە باخچەی ڕووناکێکان و بەهەشتی ڕووناکی, بە خوا و پەرێکان و بەختیارییەکەیەوە. ئەم شێوازە، کە کارامە بوو تێیدا بۆ ڕێکخستنی مرۆڤەکان, باوەڕی ڕەهای مانی بوو بە ڕووناکی, بەوەی هەموو شتێکیش ڕووناکییە. بەوەش دەیویست ئەو کۆمەڵگا نمونەییە تەواو بکات کە لە خەیاڵیدا بوو. لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵگایەشدا نزیك بوونەوەی لە ژن کارێکی زۆر گەورە بوو، چونکە ژنی بەرز دەکردەوە بۆ پلەیەك کە کۆمەڵگا پێی بزانیٚ. ئەوەش بەرێی ئەو ژنەی، کە لە پاڵیدا بوو لە کاتی گەڕانیدا، کاتێك کۆمەڵگا ڕێزیان لە مانی بگرتایە, ڕێزیان لەو ژنەش دەگرت.
مانی لایەنی ڕۆحی و مەعنەوی خستە پلەی یەکەمینەوە و لایەنی ماددیش لە پلەی دووەمدا. هەروەك لە وتنیدا: (ئەو ڕۆژە دیٚ، کە لەباخچەکانی ڕووناکیدا, (ڕۆحی مرۆڤ) هیچ شتێکی تێدا نامێنێتەوە بەناوی ماددەوە، جگە لە بۆن و ڕەنگەکان. لە ئەنجامی بەربەرەکانێیەکی نێوان مانی و بەرهەڵستکارەکانیدا غەمگین دەبێت، چونکە بەرهەڵستکارەکانی بە زیندانی کردن بڕیاریان بەسەردا دا وبە کفرکردن تاوانباریان کرد و ئەشکەنجەیان کرد، بەلاٚم هەرگیز وازی لە پرەنسیپ و باوەڕێکەی خۆی نەهێنا، کە لە باخچەکانی ڕووناکیدا بەرجەستە دەبوو، هەندیٚ ئایینی تریش هەن، کە دەڵێن مانی لە خاچ دراوە و بەزیندوویی پێستیان داماڵیوە. ئەنجا سەری لیٚ کراوەتەوە و پێستی پڕکراوەتەوە و بە یەکێك لە دەرگاکانی شاری (جندیسابور)ەوە بە هەڵواسراوەیی هێڵراوەتەوە و دوای ئەوە ئەو دەرگایە بە (دەرگای مانی) ناونراوە، دوای مردنی مانی و لەسەر وەسێتی خۆی یەکێك لە فێرخوازەکانی بەناوی (سیس) سەرکێشی ئایینی مانێتی دەکات. ئەمیش لە ولاٚتی بابلدا ماوەتەوە تا لە خاچدراوە و، (ئینایۆس) جێی گرتۆتەوە لە سەرۆکایەتیکردنی مانییێکاندا، بەم شێوەیە لە هەموو لاکانی هەرێمەکەدا بلاٚوبۆتەوە و هەر بە نیوە نهێنی ماوەتەوە. ئەو چەوساندنەوەیەی شوێن کەوتووانی مانی دەیان دی لە بەرهەڵستکارەکانیانەوە، بووە مایەی کۆچکردنی زۆریان بۆ هەرێمەکانی تری ڕۆژهەلاٚت و باکوور.
لەوەوە ئەو ئەنجامە بەدەست دەخەین، کە مانی سەرەڕای ئەو ئازارانەی تووشی بوو لە ژیانیدا. لە کاتی بلاٚوکردنەوەی ئاینەکەیدا دەستبەرداری پرەنسیپەکانی خۆی نەبووە و، هەرپێیەوە پەیوەست بووە. بەوەش

دەیویست ئیرادەیەکی بەهێز لەلای لایەنگران و شوێن پێ هەڵگرانی دروستبکات و، کۆمەڵگایەکی خاوەن ڕەوشتی بەرز ئاوابکات، کە ستەم و چینەکانی تێدا نەبێ و، هیچ کەسێك فەرمان بەسەر کەسێکی دیتردا نەدا و، و یەکسانی و دادپەروەری و لێبووردن باڵ بکێشێ بەسەریدا، بەڕێی باخچەکانی ڕووناکی کە لە (ڕۆحی مرۆڤدا) بەرجەستە دەبێ و هێزی لێوەردەگرێ، بەمەش فەلسەفەیەك دروست دەکات و ئیلهامی لێ وەردەگرێت و لەسەر کۆمەڵگا و مرۆڤ بەرجەستەی دەکات.

***یەهودێتی:***

ئەو ڕەوتە ئاینییە کە ڕەگ و ڕیشەی تا حەزرەتی ئیبراهیم درێژدەبێتەوە، و دژ بە زۆردەستی و ستەمی نەمرود دەرکەوت, کە خۆی بە خوا ڕاگەیاندبوو، ئاینی یەهوودی لە گەڵ دەرکەوتنی حەزرەتی ئیبراهیم دەستپێدەکات و لە شاری ئورفە و دەشتی حەران پەرەدەستێنێت ، ئەوەش کاتێك هەستاوە بەشکاندنی ئەو بتانەی قەومی نەمرودی بێباوەڕبە خوا دەیانپەرستن و **بەم شێوەیە و بۆ یەکەمین جار لە مێژودا بانگەشەی بۆ پەرستنی تاکە خودایەك کرد. ئەم بانگەشەیەش نوێ بوو بۆ گەلێك کە لە ژێر ستەمی کەسانی بە خوا کراودا مابوونەوە.** لە بەر ئەمەو لەپێناو پەرەدان بەبیرۆکە ئاینیە تاك پەرسیتەکان لە چێوەی هەلومەرجی نا ئامادە بۆ ئەو کارە, ئیبراهیم چووە ناو ململانێ و بەرخۆدانی دژوار دژ بەڕژێمی باوو و لە ئەنجامی ژێرکەوتنی لە تێکۆشانیدا دژ بە نەمرود, ناچارکرا لە گەڵ ئەندامانی خێزانەکەی بەر بە فەلەستین کۆچ بکات، هێنانی بیرۆکە و بانگەشەی نوێ بۆ کۆمەڵگا و لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵگایە باوەڕی پێنەکات, هۆکارێك بووە لە هۆکارەکانی ئەو کۆچکردنە لە پێناو بڵاوکردنەوەی بانگەشەکەی و تۆکمەکردنی کۆڵەکە سەرەتاییەکانی بیرۆکەی تاکخودایی. لە نێوان ئەو گەلانەی کۆچی کردبوو بۆ ناویان لە فەلەستین و میسر و مەکە توشی زۆر دەردەسەری گەورەبوون. تا لە مەککەدا جێگیربوو و کەعبەی دروست کرد, دوای مردنیشی ئەم بیرۆکەیە لەلایەن کوڕەکانی ئیسحاق و یەعقوبەوە بڵاوکرایەوە کە کۆچیان کردووە بۆ میسر و دۆڵی نیل. لە وێش بەڕێی کوڕەکانی یەعقوب کە بە(بەنی ئیسرائیل) ناسراون بانگەشەکە بڵاو دەکرێتەوە.

میسری فیرعۆنی لە قۆناغێکی پەرەسەندووی شارستانێتیدا دەژیا، بە پێچەوانەی بەنی ئیسرائیل کە قەومێکی کۆچبەرن و ببووە بار و تەگەرە لە بەردەم پەرەسەندنی باودا. بەوەش بوونە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە کردن لە سەر ئەو شارستانیە، ئەمە لەنێوان بەنی ئیسرائیل و دەسەڵاتی فیرعەونی دا ناکۆکی خوڵقاند و ئەمانەش بەشێوەی ئەفسانە بڵاوبۆتەوە و دواتر گێردراوەتەوە، بۆ نمونە ( فیرعەون لە خەونی خۆیدا ئاگرێك دەبینێت کە لە لای قودسەوە دێت و جگە لە بەنی ئیسرائیل هەموو خەڵکی میسر دەسووتینێ ) شیکردنەوەی ئەم خەونەش, کرۆکەکەی لە دایك بوونی منداڵێکە لە بەنی ئیسرائیل و بە دەستی ئەو فیرعەون لە ناو دەچێ. بۆیە فیرعەون بڕیاری کوشتنی هەموو منداڵێکی نێرینەی بەنی ئیسرائیلی دا، لەم هەلومەرجە قەیراناوی و پڕ لە ناکۆکیە دا حەزرەتی "موسا" دەردەکەوێت و بەڕێی بە شکۆمەند دانانی گەلەکەی (بەنی ئیسرائیل) ویستی گەلەکەی ڕزگار بکات لە کۆیلایەتی و کەوتوویی و گەندەڵی و لادانی ڕەوشتی باوو کە گەلەکەی تێیدا دەژیا لەو قۆناغەدا، بە بوونە پێغەمبەری "موسا"ش ناکۆکیەکانی نێوان ئەوو فیرعەونەکان زۆرتر بووکە خۆیان بەخودا دادەنا لە سەر زەوی, ئەمە کە ناگونجێ لە گەڵ باوەڕی حەزرەتی موسا, کە خاوەن کاریگەریش بوو لەسەر کومەڵگا.

لە ئەنجامی ئەو زۆردەستی و ستەم و بی بەزەیەتیەی بە موسا و گەلەکەی گەیشت لە لایەن فیرعەونەکانەوە تەنها دووڕێگەی لە بەردەمدا مایەوە، یان وازهێنان لەو بانگەشەیە و سەر شۆڕکردن بۆ فیرعەونەکان و یان سوربوون لە سەر بانگەشەکە و بڵاوکردنەوەی لە نێوان گەلەکەیدا لە پێناو ڕزگاری. موسا ڕێی دووەمینی هەڵبژارد بە کۆکردنەوەی گەلەکەی و کۆچکردن بۆ فەلەسیتینی وڵاتی باووباپیرانییان و هەڵبێن لە زۆر دەستی فیرعەونەکان. لەکاتی کۆچکردن بەبیانی سینادا, بە درێژایی 40 ساڵ ڕووبەڕووی زۆری و دژواری گەورە بوونەوە, وەك مردن و برسیەتی و شەڕ و کوشتار و ون بوون . ئەم زۆری و دژواریانە لە جێی سەرلەنوێ ژیانەوە بوو بۆ بەنی ئیسرائیل، چونکە لە پێناو هێشتنەوەیان و هاندانیان بۆ بەردەوامکردنی کۆچەکە، ئەو پرەنسیپانەی لە بیرۆکەی تاکخودایی ئیبراهیمەوە وەرگیرابوو, کرد بەیاسا بۆیان و ووتی کە( گەلی بەنی ئیسرائیل گەلی هەڵبژاردەی خوایە). بەم بیرۆکەیەش یەهودیەکانی یەکخست و کۆکردەوە و یەهودیەتی وەکو ئاین گەیاندە یەهودیەکان، ئەم بیرۆکەیەی موسا دواتر و بە تێپەڕبوونی کات بەشێوەیەکی نەرێنی کاری لێکردن بەو پێیەی خۆیان بە بەرزترین گەل بینی کە مافێتی گەلانی تر بن دەست بکات. ئەم تایبەتمەندیە تەنها تایبەتە بە یەهودیەکانەوە. بەم ئایدۆلۆژیایە یەهودیەکان توانیان فەلەستین بکەنەوە و بوونە دەسەڵات بەدەست و کاربەدەست تێیدا بەو پێیەی خاکی بەڵێن پێدراوە(مەوعودە). بەم چەمکانە ئاینی یەهودێتی بە شێوە نەبزاوو و دەمارگیرەکەیەوە دراڕێژرا کە تا ئەمڕۆش بۆتە تایبەتمەندییەکی ئەم گەلە.

یەهودیەکان تا ماوەیەکی درێژ لە 12 بەرە سکی سەربەخۆ پێکدەهاتن و ڕژێمی فەرمانڕەوایەتی کردنیشیان لەسەر بناخەی دەوڵەت ئاوا نەببوو, بەڵکو لەسەر بناخەی دەسەڵاتی باوك سالاری( پەتریارکی) لە خێزاندا و خێزان ئەو یەکینە ئابووریە بووە کە چاندنی زەوی و لە وەڕاندنی ئاژەڵی لەسەر دادەمەزرا، ئەم پایەیەشی سەرچاوەی هێزەکەی و مانەوەی قورسایی و دەسەڵاتە سیاسیەکەی بوو.

کاتێ سلێمان هاتە سەر تەخت هەموو ئەوانەی لەناو برد کە لەسەر دەسەلات بەربەرەکانێیان لە گەڵ دەکرد تابجەوێتەوە لە گێرمە و کێشەکانیان، بەڵام ئەم کارەی سلێمان، (ئیلە یەهوە)ی تاکە خودای یەهودیەکانی تورە نەکرد، بەڵکو وەك یەهودیەکان باوەڕی پێ دەکەن ستایشی کردووە، دوای ئەوە یەهودیەکان لە لایەن سلێمانەوە فێرکران و قایلی کردن بەڕق بوونەوە لە دووبەرەکانێ و شەڕ و ڕووکردنە کارکردن لە پیشەکاندا و کشتوکاڵ و ئاشتی. سەردەمی ئەویش سەردەمی ئاشتی بوو، ئۆرشەلیم کە پایتەخت بوو بۆ داود، کەڵکی لەم ئاشتیە وەرگرت و لە ڕۆژانی ئەودا بووە یەکێك لە چالاکترین بازارەکانی بازرگانی لە ڕۆژهەلاتی ناویندا. هەرچەندە نەکەوتبووە سەر ڕێگا گەورەکانی بازرگانیەوە. بەمەش یەهودیەکان بەتوانا بازرگانیەکانیان ناوبانگیان دەرکرد و بووە تایبەتمەندیەك بۆ خۆیان و ئاینەکەشیان، هەروەها بایەخی دا بەڕێکخستنی کاروباری فەرمانڕەوایی و دەوڵەت و بونیادنان. دوای تەواوبوونیشی لە دروست کردنی مەملەکەتەکەی دەستی بە سوود وەرگرتن کرد لەو دەسکەوتانە و بە تێپەڕبوونی کات بایەخدانی بەئاین کەمتر دەبۆوە.

دوای مردنی سلێمان فەلەستین بوو بە دوو مەملەکەتی دژ بەیەك: مەملەکەتی ئەفراییمی باکوری و مەملەکەتی یەهوزای باشوری(ئۆرشەلیم) و لاوازی و پەرت بوون دەستی کرد بە کەوتنە ناو یەهودەکان، ئەوەش زەمینەی خۆش کرد بۆ کەشێکی پڕ لە فاکتەرەکانی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی سیاسی و پارچە بوون و شەڕی ئابووری هەتا لێك هەڵوەشانەوەی ئاینیش، لە ئەنجامی فاکتۆرەکانی نەداری سەختەوە لە گەڵ فاکتۆرەکانی دیکەدا ڕێ خۆش بوو بۆ دەست بەسەرداگرتنیان لەلایەن بابلیەکانەوە، لەسەردەمی پاشای بابلی(بختنسر) کە دەسەلاتی خۆی ئەوەندە بەرفرە کرد تا گەیشتە سنوری هند لە ڕۆژهەلاتەوە و وڵاتی نیل لە ڕۆژئاواوە کە فەلەستینی جێی نیشتەجێ بوونی عیبرانیەکانیشی دەگرتەوە، دوای ئەوەش کە فەلەستین بوو بە ویلایەتێکی سەر بە بابل، بابلیەکان ئەمانیان وەکو کۆیلە هێنایە لای خۆیان بۆ کارپێکردن، بە وەش یاساکانی فەرمانڕەوایەتی بابلیان بەسەر دانیشتوانە یەهودیەکاندا سەپاند و یەهودیەکان زۆرترین زۆردەستی و ستەم و چەوساندنەوەیان بینی و ئەمە بووە مایەی پەرت و بلاوبوونەوەی یەهوودیەکان و بلاوبونەوەیان بەجیهاندا. تاکاتی هاتنی فارسەکان لە سەردەمی (قەمبیز پاشا"کۆرشی فارسی") ڕەوشی یەهودیەکان هەربەم شێوەیە مایەوە، کە فەرمانڕەوایی بابلی لە ناوبردو(خاکی پیرۆز) لکێنرا بە خاکی فارسەوە، پاشای فارس سیاسەتێکی لێبووردوانەی پەیڕەوکرد لە گەڵ یەهودیەکان و ڕێی پێدان لەسەر خاکی خۆیان و بە ئاشتی بژین بەرامبەر بە دڵسۆزیان بۆ فەرمانڕەوایی فارسی. بەم شێوەیە دەبینین کە یەهودیەکان بەشێوەیەکی کرداری یەك گرتوو نەبوون جگە لەسەردەمی(سلێمان و داود)دا، دوای ئەوە توشی پەرت بوون و بەشبوون بوون بە هەموو لاکانی جیهاندا تا سەرەتای دامەزراندنی تەڤگەری زایۆنزمی یەهودی بەسەرۆکایەتی تیۆریزانی ئیدۆلۆژیان (تیۆدۆر هرتنزل) پاش سازکردنی یەکەمین کۆنگرەی ئەو تەڤگەرە لە سویسرا ساڵی 1897 و بڕیاری گەڕانەوە بۆ خاکی چاوەڕوان کراو(فەلەستین) وەرگیرا و تەڤگەرەکە ناوی(سەهیۆنی) وەرگرت کەچیایەکە دەوری ئۆرشەلیم دەدا، بەڕێکەوتنی(پەیمانی بەلفۆر) کەلەلایەن نوێنەری بەرزی بەریتانیاوە سەرپەرشتی کرا، لە فەلەستیندا مافیان پێدرا و ئەم پەیمانە بە(حاخامات)ی یەهودەکان دراو لە پێشیشیانەوە"ڕوتشیلد ئەلسیرڤ" بەوەش لە 14 نیسانی 1948ەوە شەپۆلە یەك لە دوایەکەکانی کۆچکردن دەستی بەدرێژبوونەوە کرد بۆ فەلەستین.

ئاینی یەهودی، تەورات، ئەسفارەکان، دە وەسیەتەکان.

بیرۆکەی وەرگرتنی(یەهوە) وەك تاکە خودای یەهودیەکان زۆری نەبرد کە قاڵبی وەرگرت و لە ئاینی یەهودیدا یەکێتی و باڵادەستی قازانج کرد. ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ڕزگارکردنیان لە ئاڵۆزی(هاوبەش بۆ دوروست کردن) کە لەسەر خاکی نیوە دوورگەکەدا هەبوو. یەهودیەکان باوەڕیان بەچەند خودایەك هەبوو کە لە شارستانیە هاوسێکانیان وەریان گرتبوو، بۆیە دەبینین یەهوە لە وەسیەتی یەکەمیندا و دوای ئەوەی داوادەکات لە سەرو پایەی گشت خاوەن ئاینەکانی تردا بێت، دان بەوەدا دەنێت کە خوایەکی(غەیورە)و فەرمانی ڕوخاندنی پەرستگاکانیان و شکاندنی بتەکانیان و لە ناوبردنیان، بە شوێنکەوتوانی خۆی دەدا، کەم لە جاران پێش ئەشعیا یەهودیەکان بیریان لەوەکردۆتەوە کە یەهوە خودای گشت یەهودیان بێت، هەتا ئەوەش کە خوای گشت عیبرانیەکان بێ، چونکە ئەو ڕۆحی جوداخوازییەی لە دەرونیاندا زاڵ بوو لە هەردوو لایەنی ئابووری و سیاسیەوە، بەشێوەیەکی سروشتی بووە مایەی ئەوەی پێی دەڵێین – سەربەخۆیی ئاینی – . چونکە "یەهوە" نزیکتر بوو لە تاك پەرستی و یەکەمین تاکە خوای پەرستراوە، پێش سەردەمی پێغەمبەرەکان، ئەگەر خوای خۆر لە لای ئەخناتوون جیابکەینەوە.

هەروەها ڕێ بەکەس نەدەدرا دەست لە تابووتی پەیمان بدات کە نوسراوەکانی ساڵانی تێدایە و سیمبوڵێك بوو بۆ سرووشتی باوەڕیە یەهودیەکان. هەڵەکردنیش بەبیرۆکەی سەرەکی دادەنرێ لە ئاینی یەهودیدا، گرنگترین کاریش کە پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیل گرنگیان پێدا پەرتوکی نوسراوەی تەورات بوو. چونکە گەل دەستی بە هەڵگەڕانەوە کردبوو لە پەرستنی یەهوە بۆ پەرستنی خودا بیانیەکان و ڕاهیبەکان دەستیان بە پرسیار کردن کرد کە: ئایا پێیان نەسپێراوە کە هەڵوێستەیەکی بەهێزی وا بکەن کە نەهێڵن باوەڕی بەرەو خراپ بوون بڕوا.

ئەو پێنج(ئەسفار)ەی بۆ گەل وتراوەتەوە بە فەرمانی یوشیا و عەزرا ئەوانەن کەیاسا موساییەکانی لەسەر داڕێژراوە کە دواتریش هەموو ژیانی یەهودێتی لەسەر دروست بوو.(سارتۆن) سەبارەت بەم یاسایانە دەڵێ(گرنگیەکەی لە مێژووی

ڕژێمەکان و یاساکاندا، لەسەروی هەموو پێزانینێکەوەیە) و گەورەترین هەوڵدان بووە لە مێژوودا وەك بناغەیەك بۆ سیاسەتی گەلان و ئامرازێك بۆ ڕێکخستنی هەموو شتێکی بچووك و گەورە لە ژیاندا، ئەم ئەسفارانەش سفری دەرچوون بووە و لە دە وەسیەت پێك هاتووە، و سفری(جامعە، تەکوین، ئەیوب) و زۆر لەو ئاوازانەی کە لە هۆنراوەکانی گۆرانیەکانی یەهودیەوە دەرکەوتووە و ڕەوشی ڕۆحی و هەستی یەهودیەکان دەردەبڕیٚ، هەروەها مەودای کاریگەربوونیان سەرنج دەدرێت بەوتنەوە ئاینیەکانی بابل کە لە پەرستگاکاندا دەوترانەوە و گرنگترین ئەم ئامۆژگارییانەش لە سفری دەرکەوتن دا بریتیە لە:

1- یەکەمین وەسێت, بناغەی کۆمەڵگای نوێیە کە کۆمەڵگایەکە لە سەر هیچ یاساو ڕێسایەکی مەدەنی دانەمەزراوە, بەڵکو لەسەر بیرۆکەی خوای(ئەلمەلیك ولقودوس)، ئەم وەسیەتە دەمارگیری ئاینی پێوە دیارە.
2- دوەمین وەسێت بیرۆکەی خوا یە, کە ئەوەندە هونەری بیٚ بایەخ و نەشیاو کرد, ڕێی نەدەدا هیچ وێنەیەکی بتاشریٚ یان بکێشریٚ و ئەم وەسیەتەش وای داناوە کە یەهودیەکان ئاوەزێکی بڵندیان هەیە.
3- وەسێتی سێیەمیش ئەو پەیوەست بوونە دەهێنێتە زمان کە یەهودیەکان هەیانبووە بە خوا پەرستی و ئایندارییەوە, چونکە تەنها ئەوە نەشیاو ناکات کە لە خۆڕا ناوی خوا بهێنرێت، بەڵکو ڕەهایانە هێنانە زمانی ناوی خوای, نەشیاو کردووە.
4- وەسیەتی چوارەم(شەممە)ی ڕۆژی حەوانەوەی هەفتانەی پیرۆز کردوە و بۆتە سونەتێك لە سونەتە ڕیشەکوتاوەکان لە لایان.
5- وەسیەتی پێنجەم خێزان وەك ئافراندن پیرۆز دەکات و لە پلەیەکدا دایدەنیٚ کە کەمتر نییە لە پلەی(هەیکەل).
6- وەسیەتی شەشەم پرەنسیپێکی ئایدیالیزمیانەیە کە بە دەستخستنی قورسە، ئەویش ئابڕوومەندی شکۆداری گەلی هەڵبژاردەی خوایە کە کەس نای بەزێنیٚ.
7- وەسیەتی حەوتەم دان بەوەدا دەنێت کە هاوسەرێتی ئەو بنچینەیە کە خێزانی لەسەر ئاوا دەبیٚ.
8- وەسیەتی هەشتەم سەبارەت بەچاکەکردنە لە گەڵ برای هەژار کۆمەك پێکردنیان و مامەڵەکردنێکی باش لە گەڵیان و تێرکردنی نائاشنا و میوانداری کردنی و مامەڵەکردنێکی دەستکراوەییانە لەگەڵی.
9- وەسیەتی نۆیەم داوا دەکات گەواهیدەران ڕاستگۆ و دەستپاك بن تادوا پلە، بەوەش ئاینی کردۆتە کۆڵەکەی یاسا داڕشتنی یەهودێتی.
10- وەسیەتی دەیەم موڵکایەتی تایبەتی پیرۆز دەکات. ئەمیش لە گەڵ ئاین و خێزاندا ئەو 3 بنەمایەبووە کە کۆمەڵگای یەهودی لەسەر ئاوابووە.

***بەکورتی دەوەسیەتەکە یاساو ڕێسای پیرۆزی تایبەتە بەم گەلە وەك ڕژێمێکی ڕەوشتی و پرەنسیپی و ڕۆڵی ڕێکخستنی هەیە لە هەمولایەنەکانی ئابووری و یاسایی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا.***

ئاینی یەهودی لە قۆناخی وەرچەخانی چینایەتیدا دەردەکەوێت کە قۆناخێکی گرنگە و ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە لە پەیوەندیەکانی ڕەنج خواردن و ستەم و زۆردەستی چینایەتیدا بەدرێژایی سەردەمەکان و ئاینێکی نەتەوەییە و جگە لە گەلی یەهودی کەسی تر ناگرێتە خۆی و هەر بەتەسك و دیاری کراوی ماوەتەوە لەنواندن و میتۆدەکەیدا. هەروەها مۆرکی پەیوەندیە بازرگانیەکانی پێوەیە لە کۆمەڵگای کۆیلایەتیدا، بەوەش بووە ئاینی بازرگانی بۆ یەهودیەکان و زەمینەی خۆش کرد تا یەهودیەکان شارەزابن لە ئابووری و یاساکانی بازرگانی و باڵادەست بوون بەسەر ناوەندەکانی ئابووری جیهاندا.

هۆکای نەرێنی ئەمەش پیرۆز کردنی کۆمەڵگای یەهودیە و دانانێتی لە پلەیەکی بەرزی شکۆداریدا، ئەم میتۆدو نزیکبونەوەیە وای کرد ئاینی یەهودی دیاری کراو بیٚ و لە چێوە ئیدۆلۆژی و فەلسەفیەکەیدا گشتگیر نەبیٚ، بەم شێوەیە فاکتۆری نەرێنی بۆتە نیشانەکەی تا ڕۆژی ئەمڕۆمان.

ئەم ئاینە لە قۆناخێکدا لە دایك بوو کە هێشتا یەهودیەکان نە گەیشتبوونە قۆناخی بە نەتەوەبوون و لە شوێنگەیەکدا کە دەکەوێتە نێوان وڵاتی نیل و میزۆپۆتامیا. ئیدی ئاینی یەهودی وەك شیاوترین ئاین بەر بە تاك خودایی پەرستن دەرکەوت. بەڵام ئەو نیشانەییەی کە ئاینی یەهودی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئاینی تیرەیەك یان هەموو مرۆڤایەتی نیە بەڵکو تەنها ئاینی نەتەوەی یەهودە، ئاینی گەلی هەڵبژاردەی خوایە. ئەم تایبەتمەندیەش وای کرد بەنی ئیسرائیل بەبەردەوامی ڕووبەڕووی هێرش ببێتەوە لەلایەن هێزەکانی چواردەوریەوە. ئەمەش هەموو چواردەورەکەی لیٚ کردووە بە دووژمن و بەردەوام گەلی یەهودی خستۆتە ڕەوشی گرفتەوە, بە یەخەی مرۆڤایەتیەوە و کاریگەری نەرێنی و زیان گەیاندن بە هەرهاوسێیەکی و ئەمە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

## ***کریستیانی:***

کریستیانێتی لە ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی زاینی لە ویلایەتە ڕۆژهەڵاتیەکانی ئیمپراتۆری ڕۆما سەریهەڵدا. لە سەرەتای سەدەی دووەمیندا گەیشتە یۆنان و هەر زوو لە نیوە دورگەی (ئیبنینۆ) دەرکەوت، **ڕەوشی ناهەمواری گەل و**

**بێ بەش بوونی لە مافەکانی, بوونە مایەی بڵاوبوونەوەی بیرۆکە ئاینی و سۆفیەکان، دەربارەی لەناوچوونی ژیانی سەر زەمینی و ئومێدکردنی داهاتوویەك لە جیهانی تردا و گەشەکردنی ئەم بیرۆکانە زەمینەی دەرکەوتنی ئاینی کریستیانی خۆش کرد.**

لەو کاتەدا فەلەستین لە ژێر فەرمانڕەوایی ڕۆمانیدا بوو، ناهەمواربوونی ڕەوش بووە مایەی ئەنجامی ترسناك لە کۆمەڵگای یەهودیدا کە ئاینی یەهودیتی پەیڕەو دەکرد و ئەم ئاینەش کەوتبووە دەست ڕاهیبەکانی سەر بە فەرمارەوایی ڕۆمانییەوە و خستبوویانە ڕاژەی ڕژێمی ئاوابوو لەو کۆمەڵگایەدا، بە تایبەتیش خۆنزیك کردنەوە لە دەسەلاتی ئیمپراتۆری ڕۆمانی و دڵسۆز بوون بۆی، کاتێکیش ڕەوشی قەیراناوی ژیانی یەهودیەکان لە هەرێمەکەدا قوڵتر بۆوە و بۆشایەکی ئاینی و هزری لێکەوتەوە لە ژیانی کۆمەلگای یەهودیدا و وای کرد مرۆڤ بیر لە ڕاستێتی ئاینی یەهودێتی بکەنەوە و ئاستی باوەر پێ کردن بەم ئاینە لە بەدیهێنانی هیواکانی مرۆڤایەتی. هەموو ئەم هەلومەرجانە ڕێی خۆش کرد بۆ دەرکەوتنی ئاینی نوێ کە موژدە بەخشی سەردەمێکی نوێ دەبێ لە پێناو ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە ستەم و زۆردەستی کۆیلەیەتی .

حەزرەتی مەسیحیش لە خێزانێکی هەژاری (بەیت لەحم )کە پێنج میل دووری باشوری قودس (ئۆرشەلیم)ە لە دایك بووە، هەردوو قدیس (مەتی –لۆقا) کە حەواری عیسا بوون، ئەوە دیاری دەکەن کە (عیسا) لەو ڕۆژانەدا لە بەیت لەحم لەدایك بووە کە (هیرۆدس) ئیمپراتۆر بووە و پاشان خێزانەکەی چونەتە شاری (ناسیرە).

کۆمەلگای یەهودی تا ئەوپەڕی، چاوەڕێ ی هاتنی مەسیحی دڵسۆز و فریادڕەسی بەنی ئیسرائیل بوو، چونکە ماوەیەك پێش لە دایك بوونی، موژدەی هاتنی مەسیح درابوو، ئەمەش بە هۆی پێویستی دەرکەوتنی کەسێتیەکی بەم شێوە و شێوازە. لە گەڵ پێگەیشتنی حەزرەتی مەسیح بە دڵخۆشی و پەرۆشیەوە دەستی کرد بە گوێگرتن لە خوێندنەوەی ووتە پیرۆزەکانی تەورات و زەبور، بۆیە ئاشنای ئاینی یەهودی و بنەما و فەرمان و کرۆك و ناوەڕۆکی تەورات بوو و پێ ی کاریگەر بوو. بەڵام دەستی بە زەمینە خۆش کردن کرد بۆپرەنسیپ و بیرۆکە و ڕینمایی نوێ.

بەزاهیدی دەژیا و لە دەوڵەمەندان زیاتر تێکەڵی هەژاران دەبوو، چوونکە دەیزانی کە دەوڵەمەندان باوەڕ بە پەیامەکەی ناکەن و سەرەتا دانی نەدەنا بە هیچ جیاوازیەکی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش زیاتر هەست و سۆزی چەوساوەکانی ڕاکێشا بۆ ئەم پەیامە، هەرچەندەش خاوەنی ئاوەزێکی هوشیار بوو، بەڵام خویندنێکی ڕێکوپێکی نەخوێندووە و دەچووە ناو کۆمەڵگای ئاینیەوە و حەماسەتی ئاینی ئامۆژگارییەکانی (یۆحەننای کوری یەسابای) خزمی مەریەمی دایکی، زیاتر کاریگەری هەبوو لە سەری.

مەسیح هەستا بە بانگهێشت کردنی خەڵك بۆ تۆبە کردن و پاك بوونەوە و تەعمید کردن بۆ تاکە جارێك . مەسیح باوەڕی بە ڕێنماییەکانی یۆحەننا هێنا بوو، هەر بۆیە کرۆکی ڕێنماییەکانیشی جودا تر نییە لە ڕێنماییەکانی یۆحەننا، بەڵام شێوازەکانی و ڕەوشتی زۆر جیاوازتر بوون لە یۆحەننا، **هەروەها کریستیانێتی کاریگەر بوو بە ئاینی یەهودێتی کە ئاینێکی تاکخودا پەرستی بوو، هەروەك چۆن بە شێوەیەکی گەورە لە ڕێنماییەکانی زەردەشتێتی سوودی وەرگرتبوو،** دەتوانین هێڵی ڕزگاریخوازی و ئاشتی خوازانە ببین بەسەر هەموو نەریتەکانی ئاینی کریستیانیەوە، کەوای لەگەلی یەهودی کرد لێی نزیك ببێتەوە ، بەتایبەتیش چینە لاوازەکان، چونکە ئاینی کریستیانی بووە ڕێگای ڕزگاری لە کۆیلەیەتی و ستەم .

بەهۆی هەستی شاراوەی گەلی یەهود بەستەم و زۆردەستی کۆمەڵایەتی لەپاڵ کاریگەری ئەو پێودانگانەی بە میراتی مابوونەوە لەکۆمەڵگای یەهودیدا، بەو پێیەی گەلی خوای هەڵبژاردەن و ناکۆك بوونی ئەم چەمکە لەگەڵ ڕاستینەی ژیان کراودا، ڕۆڵی مێژوویی بڵاوکردنەوەی کریستیانیتی بەمەسیحدا. لەسفری ئەشعیادا مەسیح دەڵێت :( **ڕۆحی خوا بەسەر منەوەیە ، ئێستا خوا پاکی کردمەوە تا موژدە بەهەژارا ن بدەم و ناردمی بۆ ئامۆژگاری کردنی دڵ شکاوان ، تا بانگی ئازاد کردن بکەم بۆ کۆیلە کراوان و سەربەستی بۆ یەخسیرەکان و بینایی بۆنا بینایان و ڕزگاری بۆچەوساوەکان** ).

کاتێك حەزرەتی مەسیح زانی کە یۆحەننا کوژراوەو شوێنکەوتوانی بەشوێن ڕێبەرێکی نوێدا دەگەڕێن، بەهەموو مەترسیەکانیەوە، یەسوع ئەم بارەی هەڵگرت و بەبێ دەنگی و ووریای لایدایە گوندە ئارامەکان و بەردەوام خۆی لە گفتوگۆی سیاسی لادەدا، ڕۆژ بەڕۆژیش بوێرتر دەبوو لە ڕاگەیاندنی ئینجیل و تۆبەکردن و باوەڕهێنان و ڕزگاری، هەتا شوێنکەوتوانی گومانی ئەوەیان دەکرد کە یۆحەننا خۆیەتی و لەناو مردوواندا هەستاوەتەوە .

شکۆمەند و بەڕوومەت ئامۆژگاری ئەوەی دەکرد فەرمان بەسەر کەسدا نادات تا فەرمانی بەسەردا نەدەن ، بەڵام نەفرەتی لەو خەڵك و شارانە دەکرد کەباوەڕیان بە پەیامەکەی نەکردووە و نەفرەتی لەو دار هەنجیرە دەکرد کەبێ بەرە .

جاربەجار مەسیح خاوەنی حەماسەتێکی وەك حەماسەتی پێغمبەری عیبرانی و هەڵچوونی بوو لەسەر هەق، ڕووکارەکانی مرۆڤایەتیە قوڵەکەی و ئەوەی کە هیواکانی لەسەر ڕوودانی ئەو کودەتایە ئاوا دەکات کەهەژارانی پایە نزم دەخاتە مەلەکوتی بڵندی خوا وئارەزوو دەکات کە گۆڕینی سروشتی مرۆڤەکان ئامرازێك بێت بۆ گۆڕینی یاساکان و دەست بەرداربوون لە زۆر یاساو ڕیسا. مەسیح باوەری بە ڕیساو یاسا ئاسمانیەکان هەبو, بۆیە لێبردوو بوو، هەق و

دادپەروەری کۆمەلایەتی و یەکسانی بەدی دەهێنا لەو قۆناغەدا، هەروەها ئەمە لە پەیوەندیەکانی و شێوەی نزیک بوونەوەیدا دیاردەبێت لەتوێژو چینە ستەم دیدەکانی کۆمەلگا.

لەو تایبەتمەندیانەی کەلەعیسادا هەبوون، ڕق بوونەوە بوو لەشەڕ و کوشتار و پەنای دەبردە بەر ئاشتی و هەماهەنگی لەنێوان خەلکدا، بۆیە باشترین موژدەبەخشی ئاشتی بووە لەو قۆناغەی مێژووی مرۆڤایەتی دا، بەلگەی ئەوەش ئاستی پیرۆزی ( ئکلیل ئەلغار، چلە زەیتوون ) ە لەسەردەمیدا و ئەم ڕاستیە لە بیر و ڕاکانیشیدا دەردەکەوێت .

مەسیح دواتر لە بلاوکردنەوەی بانگەشەکەدا، پشتی بەست بە حەواریە نزیکەکان لێیەوە, کە ئەوانیش دوای مردنی مەسیح, کردەییانە دەستیان بە بلاوکردنەوەی بانگەشەکەی کرد لەهەموولاکانی جیهاندا، حەزرەتی مەسیح هەرسێ حەواری ( بوتروس، یەعقوب، یۆحەنا ) ی لەشاری (جەلیل ) ناسی، هەروەها( مەتی ) کە ساقی بوو, لە (کەفرنەحوم )ناسی,کە دەکەوێتە سەر سنوور. ژمارەی ئەم پەیامبەر و حەواریانە گەیشتە دوانزە، ژمارەی شوێنکەوتوانی ئەمانیش گەیشتە 70 و چەند ژنێکیشیان لەگەلدا بوو .

مەسیح لەئنجیلی مەعمەدانەوە دەستی بەفێربوونەکانی کرد و پێ ی کاریگەر بوو، لە ووتە گرنگەکانیشی لە ئینجیلدا ( **ئەوەی تۆبەی کرد و بووە جێگرەوە و ڕێی ڕاستی گرتەبەر، خوای خۆشویست و باوەڕی بە پێغەمبەرەکانی کرد، ئەوا میراتگری مەلەکوتی ئاسمانەکان دەبێت و بەرز دەبێتەوە بۆ هێز و پیرۆزی لە جیهانیکدا, کە دواجار لە گشت خراپەکاری و ژانەکان و مەرگ، ڕزگاردەکرێت** ).

مەسیح کینی خۆی ناشارێتەوە بەرامبەر ئەو پیاوەی کە پارە و ڕۆچوون لە ئارەزووەکاندا دەکاتە غەمی ژیانی، موژدەی دەولەتێکی نویٚ نادات, بەلکو گرنگتر ئەوەیە ئەو کار دەکات بۆ دانانی پیلانە سەرەکیەکان بۆ پرەنسیپی ڕەوشتی و نموونەیی، ئەو پرەنیسپە ڕەوشتیانەش ئەوانە بوون کە پێشبینی هاتنە ئارایانی دەکرد، کاتێک ڕێکەوتی مەلەکوتی خودا بێت، مەبەستیش ئەوەیە کە خەلک خاوەن ڕەوشتی شیاوی چوونە ناو ئەم مەلەکوتەبن، ئینجا یۆتۆپیاکان کەپیرۆزی دەدات بەنەرم ونیانی و هەژاری و ناسک بوون و ئاشتی کە لەوەوپێش نموونەی نەبووە، ئامۆژگاریەکەی ئەوەبوو کە دەبێت مرۆڤ لاکەی تری وەرچەرخێنێت کاتێک زلەیەکی لیٚ درا، عیسا ستایشی ئەوانەشی دەکرد کە دابڕاون لە کاریگەری پەیوەندیە ڕەگەزیەکان و ژیانی هاوسەرێتی و هەژاری وشەڕ لەپێناو مەلەکوتی خوادا، ئەمانەش پرەنسیپی ڕەوشتی تەسکن لەمەبەستەکانی دا, بەلام گشتین لەبواری خۆیدا. چونکە چەمکی برایەتی و ڕێسای هزری لەسەر بێگانە ودوژمن، و هاوسیٚ و هاوڕێیان هەروەک یەك پیادەدەکات .

خواردنی نانی دوا شێو بەو ئەوپەڕی گرنگ دادەنرێت ، چونکە مەسیح دواجار پێش گرتنی و لەخاچ دانی لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆمانیەوە لەگەلٚ حەواریەکانیدا کۆبۆوە بۆ خواردنی شێو لەگەلیان و ئامۆژگاری و بۆچوونەکانی خۆی پیٚ بەخشین، مەسیح نزیک بوونەوەی مردنی وئەوەمەترسیانەی دەوریان گرتووە دەزانی، بۆیە حەواریەکانی کۆکردۆتەوە و تاسپێدە لەگەلیاندا ماوەتەوە، ئەوەش لەسێهەمین ڕۆژی مانگی نیسانی سالی (30 )ی زاینی, پاشان یەخسیر دەکریٚ و لەخاچ دەدرێت لەلایەن ڕۆمەکانەوە، بۆیە بانگەشەکە کەوتە ئەستۆی حەواریە موژدە بەخشەکان تا لە هەموو لاکانی جیهاندا بلاوی بکەنەوە .

بەئاڕاستەی شاری ئەنتاکیا, حەواریەکان دەستیان بە بلاو کردنەوەی ئاینی کریستیانی و ئامادەکاری کردن کرد بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی ئاواکردنی کلێسەی کریستیانی سەرەڕای سەرکوت کردن و گوشارەکانی ڕۆمانەکان، ئیدی ئەم موژدە بەخشینە جەماوەری هەژار و توێژە ستەمدیدەکانی بۆ پەیڕەوکردنی ئەم ئاینە نویٚیە ڕاکێشا، کە دەسەلاتە سیاسیەکانی ڕۆمانەکانی هەرێمەکە پەسەندیان نەدەکرد و پێی قایل نەدەبوون. لە سەرەتادا هێزی سەربازیان بەکارهێنا بۆ سەرکوت کردنی جموجولٚ و هەولەکانی حەواریەکان, بۆ بلاو کردنەوەی بانگەشەی کریستیانی، بەلام بەرەچاوکردنی زۆربوونی کاریگەری فەرمانەکانی ئاینی نویٚ لەسەر خەلک لەئەنتاکیا و ناوچەکانی دەوروبەری، دەولەتی ڕۆمانی ملکەچی دیفاکتۆ بوو. ئیدی بەکارهێنانی هێز ناگرێتە بەر لەسەرکووت کردنی بانگەشەکەران بۆ ئاینی نویٚ، بەلکو بواری بۆ کردنەوە و مەبەست لەوەش ئەوە بوو ئاین بخاتە ژێر چاودێری و زالێتی خۆیەوە و سنورێك بۆ بلاوبوونەوە و بەر فراوان بوونی دابنێت. بۆیە ئاین گۆرا بۆ شێوەیەك لەشێوەکانی دامەزراوەی ئاینی ( کلێسە ) لەئەنتاکیا، بەو شێوەیەش بانگەشەکە یەکەمین هەنگاوەکانی لە ڕۆژهەلات و لەنێوان گەلانی ڕۆژهەلاتی ناویندا هەلهێنایەوە .

دوای درێژ بوونەوەی کاریگەریەکانی کریستیانێتی لەنێو جەماوەری هەژار و ستەمدیدەدا و دوای ئەوەی بنکەیەکی جەماوەری بەرفراوانی پەیدا کرد، بەرەو ڕۆژ ئاوا درێژ بۆوە. هۆکاری ئەم بلاوبوونەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی قەیرانی قولٚ لەلایەنی ژیانیەوە و بلاوبوونەوەی شیمانەکراو, لەناو خەلکدا. هەروەها گەندەلی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی لە دەولەتی ڕۆمانی دا, بەتایبەتی لەسالی (250) ی زاینی، پاشان **لەسەردەمی ( قوستەنتیندا ) یاساکانی میلانۆ دەرکرا، ئەوەش لەسەرەتای سالی 313ی زاینی, کە پشت بە لێبوردنی ئاینی و پێدانی ئازادیە ئاینی و باوەڕیەکان دەبەستیٚ و گێڕانەوەی ئەو مولکانەی کریستیانەکان, کە دەستی بەسەردا گیرابوو. بەوەش ئەم ئاینە بوە ئاینی فەرمی دەولەت.**

***پارچەبوونەکانی کڵێسە و ئاینزا پێکهاتووەکان لە کریستیانێتیدا:***

لە ساڵی( 389)ی زاینیدا کڵێسە پارچەبوونی بە خۆیەوە دیت و لەکاتی پارچەبوونی دەوڵەتی ڕۆمانی بۆ دوو ئیمپراتۆری (بێزەنتە)ی ڕۆژهەلات و(ڕۆما)ی ڕۆژئاوا لە ساڵی( 395)زاینیدا ئەو پارچە بوونە تەواو بوو. بەم شێوەیە کڵێسە و لە گەڵیدا کۆمەڵگای کریستیانی پارچە بوو بۆ کڵێسایەکی ڕۆژهەلاتی(ئەرتۆزۆکسی)گرێدراو بە ئیمپراتۆری ڕۆژهەڵاتی بێزەنتە و کڵێسەیەکی ڕۆژئاوایی(کاتۆلۆکی)گرێدراو بە ئیمپۆاتۆریی(ڕۆما) وە .

لە سەردەمی سەرەتایدا, یەکسانی باو بوو لە تایەفە کریستیانیەکاندا کە بە زۆری هەژارانی لە خۆ دەگرت، بەلاّم هەر لە گەڵ ئەوەدا کە ئەو نوێنەرانەی ناوەندە دەوڵەمەندەکان کە بەم یان بەو شێوەیە لەو سیستەمە ڕازی نەبوون کە لە ئارادایە، دەستیان کرد بە چوونە ناو کریستیانیەوە، وورده ووردەش ساکاری لە پەیوەندییەکاندا و مۆرکی دیموکراسی تایەفە کریستیانیەکان بەرەو نەمان چوو، چوونکە پێویستیەکانی پەرستن زیاتر ئاڵۆز دەبوون و ئەو بەخشش گەورانەی ئەم کەسانە پسشکەشیان دەکرد, بووە هۆی زیاد بوونی کاریگەری ئەو کەسانەی کە یارییان بە سامانەکانی تایەفەکەوە دەکرد و سەرپەرشتیاری سرووتە ئاینیەکان بوون. بەم شێوەیە کریستیانیتی لە ڕەوڕەوەی پەرەسەندنیدا هەندێ دیاردە و تایبەتمەندی نوێی وەرگرت و یارمەتیدا لە ڕاکێشانی چینی بالاّ بۆ پاڵ ئەم ئاینە، بەو شێوەیەش کریستیانی گۆڕا بۆ ئامرازێك کە کۆیلەدارەکان بەکاریان دەهێنا بۆ سەرکوت کردنی جەماوەری خەڵك لە ڕووی ڕۆحییەوە، بەوەش ئاین و کڵێسە ڕۆڵیکی یەکلایکەرەوەی گێڕا لە ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگای فیوداڵیدا.

***کاسۆلیکێتی:***

دوای پارچەبوونی کڵێسەی کریستیانی بۆ ڕۆژهەلاّتی و ڕۆژئاوایی، کاسۆلیکێتی بووە بناغەی ئایدیۆلۆژی ڕژێمی فیوداڵی لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا و نوێنەری ڕۆڵی کڵێسە و ئاینە لە کۆمەڵگای فیوداڵیدا, چونکە کڵێسەی کاسۆلیکی لە ڕووی پێکهاتەکەیەوە پلەبەندی هەرەمی فیوداڵیی دووبارە کردەوە و (پاپا)دەسەلاتی ئاینی ڕۆما بوو بەسەر کڵێسەی کاسۆلیکیەوە. ئنجا (کەردەلەکان،ئوسقوفەکان و سەرۆکی دێرەکان و ...هتد)لەدوایشدا بەرێوەبەرانی ڕەعییەت کە ڕاستەوخۆ لە گەڵ دانیشتواندان، هەروەها کڵێسەی کاسۆلیکی موڵکدارێکی فیوداڵی گەورە بوو کە جوتیاران و پیشەکارانی بەکاردەهێنا و لە ڕاژەی کڵێسەدا سوودی لە ڕەنج و کارەکانیان وەردەگرت .

***پرۆتستانتی:***

لە سەدەی (16)هەمیندا بزوتنەوەکانی چاکسازی ئاینی لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا دەستی پێکرد. دوای ئەوەی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە کولتووری سەرەتای سەدەکانی ناوینی خۆی هەڵگەرایەوە, تەڤگەرەکانی چاکسازی ئاینی دەرکەوتن. ئەمەش زەمینەی خۆش کرد بۆ تێکۆشانی چینی بۆرژوای تازەپێگەیشتوو دژ بە ڕژێمی دەرەبەگایەتی سواو، **بۆرژوا بەو پێیەی کە چینێکی ڕەنجخۆرە, نەیتووانی لە تێکۆشانیدا تێڕوانینی ئاینی بۆ جیهان بە تەواوی ڕەت بکاتەوە. بۆیە مەبەست لەو ئەرکەی پێی هەستا پاکتاوکردنی کڵێسە و ئاین نەبوو بەتەواوەتی، بەڵکو تەنها مەبەست چاکسازی کردن بوو تێیدا، واتە کڵیسەی پرۆتستانی جێی کڵێسەی کاسۆلیکی بگرێتەوەو ئاینزای پرۆتستانتی بە باشترین شێوە وەك بۆچوون و بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرژوای تازە پێگەیشتوو ڕەنگیدایەوە.** ئەو باوەڕی و سروتانەی لە سەر نەزانی باوەڕمەندان ئاوا بووە وپشت بەستووە بە پەرستنی ڕووکاری لە لای کرێکاران و لە لایەن کڵێسەی کاسۆلیکیەوە بە درێژای سەدەکان دانراوە، تەواو وەڵامدەرەوەی ئامانجەکانی چینی فیوداڵی بالادەست بووە، بەو پێیەی جەماوەری خەڵك لە ڕەوشی ملکەچ بووندا بهێڵێتەوە بۆ ئەم ڕژێمە.

چاکسازیکارانی کڵێسە وئاین زۆر لە باوەڕی و سرووتەکانیان ڕەت کردەوە, لە کاسۆلیکێتی فیوداڵیدا و باوەڕی نوێیان دەرخستە پێش، کرۆکی ئەم باوەڕییانەش لە گواستنەوەی پەرستندا بوو بۆ جیهانی ناوخۆیی مرۆڤ. بۆیە تا دوا پلە سرووتەکانی ئاسان کردەوە و لابردنی کەرەستە و شتە بەنرخەکان لە کڵێسە و دروست کردنی ئەوەی پێی دەوترێت (کڵێسەی هەرزان) و پەڕتوکی پیرۆزیش وەك سەرچاوەی ڕۆحی زانینی ڕاستەقینە دانا، بەهۆی ئەمەشەوە نکولی لەبێ هەڵەیی (پاپا)ی ڕۆما کرد لە کاروبارە ئاینیەکاندا، بەم شێوەیە ئەو تەڤگەرەی چاکسازی کە دژ بە کڵێسە ئاڕاستە کراوە، مۆرکێکی جەماوەری وەرگرت.

**سەرەتای ئەم تەڤگەرە بە پێشکەش کردنی ( 75 ) بابەت دژ بە بەڵگەکانی بەخشین( صکوك الغفران )لە لایەن مارتن لۆسەرەوە دەستی پێکرد لە ( 31ی تشرینی یەکەمی1517 )دا** ، لۆسەر بە شێوەیەکی سەرەکی ڕووی کردە ناوەندەکانی گەلی ئەڵمانی باشگوزەران و بانگی کردن بۆ خەباتی چالاکانە دژ بە بالاّدەستی (ئەلکلیرۆسی)کاسۆلیکی لە ئەڵمانیادا، جەماوەری گەلێریش، ئاواتە کۆمەڵایەتیە تایبەتیەکانی خۆی تێکەڵ بە داڕێژراوە ئاینیەکانی لۆسەر کرد، بۆیە وەك داخوازی ڕزگاری کۆمەلاّیەتی ئەو چاکسازییەی پەسەند کرد و ئەوەی ڕەتکردەوە، ماف بە کڵێسە بدرێ توخمی تر بخاتە سەر کریستیانێتی کە پشت بە پەرتوکی پیرۆز نابەستێ، بەڵکو پشت دەبەستێ بە نەریت و دەسەڵاتی خودی خۆی وەك (ڕووکار، بەڵگەکانی بەخشین، پەرستنی مەریەم و کەشەکان). لۆسەر دەڵێت ( **تۆ ناتوانیت ئنجیل و ئاوەزیش پەسەند بکەیت، چونکە دەبێ یەکێکیان ڕێ بۆ ئەوەی تریان بکاتەوە** ).

لۆسەر بەرەو ڕووی ئاوەز دوو هەنگاوی هەڵهێنایەوە، لەبری ئاهەنگ گێڕان ..ئامۆژگاری کرد بە ناوەندی هەستە ئاینیەکانی و ڕایگەیاند کە مافی هەر کەسێکە ناوەڕۆکی پەرتوکی پیرۆز شیبکاتەوە و پشتی بەو یاسا تایبەتیەی خۆی بەست سەبارەت بە ڕاستی دەقەکانی پەرتوکی پیرۆز و تا چ ئاستێك لە گەڵ ڕێنمایەکانی مەسیحدا گونجاوە و دەڵێت:(هەر کامیان کە موژدەی مەسیح نادات پیغەمبەری نییە، هەتا ئەگەر لە لایەن قدیس پوتروس و قدیس پۆلسەوە نوسرابێ، هەر شتێکیش کە موژدەی مەسیح دەدات، پیغەمبەرانەیە هەتا ئەگەر لە یەهوزا و هیرۆدسەوە دەرچوبێ ).

لۆسەر بانگەشەی ئەوە دەکات کە (خوا خۆی کاروبارەکان هەڵدەسوڕێنێ و ڕۆحە و ڕێ بە کەس نادات جگە لە خۆی باڵادەستی هەبێ بە سەریدا)، گەیشتۆتە ئەو بۆچوونەش کە ڕژێمی کۆمەڵایەتی پێویستی بە یەکلایکردنەوەی گفتوگۆکانە سەبارەت بەوەی کە دەبێت چەندێتی و چۆنایەتی دەسەڵاتی کلێسە چۆن بێت؟ لۆسەر خۆی وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و دەڵێت:(نەخێر ،تاکە دەسەڵات و دواین دەسەڵات دەبێ پەرتوکی پیرۆز بێت، مادام هەموان باوەڕیان وایە کە ووتەی خوان).

هەروەها لە فەرەنساشدا تەڤگەرێکی چاکسازی تر دەرکەوت و لە کەسی ( جۆن کالفن 1509-1564 )دا خۆی دەنواند،کە بە یەکێك لە نوێنەرانی تەڤگەری چاکسازی ئاینی دادەنرێت لە فەرەنسادا و باوەڕی بە ڕەهایەتی چارەنوس بوو کە پێچەوانەیە لە گەڵ ئاوەزدا و دەڵێت ( ئامادەبوونی مەسیح لە قوربانی پیرۆزدا بە ڕۆحی نەك بە جەستەی بێ باوەڕییەکی ڕووتە و بەکارهێنانی وێنە بۆ خوا پێشێل کردنێکی زەقی وەسێتی دووەمە و هاندانە بۆ پەرستنی پەیکەرەکان و دەبێت هەموو وێنە و پەیکەرە ئاینیەکان بەڵکو هەتا خاچیش لە کلێسەکان لاببردرێت).

کالڤن باوەڕی بەوەیە،،کە ڕزگاریەك نیە لەدەرەوەی چێوەی کلێسە کە باوەڕی بەهەمان خواو مەسیح هەیە، دەوڵەت و کلێسەش پیرۆزن و خوا ئافراندونی تا لەگونجانێکدا کار بکەن، ،وەك ڕۆح و جەستەی تاکە کۆمەڵگایەکی مەسیحی. لە سەر کلێساش پێویستە، ئەو ڕێسایانە دیاری بکات کە هەموو وردەکاریەکانی تایبەت بە باوەڕی و خواپەرستی و ڕەوشت ڕێکدەخات، پێویستە دەوڵەتیش پشتیوانی لەم ڕێسایانە بکات، بەو پێیەی کە باڵی سروشتی کلێسایە، لە سەر دەسەڵاتە کاتیەکانیش پێویستە، کە هۆشیاری ئەوەبن پەرستنی پەیکەرەکان بەئاشکرا لە ناو خەڵکدا نمایش نەکرێ و ووتەی خواش تاکە وتەی بێگەردە کەپێویستە مرۆڤەکان فێری بن و وەری بگرن، حکومەتی نمونەیش حکومەتی پیاوانی ئاینیە و دەبێت دان بەو کلێسەیەدا بنرێت کە باوەڕی بەچاك سازی ئاینیە, بەو پێیەی دەنگی خوایە، هەروەها کاڵفن هەستا بە دووبارە ڕێکخستنەوەی کلێسا کەدەستی چاك سازی پێگەیشتبوو، و پیاوانی ئاینی گۆڕی بەو دەسەڵاتانەی کەڕێیدا یەکەمین شت ئەو خودا پەرستیانە ڕێك بخەن، ئینجا تاك ڕەوێتی ڕەتدەکاتەوە لە باوەڕیدا و وای بە پێویست بینی پەیڕە و لە هەڵسوکەوتی ڕەوشتی بکرێت...

ئەم تەڤگەرە چاك سازی کارانە، لە کرۆکی خۆیدا ئەو تەڤگەرانەن کە زەمینە بۆ دروست بوونی پەیوەندیەکانی ڕژێمی نوێ خۆش دەکەن (سەرمایەداری) و دەرکەوتنی چینی بۆرژوای تازە پێگەیشتوو کە چاوی بڕیبوە ڕێبەرایەتی و بەڕێوبەرێتی کردنی ڕژێمی نوێ لە کۆمەڵگادا، لە هەوڵیدا بۆ ئەنجامدانی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیەکان، لەسەرەتادا بەتەواوەتی ئاینی نەکردە ئامانجی هێرشەکانی, بەڵکو هەستا بە چاك سازی ئاینی و دەسەڵاتی ڕۆحی و کاتی کلێسای لە دەسەڵاتی سیاسی جیاکردەوە،،کەهەوڵی دەدا جەماوەر لە ڕەوشی ملکەچی وەبەکار هێناندا بمێنێتەوە بۆبەرژەوەندیەکانی کلێسا.

وەرچەرخانە ڕیشەیەکانی لە بونیادی کۆمەڵگادا هاوکاتی پەرەسەندن و سەرکەوتنی بەرهەم هێنانی کەرەستەیی بوو وە گەیشتنە دۆزینەوەی شێوازی نوێ بۆ بەکار هێنانی جەماوەر, باشتر لەو شێوازانەی کە ئیدۆلۆگەکانی کلێسای فیوداڵی کاسۆلیکی بەکاری هێنابوو, هەروەها دۆزینەوەی ژیرانەترین شێواز و ڕێگا بۆ مسۆگەر کردنی دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵگاو ڕژێمی نوێدا. چونکە ئەوانەی چاك سازیان لە کلێسادا کرد،،زۆریان لە باوەڕی و سروتەکان ڕەد کردەوە لەکاسۆلیکی فیوداڵیدا و باوەڕی نوێ یان هێنایە ئاراوە و پەرتوکی پیرۆزیان وەرگێڕایە سەر زۆربەی ئەو زمانە نەتەوەیانە کە گەلانی ئەوروپا پێی دەدوێن،، وردە وردەش هەلومەرجەکانی دەست پێکردنی سەردەمی ڕاپەڕین پێگەیشت لە هەموو کایە زانستی و وێژەی و هونەری و فەلسەفیەکان دا، کە لێدانێکی کوشندەی لە باڵادەستی کلێسادا بەسەر کۆمەڵگادا، بەوەش زەمینەی خۆش کرد بۆ قۆناغی شۆڕشەکانی بۆرژوازی نەتەوەیی لە ئەوروپادا....

بەرهەم هێنانی سەرمایەداری تازە دروست بووش گرنگیدانی بە لێکۆڵینەوەی دیاردە سروشتیەکان بەئاگا هێنایەوە، ئەمەش مەزن بوونی ڕاپەڕین و ڕۆڵی تەکنیك و زانستە سروشتیەکان شی دەکاتەوە، لە سەدەی پانزەدا وە لەهەردوو سەدەی شانزە و حەڤدەدا بە تایبەتی کە وەرچەرخانێکی ڕیشەیی ڕوویدا لە پەرەسەندنی زانستە سروشتەیەکاندا و بەپێچەوانەی باوەڕە ئاینیەکان و بەپشت بەستن بەئەزموون و لێکۆڵینەوەی سروشت, دەستی پێکرد و لەکەشی خەباتێکی دژواردا دژ بە تێڕوانینی کۆنی فیوداڵی بۆ جیهان، زۆر دۆزینەوەی زانستی دۆزرانەوە و تێڕوانینێکی نوێ بۆ جیهان دروست بوو, کە هەموو ڕووەکانی ژیانی ڕۆحی مرۆڤی دەگرتەوە تا زانست و وێژە و هونەر, دوای دەست پێکردنی شۆڕشی فەڕەنسی دژ بە پاشایەتی کە پشتی بە ستبوو بە دەسەڵات و کاریگەری ڕۆحی کلێسا لە دەسەڵاتداریێتی دا و ساڵی 1789 زاینی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هەروەها شۆڕشەکانی هۆڵەندا ساڵی(1579-

1609) کە بەڕاگەیاندنی یەکەمین کۆماری بۆرژوازیەت تەوا و بوو لە ئەوروپادا، بەوەش دەسەلاتی کلێسا لەفەرمانڕەوایی و دەسەلاتی سیاسی دەولەت دادەبڕێ و وەك دامەزراوەیەکی ڕۆحی و مەعنەوی دەمێنێتەوە لەکۆمەڵگادا و نەزیاتر. وەك سەرچاوەیەکی ڕۆحی و ئاینی لە کۆمەڵگادا ڕۆڵی هەیە و بەوەش ڕێخۆش دەکات لەبەردەم ئازادیە سیاسی و کۆمەلایەتی و مافە مەدەنی و دیموکراسیەکان و بالادەستی یاسا لەسەر بنەمای هاوچەرخی زانستی ڕیشەکوتاو لە سەردەمی نویٚ دا.

## ئیسلام:

عەرەبەکانی نیوە دورگەی عەرەبی لەسەردەمی دەرکەوتی ئیسلامدا بەنەزانەکان ( جاهلین ) ناونراون، چونکە تاك خودابیان نەزانیوە و چەندین خودای جۆراوجۆر و پەیکەری بیٚ ئەژماریان پەرستووە، لەوانە تەنها لە شاری مەککە 360 یان هەبووە, بەتایبەتی لە کەعبەی گەورەترین پەرستگایان و جێگەی گەورەترین خواکانیان کە بە ( لات،مەنات، عوزا و هبل ) ناو نراون. قورەیشیەکان بەردە ڕەشەکەیان پاراست بوو و بەبەخشندەیی دەوریان دابوو و جێگەکەشی ئەوشوێنە بوو کە خواکانی لێبوو، ئەمە بناغەی ئایدۆلۆژی عەرەب دەنوێنیٚ لە پەرستنی خودا جۆراوجۆرەکان، لەلایەکی ترەوە خووگرتن بەخواردنەوەی مەی و قومار و فرە ژنی و زیندەبەچاڵ کردنی کچان ( واتە ژێر گڵ کردنیان بەزیندووی بۆ ڕزگار بوون لە نەنگیان ), باڵی بەسەر کۆمەڵگای بیابانی عەرەبدا کێشابوو. هەروەها تۆڵە سەندنەوەیان بە سەپێنراو بەسەریاندا دادەنا کە هیچ ئەندامێکی خێڵ ناتوانێت لێی هەڵبێت، عەرەبەکان لەنێوان گروپەکانی یەهود و نەسارەدا دەژیان، بەتایبەتیش لەشارەکاندا چونکە یەهودەکان لەفەلەستینەوە بۆ دورگەی عەرەبی کۆچیان کردبوو، وەك هەلاتن لە زۆردەستی و ستەمی ڕۆمەکان، بەلام مەسیحیەکان لەعەرەبە کریستیانەکان بوون یان لە کریستیانەکانی سوریا بوون کەخاوەن داهێنان بوون و لەسیاسەتی بیزەنتیەکان هەلاتبوون وەك ترس لە ئازادیە ئاینیەکانیان، هەروەها ئەو عەرەبانەی باوەڕیان بە فرە خودایی هەبوو بە ئاینی موسا و عیسا کاریگەرببوون، موسایەتی کاریگەری هەبوو لە بازرگانی وشارستانیدا. هەروەها کریستانیەت ئاینێکی فەرمی و باو بوو لە هەرێمەکەدا و شارستانیەکی دەولەمەند و دێرینی دروست کردبوو کە تائەمڕۆ هەندێك لە شوێنەوارەکانی ماونەتەوە.
عەرەب لە نیوەدورگەی عەربی دا بەشێوەی خێڵی سەرەتایی بوون کە لە سەر گرێدانی خزمایەتی ئاوابوو و ئەمەش پێکهاتەی سیاسی بووە لە لایان. پێنج لەشەشی دانیشتوان لە کۆچەرە بیابانیەکان بوون کە بەئاژەڵداریەوە سەرقاڵ بوون و بەپێی وەرزەکانی ساڵ بە مەڕو ماڵاتەکانیانەوە لە لەوەڕگایەکەوە بۆ لەوەڕگایەکی تر دەگەڕان، لە نێوان ئەم تیرانەشدا شەڕ هەڵدەگیرسا و دوژمنایەتی نێوانیان دژوار دەبوو، پاشان بەڕێبەرێتی خێڵی قورەیشی خاوەن کاریگەری هەندێك لە یەك نزیك بوونەوە ڕوویدا،( حەج )کردنی ساڵانەی مەککە بۆ پەرستنی بەردی ڕەش لەکەعبە، بە سەرپەرشتی قورەیشیەکان کۆیدەکردنەوە, هەروەها بازارەکانی ساڵانەی عوکاز، لەتەنیشت مەککە کۆی دەکردنەوە کە کڕین و فرۆشتنیان تێدا دەکرد و هۆنراوەیان تێدا دەخوێندەوە و گوێیان لێدەگرت، شاعیرەکان لە عوکاز پێش بڕکێیان دەکرد و ئەگەر هۆنراوەیەکیان سەرنجی ڕاکێشایە و زۆربەیان پەسەندیان بکردایە، ئەوا لە کەعبە هەڵیان دەواسی و پێی وتراوە هەڵواسراوەکان ( موعلقات ), بە ڕێی شیعر و هۆنراوەش وردە وردە زاراوەی خێڵەکان لەیەك نزیك دەبنەوە و جیاوازیە کەمەکانی نێوانیان نامێنی و زمانی عەرەبی لێیەوە دروست دەبێت.

## ژیان و سەرگوزشتەی محەممەد ( د.خ)

لە چوارچێوەی ئەم هەلومەرجانەدا کەعەرەبی تێدا ژیاوە پیغەمبەر موحەمەد(د.خ) لە ساڵی 569 ی زاینی لە مەککە لە دایك دەبێت، دوو مانگ پێش لە دایك بوونی باوکی دەمریٚ و عەبدول موتەڵیبی باپیری دەیگرێتە خۆی، تەمەنی شەش ساڵیشی پڕ نەکردۆتەوە کە ئامینەی دایکیشی دەمرێت، دووساڵ دواتر باپیریشی دەمرێت و ئەبوو تالیبی مامی دەیباتە لای خۆی, کە پەیوەندی هەیە بەکاروبارەکانی بازرگانی و سیاسەتەوە لە هەرێمەکەدا. کاتیٚ موحەمەد دەگاتە تەمەنی 12 ساڵی ئەبوتالیبی مامی پشتی پێدەبەستێت لەکارە بازرگانیەکانیدا و گرنگیەکی زۆر بە فێرکردنی

دەدات، لە 25 ساڵیدا بە خەدیجەی کچی خوەیلد ئاشنا دەبێت، ئەمیش ژنی یەکێك لەگەورەترین بازرگانەکانی مەککە بووە و بۆ بازرگانی کردن حەزرەتی موحەمەد دەنێرێتە شام، ئەمەش یارمەتی دا زۆر لە کلتورەکان بناسێت بەتایبەتیش کە مەککە شوێنی بەیەك گەیشتنی بازرگانی ئەو کاروانانە بووە کە لە جەزیرەوە دەهاتن و دەچوونە وڵاتی شام و میسر، بەوەش ڕێگایەکی گرنگە بۆ تێپەڕبوونی شارستانیەکان بە دورگەی عەرەبیدا بۆ ئەفریقا و ئەوروپا.

خەدیجە موحەمەدی خۆش ویست بەهۆی دەست پاکیەکەیەوە و ئەبو تاڵیبی مامی خەدیجەی لێ مارە کرد و بوە هاوسەری، هەرکە ژنی هێنا, بەتەنها لەدەرەوەی مەککە دەمایەوە بۆ خودا پەرستی و بیرکردنەوە، چونکە پەیوەندی هەبووە بە ئاینەکانی یەهودی و کریستیانی هەروەها لە نزیکەوە چاودێری بازرگانی یەهودەکانی دەکرد و ناڕاست گۆی و ناهەقی تێدا دەبینی, هەروەها کریستیانیەت و ڕاهیبەکانی پەسەند نەکرد کە لە ڕووی ماددیەوە بەهێز بوون, چونکە دەوڵەت یارمەتی دەدان، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەم دوو ئاینە حەزرەتی موحەمەد پەسەند ناکەن، چونکە ئەو دژ بە بەرژەوەندیە بازرگاینەکان بوو.

**لەو قۆناغەدا پێغەمبەرایەتی باو بووە, بەبێ پێغەمبەرانیش بیر کردنەوە لەکۆمەڵگا و وەرچەرخان ناکرێتەوە، هەروەها بێ ئایین بیر لە ژیان ناکرێتەوە,** ئەو پێشەنگایەتیە کە بەشێوەی پێغەمبەرەکان دەرکەوتوون ( پیغەمبەرەکانی تیرەکان،،خێڵەکان و مرۆڤایەتی ) کە بەوەرچەرخان و پەرەسەندنی کۆمەڵگا هەڵدەستن بەر بەقۆناغێکی نوێ، بۆیە دەرکەوتنی پێغەمبەرێك بۆ تیرە و خێڵە عەرەبەکان پێویستیەکی دەست لێبەرنەدراو بوو, تاڕێبەرێتی بکات و لە پاشکەوتووی ڕزگاریان بکات. بەرامبەر بەوە بازرگانی جێیەکی گرنگی هەیە, چونکە لە بیابان دا ئاڵۆزی هەیە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابورەیەکاندا و لە هەموو لاکانەوە بەرژەوەندیەکان ڕوبەڕوی هەڕەشە دەکاتەوە, هەموو ئەمانە تایبەت مەندی ماددین, لە لایەکی تریشەوە شارستانی یەهودی و مەسیحی هەیە و لەباشووردا حەبەشیەکان هەن و لەیەمەن ناکۆکیەکی زۆر هەیە لە نێوان مەملەکەتەکانی سەبەئو حەزرەمەوت و حەمیر، کەبازرگانیە بەرفراوانەکەی گەورەتر کردبوو .

لە چوارچێوەی ئەو ڕاستیانەدا حەزرەتی موحەمەد پەروەردە دەبێت و ناکۆکیەکان و شارستانی ئاینەکانی تریش دەبینێت، بەم شێوەیە دەردەکەوێت و لە چل ساڵی تەمەنیدا خۆی بە پێغەمبەر ڕادەگەیەنێت و قەومەکەی بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنیا و وازهێنان لە نەریتە خراپەکانیان بانگهێشت دەکات، بەڵام خێڵە عەرەبەکان بە پەیکەر و خواکانیانەوە, دەیانویست دەسەڵاتیك بۆ خۆیان دروست بکەن و ڕەوشیان دژ بەو ڕژێمە بوو کە موحەمەد دەیویست ئاوای بکات، هەروەها خێڵی قوڕەیش و خێڵەکانی دیتر باوەڕیان بە بیرۆکەکانی حەزرەتی موحەمەد نەبوو و ئەم خێڵانە بە خواکانیان خۆیان بەسەر خۆیاندا داخستبوو.

**هەر لە سەرەتاوە حەزرەتی موحەمەد خواکانی خێڵە جودا بۆوە و پەرتەکانی ڕەتکردەوە و بەرهەڵستی هەبوونی هەردوو ئیمپراتۆری ڕۆمانی و ساسانی دەکرد. ئەمەش ئاماژەیە بە پێگە شۆڕشگێڕانەکەی و لە توانایدا بوو سوود لە لایەنە ئەرێنیەکانی ئاینەکانی تر وەربگرێت ولە ئیدیۆلۆژێکەیدا هەموو ئاینە مرۆڤایەتیەکان کۆدەکاتەوە و لە سەر ئەم بناغەیە ڕژێم و فەرمانڕەواییەکی نوێ دروست بکات.** ئەم ڕژێمەش ئاینە نوێیەکەی (ئیسلام) بوو کە دژ بە ئاینی دەوڵەت و ئەو ستەمەیە کە لە ژینگەکەیدا هەیە و ئەو خێڵانە لە پەرستنی بتەکان ڕزگار بکات، بەوەش هەڵوێستێکی وەرگرت و دەستی بە بانگەشەکردن کرد بۆ تاکخوداپەرستی، ئەمەش پێویستیەکی دەست لێبەرنەدراو بوو بۆی.

لە سەرەتادا کەس باوەڕی پی نەکرد جگە لە خەدیجەی ژنی و ئەبو بەکری هاوڕێ ی و عەلی کوڕی ئەبی تالیبی ئامۆزای، بەڵام قوڕەیش و خزمەکانی سوکایەتیان پێکرد و چەوساندیانەوە, چونکەلە مەککە و نیوە دورگەکەدا پەرستنی پەیکەرەکانیانی قەدەغە کرد.

پاشان دەیان کەسێتی لە مەککەدا باوەڕیان پێ کرد, ئەمەش بووە مایەی زێدەتر بوونی چەوساندنەوەی حەزرەتی موحەمەد لە لایەن قوڕەیشەوە و بڕیاری کوشتنیاندا، ئیدی ئەبو تاڵیبی مامی داوای لێ کرد واز لەو ئاینە بهێنێت، بەلاّم ئەو پێی ووت ( **بەخوا مامە ،ئەگەر خۆریان لە لای ڕاستمەوە و مانگیان لە لای چە پمەوە دانا تا واز لەم کارە بێنم، وازی لێ ناهێنم** ).ئەمەش سوربوونی دەسەلمێنێ لە سەر بانگەشەکە . کەبووە هۆی ئەوەی لە پاڵ ستەم و دڵ ڕەقیدا, چەند جارێك پیلانگێڕی لە خۆی و شوێنکەوتووانی بکرێت، بۆیە ساڵی ( 622)ی زاینی بڕیاریدا کۆچ بکات بۆ یەسریب (مدینە) بە مەبەستی خۆ ڕێکخستن و ئامادەکاری و پەروەردە کردنی شوێنکەوتووانی تا زیاتر ئامادە بێت بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی دوژمنەکانی، کاتێ کۆچی کرد بۆ مەدینە، نەساراکانی شارەکە پێشوازییان لێ کرد, بەو شێوەیەش نەساراکان وکۆچبەرە موسڵمانەکانی گونجاند و هێزێکی سیاسی وسەربازی پێکەوە نا, و کاروبارەکانی خەڵکی شارەکە و چواردەوری ڕێکخست و خێڵە شەڕکەرەکانی ئاشت کردەوە و بەم شێوەیە دەوڵەتێکی ئیسلامی بچوکی دروست کرد. لەپێناو پاراستنیشیدا سوپایەکی پێکەوەنا بۆ شەڕکردنی قوڕەیشیەکان. دوای دوو ساڵ لە کۆچ کردنەکەی لە شەڕی بەدردا دژ بە کاروانێکی قوڕەیش شەڕی کرد و تێیدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام قوڕەیشیەکان ساڵێك دوای ئەوە تۆڵەیان سەندەوە لە شەڕی ( ئوحوددا ) و خۆی بریندار بوو و زۆر لە شوێنکەوتوانی کوژران، لە ساڵی

(627 )دا دوژمنەكانی هێرشیان كردە سەر مەدینە و موسڵمانەكان بەربەستیان كردن ، چونكە بە چوار دەوری شارەكەدا سەنگەرێكیان هەڵكەندبوو ،شەڕەكەش بە ناوی (خەندەق)ناو نرا.
**حەزرەتی موحەممەد خۆی بە خوای سەر زەوی ڕانەگەیاند, بەڵكو خۆی بە پەیامبەری خوا و دواترینیان و كۆیلەیەك لە كۆیلە باشەكانی خوا ڕاگەیاند، ئەمەش ڕاستیەكە و گەوهەرەكەی بە شۆڕشێك دادەنرێت،** چونكە بۆشاییەكی گەورە هەبوو لە هەرێمەكەدا و ئەوەش توانی ئەو بۆشاییە پڕ بكاتەوە، ئەمە بوژانەوەیەكی گەورەی ئیسلام و هەنگاوێكی پێشكوتووانە بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.
هەروەها هەڵدەستێ بە بەرزكردنەوەی عەرەب تا لە كەوتویی ڕزگاریان بكات, بەلاّم نەكەوتە ئەو هەڵەیەوە كە ئاینی یەهودی تێی كەوت ئەمەش لەو ووتەیەیدا دیارە كە دەڵێ:(جگە لە خوا پەرستی و كاری چاكە جیاوازی نییە لە نێوان عەرەب و عەجەمدا). هەروەها یەكسانی ڕادەگەێنێت لەنێوان گەلان لە ئاینەكەیدا و لەو ووتەیەیدا دیار دەبێ: ( هەمووتان یەكسانن لە لای خوا وەك ددانەكانی شانەیەك ), ئەمەش نیشاندەری فراوانی ئاینەكەیەتی تا هەموو گەلان بگرێتەوە، مەزنیەكەشی لەوەدا شاراوەیە كە چەمكی خێڵەكایەتی و هەموو پەیكەرەكانی شكاند. بەم بانگەشەیەش كار لە چواردەورەكەی دەكات و لایەنگرانی زۆرتر و بەهێزتر دەكات، بۆیە هیشتا سالّی ( 630 ) نەهاتبوو كە بە سەركەوتوویی چووەوە شاری مەككەوە و پەیكەرەكانی شكاند و ئاینی ئیسلامی لە ناو عەرەبەكاندا بلاّوكردەوە، لە هەموو ئەو دوژمنانەی بوارد كە چوونە ناو ئیسلامەوە و بە چاكە مامەڵەی لە گەڵ هەمووان كرد، هەتا ئەوانەش كە ڕقیان لێی بوو و بۆ برایەتی وخواپەرستی هانیدەدان، لە ووتەیەكیدا دەلێ:( بەغیلی بەیك مەبەن شەڕ مەكەن كین مەگرن پیلان گێڕی مەكەن مەفرۆشن لەسەر فرۆشراوی یەكتر وەك برا كۆیلەی خوابن،، موسوڵمان برای موسوڵمانە ستەمی لێناكات, دەست خەڕۆی ناكات بەدرۆی ناخاتەوە, نەفرەتی لێناكات ) خوا پەرستی لێرەدایە، ئینجا سێ جار دەست دەبات بۆ سنگی ( مرۆڤی هەرە خراپ ئەوەیە كە سوكایەتی بە برای موسوڵمانی بكات، هەموو شتێكی موسوڵمان بۆ موسوڵمانێكی تر حەرامە، خوێنی، ماڵی, ئابڕوی). بەڕێی ئەم ووتەیەش مرۆڤ لە خراپەكاری و كەوتوویی دووردەخاتەوە و هانی دەدات بۆ ڕزگاری و باوەڕ هێنان.
بە چوونە ناو مەككەوە و دوای دوژمنایەتیەكی دوور و درێژ ئەبو سوفیان دەبێتە موسڵمان, بەرامبەر ئەوەش دەڵێت:( كێ بچێتە ماڵی ئەبو سوفیانەوە پارێزراوە). هەروەها زۆر وتەو فەرمودەی قورئان هەن كە لایەنە ئایدیۆلۆژییەكان نیشان دەدەن. قورئان پەرتوكی پیرۆزی موسڵمانەكانە، تەنها پەرتوكی ئاینی نییە, بەڵكو یاسا سیاسی و كۆمەلاّیەتی و دادوەریەكانی ئیسلامی لەخۆ گرتووە و نكولی لە تەوراتی موسا و ئینجیلی عیسا ناكات، چونكە گشتیان خاوەن تایبەتمەندی تاكخواپەرستین.
دووای ئەوەی حەزرەتی موحەممەد لە زۆربەی دورگەكەدا بالاّدەست بوو, سالّی( 632 ) لە شاری مەدینە كۆچی دووای كرد، دوای ئەوەی ئیدۆلۆژیەكی بۆ عەرەبەكان بەجێ هێشت و كۆمەڵگایەكی نوێی بۆ دروست كردن، واتە شۆڕش و وەرچەرخانێكی كۆمەلاّیەتی پەرەسەندوتر لە هەموو ئاینەكانی پێشتر. لە ئایدیۆلۆژی ئیسلامدا لێبوردن و ڕق لێ نەبوون و یەكسانی دەبینین لە گەڵ ئاینەكانی تر و ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە دورگەكەدا نەمایەوە, بەڵكو درێژ بۆوە بۆ لاكانی تر، پێش مردنی حەزرەتی موحەممەد چەندین پەیامی نارد بۆ پاشاكانی جیهان (پاشای ڕۆم و پاشای ساسانیەكان) و هانیدان بۆ پەسەندكردنی ئاینەكەی و بانگەشەكەی ئەمەش بە شێوازێكی گونجاو لە گەڵ ڕەوشی هەر یەك لەوانە و دژ بە زۆردەستیان ڕادەوەستێ لە هەرێمەكەدا و ستەم و بالّا دەستیان بەسەر گەلاندا پەسەند ناكات. هەروەها لەم ئاینەدا ناچار كردن نییە لەچوونە ناو ئیسلامەوە، كێ نایەوێت بچیتە ناو ئەم ئاینەوە ناچار ناكرێت، ئەمەش لەو ووتەیەیدا (لە ئایندا زۆرەملێتی نییە) دیار دەبێت، هەروەها لەم ئایەتەدا ئەوە ڕەخنە دەكات:(ئایا بە زۆر باوەڕ بە خەڵك دەهێنن), واتە خوای تاك و تەنیا لە ئیدۆلۆژی ئیسلامدا بە زۆر هێنانە ناو ئاینی نوێی كەسەكان پەسەند ناكات.
دوای مردنی حەزرەتی موحەمەد خەلیفەكانی ڕاشیدین جێیان گرتەوە لە بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی موسڵمانان, ئەوانیش (ئەبو بەكری سدیق، عومەری كوڕی خەتتاب، عوسمانی كوڕی عەففان، عەلی كوڕی ئەبی تالیب) بوون، بە ڕاشیدینیش ناونران لە بەر پێگەیشتووییان لەسەر ڕێی ڕاست و جێنشینیەكەیان هەتا (661)ی زاینی بەردەوام بوو، ئەوەش ماوەیەكی ناونجی بوو بۆ هێوركردنەوەی دەروونەكان, لە گەڵ زانینی ئەوەش كە دوای كۆچی دووایی موحەممەد زۆر جار هەڵگەڕانەوە ڕوویاندا و لە سەردەمی ئەبوبەكردا بەڕێی شەڕی هەڵگەڕاوەكان, ئەم هەڵگەڕانەوانە سەركوت كران و دوورگەكە یەكخرایەوە و موسڵمانەكان بەردەوام بوون لە فراوان بوون و كردنەوەكانیان لە سەردەمی خەلیفە عومەری كوری خەتتاب .
بەو شێوەیە موسڵمانەكان سالّی(635) دەستیان بە سەر دیمەشقدا گرت، پاشان قودس و مەدائین لە 637دا و فارس لە641دا، لە سالّی( 656)یشدا عەلی كوڕی ئەبی تالیب بووە جێنشین، بەلاّم ئەمە زۆری نەكێشا و لە لایەن ئەمەوییەكانەوە سالّی(661)لە كوفە كوژرا، موعاوییەی كوری ئەبو سوفیان كە سالّی 660 والی دیمەشق بوو دەولّەتی ئەمەوی دامەزراند و تا سالّی (750) بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا ناكۆكی زۆری بە خۆیەوە بینی و ئیسلام لە گەوهەرە ڕاستەقینەكەی لایدا. پاشان ئەبو عەباسی خوێنرێژ هات (بەهۆی ئەو خوێنە زۆرەی ڕژاندبووی) و

دەوڵەتی عەباسی دامەزراند، لەو سەردەمەدا هەموو لایەنەکانی زانست و ویژە و هونەر و ئاوەدانی پەرەیان سەند، بەڵام دزە کردنە ناو دەسەلاتی ئەو کەسانەی چاویان بڕیبووە دەسەلات، دەسەلات و زاڵێتێکەی لاواز کرد وناکۆکیەکانی تایەفەگەران و ئاینزاکان زۆربوون تێیدا, لە ساڵی (1258ی) زاینی. کاتێ مەغۆلەکانیش چوونە بەغدادەوە و دەستیان بە سەردا گرت،سەردەمی خەلافەتی عەبباسی کۆتای پێهات .

**بەم شێوەیە دەبینین کە گەوهەری چینایەتی بووە مایەی دەرکەوتنی ناکۆکی لە نێو موسلمانەکاندا و ئەوانەی کە دەیانویست سوود لەو ناکۆکیانە وەربگرن، پاشماوەکانی کۆمەلگای کۆن بوون و لە ژێر ناوی ئیسلامدا وویستیان ڕەفتارو بەرژەوەندیەکانیان بنوێنن**، ئەوانەش هەبوون کەدەیانویست ئیسلام بپارێزن, واتە پاراستنی گەوهەری شۆرشگێرانەی بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتی و پەیوەست بوون بە دادپەروەرییەوە و ناکۆک لە گەل تویژەکەی تر دەژییان و لێك جیاواز بوون، بەو شێوەیە پێکدادانیش ڕوودەدات لە نێوانیاندا، لە بنەماڵەی ئەمەویدا لەوانە هەبوون کە دەیانویست نوێنەرایەتی کۆمەڵگای کۆن بکەن و نوێنەرایەتی باڵی ڕاستگری توندڕەو دەکەن لە ئیسلامدا بە ڕێی ڕووکردنە بەرژەوەندیەکانیان و پشت کردنە بەرژەوەندیەکانی موسڵمانان، بە شێوازی پیلانگێری و تەڵەکە و درۆ ئیسلام دەخەنە ژێر زاڵێتی خۆیانەوە و پێش مردنی حەزرەتی موحەمەد پێکدادانەکانیان لەگەڵ پارێزەرانی ئیسلامدا دەستی پێکردو و دواتریش ڕانەوەستێنرا و هەتا ئەمرۆش بەردەوامە و لادان پێکدێنێ لە ئایدیۆلۆژی ئیسلام کە حەزرەتی موحەمەد ڕێبەرێتی کرد. ئاینی ئیسلام لە سەرەتای دەرکەوتنیدا بووە یەکێك لە گرنگترین توخمەکانی هێزی نێو عەرەب لە ژێر چێوەی ئیسلامیدا کە گەورەترین کاریگەری هەبوو لە لابردنی هۆکارەکانی دواکەوتن و کۆنە پارێزی لە ناو عەرەبدا، سەرەڕای ئەوەش کە ئاینی ئیسلام ئاینێکی بیابانیە, بەڵام زۆر گونجاو بوو لە گەڵ هەلومەرجەکانی عەرەبە کۆچەرەکانی بیابان و وولاتەکەیان.

ئیسلام بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگی بە پەروەردەکردنی دەروونی مرۆڤدا، بەو پێیەی توخمێکی سەرەکییە لەو گۆڕانە دەست پێکردووەی کۆمەڵگادا، هەروەها توانی هەستە شاراوەکان لە دەروونی مرۆڤدا بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلەیەتی بەکاربهێنێ و لەسەر ڕێی ڕاست بیبزوێنێ، بەوەش هەموو چینە ستەمدیدەکان لە چوار دەوری کۆبونەوە و بنچینەیەکی تۆکمەیان لێ پێکهات، چونکە ئەم چینانە ڕێی ڕزگارییان تێدا بینی، هەروەها ئیسلام توانی چاکسازی بخاتە ناو هەموو لایەنەکانی ژیانی پراکتیکی و ڕۆحی موسڵمانەوە، ئابوری و ماڵەکەی بۆ ڕێکخست و فێری مامەڵەکردنی کرد لە گەڵ کەسانی تردا، نرخی بەها مەعنەویەکانی بەرز کردەوە کە پێش ئیسلام لەناو چووبوون و بۆ بەرزکردنەوەی ئەم بەهایانە و بەرگری کردن لەم پرەنسیپانە، موسڵمان خۆی فیدا دەکرد, چونکە بۆ یەکەم جار ڕووناکی تێدا بینیوە و ئاڵای ئیسلامی بەرزکردەوە تا گەیاندییە سنوری چین و ئەوروپا.

لە پاڵ ئەوانەدا لە چێوەی ئەم ئاینەدا ئەو گوهەرە دیموکراسیە دەبینین کە بەسەر موسڵماناندا دەسەپێنرا و ئەم گەوهەرە تا سەردەمی عەلی کوڕی ئەبی تالیب درێژ دەبێتەوە، **هەموو جێنشینان هەڵدەبژێردران بۆ جێنشینی و لە کاتی هەڵەکردندا ڕەخنە دەکران و هەرموسڵمانێك توانیویەتی جێنشین ڕەخنە بکات, ئەگەر بینیبێتی هەڵە دەکەن، هەروەها لە ڕاوێژکردنی نێوانیان لە کاروبارەکانیاندا ئەم گوهەرە دەبینین، لەو ئایەتەشدا دیار دەبێ ( ڕاوێژیان پێ بکە لە کاردا ). هەروەها ( کاریان بە ڕاوێژی نێوانیانە ) ئەمەش بناغەی دیموکراسی دەنوێنێ.**

**بەم شێوەیە دەبینین کە ئاینی ئیسلام لە بناغەیدا پشت دەبەستێ بە ئاویتەیەك لە هەموو ئاینەکانی ( زەردەشتی، یەهودی و کریستیانی ), لە گەڵ نزیك بوونەوەیەکی مامناوەندی لە ڕووکارەکانی ژیانی ماددی.** دەتوانین ئەوە ببینین کە ئەو ئاینانە کاریگەری زەقیان هەیە لە سەر فەرمانەکانی ئاینی ئیسلامی، ئەم ئاینە لە سەر باوەڕ بوون بە خوا و پەرییەکانی و پەرتوکەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دووای ئاوا بووە، پێنج بنەماشی هەیە:

1-گەواهیدان: باوەڕدار گەواهی دەدات کە تەنها یەکخوا هەیە و موحەمەدیش پیغەمبەرێتی .

2-نوێژکردن: موسڵمان بە ڕووکردنە کەعبە ڕۆژانە پێنج جار نوێژ دەکات، نوێژی ڕۆژانی هەینیش بە کۆمەڵە و نیوەڕوان لە مزگەوتەکاندا دەکرێت، ئەم ڕۆژەش بۆ موسڵمانەکان لە بری ڕۆژی شەممەی یەهودیەکان و یەك شەممەی کریستیانەکانە.

3-زەکات: ئەمەش ئەو هاریکاریەیە کە مرۆڤ بەو کەسانەی دەدات کە پێویستیان پێیەتی بۆ پاککردنەوەی پارەکانی و بەو مانایە دێت کە هەژاران هەندێ مافیان هەیە لە پارەی دەوڵەمەنداندا.

4-ڕۆژوگرتنی مانگی ڕەمەزان: ئەویش ئەو مانگەیە کە موسڵمان تێیدا لە کازێوەوە تا ڕۆژئاوا بوون خواردن و خواردنەوە ناخوات و ناخواتەوە و مەرجێکە لە مەرجەکانی پەیوەست بوون و بەرزبوونەوە لە شتە ماددیەکان، بەمەش موسڵمان دەیسەلمێنێ کە لە پێناو خوادا ئامادەیە بۆ خۆدابڕین لە ئارەزووەکانی .

5-(حەج کردن)یان سەردان کردنی ماڵی خوا، ئەگەر بۆ جارێکیش بوو بێت لە ژیاندا بۆ ئەو کەسانەی توانایان هەیە و کردنەوەی ڕێی باوەڕمەند, بۆ لێبوردنی خوا و بێ هیوا نەبوون و کۆبوونەوەی گەلانی جیاواز لەو شوێنەدا, ئاماژەیەکە بۆ یەکگرتوویی گەلە باوەڕمەندەکان.

ئەم پێنج بنەمایە بۆتە ئەو بناغەیەی کە هەموو باوەڕییەکانی ماڵی ئیسلامی لە سەر ئاواکراوە، چونکە سنورێك بۆ موسڵمان دانراوە کە لێیەوە زانینی دەست پێدەکات و پشتی پێ دەبەستێ لە گەڕانیدا بە شوێن دۆزینەوەی

چارەسەریەکان. بۆیە ئەم ئایدیۆلۆژیایە بە سەرۆکایەتی و خەباتکارانیەوە گەیشتە ئاستێك, بووە هێزێك کە هەڵنەوەشێنرێتەوە، ئەوەش بەرێی کردنەوەکانی و باڵادەست بوونی بە سەر گەورەترین دوو ئیمپراتۆریەتی هەرێمەکە(بێزەنتی و ساسانی). بەم پێیە مێژوو خێراییەکی وەك خێرایی بلاوبوونەوەی ئیسلامی نەبینیوە و ڕۆڵی باوەڕی و ڕۆحی سەربازی دەرکەوت لە پەرەسەندن و پێشکەوتنیدا, کە بەرێی شەڕە زۆرەکان پێکهات و بووە بناغەیەك بۆ پێکهاتنی ئومەتێکی ئیسلامی، هەروەها ئاینی ئیسلام لە لایەنەکانی زانست و وێژە و هونەر و ڕەوشت و ئاوەدانی و پزیشکی وفەلسەفیدا, پێشکەوتنی لە خۆ گرت.

بە پەرەسەندنی کۆمەڵگای ئیسلام دووبەرەکی دەردەکەوێت لە نێوانیاندا بە تایبەتیش لە لایەن ئەوانەوە کە دەیانویست دەوڵەتێك بۆ خۆیان دروست بکەن و ئەوانە بوون کە چاویان بڕیبووە خەلافەت و بە بەرژەوەندییەکانیانەوە پەیوەست بوون، بەوەش ئیسلام لە گەوهەرە ڕاستەقینەکەی لادەدات و نکولی لە پرەنسیپە سەرەکیەکانی دەکەن و زۆر دەستی و ستەم و زۆرەملێتی کردن لە سەر ئەو گەلانەی نەدەچوونە ژێر ئاڵایانەوە، ئیدی ئیسلام پارچە دەبێ بۆ چەندین ئاینزا و تایەفە و دژواری ناکۆکیکانیان کەم نابێتەوە بە وێنەی ئاینزاکانی کریستیانی. لەم باڵانەش(خەواریجەکان), کە خاوەن ڕۆحێکی شەڕانگێزانەی کۆنەپەرست بوون، یان(مەرجیئەکان)کە باوەڕیان وابوو, موسڵمان بۆ هەتا هەتایی بڕیاری ئەشکەنجەی لە سەر نادرێت لە ڕۆژی دوواییدا، یان (جەبریکان)کە نکولی لە ئازادی ئیرادە دەکەن، یان (قەدەرییەکان)کە باوەڕیان بە ئازادی ئیرادە هەیە و بەرگری لێدەکەن.

**هەروەها لە ئەنجامی جیاوازییە چینایەتیەکان ئاینزاکان لە سەر بناغەی بەرژەوەندی ئەو توێژانەی دەیان نواند سەریانهەڵدا و لەبری چاکسازی کردن بوون لە ئیسلامدا.** لەم ئایزایانەش کە لە وولاتە موسڵمانە سوننە مەزهەبەکاندا دەرکەوتوون:

1-**ئاینزای حەنەفی** (ئەبی حەنیفەی کوڕی سابیت): ئەم ئاینزایە کودەتایەکی دروست کرد لە یاسا ئیسلامیەکاندا، و وای بۆ دەچیٚ کە ئەو یاسایانەی لە سەرەتادا بۆ خەڵکی بیابان دانراون، پێویستە بە پیشەیەتیەکەی و ڕۆحەکەیەوە وەربگیرێ, ئەگەر وویسترا جێبەجیٚ بکرێت لەسەر کۆمەڵگایەکی پیشەسازی یان شارستان.

2-**ئاینزای شافیعی**(موحەمەدی شافیعی): دەڵێت هاودەنگی لە هەموو وولاتە ئیسلامیەکاندا لە بری یاسا داڕشتن و سوونەتە ڕاستەقینەکانە.

3-**ئاینزای مالیکی**(مالیکی کوڕی ئەنەس): دەڵێت پێویستە هاودەنگی خەڵکی شار ببێتە بناغەی یاسا داڕشتن.

4-**ئاینزای حەنبەلی**(ئەحمەدی کوڕی حەنبول): دەڵێت پێویستە تەنها قورئان و ووتەکانی پیغەمبەر ببنە بناغەی یاسا داڕشتن.

هەموو ئەم ئاینزایانە باوەڕیان وایە کە یاسانی ئیسلام لە خواوە هاتوون و دەبیٚ هەر یاسایەکی ئافرێندراو, بە سەر ڕەگەزی مرۆڤدا زاڵ بێت, کە بەپێی سروشتی خۆی ملکەچی یاسا نابیٚ. دەبیٚ یاساکانیش بناغەکەی لە لای خواوە هاتبیٚ. سەرەڕای کۆك بوونیان لە پرەنسیپدا بە هۆی تاوتوێی درێژخایەنی نێوانیان, لە گەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لە ووردەکارێکاندا جیاوازن. **هەروەها لە ئاینزای سونێیدا چەندین تەریقەت پەیدا بوون ،بۆ نمونە : نەقشبەندی، مەحمودی، سلێمانی، داوودی، ئیدریسی، قادری و زۆری تریش. هەموو ئەم تەریقەتانە جگە لە ناکۆکی ئاینی و دووبەرەکیتی هەوڵ بۆ هیچ شتێکی تر نادات و هۆکاری دروست بوونیشی ئەو ناوچەیەیە کە تێیدا دەرکەوتووە و بە پێی پێویستیەکانی ڕەوشە کۆمەڵایەتیەکەی و بەرژەوەندیەکانی ئاین شێدەکاتەوە .**

بەڵام ئاینزای شیعەیی خەلافەتی ئەمەوی تێکدا و دەستیان گرت بە سەر وولاتەکانی فارس و میسر و هندستاندا، شوێنکەوتووانی ئەم ئاینزایە, هاوکاتی کوشتنی ئیمامی عەلی وحسینی کوڕی دروست بوون، چونکە توێژێکی کەم لە موسڵمانان ووتیان کە کاتیٚ خوا موحەمەدی بۆ پێغەمبەرایەتی هەڵبژارد، بەبیٚ گومان ویستی کوڕەکانی کە هەندیٚ لە تایبەتمەندیە چاکەکانی و ئامانجە ڕۆحیەکانیان بۆ ماوەتەوە، میراتگری سەرۆکایەتی ئیسلام بن. بۆیە هەموو خەلیفەکانی تر بە زەوتکەر دادەنێن و جگە لە ئیمامی عەلی هیچیان ماف جێنشینیان نەبووە و ئیمامی عەلی و حوسەینی کوڕی بە ئەولیای خوا دادەنێن. پێدەچیٚ کە شیعەکان کەوتبنە ژێر کاریگەری باوەڕییە تایبەتەکانی (فارس و یەهود و کریستیانەکان) سەبارەت بە پێغەمبەری چاوەڕوانکراو، چونکە لای شیعەکان مەهدی چاوەڕوانکراو هەیە و دووانزەهەمین ئیمامە کە دەسەڵات و کامەرانیان بۆ دەگێڕێتەوە .

موحەمەد توانی ئیسلام بکاتە ئایدیۆلۆژیای کۆکردنەوەی عەرەب و لە ژێر ئاڵاکەیدا یەکیخستن و ڕێبەرێتی کردن تا گەیشتنە ڕیزی گەلان. ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە گەوهەریدا هەڵگری زۆر پرەنسیپە وەك یەکسانی و دادپەروەری و چاکە کاری و لێبوردن و بەها ئەرێنیەکان و زۆر تایبەتمەندی تری مرۆڤانە، هەروەها گرنگیدا بە زانست و لەو وتەیەیدا دیار دەبیٚ کە دەڵیٚ ( زانست بخوازن ئەگەر لە چینیش بێت ). ڕیٚ بە جیاوازی کردنیش نادات لە نێوان گەلاندا, وەك لەم ئایەتەدا هاتووە( ئەی باوەڕمەندان ئێمە لە نێر و میٚ ئێوەمان ئافراند و کردمانن بە گەل و تیرە تا بە یەك ئاشنا بن, هەرە بەخشندەتان لەلای خوا, هەرە خواپەرستانە ). بەرێی ووتەکانیش, حەزرەتی موحەمەد گەوهەری قورئانی بە شێوەیەك شیکردۆتەوە کە دەتوانیٚ ژیانی کۆمەڵگا ڕێکبخات لە هەموو رووەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و کولتوری ودادوەری یاسا داڕشتنەوە، بەوەش دەبێتە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی کاریگەری باوەڕی ئیدیۆلۆژی لە سەر کۆمەڵگا.

**سەرۆك ئاپۆ سەبارەت بە ئیسلام دەڵێت ( ئیسلام یەكێكە لە گەورەترین ئەو شۆڕشانەی مێژوو ناسیویەتی و دەتوانین بڵێین كە هیچ شۆڕشێك دەرنەكەوتووە وەك شۆڕشی ئیسلامی, لە ڕووی قوڵ بوونەوە لە مانای مرۆڤایەتیدا و شۆڕشی ئیسلامی لە هەموو گۆڕەپانەكانی ژیاندا بە شێوەیەكی ڕاستینە یەكسانی و داد پەروەری پەسەند كردووە، هەروەها ئەو مانایەی كە بە پرەنسیپی ئازادی داوە, هیچ ئاینێكی تر نەیداوە، بۆیە دەتوانین شۆڕشی ئیسلامی بە سەرچاوە و بناغەی شۆڕشەكانی دوای خۆی دابنێین، ئەم شۆڕشە لە گەوهەریدا شۆڕشی داد پەروەری و یەكسانی و ئازادییە، بەڵام بە داخەوە ئیسلام دەگۆڕێت بۆ ئایدیۆلۆژیایەك بە دەستی چینە باڵاكانەوە و دەخرێتە ڕاژەی بەرژەوەندیە چینایەتیەكان و بەكارهێنانی وەك شۆڕشی پێچەوانە دژ بە شۆڕشەكان و بەكارهێنانی بەشێوازی كۆیلەكردن ونادادی و ستەم و نكولی كردن و تاریكی، هەموو ئەم شتانە بە ناوی ئیسلامەوە كران, بۆیە زیان بە ئیسلام و شۆڕشگێڕیەتەكەی گەیێنرا ).**

## د- ئەو ئە نجامانەی لە دەوڵەمەندی كولتوری و ئاینی كەوتنەوە لە هەرێمەكەدا ,لە ڕووەكانی ئیدیۆلۆژی و ڕامیاری و كۆمەڵایەتیەوە:

وەك پێشتر باسمان كردبوو و بۆمان ڕوون بوو بۆوە, دەوڵەمەندی كولتوری و ئاینی ئاوا بوو لە هەرێمەكەدا, خاوەن گرنگییەكی گەورە و دوورایی جۆراوجۆر بووە. هەروەها ڕۆڵیكی مێژوویی و ستراتیژی بە هەرێمەكەداوە و ئەم ڕۆڵەی لە ناوەندێتی بوون و پێشەنگایەتیەكەیدا بەرجەستە كردووە. لە هەموو ئاستەكاندا ئەم ڕۆڵە ناوەندی و پێشەنگانەیەی هەرێمەكە دەركەوتووە, بە تایبەتیش وەك ئاستی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و كۆمەلأیەتی, بێگومان ئەم لایەنانە شێوەی سەرخانی كۆمەڵگای گرتووە لە هەرێمەكەدا. واتە شێوەی خۆی لەسەر بنەمای دەرئەنجامە مادییەكان وەرگرتووە, لە چوارچێوەی سیستەمە ئابورییە دیاری كراوەكاندا. **لە بەر ئەوە بناغەی مادی دیاری كراو هەیە بۆ دەركەوتنی هەر ئاینێك لە ئاینەكان, كە وەك شێوەیەكی هۆشیاری كۆمەڵایەتی پێك دێت و پەرە دەستێنێت.**

مۆركی تایبەتمەندی شۆڕشگێڕی كۆمەڵایەتی گشتگیرانەش, هاوكاتی دەركەوتنی ئاینەكان بووە, بە مانای لاواز كردن و خستنی ڕژێمی باڵادەست كە لە ڕووەكانی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەوە دواكەوتووە, و لە جێی ئەویش ئاواكردنی ڕژێمێكی نوێ و پتەوكردنی لە هەموو ڕووەكانەوە. ئەوەی كە گومانی تێدا نییە ئەوەیە كە ڕەهایەتی ئەو یاسا و ڕێسایانەی لە ئاینەكاندا هەن, بووە مایەی پەرەسەندنی ئەو ڕژێمانەی ئەم ئاینانە وەكو ئایدیۆلۆژیای پشت پێ بەستراو لە سەری ئاوابوون, چونكە ئەو ڕژێمانە ئەو هزرە ئاینی و ڕیسایانە دەگۆڕن بۆ قاڵبی نەبزواو كە پەرەسەندن و چاكسازی پەسەند ناكات, بەوەش ڕژێمەكە دینامیكیەتە كۆمەڵایەتیەكەی و ئاینیش دینامیكیەتە ژیانیێكەی لە دەست دەدات, لە بەر ئەوەی نوێنەری چارەسەرێكان بووە بۆ هەموو ناكۆكی و وردەكارێكان لە كۆمەڵگادا. لە كۆتایشدا ئاین دەگاتە قۆناغی گرتن و داخران, ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە مایەی كەوتوویی و شێوێنراوی, ئیدی بە شێوەی شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی پێشكەوتوو و پەرەسەندوو تر هەلومەرجی گونجاو بۆ لە دایك بوونی ئاینێكی تر یان ئایدیۆلۆژییەكی نوێ دەئافرێنی, بەم شێوەیە ئاینەكان زنجیرەیی و بە دوای یەكدا هاتوون و هەر ئاینێك بە شێوەیەكی پێشكەوتووتر لەوەی پێشتری .

لە لایەكی ترەوە پەیوەندیەكانی بەرهەم هێنان كە قوڵتر دەبنەوە و ڕیشە دەكوتن, مۆركێكی پێشكەوتنخوازانەی لە سەرە, كاتێك كە شۆڕش بنەماكانی خۆی تۆكمە دەكات لە چوارچێوەی كۆمەڵگادا, و ئامرازەكانی بەرهەم هێنان پەرەدەستێنن, و لە گەڵ زۆربوونی پێویستیە مادی و ڕۆحیەكان ئیدی ئەم پەیوەندیانە كە نەگۆڕ و ڕەها دیار دەبن, بە شێوەیەكی گەورەتر, دەبنە تەگەرە لە بەردەم پەرەسەندنی ئامرازەكانی بەرهەمهێناندا. ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی دەرگاكانی پەرەسەندن و پێشكەوتن دادەخات بە ڕووی كۆمەڵگادا و ڕەوشێكی نەگۆڕ و ڕاوەستای پێ دەدات و وا لە ڕژێمە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی دەكات, لە خولگەیەكی داخراودا بخولێتەوە, بۆیە لە پێناو گەیشتنە تێگەیشتنێكی زیاتری كرۆكی ئەم ڕژێمانە و تایبەتمەندی و بونیادەكانیان, پێویستە شی بكرێنەوە, لە گەڵ ڕوون كردنەوەیەكی تێرو پڕی ئاستەكانی و چۆنێتی ڕیشە كوتانی لە ناو كۆمەڵگادا و لە هەموو ڕووەكانەوە.

**زۆربەی ئاینەكان بە تایبەتیش ( یەهودی –كریستیانی و ئیسلام ), لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەركەوتون, وەك ئیدۆلۆژییەكی زاڵی چینە نوێكان. لە سەرەتاوە لە سەر بناغەیەكی ئایدیۆلۆژی هزری, لە هەموو لاكانی كۆمەڵگاكاندا ڕیشەیان كوتاوە و**

**بڵاوبونەتەوە, ئینجا گۆڕاون بۆ سیاسەتە کۆمەڵایەتیە گشتیەکان, گۆڕانی ئاین بۆ ئیدۆلۆژیەکی گشتی و بە تایبەتی کاتێ ئەم ئایدیۆلۆژیایە دەچێتە قۆناغی دەسەڵاتداری لە گرنگترین ئەو خاڵانەیە کە دەبێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ، چونکە ئەو ئایدیۆلۆژیانە ئاینەکانی گۆڕی بۆ دەزگا و دامەزراوە، واتە ئەو دامەزراوانەی بۆ ئافراند، کە لە هەموو ڕووەکانەوە هەڵدەستا بە ڕاوەستان لەسەر کار و بارە ئایدیۆلۆژییەکان.** گرنگترین ئەرکەکانی ئەم دامەزاروە ئایدیۆلۆژیانە, کردنی پرەنسپەکان بوو بە چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و... هتد, و بەڕێی ئەم چەمکانەش پەیوەندییەکان و شێوازی مرۆڤانە دیاری دەکات لە کۆمەڵگادا. لە نمونەی ئەم دامەزراوانەش دامەزراوەی (ئەلبیر)ە لە ئایینی زەردەشتیدا و شوێنی ژیان و مانەوەی ئاتەشخانەیە، هەروەها دامەزراوەی (حاخامات) لە ئایینی یەهودیدا و شوێنی مانەوە و ژیانیانیان (سیناکۆکە) و، حەوارییەکانی عیسا لەسەرەتای دەرکەوتنی کریستیانێتی و، پاپا و ئوسکوفەکان لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا و، شوێنی مانەوەیان کلێسایە، بەڵام لە ئیسلامدا و، لەسەردەمی سەرەتای ئیسلامدا ئەو (دە) کەسەی (العشرە المبشرە) مژدەی چوونە بەهەشتیان پێدرابوو, ئەم ڕۆڵەیان گێڕا. ئەم ڕۆڵانەش درێژبوونەوە، تا ئیمامیشی گرتەوە لە مەزهەبی شیعیدا و، زانایانی گفت لە (ئیلاهیات)دا و، هەندێ لە ئیمامانی فەقیە لە ئاینزای سوننیدا، سەرەڕای جودابوونی شوێنەکانی ژیان و مانەوەیان, تا ئێستا مزگەوت و تەکیەکان شوێنی سەرەکیانە، لە ئەمڕۆشماندا، دامەزاراوەی (ئایەتوولڵا) بەم ڕۆڵە هەڵدەستێ. پێغەمبەر و نێردراوەکانیش دامەزراوەی ئایدیۆلۆژی ئەم ئایینانە بوون. بەڵام دوای مردنیان ئەم دامەزراوانە ڕۆڵێکی سەرەکیان گێڕا لە بەردەوام کردنی میتۆدە ئایدیۆلۆژییەکانیاندا.

لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەم دامەزراوانە ئەمانەن:

گۆڕینی پرەنسیپە ئاینیەکان بۆ چەمکە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان, وەك: (دادپەروەری,برایەتی، یەکسانی و چاکە) کە (زۆر دەستی و ستەم , دوژمنایەتی و جیاوازی و خراپە) لە بەرامبەریاندا دێن، تاوای لێهات ئەم چەمکانە بوونە بەشێك لە کولتوری گشتی و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان. هەروەها ئەم دامەزراونە، ڕۆڵی بڵاوکردنەوە و تۆکمە کردن و ڕوونکردنەوەی ئەم ئایدیۆلۆژیانەشی دەگێڕا لەناو کۆمەڵگادا، بۆ دامەزراندنی کۆڵەکەکانی دەسەڵات.

**لە لایەکی ترەوە کاتێك ئایین دەگۆڕێت بۆ ئایدیۆلۆژیا و شێوەیەك لە شێوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی, وەك ڕووکار شێوەی ئەو پرەنسیپ و پەیوەندیانە وەردەگرێت، کە مرۆڤ دەبەستێتەوە بە خواوە و مرۆڤ و مرۆڤی برای، مرۆڤ و کۆمەڵگا، مرۆڤ و سروشت و...هتد.**

ئەم دیاریکردنانەش بە گرنگترین ئەرکەکانی ئایین دادەنرێن، ئەوەش بەڕێی ئەو دیاریکردنانەی، کە هەموو ئایدیۆلۆژیا ئاینیەکان پێکیان هێناوە بۆ ڕێبەرەکان و ئەوانەی باوەڕیان پێهێناوە، ئەم پەیوەندیانەش مەرج و بنەما و مەبەستی خۆی هەیە. کاتێ زۆربەی ئایینەکان دەبنە ئایدیۆلۆژیا بۆ کۆمەڵگا و فۆرمیڵە بۆ دەسەڵات, لە دەسەڵات و لە کۆمەڵگاشدا, مرۆڤ بەرەو مەبەستە دنیایی و کۆتاییەکان ئاڕاستە دەکەن. لەم مەبەستانەش پاراستنی ئاین و دەروون و ئاوەز و موڵك و ڕێز. هەروەها ئەو ڕێیە نیشانی باوەڕمەندان دەدات، کە بەگوێرەیان ئەم مەبەستانە دەپارێزێت و بەرگری لێدەکات، یان ئەوانەی بە شتە پیرۆزەکان ناو دەبرێن، هەروەها هێڵێکی دابڕێنەر دەکێشن لەنێوان شیاو و ناشیاو، باش و خراپ, وەك وتەکەی زەردەشت: بیری ڕاست و وتەی جوان و کاری باش، یان (10) ئامۆژگارییەکەی مووسایەتی، یان وەك وتەکەی مەسیح ( بیستومە کە وتراوە، چاو بە چاو و دان بە دان، بەڵام من پێتان دەڵێم بەرخۆدان مەکەن بەرامبەر بە خراپە بە هاو وێنەکەی، بەڵکو کێ لە لای ڕاستیدای، لاکەی تری تێکە). لە پاڵ دەیان ئایەتی قورئانی وتەکانی پێغەمبەر، کە بەو پێیە شیاو و ناشیاو(حەلاڵ و حەرام) و شێوازی لێك جوداکردنەوەیان دیاری دەکات.

ئەو چوارچێوەیەی ئەم ئایدیۆلۆژیە ئاینیانە دەیکێشن بۆ مرۆڤ و مافەکانی و ئەرکەکانی بەرامبەر بە خۆی و خواو ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی و ئەو سروشتەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، کۆمەڵگا و چوارچێوەکانی ڕەفتار و ئامانجەکانیشی (دروست یان ڕەنگ) دەکات . ئینجا کۆمەڵگا هەڵدەستێ بە چوارچێوەپێدانی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی کە گرتوویەتیە بەر و کۆڵەکە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی دیاری دەکات. چونکە کۆمەڵگا ئەو دەفرەیە، کە ئایدیۆلۆژیای نوێ, شێوەکەی دەکێشێ و شوێنەوارەکانی دەخاتە سەر و، ئاسۆ ئایندەییەکانی پێ دەدات، لەسەر ئەم بناغەیە و بە پشت بەستن بە دەزگا ئایدیۆلۆژیەکەی و شێوازەکانی,ئایدیۆلۆژیا چەمکە سیاسیەکان و چۆنێتی پیادە کردنیان دیاری دەکات. بە دەربڕینێکی تر پەیوەندی نێوان ئاین و دەسەڵات, ماف و ئەرکەکانی دەسەڵات بەرامبەر مرۆڤ و کۆمەڵگا,و شێوازەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵات, و چۆنێتی گەیشتنە دەسەڵات و ...هتد. بۆ نمونە ئیسلام بە ڕێی پرەنسیپی ڕاوێژکردن (و امرهم شوری بینهم) چەمکی دەسەڵاتی دادپەروەرانەی دیاری کردووە, ئەم چەمکە لە گەوهەریدا یەکێکە لە شێوازەکانی جێبەجێ کردنی دیموکراسی, چونکە پشت بە ڕاوێژکردن و هەڵبژاردن دەبەستێ و بۆ ئەوەی ڕۆڵێك بەخەڵکی ئاساییش بدرێت لە بەکارهێنانی ئەو خوایانەدا.

لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا دەبیٚ لێرەدا ئاماژە بەخاڵێك بكەین, ئەویش ئەوەیە كە ئەو ئاینزایانەی لەم ئایینانە جیابوونەتەوە بە تایبەتی كریستیانی و ئیسلام، تێڕوانینی جیاوازیان هەیە، سەبارەت بەوەی كە كیٚ شایستەی (خاوەنی) دەسەڵاتە دوای پێغەمبەر، یان كیٚ شایستەی جێگرتنەوەیەتی، چونكە لە ئاینزای شیعیدا دەوترێت (ال البیت) واتە خزمەكانی پێغەمبەر شایستە ترن، بەو پێیەی بێگەرد و بیٚ هەڵەن و مەرجەكانی جێنیشینیان تێدایە، بەڵام ئاینزای سوننی ئەمەی گێڕاوەتەوە بۆ باوەڕمەندی بە ئاوەزی پێگەیشتوو و وشیار، هەروەها سەبارەت بە ئامانجی دەسەڵات **ئیمامی عەلی وا سەیری دەكات، كە دەسەڵات ئامرازێكە بۆ جێگیركردنی دیاردە ئایینیەكان وەك بەرزترین ئامانج، بەڵام موعاویە و زەیدی كوڕی ئایینیان كرد بە ئامرازێك بۆ گەیشتنە دەسەڵات و پاراستنی و پاشان فرەوانكردنی. ئەم جیاوازی گۆشەنیگایانەش لە ئایینەكانی تریشدا دەركەوتووە**، بۆ نمونە لە ئایینی كریستیانیدا، بە هەردوو ئاینزا كاسۆلیكی و پرۆتستانیەكەیەوە كڵێسا جێی جیاوازی هەبووە، لە كاتێكدا كە كڵێسای كاسۆلیكی دەسەڵاتی خودایی ڕەهای تێدا دەبینێت، كە دەبێت دەسەڵاتی ئاسایی و كەسەكانی ناو كۆمەڵگاش لە ژێر زاڵێتی ئەو دابیٚ، دەبینین كە مەزهەبی پرۆتستانتی پێی باشترە ئایین لە دەوڵەت جیابكاتەوە بەڕێی پرەنسیپی چاكسازی كۆمەڵایەتی، واتە ڕزگاربوونی دەسەڵات لە زاڵێتی كڵێسا بەڕێی پێناسە كردنی بۆ ئایین بەوەی تەنها پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خواكەیەتی.

بۆیە بەپێی ڕەوشی سروشتی ئەم چەمكە ئایینی و ئاینزاییانە, چوارچێوەی بۆ دەسەڵاتی سیاسی دانا و تایبەتمەندییەكانی پێدا، ئەمەش بەرهەمە ئەرێی و نەرێیەكانی خۆیدا. واتا وەك چۆن بووە زەمینەی پێشكەوتنی كۆمەڵگاكانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە قۆناغە مێژووییەكانیدا، ئەوەندەش وای لێكرد ململانێی سیاسی و شەڕی خوێناوی لێبكەوێتەوە لەنێوان شوێنكەوتووانی ئەم ئایین و ئاینزایانە، بەم شێوەیەش بەشداربوو لە تەگەرە خستنە سەر ڕێی پێشكەوتن و پەرەسەندن، چونكە بە چوونی ئایین بۆ ناو بوارە سیاسیەكان یان بە دەربڕینێكی تر **(بە سیاسەت بوونی ئایین) بووە مایەی پەرەسەندنی توند و تیژی و ستەم و چەوساندنەوە لە نێوان كۆمەڵگاكاندا، یان لەناو خودی كۆمەڵگایەكدا. هەروەها لایەنە پاشڤەڕۆكانی ئاین باڵی بە سەر سیاسەتدا كێشا و سیاسەت ڕەنگی ڕەهایەتی ئاینەكانی وەرگرت, هەروەها ملكەچ بوونی ئاین لە ڕاژەی بەرژەوەندی و قازانجەكانی چینە ناكۆكەكان, كە پارچەبوونەكانی یەك ئاین دەنوێنن, بەوەش بووە ئامرازێك بە دەستی دەوڵەتەوە (دەسەڵات) یان ئەو هێزەی دەیەوێت بگاتە دەسەلات,** شتی گرنگیش لە هەموو ئەم كەڵەكە بوونانەدا, ئەو ململانیٚ سیاسیانەیە كە خاوەن مۆركی ئاینی و ئاینزاییە و لە كۆتایدا بە ئاڕاستە پێچەوانە و نەرێنیەكاندا دەڕوات. واتە كۆمەڵگا بەرەو دواكەوتن دەبات و تەگەرە دەخاتە سەر ڕێی پەرەسەندن و گەشەكردنی, لە ئەنجامیشدا دینامیكیەتی ئەم پەرەسەندنە دەشكێنیٚ و لادەداتە ڕەوشی داخراوی. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەزموونەكانی دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە ئەزموونگەلێكی دەوڵەمەند دادەنرێت و بەهایەكی مێژووی هەیە,خودی ئەمەش بەرهەمی دەوڵەمەندی كولتوری و ئاینیە لە هەرێمەكەدا, لە پاڵ ڕۆڵیدا لە دروست بوونی زانستە سیاسیەكان و پەرەسەندنی و بە ڕێی گەیشتنە ئاستی ڕێكخستنی و سیاسیانەی ئەم دەسەڵاتانە, بە شێوەیەكی ئازادانەی یەكگرتوو هۆشیاریەكی سیاسی و كولتورێكی سیاسی دەوڵەمەندیان لە لا دروست بوو ، بەڵام لە لایەنی كۆمەڵایەتیەوە ئەوەی گومانی تێدا نییە،ئەوەیە كە وەرچەرخانی كۆمەڵایەتی و بەرزكردنەوەی لە یەكەمین قۆناغەكانی دروستبوونی كۆمەڵگاكان (كۆمەڵە مرۆڤیەكان)، واتە وەرچەرخانی بوونەوەری مرۆڤی بۆ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی بەرهەمهێنەر و خاوەن ئاوەز، ڕۆڵێكی سەرەكی ئایین و بیرۆكە و دابە ئایینیەكانی تێدابووە. هەر ئایین و ئاینزایەكیش كە ڕیشە دەكێشیٚ لە ژینگەی كۆمەڵایەتیدا (بونیادی كۆمەڵایەتی) بەشێوەیەك لە شێوەكان بەپێی چەمكە ئایدیۆلۆژی و ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی, ڕژێمێكی كۆمەڵایەتی پەرەدەستێنیٚ و یارمەتی دەدات بۆ جێگیركردنی ئەم ئایینزایە لە كۆمەڵگادا, تا ببێتە ڕژێمێكی كۆمەڵایەتی پێگەیشتوو، بێگومان ئەمەش بەڕێی ئەو ڕۆڵە پێشەنگەی ئایینەكان گێڕاویانە بەدیهاتووە و، هاوكات هۆكاری دەركەوتنیشیانە، لەسەر ئەم بناغەیە دەتوانین بڵێین، كە دەركەوتنی هەر ئاینێك پەرەپێدانی ئاستی ئەو ئایینەیە كە پێش ئەم لە ئارادابووە و پەرەدانە بەو ئاستەی كۆمەڵگا كە پێی گەیشتووە، بە یەك لە دوای یەكهاتنی ئایینەكانیش بڵند بوونی ئایینی تا ئەم ئاستەی پەرەسەندن و ئالۆزبوون بەرهەم هات كە هەنووكە دەیبینن.

ئەم وەرچەرخانانە بەڕێی ئەو ڕێسا و یاسا ژیانی و جێگیرانە پێكهات، كە بانگەشەی ئەوەی بۆ كرابوو لەلای خواوە بۆ مرۆڤ هاتووە، گرنگترین ئەو شتانەش، كە ئایین و ئاینزاكان لە داڕشتنی یاساكانیاندا چارەیان كردووە، پەیوەندی نێوان پیاو و ژن، پەیوەندی تاك و كۆمەڵگا، میراتی, كڕین و فرۆشتن، بازرگانی، ئەركەكانی دەوڵەمەندان بەرامبەر هەژاران, بابەتە ڕەوشتیەكان, مافەكانی موڵكداری، پێودانگەكانی ڕەفتاری چاك و خراپ، جوان و ناشیرین، شیاو و ناشیاو و... هتد. تا ئەوەی ئەم یاسا داڕێژراوانە گەیشتە وردترین و ساكارترین وردەكارییەكانی ژیان, هەتا دابەكانی خواردن و خواردنەوە، هەستان و دانیشتن، هەروەها دابەكانی گەشتكردن و سەردان و پۆشاك پۆشین و شێوازەكانی بە خاك سپاردن و.. هتد.

ئایین و ئاینزاکان ئەم بابەتە کۆمەڵایەتیانەیان چارەسەرکردووە، هەر یەك بەپێی تێڕوانینی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا و ئەو ئامانجانەی مرۆڤی لە پێناودا ئافرێنراوە و لە بەردەم مرۆڤدا دایناوە لەژیان و جیهاندا، هەر بەپێی ئەم تێڕوانینە، یاسا و ڕێسا داڕێژراوە، بەوەش بە قاڵبێکی نەگۆڕ، قاڵب بە ڕژێمە کۆمەڵایەتیەکە دەدات، چونکە هەموو یاسا و ڕێساکانی قاڵبی ڕاوەستاون و، لەلایەن هێزی نادیارەوە بە پێغەمبەران و نێردراوان و... هتد سپێردراوە. بە دابڕانی ئەم وەحیە یان سەرچاوەیە, پەیوەندی کاریگەری و خاوەن توانا لە گۆڕانکاری کردندا دادەبڕێت.

بەڕێی نرخاندنمان بۆ ڕژێمە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتیە ئایینیەکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هەر ئاین یان ئاینزایەك ڕژێمی تایبەت بەخۆی هەیە، لەیەکتری جیاوازن، خۆ ئەگەر هەموو ئایین و ئاینزا و ڕێباز و تایەفە دەرکەوتووەکان نمایش بکەین، لە کاتی دروستبوونی هۆشیاری ئایینیەوە لە هەرێمەکەدا ئاستی دەوڵەمەندی و کولتووری و قوڵاییە مێژووییەکەی و، پلەی ڕیشەکوتانی لە کەسێتی تاك و کۆمەڵگادا ڕوون دەبێتەوە بۆمان، ئەو دەوڵەمەندیە کولتوریە لە هەردوو ڕووە ماددی و ڕۆحیەکەیەوە و بەچێوە تیۆری و پراکتیکیەکەیەوە, لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا نەماوەتەوە، بەڵکو هەموو بوار و ئاستە هزری و کۆمەڵایەتیەکانی گرتۆتەوە، ئەم دەوڵەمەندییە بە ڕۆڵی خۆی هێزێکی گەورەی بەگەلان و کۆمەڵگاکاندا بە درێژایی مێژووە دێرینەکان. بەم هێزە کۆمەڵگاکان توانیان بەرخۆدان بکەن بەرامبەر هێرشە دەرەکیەکان، کە بە ئامانجیان گرتبوو، بەوەش خۆی پاراست، هەروەها دەوڵەمەندی کولتوری هۆکاری سەرەکیە لە ڕەتکردنەوەی ڕەوتە کولتوورییەکانی دەرەوە و نامۆ بەڕەوتە هزرییەکانی خودی هەریمەکە، هەروەها هۆکاریش بووە بۆ خۆ بەدەستەوەنەدانی گەلانی و بەرخۆدانیان دژبە هێزە دەرەکیەکان، بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستیە ئەمە بەو مانەیە نایەت، کە دەرفەتی بەو دەست تێوەردانانە نەداوە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە جیاوازی کولتوری هۆکار بووە لە ململانێ و شەڕە خوێناوییەکاندا، کە خۆی لە خۆیدا زەمینەیەکی بەپیت بووە بۆ دەست تێوەردانە دەرەکیەکان و دەرگاکانی هەرێمەکەی خستۆتە سەرپشت بۆ هەموو جۆرە دەست تێوەردانێکی داگیرکەرانە، کە قێزەونترین سیاسەتەکانی پەیڕەوکرد لە هەرێمەکەدا بە بەرزکردنەوەی دروشمی (پەرتکە و زاڵبە).

ئەوەندەش کە جەخت لەسەر خاڵەکانی دەوڵەمەندی کولتوری دەکەینەوە لە هەرێمەکەدا، دەبێ خاڵەکانی لاوازیشمان لە بیرنەچێ کە ئەمانەیان لێ باس دەکەین:

هەر نەتەوە و گەل و کۆمەڵ و تایەفەیەك ئاستێکی کولتوری تایبەت بەخۆی هەبووە، هاوکات ئەم کولتورە بەشێك بووە لە کولتوری گشتی هاوبەشی دروستبوو، لە ئەنجامی دیالۆگی نێوان ئەم کولتوورانە لەگەڵ یەکتر بەدرێژایی سەردەمەکان، ئەم کولتورە ئەوەیە کە ئێستا کراوە بەزاراوەی کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوینی، کە بەڕێی پەیوەندییەکان و بەریەك کەوتنەکانی نێوانیان گەیشتۆتە ئەمڕۆ. ئەم پەیوەندییانە بەتایبەتیش لە پێنج سەدەی دواییدا تووشی لاوازبوون بوو، یان بەتەواوەتی لێك هەڵوەشا، وەك ئەنجامی ململانێ و پێکدادانەکان، کە لەهەرێمەکەدا ڕوویدا و بەشێوەیەکی نەرێنی لەسەر ڕاستینەی ژیانکراو ڕەنگی داوەتەوە، چونکە هێزی ئەم پەیوەندییانە بە گرنگترین پاڵنەرە سەرەکیەکان دادەنرا، کە پاڵیان بەم کولتورە هاوبەشە گشتییەوە دەنا بەرەو قۆناغەکانی پەرەسەندن و هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندبوون، ئەم کولتورانە بەڕێی بەشداربوونی لە کولتوورێکی هاوبەشدا کۆمەڵگای گەیاندە یەکێتییەکی هزری لە پەرەسەندن و ئامانجەکاندا، بەم پێیە زەمینەیەکی گونجاوە بۆ دەرکەوتنی چەمکی چارەنووسی هاوبەش، کە بەرجەستەبوونی یەکێتی ئەم چەمکانەیە، بەڵام بەدرز کەوتنە سروشتی ئەم پەیوەندییانە ئەم کولتورە هاوبەشەش زیانێکی زۆری بەرکەوت و تووشی لاوازی و دەردی دژواربوو، هەتا ئەوەی کۆمەڵە لێکدابڕاوەکان لە ئەنجامی ئەم ملاملانێیانە نەیانتوانی خۆشیان بپارێزن، لەلایەکیترەوە دەرکەوتنی ئەم ململانێیانە کە مۆرکی توند و تیژی دژواری وەرگرتووە لە زۆربەی کاتەکاندا، بەهۆی دەمارگیری ئاینزایی و دەستتێوەردانی دەرەکییەوە، هەرێمەکەی بەرەو ڕێی بێچارەیی و داخرانی هزری و دواکەوتنی شارستانی برد، ڕووداوەکانی پێنج سەدەی دوایی باشترین نمونەن بۆ ئەم ڕاستیە.

ئەوەندەی کە ئەم گەلانە بەڕێی ڕەتکردنەوەی کولتورە دەرەکی و بیانییەکان بە کۆمەڵگاکانیان هەوڵیانداوە خۆیان بپارێزن، لە هەمان کاتدا ئەوەندەش دەرگاکانی پێشکەوتن و گەشانەوەیان لەسەر ئەم کۆمەڵگایانە کلۆم کردووە، ئەم داخرانەش بۆتە توخمێکی سەرەکی لە دواکەوتنی هەرێمەکەدا و دواخستنی کولتوورەکان، وەك ئەنجامی دەرفەت نەدان بە دیالۆگی نێوان ئەم کولتوورانە و کولتوورە دەرەکیەکان، ئەمەش کە مۆرکی دواخستنی خستە سەر کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەرێمەکەی کرد بە قەڵایەکی سەخت بۆ ئەم دواکەوتن و کۆنەپارێزیە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە لەوەدا، کە چەمکە دیموکراسیەکان نەیاتنوانیوە لەم هەرێمەدا ڕیشە بکوتن لە پاڵ کردنەوەی دەرگا بۆ هەموو جۆرەکانی دەست تێوەردانی دەرەکی، ئەمەش وێرانکاری گەورەی لێکەوتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبوو, بەتایبەتی لەسەدەی 16ی زاییندا، کە ڕۆژهەڵاتی ناوینی ڕاکێشایە دەهالیزەکانی دواکەوتن و تاریکی, لەگەڵ ڕەتکردنەوەی دینامیکیەتی گشتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، کە بەتەواوەتی لەدەستدرا لەم هەرێمەدا و ڕێی بۆ

بێچارەیی کردەوە و بووە شێوازێکی ژیان لە هەرێمەکەدا، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە دواکەوتنی هۆشیاری ئایینی، بە قاڵبە نەگۆڕەکانیەوە, بووە مایەی ئەوەی هەرێمەکە بچێتە ناو سەدەکانی تاریکییەوە, بەڕێی دابڕانی تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی ئەو دەوڵەمەندیە کولتوریە, لە هەموو پەرەسەندنە دەرەکیەکان. ئەو تاریکیەی کە شایستەی ئەم گەلانە و مێژووی دێرین و درێژیان نییە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان, گەیاندبوویە ڕیزی پێشەوەی شارستانیەکان، بەڵکو پێشەنگیان.

## ه- کاریگەری ئاین لە سەر مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوین:

**ئاین یەکێکە لە کۆنترین شێوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی کە لە سەردەمە کۆنەکانەوە دەرکەوتووە, ئاین لە گەوهەریدا ئاماژەیە بە گرێدانی نێوان مرۆڤ و (ڕەها), واتە گرێدانی نێوان مرۆڤ و جیهانی نەبینراو بە گشتی,** کاتی باسکردنیش لە کاریگەری ئەم ئاینانە لە سەر مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوین, دەبێ توخمەکانی ئاین ڕەچاو بکرێت. توخمەکانی ئاین ئەو پێکهێنەرە سەرەکیانەیە کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە سەر ئەم مرۆڤە هەیە, ئەم توخمانەش بریتین لە :

1- **هزر و باوەڕییە ئاینیەکان** .

2- **هەست و سۆزە ئاینیەکان** .

3- **سروتە ئاینیەکان و پەرستن کارێکان** .

ئاین هەر لە سەرەتاوە خاوەن خەسڵەتێکی (ئینتیباعی) بووە, چونکە توخمێکی کاریگەر بووە لە کاریگەری کردنە سەر کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان. شێوەی جیاوازیشی وەرگرتووە بە پێی سروشتی ئەم یان ئەو ئاینە. لایەنی گرنگ لە ئایندا, لایەنە تیۆریە (غەیبییەکەیەتی), واتە کۆی پەرەسەندنەکانی خواکان و پەریەکان و شەیتانەکان ..هتد. هەروەها دەربارەی ژیان و جیهانەکانی تر و تێڕوانینەکانی تریش کە وەك بنچینەیەك دەچنە ناو پێکهاتە مەعنەوییەکانی مرۆڤەوە, وەك ئەوەی بەڵگەنەویست بن, بەو پێیە دەبێتە بەشێك لە بیرکردنەوە گشتییەکانی و هێڵە هزریەکانی کە گفتوگۆ هەڵناگرێت.

زانستی تیۆلۆژی (-theolagy–لە یۆنانیدا واتە"زانست یان لیکۆلینەوە–logos,خوا–"theos"), هەوڵی داوە بۆ گونجاندنی ئەم بیرۆکانە لە گەڵ شێوەی ماددی, ئینجا دەبێتە بەهای وا کە مرۆڤ دەتوانێ بیانکاتە پێودانگەکانی پێوانی هەموو چالاکیە هۆشیارانە و بەئامانجەکانی و دەبێتە ئایدیۆلۆژیا بۆی, میتۆد و شێوازەکانی ئەم ئایدیۆلۆژیایەش هەمان مۆرك وەردەگرێت و دەگۆڕێت بە گۆڕانی ئەم یان ئەو ئاینە.

**باوەڕبوون بە جیهانی تر و هێزە نادیارەکان, ناوکی ئاین و گەوهەرەکەی پێك دێنێت.** چونکە لە هۆشیاری ئاینیدا, جیهان وا دیار دەکرێت یان دەبینرێت, کە بۆتە دوو جیهان, یەکەمیان دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت "ماددیە" .ئەوی تریشیان هەستی پێ ناکرێت و نابینرێت, بەڵام زاڵە بە سەر ڕاستینە مادیەکەدا و زاڵە بە سەر شێوازی پەیوەندیەکانی و لە سەر بناغەکەی, ڕاستیان دەکاتەوە, زۆربەی زۆری دامودەزگا تیۆلۆژیەکان لە شیکردنەوەی کرۆکی هەبووندا, بۆ ئەوە دەڕۆن کە هێزێکی سەرەکی هەیە وەك سەرەتای هەبوون, ئەم هێزە هێزێکی ئافرێنەرە (خودی خۆی) و لە هیچی تر نەبووە, بەڵکو ئەم تایبەتمەندیەی تێدا کورت دەکرێتەوە, بەو پێیەی کە ئەو داهێنەرە و ئەوە کە یاسا گشتیەکانی هەبوون و هەموو شێوەکانی ئەرکەکانی مرۆڤ دەکێشێت, واتە ئەوە کە ڕێگا و ئامانج دیاری دەکات بە پێی یاسا تایبەتەکان بە خۆی, لە زۆربەی کاتەکانیشدا ئەم یاسایانە لە خودی خواوە ڕەوایەتیەکەیان پەیدا دەکەن .

لێرەدا پێویستە ئەو ڕژێمانە ڕەچاو بکرێن کە ئەم ئاینانەیان بەکارهێنا بۆ تۆکمەکردنی دەسەڵاتەکانیان, و کردنی بە کۆڵەکەیەکی پشت پێ بەستن, کە پاڵی پێوە دەدا لە جیهانی ماددی خاوەن ئەو بناغە خوداییانەی, ئەزەلییەتێکی ئافرێنەر و داهێنەر و خاوەن هەقێکی ڕەهایە.

دەتوانین نمونەی ئەوەش لە شارستانی ئاشوریەوە وەربگرین, وێنەی سەنحاریب پاشا و خودا ئاشوور, لە سەر مۆر و هەڵکۆڵینە ئاشورییەکاندا دەبیرێت, کە هەمان بەرگیان پۆشیوە و هەمان شێوەیان وەرگرتووە لە وێنەکاندا, بەڵام لە شارستانی بابلیدا دەتوانین میلەکەی حامورابی ببینین و لە سەروو میلەکەشەوە چۆن خوا شمش کۆپیەکی یاساکان بە حامورابی دەدات, ئەم یاسایانەش ئەوانەن کە لە سەر میلەکە نوسراونەتەوە, واتە لێرەدا یاساکان هێزێکی

**خوداییان داوە. بەو پێیەش کە ئاین کۆنترین شێوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتیە وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کردبوو, ئیدی هەموو ئایدیۆلۆژیا باوەکان مۆرکێکی ئاینی هەبووە, بەمەش ئاینەکان جیهانی سروشتی ماددەیان بە خەسڵەتێکی غەیبی ڕەنگ کردووە, هەتا دەگاتە پەیوەندیە ئابوری و سیاسیەکان.**

کارەساتەکان ڕوونادەن بە توڕەبوونی یەکێك لە خواکان نەبێت, هەروەها سەرکەوتن پێك نایەت بە پشتیوانی یەکێك لە خواکان نەبێت, بەوەش خواکان بوونە خاوەن هەموو تواناکان. چونکە فەرمانڕەوای ڕەهایە. ڕووشدەدات جاربەجار هەندێ لە خواکان دەست لە کاری خوای گەورە وەردەن, بەڵام کاری خوای گەورە هەر خەسڵەتی تایبەتمەند بوون و کاریگەری گشتی دەمێنێت لە کاردا, هەتا بەسەر خواکانی تریشەوە, لەسەر بناغەی ئەم ڕەهایەتیەش کە مرۆڤەکان خستویانەتە سەر کارەکانی تاکە خودا یان کۆمەڵە خودایەك کە بە ڕەوشە سروشتیەکەی جگە لە ڕووکارێکی ئەم خودایە یان بەرجەستەکردنی یەکێك لە خەسڵەتەکانی هیچی تر نەبووە, لێرەشەوە بە گوێرەی ئەوە بەرێوەدەچێت کە خودی خودا و بە پێی ئەم ئیرادە ڕەهایە, بڕیاری لە سەر داوە و تاوتوێ کردنی ماهیەتی خواکەیشی حەرام کردوە, ئەمەشە کە دامەزراوەکانی پەرەسەندنە ئاینیەکان بەرجەستەیان کردووە و ئەم خەسلەتانەیان هەیە :

1-نەبینراوی لە پێچەوانە کردنەوەی جیهانی واقیعیدا.

2-پەسەند کردنی دەستەوەستانی مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەی زاڵێتی بابەتیانەی چواردەور.

ئەم ئاماژانە گەوهەری ئاین پێکدەهێنێت و جیای دەکاتەوە لە تێڕوانینی زانستی, چونکە تێڕوانینی زانستی پشت دەبەستێت بە شیکردنەوە ماددیە بابەتیەکان و دەربارەی ئاشکرا کردنی پەیوەندیەکانی نێوان ئەم ماددانە, هەروەها بابەتی لێکۆڵینەوەکە. ئەم ڕەوش و هەستەش خاکێکی بەپیت بووە بۆ گەشە کردنی ڕەنگێك لە زانستی (غەیبی –زمنی), چونکە ئەم هێزە ڕەهایانە بەستراونەتەوە بە شتێکی ماددییەوە (بەرد یان دار...هتد). بە گوێرەی ئەم باوەڕیەش بیرۆکەی بەربڵاو ئەوە بوو کە ئەو پارچە دارە یان ئەو بەردە شوێنی جێگیربوونی خواکانە یان گونجاوترین شوێنە کە بشێت خوای تێدا بێت. بەم شێوەیە ئەم بەردە خودی تایبەتمەندیە خوداییەکان بە دەست دەخات و لەبەر ئەمەیە کە قوربانێکانیان پێشکەش دەکرێت, چونکە بە سەرچاوەی هێز و چاکە, هەروەها بەسەرچاوەی خراپە و کاولکاریش دادەنرێت.

**لە سەردەمە سەرەتاییەکانی مرۆڤەوە چەمکی چارەنوس ڕیشەی کوتاوە. بە گوێرەی ئەوەی یەکەمین ئافرێنەر خاوەنی مافە لە دیاری کردنی ئەرك و چارەنوسی مرۆڤدا.** بۆیە مرۆڤ هەوڵی نزیك بوونەوەی داوە لەو خوایانە, بە هەندێ یاسا یان تەلیسم کە نەیدەهیشت خواکانی خراپە بچنە ئەو جێگایانەوە کە نە دەخوازرا لێی بن, یان هەتا دەرکردنی ئەو ڕۆحانە یان خودایانە لە جەستەی توشبوانی هەندێك نەخۆشی, لێرەشدا دەتوانین لە سەر شارستانی فیرعەونی نمونەیەك بینینەوە کە لە پاڵ بە خاکسپاردندا (دووای مۆمیاکردن) هەندێ تەلیسمی جادووگەری لە پەرتوکی (مانا) دەخوێنرایەوە, ئینجا هەندێ (پەیکەری بچوك) لە گەڵ مردووەکەدا دەخرانە تابوتەکەی بۆ دەرکردنی ئەو ڕۆح یان کەسە ناحەزانەی دزەیان کردۆتە ناوی, ئەوەش بۆ دابین کردنی حەوانەوەی هەتاهەتایی فیرعەونە کۆچ کردووەکە.

**لە هەموو ئەوانەی پێشەوە دەتوانین ببینین کە مرۆڤ لە ژێر ئەم کاریگەریانەدا بەردەوام ملکەچی هێزە دەرەکیەکان بووە, کە دەتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ کاری لێ بکەن, بەڵام دەروونی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی خەسڵەتی ڕەهایی تێدا نییە و زۆربەی کاتەکان ئەم هەستکردن بە دەستەوەستانییەی خود, دێوانەیی مەزن بوونیشی لە گەڵدا بووە.** نمونەی ئەم هۆشە خەیاڵیەش لە ڕاستیەکەیدا بە شوێن بناغەیەکدا دەگەڕێت بۆ پشتیوانی کردنی خودی مرۆڤانە, لە خودی بابەتەکانی خواپەرستیدا, نەك لە گۆڕەپانی چالاکی واقیعی, کە ئامانجێتی هەلومەرجی هەبوونی مرۆڤانە ئازاد بکات. بە واتایەکی تر لە دۆخی هەبوونی هەڕەشەیەك یان شتێکی ناحەز مرۆڤ پەنای نەدەبردەبەر گۆڕینی ڕاستینەی ژیانکراوی بە ڕێی مامەڵە کردن لە گەڵ دەرئەنجامە ماددیەکان.بەڵکو پەنا بۆ ئەم هێزە ڕەهایانە دەبات بۆ لابردنی خراپە, یان بۆ لابردنی شتە نەخوازراوەکانی ژیانی خۆی. بە ڕێی سازکردنی هەندێ لەو سروتانەی کە باوەڕی بەوە بووە, ڕاستینەکەی دەگۆڕێت یان یارمەتیدەر دەبێت لەگۆڕینیدا, لێرەشدا یەکەمین ئەرکی ئاین دەردەکەوێت لە کۆمەڵگادا, کە ئاین ڕۆڵی یارمەتیدەر دەبینێت و یارمەتی مرۆڤ دەدات لە کۆتایهێنان بە ناکۆکیە ژیانێکانی بە پشت بەستن بەم هێزە نادیارانە, پشت بەستن بەم هێزانە کە لە دەرەوەی چێوەی ڕاستینەی دەست لێدراوی مرۆڤن, بووە مایەی پەیوەست بوونی توندی مرۆڤ بەم هێزانەوە, چونکە بەلایەوە بووە نوێنەری سەرچاوەی چارەسەریەکان, بەو پێیەش کە ئەم هێزانە ملکەچی مرۆڤ نین, بەڵکو بە پێچەوانەوە, هێزی کاریگەرن لە سەر مرۆڤ, بۆیە شێوازی پەیوەست بوونەکە پێویستە شێوازێکی گونجاو بێت لە گەڵ ڕاگەیاندنی پەسەند کردنی ئەم هێزانە وەك توخمێکی ڕەهای خاوەن هێزی لە ڕادەبەدەر. بەڵکو باوەڕکردن بە هەبوون و کاریگەرییان وەك ئەوەی ڕاستینەیەکی دەست لێ بەرنەدراو بێت.

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دەرکەوتنیدا, ئاین ئەرکێکی پێشکەوتنخوازانەی ئەنجامدا, چونکە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دەدایەوە کە لە خەیاڵی مرۆڤدا دەهاتن و دەچون, بەمەش وەك ئایدیۆلۆژیا مرۆڤ تێر دەکات, هەروەها ئاین هەڵدەستێت بە دابین کردنی پێویستیەکانی مرۆڤ لە قۆناغێکدا, بەڵام پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەردەوام ڕۆڵی هەبوو لە دەرکەوتنی ئالۆزی نوێدا, و

ئیدی پێویستی کردنەوەی ئەم ئالۆزیانە دەردەکەوێت, بە هۆی ئەو قاڵبە تیۆریەی ئاین وەریدەگریت (لە بەر ئەوەی دابینکەری پێویستیەکی کۆمەڵایەتی ڕابردووە),ئەوا ئەم ئاینە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی لە تواناداا نابێت و دەچێتە قۆناغێکی پاشکەوتن و سەرنشێو بوونی هزری. لێرەشدا مرۆڤ پەرت دەبێت لە نێوان ئەوەی کە وەك ڕاستیەکی باوەڕپێکراوە لە لای و ڕووبەڕووبونەوەکانی ڕاستینەی ژیان کراو.

**ئاینەکان بە شێوەیەکی گشتی و بە گێڕانەوەی هێزی ڕەها بۆ توخمی نەبینراوی بەدەر لە بازنەی ماددی مرۆڤ, بە شێوەیەکی گەورە بەشداربووە لە گەشەکردنی توخمەکانی کەمی خودی مرۆڤانە, جگە لە وانەی کە زۆر نایابن, چونکە هەندێك لە ئاینەکان ئەم هێزانایەنان گێڕاوەتەوە بۆ خودی مرۆڤ وەك ئاینی (زەردەشتی و مانێتی)**. وەك پێشتریش باسمان کرد ئاینەکان دابین کردنی داواکارێکانی کۆمەڵگاکان و ناکۆکی و ململانێکانین لە هەموو بوارەکاندا. لێرەدا دەکرێت خاڵێکی تریش دیاری بکرێت, لە بەر ئەوەی کۆمەڵگا کۆنەکان تەنها ڕەنگێکی هۆشیاریان زانیوە و ئەویش هۆشیاری ئاینیە, بۆیە مۆرکی سەر ژیانی کۆمەڵایەتی مۆرکێکی ئاینیە. ئاین هەموو گرێدانە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکانی ڕێکدەخست و بە پێی پێویستی لە گەڵی دەگونجا, کاتێکیش پێویستی نوێ ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە و ئاین یان خواکانی ناتوانن دابینی بکەن, هۆشی مرۆڤانە پەرت دەبێت لە قوڵاییەکانی غەیبیەت یان توڕەبوونی خودایی یان هەر هۆکارێکی تری بە دەر لە ئیرادەی خۆی و ووزە ماددییەکانی. لەم قۆناغەشدا دەتوانین ببینین کە هەندێ قوربانی بەخشین و نزیك بوونەوە ناسراوەکان لەو کاتانەدا, هەندێ سرووتی دەسەپاند کە باوەڕمەند پێی نزیك دەبێتەوە لە بابەتی خواپەرستی, بە شێوەیەك لە سام و ملکەچی بۆ ئەو هێزە تێکشکێنەرانە, تا ڕازییان بکات. هەر سێ ئاینە سەرەکیەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا باشترین بەڵگەن بۆ ئەمە, چونکە دەبینین شوێنکەوتووانی ئاینەکانی جوویی و فەلەیی و ئیسلامی, بە هەموو جۆرەکان لە خودا نزیك دەبنەوە, بەڵام بە هەموو ماناکانی ملکەچی بۆ ئەو هێزە دەرەکیانە, بۆ نمونە ئەمەش دەهێنینەوە:

کەسێتی یەهودی کەسێتیەکی ئاینیە و بەم مۆرکە مۆرك کراوە. ئاینی یەهودی ئاینی شەڕ و هەڵچوون و شۆڕشە و بۆ دابین کردنی پێویستی یەهودیەکان بە ڕزگار بوون لە فیرعەونەکان دەرکەوت کە لەو کاتەدا چینی فەرمانڕەوا بوون, یەهودییەکانیش ئەم خەسڵەتەیان لە ئاینەکەیانەوە وەرگرت, چونکە هەبوونی کۆمەڵایەتی هۆشیاریەکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو دەئافرێنێت و بە ڕۆڵی خۆی, کار لە هەبوونی مرۆڤانە دەکات, بۆیە کۆمەڵگا یەهودیەکان وەك لایەنەکانی ڕێکخستنی و سیاسی و ئابوری ئەم شێوەیەیان وەرگرت.لەناو کۆمەڵگای یەهودیدا دەست گرتنەوە لە خەرجی و زیادەڕۆیی نەکردن ڕیشەی کوتا, هەر کەسێك لە سادەترین پێویستیەکانیشی دەستی خۆی دەگرێت, لە کاتێکدا کە ئەو پارە و سامانانە بە پەرستگاکەی دەبەخشێت, هەتا دوا ناکەوێت لە خۆفیداکردن لە پێناو ئەو باوەڕییەدا, هەروەها کەسێتی یەهودی بەردەوام لە ژێر فشاری چەوساندنەوەدا ژیاوە بەو پێیەی گەلێکی دەربەدەر و ستەم لێکراون, لەپاڵ ئەوەدا کە ئەم کەسێتییە گۆشەگیرە لە دەرەوەی کۆمەڵگا یەهودیەکان, بەڵام لە ناوەوە کەسێتیەکی بە ڕێکخستنە و وەك بناغەیەك بۆ خۆی باوەڕی بە کاری ڕێکخراو و کۆمەڵکارییە. هەروەها کەسێتی یەهودی تایبەتمەندی ڕەگەزپەرستی و توند ڕەوی هەیە و ئەوەش لە کاریگەریە ئاینیەکانەوە هەڵقوڵاوە,چونکە بە باوەڕی ئەو (گەلی هەڵبژاردەی خوایە) واتە بە باشتر دانراو, وەك ئەنجامی کارلەیەك کردنی ڕەوتی ئاینی توندڕەو لە گەڵ ڕەوتی نەتەوەیی ڕەگەزی, مرۆڤی یەهودی ئەم خەسڵەتەی هەیە, لە پاڵ خەسڵەتی تریش کە لە دایك بووی کارلێکردنی ڕەوتی ئاینی لە گەڵ ئەو ڕەوتە مرۆڤایەتیانەی تر کە پەیوەندیدارە بە ڕاستینەی مێژوویی و ئابوری یەهودەکانەوە بە درێژای سەردەمەکان, بە گشتی ڕەوتی موسایەتی ڕاستەوخۆیانە کاری لە مرۆڤی یەهودی کرد و ئەم مرۆڤە هەموو تایبەتمەندیەکانی توند ڕەوی و دەمارگیری و هەستی لە خۆ ڕازی بوون و دێوانەیی لە ڕادەبەدەری مەزن بوونی وەرگرتووە.

بەڵام ئاینی کریستیانی ڕووکارێکی نیانی و باشی و ئاشتیخوازیەکی زیاتری خستۆتە سەر تاکەکانی, چونکە ئاینی کریستیانی هەڵگری ئەم مۆرکەیە لە گەوهەریدا, سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییەی کە پاش مەسیح ڕوویدا و دوای ئەوەی کە وەك ئامرازێك بۆ بەردەوام کردنی دەسەڵات بەکارهێنرا, بەڵام لە پاڵ ئەوەدا مرۆڤی کریستیانی مرۆڤێکە بە شێوەیەکی گەورە پەیوەستە بە کڵێسەوە, بە تایبەتیش ئاینزا کاتۆلیکیەکەی, بەڵام ئاینزای پرۆتستانی مۆرکی چاکسازی و نزیك بوونەوەی زانستی سنوردار لە ئاین, زاڵە بە سەریدا, بە هۆی سروشتی دەرکەوتن و گەشەکردنی ئاینی کریستیانیەوە کە هەندێ پەیوەست بوونی کۆمەڵایەتی بە ئەندامەکانیدا, بە تایبەتیش لە نێوان ئەندامانی تاکە ئاینزایەکدا, دەتوانین بەڕێی ئەوە هێزی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی ببینین, چونکە ئاینی کریستیانی ئاینێکی موژدە بەخشە و هەنگاوێکی ناوەنجی و هەوڵێکە بۆ دووبارە گێڕانەوەی خواکان بۆ زەوی, واتە سەرلەنوێ ڕێ بکاتەوە لە بەردەم بەرزبوونەوە خوداییەکان لە ناو مرۆڤدا و لە چێوەی ماددی و گەوهەریدا.

بە هۆی ئەم جیاوازیە گەورەیە لە نێوان میتۆدە ئیدیۆلۆژیەکانی یەهودێتی و کریستیانێتیدا دەتوانین ببینین کە کریستیانێتی تا ڕادەیەك لە ئاینی یەهودێتی نزیك ترە لە زانستی بوونەوە. بەراورکردنی مەسیح بە خودی خودایی شتێکی شیاوە لە گەوهەری ئەم ئاینەدا, بۆیە مرۆڤی کریستیانی زۆر بە توندی یەهودەکان و ئەوەی دەینوێنن ڕەتدەکاتەوە, ئەوەش هەر لە بەر درێژبوونەوە ئاینیەکەی, چونکە هەر ئاینێك درێژ بوونەوەی ئاینێکی ترە لە گەڵ پەسەند کردنی هەندێ لە پرەنسیپەکانی و ڕەتکردنەوەی ئەوەی دەمێنێتەوە.

ئێستاش با بێینە سەر ئاینی ئیسلام بەو پێیەی کە زیاترین کولتورە کاریگەرەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا نوێنەری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی گەورە بوو, چونکە ئاینی ئیسلام هۆشیاری داواکاریەکانی کۆمەڵگاکان و پێویستیە گشتی و تایبەتیەکانی و وورترین ووردەکارێکانی چواردەوری بوو. ئیدی بە شێوەیەك هات کە زۆری نەمابوو بێ کەم و کوڕی بێت لە فەراهەم کردنی ئەم داواکارییانەدا. بۆیە هەنگاوێکی گەورەی بە هەرێمەکە هەڵهێنایەوە بەرەو پێشەوە, بەڵام پێدەچێ شۆڕشی کۆمەڵایەتی, هۆشیاری خۆی بێت لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا بە ڕێی هۆشیاری ئاینی, بەلاَم ڕێ ڕۆیشتنی دواتری, گواستنەوە بۆ شێوەی پیشکەوتووانەتر دەسەپێنیت. بەڵام ئاینی ئیسلام ئەم نەرم بوونە پێویستەی نییە بەهۆی ئەوەوە کە بە قاڵبەکان سنوری بۆ دانراوە, ئەم قاڵبانەش هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی بە ووردترین ووەدرکارێکانیەوە دیاری دەکات. ئێمە لێرەدا گومان ناخەینە ڕاستی ئەو قاڵبانە لە سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلامدا, بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو قاڵبانە داواکاری قۆناغەکە بوون و هەبوونی خۆی سەپاند بۆ ژیاندنەوەی هەرێمی عەرەبی بە تایبەتی, بەو پێیەی دابین کردنی پێویستیە تایبەتەکانیانە.

**ئیسلام بە تاییەتی بە هەنگاوی زۆر خێرا, هەنگاوی بە عەرەب هەڵهێنایەوە لە قۆناغی جاهیلیەتەوە بۆ قۆناغی دەرەبەگایەتی و سەردەمی شارستانی. بە شێوەیەك کە موسڵمان لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا لە توانایدا نەبوو هەموو ئەو پەرەسەندنانە و بە شێوەیەکی ڕاست هەزم بکات. چونکە بە سەریدا دەسە پێنرا زیاتر لەوەی کە لەو گۆڕانکارییانە تێبگات یان هەزمی بکات.** لە ئیسلامدا یەکەمین پرەنسیپەکان کە دەبێت پەسەند بکرێت ووتنی (خوا تاکە و بێ هاوبەشە), پەسەند کردنی ئەم پرەنسیپە وەك بناغەیەك بۆ ئاینی ئیسلام دەربڕی کاردانەوەیەکی سیاسی بوو لە بەردەم ئاینی پێشتری ئیسلام واتا کریستیانی, چونکە ئاینی ئیسلام مەسیحی بە ڕۆحی خوا یان ووتەیەك لە لای خواوە دانا, بەڵام باوەڕی باو لە کریستیانێتیدا ئەوە بوو کە مەسیح کوڕی خوایە و خودی ئەو بەشێکە لە خوای گەورە, ئیسلام هاتوو ئەم پرەنسیپەی بە تەواوی ڕەت کردەوە و لە مرۆڤی موسڵماندا جۆرێك لە باوەڕی و پەیوەست بوونی دروست کرد بە تاکە خودا کە هیچ کاتێك چواردەوری نادات و هیچ جێیەکیش نایگرێتە خۆی, واتا ئیسلام خودای گەڕاندەوە بۆ جیهانی نەبینراو, بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان و لە جێیەکدا داینا کە بە چاو نابینرێت و بەم پێیەش ئامرازە ماددیەکەی پچڕاند, و بێگومان بوون لە هەبوونی خودی خودایی, ئەم دابڕانە و سەپاندنی خۆبەدەستەوەدان لە دەروونی مرۆڤی موسڵماندا, بنکەیەکی دروست کرد کەناکرێت شیبکرێتەوە, چونکە هەموو شتەکان دەگێڕێتەوە بۆ ڕەسەنی توانای خودایی و پرسیار ناکات سەبارەت بە سروشتی ئەم توانایە, لێرەشەوە ئیسلام کەسێتیەکی ئافراندووە کە شیکردنەوەیەکی ناتەواوی هەیە, چونکە ئاڕاستەگرتنی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و کەسێتی گشتی ئاڕاستەیەکی ئاینیە و ئەم ئاڕاستە گرتنە ڕۆچۆتە گشت لاکانی ژیانی کرداری, هەروەها **پرەنسیپی کۆیلەیەتی خۆخوازانە هەیە**, کە ئیسلام وەك بناغەیەکی باوەڕ بوون دایناوە, کە وای دادەنێت هەر کەسێك چووە ئەم ئاینەوە, سروشتیانە کۆیلەیەکی تاکە ئافرێنەرە, لێرەشەوە بناغەی پەیوەندیەکە بناغەیەکی کۆیلەیەتیە, و سروشتی ئەم پەیوەندیەش بەکارهێنرا لە لایەنی ڕژێمەکانەوە کە دوای پێغەمبەر دامەزران تا کۆڵەکەکانی فەرمانڕەوایەتی خۆی تۆکمە بکات بە تایبەتیش کە خەلیفە بە سێبەری خودا دادەنرا لە سەر زەوی. بۆیە گوێڕایەڵ بوونی ئەو لە گوێڕایەڵ بوونی خوداوە دێت, واتا موسڵمان زۆر پەیوەستە بەو ڕژێمانەوە کە ناکرێت گفتوگۆ لە سەر بڕیارەکانی بکرێت.

لێرەدا پرەنسیپی خۆبەدەستەوەدان ئاڕاستەیەکی تر وەردەگرێت و ئاین کار دەکات بۆ کۆتایهێنان بەو ئالۆزیانەی لە نێوان چینە چەوسێنەر و چەوساوەکاندا دەردەکەوێت, بە ڕەوایەتیدان بە چینە باڵاکان و بە تایبەتیش خەلیفە لە هەموو کردەواکانیدا. چونکە خەلیفە بە فەرمانڕەوای ڕەها دادەنرێت و سەرپشك کراوە بە فەرمانی خودا. ئەمەش بە تایبەتی لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیدا دەرکەوت, ئەم دیاردەیە بە زەقترین شێوەکانی لە سەردەمەکانی دوای سەردەمی ڕاشیدیندا دەرکەوت. کە ناوی خەلیفەکان بەسترانەوە بە ناوی خوداوە, بە تایبەتیش لە شوێن و شارە دورەکان لە ناوەندی سەرەکی خیلافەت لە دورگەی عەرەبیدا. کاتێك لاپەڕەکانی مێژووی ئیسلامی هەڵدەدەینەوە زۆر ناوی وەك:(المقتدر بالله,الحاكم بامر الله,المعز بالله...هتد) دەبینین. ئەمە و زۆر ڕووکاری تریش, زەمینەیەکی بە پیت بووە بۆ زۆر کێشەی ڕاستڕەوانە و چەپڕەوانە, کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا سەریان هەڵدا, بە تایبەتیش لە ئاینی ئیسلامدا, دوای ئەوەی کە لە لوتکەی خۆیدا بوو, و چووە قۆناغێکی نوێوە لە ژێر کاریگەری (نەستی زاهید) بووندا لە لای هەژارانی هندۆس و غنوتسیەکانی میسر و شام, و لیکۆڵینەوە ئەفلاتۆنییە نوێکان لە لای یۆنانیەکان, هەروەها کاریگەری قەشە و موژدەبەخشان کە لە جوگرافیای ئیسلامیدا بڵاو بوونەوە. لێرەدا ئەرکێکی تر بۆ ئاین سەرهەڵدەدات, ئەویش ئەرکی ناڕەزایەتی نیشاندانە دوای ئەوەی ئەرکە سەرەکیەکەی ڕێکخستن و یەکخستن بوو.

تەڤگەری تەسەوف بە تایبەتی لە وولاتی فارسدا سەری هەڵدا, بە هۆی نزیك بوونیەوە لە وولاتی هند, هەروەها لە جوند یەسابور بە کاریگەری ئاینی کریستیانی وئەفلاتۆنێتی نوێ کە لە لایەن ئەو زانایانەی یۆنانەوە دانرابوو کە لە ئەتیناوە هەڵاتبوون بۆ فارس لە (529ز), گەشایەوە. پرەنسیپی سۆفیگەرایی پێیوابوو کە زانینی خودی خودایی ڕەها ناسینێکی جێگیرە لە دڵدا, و بە دابڕانیان بۆ خودا دەتوانن لە گەڵ ئەم خودەدا بەردەوام بن. بەڵام زۆر لە سۆفیگەران هەوڵی گەیشتنە خودایاندا بە ڕێی شتە دەرەکییەکان, و ووتیان گەیشتنە خودا بە ڕێی ناسینی چواردەورەوەیە, چونکە هەموو ئەوانەی لە جیهاندا دەیبینین لە کەمال و جوانی لە بەر ئەوەیە کە خودای تێدایە و لە سەر ئەمە خودا هەموو شتێکە و ئەوان بە ووتنی

(خودا تاكه) ڕاناوەستن, بەڵكو (جگە لەو هەبوویەكی ڕاستەقینە نییە) ی لە سەر زیاد دەكەن, لە سەر ئەم بناغەیە ئەوا هەموو دەروونێك خودە خوداییەكەیە...لەم سۆفیگەرانەش باسی (ئەبو یەزید 900ز) دەكەین كە ووتویێتی (منم خوا..منم هەق...بمپەرستن چونكە جگە لە من هیچ خوایەكی تر نییە). هەروەها (حوسەینی كوڕی مەنسوری حەللاج) كە دەڵێت (منم نقومكەری قەومی نوح...منم لەناوبەری عاد و سمود ...منم هەق), لە سەدەی دەهەمی زاینیشدا كۆڕەكانی سۆفیگەرایی دەستیان بە بڵاو بوونەوە كرد.

**ڕەوتی سۆفیگەری خاوەن ڕۆڵ بوو لە ئافراندنی مرۆڤێكی زۆر دوور لە رووكارەكانی ژیانی ئاسایی و گوێی بەوە نەدەدا كە بەسەری دێت, بە پێچەوانەوە تام لە ئازارەكانی وەردەگرێت چونكە شێوازێكە لە شێوازەكانی نزیك بوونەوە لە خودی خودایی, و لە بەر ئەوەی كە بەهەشت دووا جێی دەبێت.** لە بەر ئەمە ڕژیمە فەرمانڕەواكان هەوڵیاندا بۆ كۆكردنەوەی ئەم تەڤگەرانە لە ژێر سایەیاندا و هەموو ڕژێمەكانی ئاینزای سوننە پەسەندیان كردن, چونكە مرۆڤیان دوور لە گرفتە ڕۆژانەییەكانی سەرقاڵ دەكرد, بە مەش فەرمانڕەواییان تۆكمەتر دەبێت, بەڵام ئەو تایەفانەی لە ژێر پەردەی ئایندا خۆیان شاردبۆوە و سەرەڕای باوەڕیە شۆرشگێڕانە سیاسیەكانیان یان ئەوانەی پاڵنەر بوون بۆ گێرەشێوێنی ڕەوشتی یان یاسایی, زۆر بە دژواری دەستی فەرمانڕەوایانیان بۆ درێژ كرا, لەو باوەڕیانەش (تایەفەی نهێنی ئیسماعیلیكان) و قورمتێكان و ڕاوەندێكان. سەرهەڵدانی ئەم تەڤگەرانە دەربڕی پێویستی گۆڕانكارییە و شكاندنی قاڵبە كۆنەكان بە تایبەتی دوای ئەوەی كە ئیسلام پارچە بوو بۆ هەردوو گەورە ئاینزای سوننە و شیعە. هەموو ئەم پارچەبوونە ناوخۆییانە مرۆڤی بەرەو وون بوونی هزری برد, لە پاڵ هەستێكی سەرسورهێنەر بە تێكشكان و بێ بەشی, ئەوەش ئەنجامێكی سروشتییە, موسڵمان مێژووەكەی و مێژووی باپیرانی بیردەكەوێتەوە ئنجا چاو لە ئێستای دەبڕێت و توشی بێ ئومێدیەكی گەورە دەبێت, كاریگەریەكانی ڕژێمە فەرمانڕەواكانیشی بچێتە سەر, كە كردوێتیە پاشكۆ بە شێوەیەكی نیمچە تەواوەتی, هەتا بە شێوەیەكی تەواو سەربەخۆیی هزریشی نییە. بەڵكو سەربەخۆییەكی سنورداری هەیە و بە سنور و چێوەكانی ئەو ڕژێمانە سنوردار دەكرێت, ئەمەش كە وا لە هزر دەكات بەر بە گۆشەگیری و هەستكردن بە بێ باوەڕی بڕوات.

ئاینەكان لە سەرەتای دەركەوتنیاندا ڕۆڵێكی شۆڕشگێڕانەیان بینی لە كاركردنە سەر مرۆڤ و كۆمەڵگا, بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ڕەوشی ئابوری و كۆمەڵایەتی و لە گەڵ دەركەوتنی ناكۆكیە ئاینزاییەكان كە ئاینیان لە گەوهەرە سەرەكیەكەی دەرخست, بووە مایەی ئەوەی ئاین ئەركێكی پێچەوانە وەربگرێت, چونكە بە حوكمی یەرێوەچوونی و بەكارهێنانی لە لایەن هەندێ ڕژێم و دەستە و تایەفەوە بووە كۆسپ لە بەردەم پەرەسەندنی كۆمەڵگاكان و ئەم پرەنسیپانە دەبێتە بناغەیەك بۆ رووواندنی تۆی دووبەرەكی و لە یەكدان لە نێوان ئەندامانی تاكە ئاینێكدا و لە نێوان ئاینەكانی تریشدا.

گەورەبوونی فشاری كۆمەڵایەتی لە سەر تاكە كەس لە لوتكەی فەرمانڕەواوە لە سەر بنكەی فەرمان بە سەردراوەدا, بووە مایەی سەرهەڵدانی ڕەوتی هزری تر, وەك تەڤگەری (جەبری, قەدەری) كە چالاكی مرۆڤ لە مێژوودا دەگێڕێتەوە بۆ كردەی هێزی لەڕادەبەدەری نادیار, یان بۆ بونیادی بۆماوەی مرۆڤ. پەرەسەندنە مەترسیدارەكانی ئەم تەڤگەرانە و بڵاو بونەوە بەرفراوان و خێراكەی لە هەموو لاكانی هەرێمەكەدا وای كرد چێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی و بە شێوەیەكی گشتی بە ڕەوشەكانی هەستكردن بە تێكشكان و ڕەش بینی كۆمەڵایەتیەوە بناڵێنێ, **چونكە مرۆڤی (چارەنوسی) مرۆڤێكی ڕەش بینە و بێ باوەڕە بە ئاینەدە و بە تەواوەتی خۆی بە دەست چارەنوسی ئێستایەوە داوە.هەتا خۆشی دەخاتە ڕاژەی گەشەدانی ڕیسای گشتی ئەم ڕەوتە, و بەشدار دەبێت لە پەروەردەكردنی دەروونی كەسانی تر تا ئەم پرەنسیپانە پەسەند بكەن.**

سەبارەت بە ڕەوشی ژنیش بەو پێیەی كە نیوەی كۆمەڵ و رووەكەی تری ڕەگەزی مرۆڤە, دەتوانین كە هەڵویستی ئاین, بەرامبەری بەم شێوەیە كورت بكەینەوە: **هاتنی ئاینی یەهودی وەك لێدانی دوا مێخ بوو لە تابوتی دەسەڵاتی مێینە لە هەرێمەكەدا.** چونكە لە پێویستیەكانی ئاین بوو كە هەندێ كۆت و بەند بسەپێنی بە سەر ڕەگەزی مێینەدا وەك كۆتە كولتوریەكان و پەروەردە, لەم ئاینەدا ژن بە یەكەمینی نەمایەوە وەك چۆن وابوو لە سەردەمی عیبرانێكاندا كە ڕەسەنی یەهودەكانن. نەریتەكانی كۆمەڵگای یەهودی نەوەكان بە ڕێی مێینە دیاری دەكات, بەڵام ئەو میراتگرەی باوكی ناسراو و دیاری كراوە لە بەڵگەكانی پەرستگادا. لە پەرتوكە یەكەمینەكانی یەهودەكاندا(عەهدی كۆن و تەورات) گەورەترین شێوەكانی ستەم بە ژن گەیشت, جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز لە تروپكیدا بوو, بۆ خستنی ئەفسانەی مێینە زۆر ئەفسانە تازەكرانەوە كە ڕەوایەتی بەو ستەمە كۆمەڵایەتیە دەدات, لەو ئەفسانانەش (ئەفسانەی ئافراندنی یەهودی) كە دەڵێت: (ئادەم گیاندارێك بوو و شوێنیشی بەهەشت بوو و كاتێك بێزاربوو لە بەتەنهایی ژیان بە سەر بردن, كاتیك لە خەودا بوو "یەهوە" هات و یەكێك لە پەراسووە چەماوەكانی برد تا حەوائی لی بئافرێنێت), بە پێی مانای ئەم ئەفسانەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە حەوا لە ئاینی یەهودیدا پارچەیەكی بچوكە لە ئادەم, بۆیە ئەو ڕەسەنەكەیەتی و ئەمیش پارچەیەكە لێی و پاشكۆیەتی. هەروەها (ئەفسانەی هەڵەی یەكەمین) هەیە و دەڵێت: (مار هەوڵیدا كە وا لە ئادەم بكات لەو دار سێوە بخوات كە خوا قەدەغەی كردبوو لێیان, ئەویش ڕەتی كردەوە, ئنجا وەردەگەڕێتە لای حەوا و ئەویش سێوەكەی لێ وەردەگرێت و دەیداتە ئادەم و پێكەوە لێی دەخۆن, بەمەش هەڵە و تووڕەبوون و سزا ڕوودەدات, ئنجا دابەزین لە بەهەشتەوە بۆ زەوی...هتد) لێرەدا بەشێوەیەكی زەق ئاڕاستەی

گشتی کۆمەڵگای یەهودی دەبینین لە بە تاوانباردانانی ژندا بەوەی کە وەك سەرچاوەی هەڵە و ئەشکەنجە دایدەنێت. هەر لێرەشەوە دەتوانین هەندێ لایەنی سەرەکی فام بکەین دەربارەی ژن لە ئاینی یەهودیدا و چۆنیش کراوەتە نیشانە. بەڵگەش لە سەر ئەوە تا مێژوویەکی نزیك هیچ باسێك لە ڕۆڵی ژن نەکراوە, هەرچەندە بچوکیش بێت. ژن لە چوارچێوەی ئاینی یەهودیدا لە هەلومەرجی چەوساندنەوەیەکی زۆر گەورەدا ژیاوە و سادەترین مافە مرۆڤایەتیەکانی لێ قەدەغەکراوە, چونکە پاشکۆی پیاوە و مافیشی نییە گلەیی لەوە بکات.

**بەڵام قورسای ئاینی کریستیانی کەمتر بوو لە سەر ژن بە هۆی ئەوەوە کە ئەو ئاینە زۆر لە نەریتەکانی خۆی لە ئاینی عەشتاریەوە وەرگرتووە, ( دایك و باوك ) ( عەشتار و تەمموزن ). هەتا سیمبوڵی خاچ ( کە سیمبوڵێکی پیرۆزە لە ئاینی کریستیانیدا ) یەکێکە لە سیمبوڵەکانی عەشتار وەك لێکۆڵینەوە ئارکیۆلۆژیە نوێکان سەلماندوویانە,** لێرەدا ئەوەی گرنگە بۆمان هەبوونی هەندێ کەمبوونەوەی ئەو فشارەیە کە ئاینی یەهودی خستبویە سەر ژن, لە گەڵ زانینی ئەوەدا کە کریستیانیش ڕۆڵیکی پێشکەوتنخوازانەی بە ژن نەداوە لە کۆمەڵگادا, هەتا مەریەمی دایکی عیسا پیرۆزیەکەی لە پیرۆزی خودی حەزرەتی عیساوە دەهات بەو پێیەی هەڵگری خودە خوداییەکەیە, ئەم ژنە لە ئینجیلدا زیاتر لە چوار جار باس نەکراوە لە چوار جێی جیاواز و نێگەتیفدا, و لەوانەدا جگە لە لاواندنەوەی کوڕە لە خاچدراوەکەی بە دەستی یەهودیەکان هیچی تری پێ ناکرێت.لەم پێگەیەشەوە شتێکی نوێی بۆ ژن نەهێنا , و ژن بەهای مەعنەوی کۆمەڵایەتی نییە کە دەبوو هەیبا بەڵکو بە پێچەوانەوە خستیە پەراوێزەوە و بە جادووگەری تاوانباری کرد و زۆرن ئەوانەی بەو تاوانە سوتێنراون. ژن لە ئاینی کریستیانیدا ژنێکی نێگەتیفە و لەتوانایدا نییە چارەسەری گونجاو بدۆزێتەوە, ڕەگەزێکی کاراش نییە, ئامرازێکە بۆ ئارەزووەکانی پیاو, تاکە ماف کە بە ژن دراوە ئەوەیە کە پیاو تێرخواردنی بکات و مافی راهیبێتی و بێگەردبوونیشی هەیە.

**کاتێك ڕۆڵی ژن دەنرخێنین لە ئاینی ئیسلامیشدا پێویستە لە سەرمان ئەو هەلومەرجە کۆمەلایەتییە مێژووییە ڕەچاو بکەین کە ئاینی ئیسلامی تێدا دەرکەوت لە دورگەی عەرەبیدا** , و ئەو گۆڕانگاریيانەی ئیسلام تێیدا کردی بە بازێکی بەرفراوانی مێژووی دادەنرێت بەرەو پێشەوە, ئێمەش کاتێك کە ئەم بۆچوونە دەردەبڕین پشت دەبەستین بە ڕۆحی ئیسلام و ئەو گەوهەرەی کە لە قورئان و ووتەکانی پیغەمبەردا باسکراون. ئیسلام ئاستی ژنی بەرزکردەوە, و لەوە دەریخست کە ئامراز و سەرچاوەی هەڵە بێت کە ئاینەکانی پێشتر بانگەشەیان بۆ دەکرد, و ئیسلام بەهەشتی خستە ژێر پێی دایکانەوە, و زیندەبەچاڵکردنی کچانی حەرام کرد و ئازادی پەسەند کردن و ڕەتکردنەوەی پێدا لە هاوسەرێتیدا, و مافی داواکردنی جیابوونەوە و فەرمانی دادپەروەریدا بۆی و زۆر مافی تریش کە لە یاسا و ڕیسای ئیسلامدا هاتووە, بەڵام لە بەرئەوەی کە ڕەوشی گشتی لەو چاکسازیە زیاتر دەرفەتی نەدەدا, و خراپ بەکارهێنانی ڕژێمە ئیسلامیەکان, هۆکارێکی سەرەکی بووە لە دواکەوتنی ژن و خراپ بوونی ڕەوشە کۆمەڵایەتیەکەی بە شێوەیەکی گشتی, چونکە بە شیکردنەوەی زۆربەی ئایەتەکانی قورئان بە گوێرەی هەندێ کەسانی خاوەن بنکەی جەماوەری توانیان ئەو ئایەتانە بەکاربهێنن بۆ فراوان کردنی مەودای نێوان هەردوو ڕەگەز بۆ نمونە ئەم ئایەتە (و قرن فی بیوتکن و لا تبرجن تبرج الجاهلیە الاولی) هەندێك وایان شیکردەوە کە جێی ژنماڵە, بە گوێرەی ئەمەش پێویستی بەکارکردن نییە و فەرمانێکی وای پێنەدراوە,بەڵکو کارەکەی تەنها ماڵەکەی دەگرێتەوە کە پێویستە سنورەکەی نەبەزێنێت, بەمەش بە کۆتی قورس ژنی کۆت کرد لە پاڵ کۆت و بەندە کۆنەکان, لە گەڵ زانینی ئەوەشدا کە ئاینی ئیسلامی کارکردنی ژنی قەدەغە نەکردووە لە کاتێکدا کە پێویست بێت. هەروەها لەم ووتەیەدا کە دەڵێت (ژن کەم ئاوەز و ئاینە),وەك کەمی ئاوەزی ژن, دەبینین کە گەواهیدانی پیاوێك بەرامبەر گەواهیدانی دوو ژنە, وەك کەمی ئاینیش دەبینین کە بە تەواوی لە مانگی ڕەمەزاندا بە ڕۆژوو نابێت بە هۆی سروشتە بایلۆژییەکەی, هەروەها بەشە میراتێکەی وەك بەشی پیاو نییە, هەروەها چەمکی بێ هەڵەیی و جیابوونەوە و زۆر شتی تر, لێرەدا دەبینین کە **ئیسلام سەبارەت بە ژن هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە, بەڵام ژن لە سنورێکی زۆر تەسکدا مایەوە کە ناتوانێ ڕەگەزێك بێت لە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگادا, بۆیە دەبینین کە ژنی موسڵمان لە ژێر فشارێکی دووقات بووی کۆمەڵایەتیدایە**, بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کە ناوەندی ململانێی گەورەی جیهان دەنوێنێت لەم کاتەدا.

چەمکی چارەنوس کاریگەری زۆر خراپی لە ژن کرد, چونکە ئیسلام تا هەتا هەتایە کۆتایی بەو چەمکە هێنا کە ناونراوە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز, بەو پێیەی کە دوا ئاینە و موحەمەدیش دوا پێغەمبەرە, ژن لە ژێر قورسایی ئەم چەمکەدا بووە موڵکی پیاو یان دەتوانێت وای لێ بێت, مافی خاوەنە موڵکیشە کە چۆنی بوێت وا مامەڵە بە موڵکەکەیەوە بکات, لێرەدا ژن لە مرۆڤایەتیەکەی و کەسێتیەکەی داماڵێنرا, و دەکڕدرا و دەفرۆشرا لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا, هەروەها ژن لە ئیسلامدا دەستەوەستانە و ئەم ڕەوشە خراپە پەسەند دەکات. زۆر جار لەو ژنانە دەبینین کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرگری لەم ڕەنسیپە دواکەوتووانە دەکەن, هەروەها هەموو جەستەی ژن نەنگە و مایەی گومان و سوکایەتی و بێز لێ بوونەوەیە و مافی ڕا دەربڕینی نییە, بەم شێوەیە دەبینین کە کۆمەڵگاکان ئەو ئاینانە لە ڕێ دەردەخەن بە گوێرەی بەرژەوەندیە تەسکە گشتیەکانیان, لە گۆشە نیگای پیاوەتی لایەنگر و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تێنەگەیشتووانەیە و بەو پێیەی کە بەسەر هەموو شتەکانی کۆمەڵگادا باڵا دەستە.

**بەشی دووهەم :**

**دەوڵەمەندی کولتوری لە هەرێمەکەدا و گۆڕانی ئاین بۆ هۆکاری ململانێ و بێچارەیی :**

**ا- ڕیشەنەکوتانی فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا پشت بەستووەکان بە پەرەسەندنی زانستی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین سەرەڕای دەوڵەمەندی کولتوری هەرێمەکە :**

**ب-گۆڕانی جیاوازی ئاینی و ئاینزایی لە هەرێمەکەدا بۆ هۆکاری ململانێ و پێکدادانەکان :**

**ج-ڕۆڵی باڵادەستی دەرەکی لە دروست بوونی ململانێکان :**

**د-ڕۆڵی ئاین لە بەردەوام بوونی ڕژێمە نا دیموکراتەکان لە هەرێمەکەدا :**

**دەوڵەمەندی کولتوری لە هەرێمەکەدا و گۆڕانی ئاین بۆ هۆکاری ململانێ و بێچارەیی :**

ڕۆژهەڵاتی ناوین بە لانکەی شارستانیەکان دادەنرێت, ئەمەش کە کردوێتی بە لانکە بۆ ئاینەکان و مەڵبەندێك بۆ دەوڵەمەندی کولتوری, بەهۆی سەختی شێوە جوگرافی و تۆبۆگرافیاکانی هەرێمەکە و دژواری و جیاوازی نێوان باکور و باشور و جیاوازی و سەختی هەڵکەوتە جوگرافیەکان و تێپەڕبوونی چەندین ڕووبار بە ناویدا, وایکردووە ڕێگاکانی هاتووچۆ نایاب و نیمچە نەبووبن, بە هۆی ئەم جوگرافیا سەخت و دژوارەوە کە ڕێی بە هاتووچۆکردنی مرۆڤ نەداوە

جگە لە هەبوونی چەند ڕێیەکی دیاری کراو و سنوردار، هەندێ لە گەلان لە هەرێمی دیاری کراودا گۆشەگیر بوون و کولتورێکی تایبەت بە خۆشی هەبووە، ئەم خێڵ و گەلانەش بە شێوەیەکی زۆر سنوردار نەبێ تێکەڵی یەك نەبوون.
بەڵام سەرەڕای ئەم ئاستەنگیانە و وەك ئەنجامی دەوڵەمەندی ئابوری لە هەرێمەکەدا بە هۆی زۆری کەرەستە سەرەتاییەکانەوە، بۆتە یەکێك لەو توخمانەی پاڵی بە مرۆڤی کۆنەوە ناوە بۆ داهێنان و ئافراندن. لە گەڵ زاڵ بوونی سەردەمە سەهۆلیەکان کە ئەوروپای داپۆشی و بە نزیك بوونەوەی خۆر لە کیشوەری ئەفریقیا و سووتانی زۆربەی دارستانە ئیستیوایییەکان، جگە لەم هێڵە تەسك و سنورکراوەی بە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاستدا درێژ بۆتەوە، لە پاڵ هەرێمی میزۆپۆتامیا کە هەبوونی هەردوو رووبار پاراستوێتی و سەر لە نوێ ژیانی پێداوەتەوە، مرۆڤ هیچی تری بۆ نەمایەوە. ئەمەش وای کرد مرۆڤ پەنا بۆ ئەو هەرێمە ببات لەو سەردەمانەدا کە بێ پێزی و کەمی خواردەمەنی باڵی بەسەردا کێشاوە و ئەمانەش بناغەی ژیان بووە بۆ مرۆڤی کۆن.
چونکە مرۆڤ سروشتی ئەم گۆرانکاریانەشی فام نەدەکرد کە ڕوویان داوە، هەوڵی داوە دەوڵەمەندی هەرێمەکە ببەستێتەوە بەو هۆکارانەوە کە پەیوەستە بە هێزە سروشتیەکانەوە، گەڕاندونیەتەوە بۆ ئەستێرەکان و مانگ و ..هتد. بۆیە هۆکارە سروشتیەکانی بە پیرۆز زانیوە و پەرستوێتی و ناوی دیاری کراوی بۆ داناون و هەر ئەم ناوانەشی کردووە بە ناوەکانی خوای و کۆمەڵە مرۆڤایەتیەکان. **هەروەها لەگەڵ فراوان بوونی چەمکی ڕێکخستنی ئەم خێڵانە و دەرکەوتنی پرەنسیپی موڵکایەتی تایبەتی و پەرەسەندنی شێوازەکانی پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان لە ناو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، وای کرد دەوڵەت و ئیمپراتۆری و شارستانیەکان دروست بین، کە لە سەرەتاوە مرۆڤ خۆخوازانە دەستبەرداری هەندێ لە مافە تایبەتەکانی بوو بۆ تیرەکەی و پاشان دەستبەرداری مافەکانی بوو بۆ دەوڵەتەکەی و بۆ ئیمپراتۆریەکەی، بەو پێیەی نوێنەری ئەو هێزە کاریگەرانەن لە سروشتدا و کارەکانی تێدا دیاری دەکەن.**
ئەم میتۆدە لە گەڵ ڕەوتی ئاینیدا کۆمەڵێك میتۆدی نوێی دروست کرد کە دواتر بووە بەهاکان بۆ ئەو کۆمەڵگایە. ئینجا خوو یان نەریتێکی بونیادنەر لە سەر ڕێگاکانی مامەڵەکردنی مرۆڤایەتی لە گەڵ چواردەورە دەرەکیەکەی کە کاری لێ دەکات و پێی کاریگەر دەبێ. کۆی ئەم پێوەندیە کۆمەڵایەتیانە و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا ناسنامەیەکی تایبەتی پێ بەخشیوە و کولتورەکەشی پێکهێناوە. بەهۆی کەمی پێوەندیەکانی نێوان ئەم گەلانە و بەزۆر بوونی ژمارەیان، کولتورەکانیش لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر گۆڕان. کۆمەڵگاکان بە پێی ئاینەکانیان پێویستیە تایبەتیەکانیان دروست کردووە و بۆ دابین کردنی ئەم پێویستیانە و لەگەڵ پێشوەچوونی کات و گۆڕانی ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان، ئەم قاڵبە وای لێهات پێویستیەکانی ئەم کۆمەڵگایانە بەدی نەهێنی، بۆیە تەگەرەی خستە ڕێی پێشکەوتن و بڵندبوونی مرۆڤ. هەروەها بووە هۆی بەردەوام بوونی ڕژێمە باڵادەستەکان بەسەریەوە، کە لە لایەن توخمە نامۆکان بەم هەرێمە بەڕێوەدەبرێت. وەك ئەنجامیش دواکەوتنی لە کاروانەکانی پێشکەوتنی جیهان.

## ١- ڕیشەنەکوتانی فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا پشت بەستووەکان بە پەرەسەندنی زانستی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین سەرەڕای دەوڵەمەندی کولتوری هەرێمەکە:

بەو پێیەی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین سەرچاوەی شارستانیە مرۆڤایەتیەکانی سەرەتایە، سەرچاوەی یەکەمین بیرۆکەکانی چاکسازیش بووە لە مێژووی ئاوەزی مرۆڤایەتیدا و خاوەن یەکەمین یاسا و ڕێکخستنە ڕەوشتییەکان بووە، کە مرۆڤ دۆزیویەتەوە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری خۆی و بەرزکردنەوەی ڕێکخستنی دەسەڵات تا بەرزترین پلەکان.
لە گەڵ دەرکەوتنی هەر سێ ئاینە ئاسمانیەکان وەك ئیدۆلۆژیای باڵادەست لە کۆمەڵگاکاندا، ئیدی ئەم ئاینانە دەستیان بە کەوتنە ناو هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی کرد و پەیوەندیەکانی مرۆڤیان دیاری کرد لە کۆمەڵگادا، و شێوازەکانی چارەسەریشیان دیاری کرد بۆ ئەو گیروگرفتە گشتیانەی کە کۆمەڵگا تێیدادەژی. ئەوەش بەپێی ئەو بنەما سەرەکیەکانیان و تێڕوانینە زۆرەکانیان سەبارەت بە سروشتی ئەم پەیوەندیانە و چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵیدا.
**کاتێ تەماشای ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکەین لە گۆشەنیگای شارستانیەوە، دەبینین کە ئەم هەرێمە جێی ڕاستەقینەی دەرکەوتنی زۆر لە شارستانی و نەتەوە و ئاین و باوەڕی و کولتورە جۆراوجۆرەکان بووە. بەڵام فاکتۆری هاوبەش لە نێوان ئەم شارستانی و ئاینانەدا گرنگترین ئەو هۆکارانەشە کە یارمەتیدەر بووە بۆ ڕیشە نەکوتانی فەلسەفە پشت بەستووەکان بە پەرەسەندنی زانستی، بە هۆی فراوان نەبوونی چەمکە ئاینیەکان تا ئەو ئاستەی پێویستیەکانی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان بگرێتەوە، چونکە ئەم ئاینانە شێوەی نەگۆڕیان هەیە و ناکرێت بگۆڕێن بە پێی باوەڕیە پەیڕەوکراوەکان لە لایەن لایەنگرانی ئەم یان ئەو ئاینە.**
لە جیهانی نەبینراودا ناهێڵرێت ناکۆکیە تیژە ژیانیەکان بە یەکدا بدەن، و پەیوەندیە غەیبییەکان جێی چارەسەرییە واقیعەکانی ئەو گرفتانە دەگرێتەوە کە بە پەیوەندیەکانی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە لە گەڵ جیهانی چواردەور. چونکە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا غەیبییەکان لە گەوهەریدا دژ بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیە. بۆیە ئەم

ئایدیۆلۆژیانـه نـه‌یان تـوانی قاڵبـه ووشـکه‌کان کـه چـوارده‌وری کارکردنـه گشـتیه‌کانی ئایدیۆلۆژیاکـه‌ی گرتـووه بشکێنن, له سه‌ر بنه‌مای ڕه‌وشه گۆڕاوه‌کان به شێوه‌یه‌کی گشتی .
کـاتێ ئـاین دامـه‌زراوه‌ی بـه‌ها مرۆڤایه‌تیـه بـه‌رزه‌کانی گواسـته‌وه بـۆ گۆڕه‌پـانی بیرۆکـه‌کانی نـه‌مری ده‌روون و پاداشتی ڕۆژی دووایی و..هتد بابه‌تیانه به‌شدار بوو له دوورخستنه‌وه‌ی بیرۆکه‌کانی خه‌ڵك و گرنگی پێدانیان به گرفته به‌هه‌نده‌کانی ململانێی چینایه‌تی و کۆمه‌ڵایه‌تی. ئاین له کۆمه‌ڵگای چینایه‌تیدا ئه‌م ئه‌رکه‌ی ڕاده‌په‌راند کـاتێ ڕژێمـه شـاڵاوکه‌ره‌کانی پـیرۆز ده‌کـرد و مـۆرکێکی خـودایی به‌سـه‌ردا ده‌دا له‌لایـه‌ك و لـه لاکـه‌ی تـریش یارمه‌تیده‌ر بوو بۆ چاندنی باوه‌ڕیه‌کانی خۆ گونجاندن له گه‌ڵ ئه‌و ڕه‌وشانه‌ی له ئارادان له ده‌روونی خه‌ڵکدا.
کـاری کۆمه‌ڵایـه‌تی هاوچـه‌رخ داوای ئاسـتێکی بـه‌رزی خۆناسـین ده‌کـات لـه هاووڵاتیـان, چـونکه پاڵنـه‌ری کـاری کۆمه‌ڵایه‌تی ته‌نها هه‌وڵدانی مرۆڤ نییه بۆ باشترکردنی ڕه‌وشی کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابوری و بۆچوونه سیاسیه‌کانی به ته‌نها, به‌ڵکو هۆشیاری ڕه‌وشتی و مانه‌ویشه له لای گه‌ل .
کاتێ ته‌ماشای مێژووی گه‌لانی هه‌رێمه‌که ده‌که‌ین ئه‌و په‌یوه‌ستبوونه توونده ده‌بینین که ئه‌م کۆمه‌ڵگایانه هه‌یانه به ئایدیۆلۆژیا ئاینیه‌کانیانه‌وه و ئه‌م په‌یوه‌ست بوونه ده‌گاته پله‌ی توندڕه‌وی کۆمه‌ڵایه‌تی له ڕه‌وشی گۆڕانکاری کردندا, کـاتێ ئـه‌م کۆمه‌ڵگایانـه لـه بـه‌رده‌م ئـه‌و که‌سانه‌دا ده‌وه‌سـتن کـه هه‌ڵده‌سـتن بـه گۆڕانکاریـه نوێیـه‌کان بـه هه‌ڵویستی دوژمنایه‌تی و نه‌فره‌ت کردنی کۆمه‌ڵایـه‌تی. یـه‌کێك لـه گـرنگترین هۆکـانیش ئـه‌وه بـووه کـه ده‌سـه‌ڵاتی سیاسـی خه‌لافـه‌ت لـه ئیسـلامدا لـه بۆچـوون و بیرۆکـه فه‌لسـه‌فی و زانسـتیه نوێیـه‌کان ده‌ترسـان, نـه‌وه‌ك گه‌وهـه‌ری سته‌مکارانه‌ی ڕژێمی چینایه‌تی له کۆمه‌ڵگادا ئاشکرا بکات که به‌رگی ئاینی پۆشیووه وه‌ك په‌رده‌یه‌ك بۆ ڕژێمی ده‌ره‌به‌گایه‌تی ڕه‌نجخۆر, بۆیه ئه‌و بۆچوونانه‌یان پێشکه‌ش ده‌کرد که له‌گه‌ڵ ئاینـدا گونجاوه و له گـه‌ڵ هه‌وڵـه‌کانی ڕه‌خنه کردنێکی لاوازی بێ که‌ڵك, بۆ نمونه: زانا (ئه‌با به‌کری کوڕی باجه) هه‌یـه کـه لـه سـاڵی (1106)دا لـه دایك بووه و ئه‌وروپیه‌کان به (ئه‌فمپاس) ناویان ناوه, که هـه‌ر لـه ته‌مـه‌نی لاوێتیدا گه‌یشته پله‌یـه‌کی بـه‌رزی زانـایی لـه زانسـته سروشـتیه‌کان, پزیشـکی و فه‌لسـه‌فه, میوزیـك و شـیعر. بـه‌ڵام لـه نـاو موسـڵماناندا هـه‌ژار بـوو بۆیـه بـه کـافربوون تاوانباریـان کـرد و لـه ته‌مـه‌نی (30) سـاڵیدا بـه ژه‌هـراوی بـوون مـردووه. لـه گـرنگترین به‌رهه‌مـه‌کانی په‌رتوکی (مرشد الحیران)ه, ئیبن باجه ده‌ڵێت ( **ئاوه‌زی مرۆڤ له دوو به‌ش پێکـدێت: ئـاوه‌زی مـاددی کـه بـه جه‌سـته‌وه پێوه‌نده‌و به مردنی ده‌مرێ, و ئاوه‌زی کارا یان ئاوه‌زی گه‌ردوونی نامرۆڤانه‌یی که له هه‌مووو خه‌ڵکدا هه‌یه و به مردنیشـیان نامرێت, بیرکردنه‌وه‌ی به‌رزیش ئه‌رکێکه له ئه‌رکه‌کانی مرۆڤ و ته‌نها به بیرکردنه‌وه نـه‌ك بـه نه‌شـئه‌ی سـۆفییانه, مـرۆڤ ده‌گاته زانینی کارا که ئه‌ویش خودایه** ).
هـه‌روه‌ها فه‌یله‌سوف (ئیبن ڕوشد 1126-1198) کـه ئه‌وروپیـه‌کان بـه (ئه‌فروس) ناویـان نـاوه, یـه‌کێك بـووه لـه گـه‌وره‌ترین فه‌یله‌سـوف و زاناکـانی موسـڵمانان و کاریگـه‌ری لـه سـه‌ر خـه‌ڵك هـه‌بووه, هێڵێکی فه‌لسـه‌فی زانسـتی تایبه‌ت به خۆی ده‌کێشێت لـه چه‌ند گوتنێکدا و له‌وانـه‌ش ووته‌که‌ی ( **جیهـان ئه‌زه‌لیـه و جوڵـه‌ی ئه‌سـتێره‌کان نـه سه‌ره‌تای هه‌یه و نه کۆتـای. باس کردن له ئافراندنیش ئه‌فسانه‌یه, چونکه ئه‌وانه‌ی باس له ئافراندن ده‌کـه‌ن, ده‌ڵـێن کـه خوا بونه‌وه‌رێکی نوێ دروست ده‌کات, به‌بێ ئه‌وه‌ی له دروست کردنیدا پێویسـتی بـه مادده‌یـه‌ك هـه‌بێت کـه لـه‌وه‌و پێشـتر هه‌بووه, ئه‌مه هه‌ڵه‌یه چونکه ماده نه له ناوده‌چێت و نه له نه‌بوونه‌وه دروست ده‌کرێت** ).
چاره‌نوسی ئـه‌م زانـا و فه‌یله‌سوفه‌ش دوورخسـتنه‌وه بوو بـۆ (قورتوبـه) لـه سـاڵی (1194ز)دا و ژیـانی خـۆی بـه ترسه‌وه برده سه‌ر, چونکه هه‌موو ده‌مارگیره‌کانی ئاینی ئیسلامی به‌ڵێنی کوشتنیان دابوو و چه‌ند جارێك هـه‌موو کتێبه‌کانی سوتێنراون و جگه له‌وانه‌ی گه‌یشتبونه ئه‌وروپا, هیچی لێ نه‌ماوه‌ته‌وه که بیره‌وه‌ری ئه‌و به‌نه‌مری بهێڵێته‌وه و به حه‌سره‌تی زانسته‌که‌یه‌وه له ساڵی 1198 دا کۆچی دوایی کرد.
**له‌و کۆمه‌ڵگایه‌دا که ڕژێمی فه‌رمانڕه‌وای و یاسا و ڕه‌وشت به باوه‌ڕی ئاینیه‌وه ده‌به‌سـترێته‌وه, لـه هـه‌موو ده‌رچـونێکدا لـه‌و بـاوه‌ره هه‌ڕه‌شـه‌یه‌کی مه‌ترسـیدار ده‌بینرێـت, لـه سـه‌ر ڕژێمـه کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کـه‌ش.** بۆیـه ئـه‌م ڕژێمانـه هه‌ڵوێسـتێکی دوژمنانه‌یان هه‌بووه به‌رامبه‌ر بزوتنه‌وه‌کانی نوێخوازی. له کاتێکدا بواریان کردۆته‌وه بۆ گه‌شه کردنی هه‌موو ئه‌و بیرۆکـه و بۆچـوونانه‌ی کـه وا ده‌کـات دواکه‌وتوویی ڕیشه کوتـاوتر بێت و دووری ده‌خاتـه‌وه لـه پێویسـتیه‌کانی ژیـانێکی سـه‌ربه‌رزانه و ده‌رگاکـانی پێشـکه‌وتن و په‌ره‌سـه‌ندنی بـه‌ڕوودا داده‌خـات و هه‌ڵده‌سـتێت بـه چـاندنی تۆوه‌کانی دووبه‌ره‌کی و به‌یه‌کدادان. له‌پاڵ ئه‌و فشاره‌دا که ڕژێمه‌کان کردویانه تا کۆمه‌ڵگا مۆرکێکی به‌م شێوه‌یه وه‌ربگرێت و ببێته شێوه‌یه‌کی نه‌گۆڕ بۆ کۆمه‌ڵگا. له‌به‌ر ئه‌وه ده‌بینین ئه‌و هه‌ڵوێستی دوژمنایه‌تیه که ئه‌م ڕژێمانه وه‌ریده‌گرن به‌رامبه‌ر ته‌ڤگه‌ره‌کانی نوێخوازی و ئه‌و که‌سانه‌ی ڕیبه‌رایه‌تی ئه‌م ته‌ڤگه‌رانه ده‌که‌ن بۆ په‌ره‌دان به زانست و پێشکه‌وتن, ناکۆکه له‌گه‌ڵ پرەنسیپه ڕاسته‌قینه‌کانی ئیسلام, چونکه گه‌وهـه‌ری ئیسلام به‌رهه‌ڵستی په‌ره‌سه‌ندنی زانستی ناکات.
وه‌ك نمونه‌ی ئه‌م ناکۆکیه‌ش ده‌بینین (خه‌لیفه موسته‌نجید) له به‌غداد ساڵی (1115) فه‌رمانی سـوتاندنی هـه‌موو په‌رتوکه فه‌لسه‌فیه‌کانی ئیبن سینا و ئیخوان ئه‌لسه‌فا ده‌دات. له‌ساڵی 1194 میر ئه‌بو یوسف یه‌عقوب ئه‌لمه‌نسور کـه لـه‌و کاتـه‌دا لـه ئیشـبیلیا بـووه, فـه‌رمانی سـووتاندنی هـه‌موو په‌رتوکـه‌کانی ئـیبن ڕوشـد ده‌دات, هـه‌روه‌ها

خوێندنی فەلسەفەی لە هەموو شاگردەکانی ئیبن ڕوشد حەرام کرد و هانیدان بۆ سوتاندنی هەموو ئەو پەرتوکانەی سەبارەت بە فەلسەفەن لە هەر شوێنێك کە بەر چاو بکەون. وێنەی ئەم نمونانە زۆرن هەر بە دەست پێکردن لە ئەبو موسلیم خوراسانی و مەنسوری حەلاج و نەسیمیەوە و...هتد.

ئیسلامی شۆڕشگێڕانە ئەم نزیك بوونەوە و فشارە پەیڕەوکراوانەی ئەو ڕژێمانە پەسەند ناکات, پێغەمبەر خەڵك هاندەدات بۆ داواکردنی زانست و زانیاری, و زانیار و زانستخوازان سەرنجی ڕادەکێشن. بۆیە دەڵێت( **کێ ڕێیەکی گرتە بەر لە پێناو زانستدا خوا ڕێیەکی بۆ ئاسان دەکات بۆ بەهەشت**). هەروەها لەزۆر ئایەتی قورئاندا باس لە زانست و ڕامان و ئاوەزبوون لە فەلسەفە و پرەنسیپەکانیدا دەکرێت, لەوانەش (یەکسان نین ئەوانەی کە دەزانن و ئەوانەی نازانن) یان (لە ئافراندنی ئاسمان و زەویدا و جیاوازی ڕەنگتان و زمانتان, پەند هەیە بۆ زانایان).

بەڵام تەنها لە ئیسلامدا ئەم قاڵبانە نەرێنیانە هەبوونی نییە, بەڵکو خەسڵەتی بەشی هەرە زۆری ئاینەکانە بە تایبەتیش هەر سێ ئاینە تاکخوداپەرستیەکان. هەموان زانای فەلەکناس (**گالیلۆ**)مان لە بیرە کە چۆن لاشەکەی دەسوتێنرێت و لەسەر بورژی بیزاوە فڕێ دەدرێتە خوارەوە لە لایەن کڵێساوە, تەنها لەبەر ئەوەی کە ووتەیەکی زانستی ووتوە (زەوی خڕە نەك تەخت وخۆر بە دەوری زەویدا ناسوڕێتەوە, بەڵکو زەوییە کە بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە). پەرەسەندنی ئەم هەستانە لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا و کارلەیەك کردنی نەرێنیانەی لە گەڵ ئاوەزی مرۆڤانەدا, جۆرێك لە کۆنە پارێزی کۆمەڵایەتی بووە ئەنجامی, کە هەموو زانستەکانی بە هێڵی ئایدیۆلۆژیی ئیسلامەوە دەبەستێتەوە, بەو پێیەی فەلسەفەی ژیانی مرۆڤی موسڵمانە. ئەم شێوەیە وای لێهات ئاڕاستە گرتنی گشتی لەم چێوەیەدا دەست پێ بکات و هەر لەم چیوەیەشدا کۆتایی پێ بێت. ئاڕاستە گرتنی زانستی لە زۆربەی کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا زانستی ئاینی دەکردە مەرج و وای پێناسە دەکات کە نزیکترت دەکاتەوە لە خودە خوداییەکە و پەیوەست بوونی مرۆڤ بە خواوە تۆکمە و گەورەتر دەکات و کاریگەریشی زیاتر دەبێت. بۆیە کرۆکی (کوفر و بێ باوەڕبوون)ی خستە سەر هەموو فەلسەفە نوێیەکان, بەتایبەتیش ئەگەر ناکۆك بوو لە گەڵ سادەترین یاسا و داب و نەریتە دیاری کراوەکان لە لایەن ئەو ئاینانەوە.

ئەمە ڕەوشێکی داخرانی هزری و گۆشەگیری ئایدیۆلۆژی لێ کەوتەوە و ئەو هەستانە بەرزبوونەوە و کۆمەڵێك باوەڕی لە بیری مرۆڤی هەرێمەکەدا دروست کرد و مرۆڤ هەموو ژیانی خۆی لەسەر ئاوا کرد و ئەم بۆچونانە بوون بەو بناغەیەی کە سەر خانی ئەم کۆمەڵگایانەی لەسەر دروست دەبێت. هەروەها ئەو ڕژێمانە زۆر شێوازیان بەکارهێنا بۆ تۆکمە کردنی ئەم پرەنسیپە دواکەوتوانە و ڕیشەکوتانی لە کۆمەڵگادا. لە گرنگترین ئەم شێوازانەش ترس و تۆقاندن بوو کە گەورەترین کاریگەری هەیە لە دروست بوونی کەسێتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی.

هەموو ئەم نزیك بوونەوانەی کراون لە م هەرێمەدا لە لایەن ئەو ڕژێمە ستەمکارانەوە, بووە مایەی ڕیشەنەکوتانی فەلسەفە و ئیدۆلۆژیە پشت بەستووەکان بە پەرەسەندنی زانستی و ململانێ کردن لە نێوان ئەم ئایدیۆلۆژیانەدا بە تایبەتی ئاینەکانی (یەهودی ,کریستیانی و ئیسلامی) و ووزە و تواناکانی گەلانی هەرێمەکەی بە فیڕۆدا و شێوازە تۆقێنەرەکانیان, هەرێمەکەی خستە ڕەوشێکی نەبزواو و ترس لە پەرەسەندن.

لە لایەکی ترەوە دەبینین کە ئەو هێرشانەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە کراونەتە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوین شارستانی خستۆتە ڕێیەکی داخراوەوە. لە ڕۆژهەڵاتەوە هێرشی مەغۆلەکان هەیە وشارستانی ئیسلامی تووشی وێران کردنێکی لەناکاو بۆوە بە دەستی مەغۆلەکان کە تا ماوەیەك لە هەرێمەکەدا مانەوە, چونکە بۆ فەتح کردن و ئاوەدانکردن نەهاتبوون, بەڵکو هاتبوون بۆ کوشتن و تاڵان و بردنەوەی دەسکەوتەکان بۆ مەغۆلستان. دوای گەڕانەوەی شەپۆلی فتوحاتە خوێناوییەکانی مەغۆل, ئابوریەکی ناجێگیر و ئەو خۆڵەمێشەی با بڵاوی کردەوە و چەند دەسەڵاتداریەکی پارچەپارچە و نەدار و لاواز کە لە توانایاندا نەبوو وڵات بەڕێوەبەرن و لە ناوچونی نیوەی دانیشتوان و لاوازبوونی جەستەیی و ئاوەزی و بێ وورەیی و دەستەوەستانی سەربازی و پارچە بوونی ئاینی و گەندەڵی سیاسی و بێ سەروبەرەییەکی گشتگیری, لە پاش خۆی بەجێهێشت.

ژان و ئازارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و شارستانیەکەی لە ئەنجامی هۆڤێتی مەغۆلەکان تەواو نەبوو بوو, کاتێك داگیر کاری لە ڕۆژئاواوە بەڕێی هەڵمەتەکانی خاچ پەرستان دەستی پێکردەوە, تا کار گەیشتە شەڕێکی ڕاستەقینە و دووبارە شارستانی بەر ئەم شەڕانە کەوت کە 200ساڵ بەردەوام بوو, گرنگترین هۆکارەکانی ئەم شاڵاوانە چاو بڕینە خێرو بێرەکانی ڕاپەڕینی ئیسلامی بوو بە بیانووی ئاین و شاری قودس. ئیدی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە شەڕەکانی خاچپەرستاند بەیەکیاندادا, هەروەك چۆن کریستیانیەکان لە ئیسپانیا زۆر شتیان لە نەریتی موسڵمانەکان و زانستەکانیان, فەلسەفە و هەنەرەکانیان وەرگرت و گواستیانەوە وڵاتانی ڕۆژئاوا, دەست گرتنی کریستیانەکان بە سەر (تلیتلە 1085ز) زانیاریە فەلەکیەکانیانی دەوڵەمەند کرد.

ئەم دوژمنایەتی کردنەی یەکتر هۆکارێکی کاریگەر بووە بە درێژای مێژووی چاخەکانی ناوین, لە کۆتایشدا ڕۆژئاوا شەڕەکەی دۆڕاند و هەموو جەنگاوەرە کریستیانەکان لە قودس دەرکران و ئەو سەرکەوتنە لە سەرخۆیە خوێنێکی زۆری موسڵمانانی ڕژاند, مەغۆلەکانیش وڵاتیان وێران کردبوو. بەم شێوەیە ماوەیەك لە ڕاوەستان و سەردەمانی تاریکی تێپەڕبوو بە سەر شارستانیدا لە ڕۆژهەڵات, کە سەرچاوەی شارستانیەکان بوو, هیچ

لایەنێکیش لەو قاڵبانە ڕزگاری نەبوو کە لە هەموو لاکانیانەوە نەبزوین زاڵە بە سەریدا, بەڵام ڕۆژئاوای دۆڕاو ڕەنجە دراوەکانی پێیگەیاند و دۆڕانەکانی بیرچۆوە و لە دوژمنانیەوە ئەو شارستانیەی وەرگرت, چ بە ڕێی بازرگانی و چ بە ڕێی شەڕ و پەرتوکەکانیشیان لە زمانی عەرەبیەوە وەرگێڕایە سەر زمانی لاتینی, هەروەها بە ڕێی ئەو گەشتانەی زانایانی ڕۆژئاوا لە هەرێمەکەدا کردیان زانیاری و ئەزمەنگەلیکی گەورەیان قازانج کرد.
ڕۆژئاواییەکان تینوی زانست و پەرۆشی بەرزبوونەوە بوون, بۆیە کڵێسەی بەرزی وایان دروست کرد سەر لە هەور بدات و ئاوەزیان بە بناغە وەرگرت و چاکسازی ئاینیان ئەنجامدا و کڵێسا ودەوڵەتیان لە یەکتر جیاکردەوە, بەم شێوەیە سنورێکیان دانا بۆ دەستێوەردانی ئاین لە زانست و بەرەو چاخی ڕێنیسانس چوون, ڕۆژئاوا سەرەڕای لاوازی شارستانیەکەی پێشکەوت, بەڵام دەوڵەمەندیە شارستانیەکەی ڕۆژهەڵاتیش کە سەرچاوەی شارستانیەکان بووە لە جیهاندا, بە درێژای مێژوو لە لایەن ڕۆژئاواوە زەوت کراوە.
دەبێت ئەوەش بزانین کە بنەما گەوهەریەکان لە شارستانیدا هەرگیز وون نابن, هەرچەندە بوومەلەرزە و نەخۆشی لێی بدات و کۆچبەری وێرانکەر و شەڕی لەناوبەر ببینێت, بەڵکو کولتورەکان ئەگەر نوێ بوونەوە ئەوا ڕەسەنێتی و هەتاهەتایەتی خۆێ دەپارێزێت و دەبێتە مولك بۆ نەوە یەك لەدوای یەکەکانی مرۆڤایەتی.

## ب-گۆرانی جیاوازی ئاینی و ئاینزایی لە هەرێمەکەدا بۆ هۆکاری ململانێ و پێکدادانەکان:

پێشتر بایەخ و دێرینی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوینامان ڕوون کردەوە وەك ناوەندی شارستانیەکان, بۆیە پلەی یەکەمینی گرتووە لە نێو هەرێمە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا. کە ڕەوتە ئایدیۆلۆژیەکانی تێدا لە دایك بووە و پەرەسەندووە, لێرەشەوە پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە دیوە, بە سەرچاوەی ئاینەکان و ململانێی نێوانیشیان دادەنرێت, هەروەها گۆڕەپانی بەهێزترین تێکۆشانە ئایدیۆلۆژیەکانە کە ژیانی کۆمەڵایەتی تەریب لە گەڵیدا پەرەی سەند, دواترین و گرنگترین ئەم ئایدیۆلۆژیانە لە دایك بوونی ئاینە ئاسمانیەکان و دەرکەوتنیانە بەو پێیەی ئاینی جیهانین و شوێنی خۆیان هەیە لە هەمەڕەنگی باوەڕی و کولتوری لە هەرێمەکەدا.
بەڵام دوای دەرکەوتنی ئەم ئاینانە وەك ئیدیۆلۆژی ڕیشەکوتاو لە دەسەڵاتی سیاسیانەی کۆمەڵگادا, لە نێوانیاندا جیاوازی دەردەکەوێت. وەك چۆن پەرەسەندنی بەرژەوەندی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان پەرەسەندنێکی ناجێگیرە و هەموو پێکهاتەکان ناگرێتەوە. لە هەمان کاتدا وەرچەرخان و پەرەسەندنەکانیش لە هەموو جێگاکاندا بە هەمان پلە ڕوو نادەن. **کاتێك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دوا دەکەوێ لە هاوشان بوونی پێشکەوتنەکاندا یان کاتێ لە توانایدا نابێ بە بونیادە چینایەتیەکەیەوە خۆی دەربڕێت, ئەوا پێویستە ڕێی تر بگرێتە بەر بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. چونکە ئیدۆلۆژی کاریگەریش لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ئیدیۆلۆژیەکی ئاینیە, ئەوا ئەم ململانێیانەش مۆرکێکی ئاینی و ئاینزاییان هەیە.**
**دەبینین کە ئەم ناکۆکی و ململانێیەی نێوان ئاین و ئاینزاکان کە لە ڕەوشی بەربەرەکانێ و ناکۆکیە سیاسیەکاندا دەژی و بریتیە لە ئەنجامی ناکۆك بوونی ئەم ئایدیۆلۆژیانە لە گەڵ پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنان و شێوازەکانی.**
کاتێکیش کە دەوڵەت لە واری نوێنەری ئاینەوە دەچێتە واری ڕۆڵگێڕی پاراستنی ئاین, واتە لە خۆ داماڵینی هەموو ڕووکارەکانی خواپەرستی کە لە ئاین وەریدەگرت و دەرچوون لە میتۆد و بنەما ڕاستەقینەکانی ئاین و کاتێ چینە چەوساوەکانی هەڵدەستن بە دەربڕینی ناڕازی بوونیان بەرامبەر ئەو ڕەوشەی لە ئارادایە و خراپ بوونی ڕەوشی چینایەتیان, لەبەر ئەوانە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانەوەی ئاین وەك شێوازێك بۆ گەیشتنە فەراهەم بوونی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانیان.
**هەموو ئاینەکان لە بانگەشە کردن بۆ یەکسانی و داد پەروەریدا هاوبەشن, هەروەها بانگەشەکردن بۆ ئەو جیهانەی کە کۆیلەکان خەونی پێوە دەبینن و پڕی کردوون لە ووره و پاڵپێوەنەریانە, ئەم دووانە کە بەشدارن لە گۆڕینیان بۆ کۆیلە بەشێوەیەکی نوێ. کردنیان بە کۆیلەی ئاین کە بەردەوام بووە لە فریودانیان بە (بەهەشتی وون بوو).** بەپێی تێڕوانینی ئاینەکانی یەهودی و کریستیانی و ئیسلام, گرنگترین شت کە کۆمەڵگایەکی دروست پێویستی پێیە باوەڕە و ئەم گەردوونە ملکەچە بۆ فەرمانڕەوایەتیەکی ڕەوشتی زاڵ بەسەر کاروبارەکانیدا. واتە باوەڕکردن بەوەی کە هەرچەندەش خراپەکاری لەم گەردونەشدا هەبێت, ئەوا ئاوەزێکی چاك, کە مرۆڤەکان ناتوانن لە کرۆکەکەی بگەن, گەردوون بەرەو ئامانج بەرزی و دادوەری ئاراستە دەکات.
هەرسێ ئاینەکە لەوەشدا هاوبەشن کە: ئەم ئاوەزە گەردوونیە خوایە, موحەمەد وای دەبینێ کە تەنها ئیبراهیم وموسا و عیسا, ووشەکانی خوایان ووتۆتەوە. بۆیە پێویستە موسڵمان باوەڕ بە قورئان و ئینجیل و تەورات بکات. وەك ئەو پەرتوکانەی لە لای خواوە دابەزێنراون. یاسا و ڕەوشت لە قورئاندا هەروەك ئەوەی لە تەلمودی یەهودیدا هەیە, یەك شتن. هەڵسوکەوتی ئاینی لە هەردووکیاندا هەڵسوکەوتی دنیایش دەگرێتەوە و هەر شتێك تێیدا لە لایەن خواوە دیاری کراوە یان ئاینەکان هاوبەشن لە پێودانگەکانی هەق و ناهەقی و دادپەروەری وچاکە لە پێناو مرۆڤدا.
**ئەو دیالۆگەش کە پرەنسیپە ڕەوشتیەکان لەسەری دەسوڕێنەوە لەو پەرتوکە ئاسمانیانەشدا جگە لە ترسی سزادان و تکا کردن بۆ پاداشت هیچی تر نییە.**

بنەما هاوبەشەكانی نێوان ئەم ئاینانە نابێتە بیانوو بۆ روونەدان و دروست نەبوونی هیچ جۆرە ململانێ و پێكدادانێكی دژوار, بەتایبەتیش تایبەتمەندی هاوبەشی لێبوردنی ئاینی و ئەو بیرۆكەیەی كە هەر ئاینێك ئەوەی تریان تەواو دەكات, بەڵام لە كاتێكدا ئاینەكان دەگەنە ئەو قۆناغەی كە تێیدا بە توندی بە دەوڵەت و دەسەڵات و ڕژێمەكەوە دەنوسێت ئەوا دەبێتە بنچینەی ئیدیۆلۆژی پشتگیریكەر لە گەوهەری ڕژێمی چینایەتی كە سامانەكانی كۆمەڵگا دەخوات و بەپێی ئەو ژێرخانەی پشتی پی دەبەستێت و زاڵ بوون و كردنەوەی هەرێمی نوێ بە ئامانج دەگرێت. وەك هەرێمی باڵادەست بوونی كە سەرچاوەی ئابوری نوێ ی بۆ دابین دەكات و ڕژێمە ئابوریەكەی دەوڵەمەند تر دەكات, لە كاتی ئەم درێژ بوونەوەیەشیدا بەسەر هەرێمەكانی تر لەگەڵ ئەو ئاینانەدا بە یەكدا دەدەن كە لە خودی ئەو هەرێمەدا باڵادەستن و ئەویش خۆی هەوڵ دەدات بۆ (پاراستنی باڵادەستی و زاڵێتیەكەی خۆی), تا بەرژەوەندیە چینایەتیەكانی پێكبێنێت لەو هەرێمەدا, شەڕەكانی نێوان هەردوو ئاینی كریستیانی و ئیسلامیش باشترین نمونەن بۆ ئەم ڕاستیانە كە بە ڕوونی سەرچاوەی ئەم ململانێ و ناكۆكیانە ئاشكرا دەكات لە بەرژەوەندیە كۆمەڵایەتی و ئابوریەكاندا. چونكە هەریەك لەم ئاینانە شەڕێكی دژوار دەكات بۆ دابین كردنی بەرژەوەندی ڕژێمە چینایەتیەكەی و سەپاندنی باڵادەستی خۆی بەسەر هەرێمەكانی چواردەوری و شاردنەوەی چاو تێبڕینە داگیركاریەكانی لە ژێر پەردەی ئاین و هەڵمەتەكانی موژدەبەخشی, لەبەر ئەوە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە درێژای چەندین سەدە بووە گۆڕەپانێكی كردەیی ئەم شەڕ و پێكدادانانە كە هەڵمەتەكانی كوشتن و تاڵان كردن و وێرانكردنی گەیشتە هەر شتێك كە پەیوەندی هەیە بە شارستانیەوە و زەمینەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتییە بە درێژای سەردەمەكان.

ئەو هێرشە دەرەكیانەی لە ژێر ناوی ئاینی كریستیانی و هەڵمەتەكانی خاچپەرستی و موژدەبەخشیندا كران, ڕۆڵێكی گرنگی گێڕا لە گەورەبوونی شەڕ لەم هەرێمەدا كە تا ماوەیەك درێژ بۆوە, بۆیە سروشتیە كە لە گەڵ ئەو دەسەڵاتە سیاسیەدا بەیەكدا بدەن كە ڕێبەرایەتی نەریتە  ئیسلامیەكان دەكات لە هەرێمەكەدا و ملكەچ بوونیان بۆ زاڵێتی ئەم هێزە دەرەكیانە ڕەت دەكەنەوە بە تایبەتی لە قۆناغی هەڵمەتەكانی خاچپەرستیدا.

بەڵام سەبارەت بە جیاوازی ئاینزایی و ئەو ناكۆكیانەی لە نێوانیاندا دەركەوت, ئەوا دەزانین كە ئاینزاكان لە خودی ئەو ئاینەوە دروست دەبن, و بریتین لەو شێوازە جیاوازانەی لە ئەنجامی دوو هۆكاری سەرەكی دروست دەبن, ئەو دوانەش:

1- **هۆكاری یاسارێژی و شیكردنەوەی بناغە ئاینیەكان, كە هەر دەستە و تایەفەیەك تێیدا جیاوازە بە گوێرەی ئاستی هۆشیاریە ئاینیەكەی و پێكهاتە كۆمەڵایەتیەكەی. ئەو ناوەندانەش كە تێیدا دروست دەبێت و بە گوێرەی ئەوە ئاین شی دەكاتەوە, لە پاڵ تواناكاریەكانی بۆ شیكردنەوەی ڕێساكانی ئاین.**

2- **ڕەوشە كۆمەڵایەتی و چینایەتیەكەی و ئەو جیاوازیە ئاینزاییانەی كە ئەمە دەیانسەپێنێت و بەرژەوەندی و ڤازانجەكانی ئەو توێژەی كە نوێنەرایەتیان دەكات و شێوەی ئەو پەیوەندیانەی پەیڕەوی دەكات و ئەو ژێرخانە كۆمەڵایەتیەی پشتی پێ دەبەستێت .**

بە گوێرەی ئەو بونیادە چینایەتیانەی ئاینزاكان سەرچاوەی خۆیانی لێوە وەردەگرن و ئەو ڕەوتەی لە هەڵویستەكانیدا دەینوێنێت, ململانێ ئاینزاییەكانیش توند و تیژ تر دەبن. ئاینزای سوونی وەك نمونە وەردەگرین:

ئەم ئاینزایە بەرژەوەندیەكانی چینی ئۆرۆستۆكراتی دەرەبەگایەتی باڵادەست لە خیلافەتی ئیسلامیدا دەنوێنێت, چونكە دوای كوژرانی ئیمامی عەلی و حەسەن و حوسەینی كوڕی بە دەستی ئەمەویەكان كە پەیڕەوی ئاینزای سوونیان دەكرد و جڵەوی دەسەڵاتیان لە دەستدا بووە, لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەویدا. هاوكات ئەو توێژانەش دەنوێنن كە بە شێوەیەكی گەوهەری نەبووبوونە ئیسلام (منافق) و پاشماوەی ڕژێمە كۆنەكەن. بۆیە لە نێوان ئەمان و (شیعەی) عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب, تۆوی دووبەرەكی و ململانێ, لە سەردەسەڵاتی سیاسی,لە سەر ئەوەی ماڤ خەلیفایەتی كردنی ئیسلام بە كێ بدرێت, چێنرا. دواتریش شێوەی عەلەویگەرایی بەرهەڵستكار و شیعەگەرایی لە ئێراندا وەرگرت, و بەرهەڵستی ئەو ڕژێمە ڕەنجخۆرە چینایەتیەی كرد كە باڵی بە سەر دەسەڵاتدا كێشاوە و ئاینزای سوونە پەیڕەو دەكات. چونكە شیعە و عەلەویەكان بە شێوەیەكی تایبەتی نوێنەری ڕەوتی شۆڕشگێڕ و بەرژەوەندیەكانی توێژەكانی ژێرەوەن, كە نزیك بوو لەوەی بێبەش بێت لە بەشداری كردن لە دەسەڵاتی سیاسیدا. چونكە بەرگری لە ماڤ خزمانی نزیك بە موحەمەد دەكات.

بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ ئەو جیاوازیانەی نێوان ئاینزاكان, و ئەو جیاوازییانە كامانەن لە نێوان دەركەوتنی ئاینزا چاكسازی خوازەكان لە ئاینی كریستیانیدا و ئاینزاكان لە ئاینی ئیسلامدا ؟بۆچی ئاینزا چاكسازیخوازەكان سەركەوتنیان بەدیهێنا لە خەباتیاندا دژ بە كڵێسەی كاتۆلیكی دەمارگیر؟ وبۆچی ئاینزا ئیسلامیكان نەیانتوانی ئەمە بەدی بهێنن؟

گومانی تێدا نیە كە ئاینزا چاكسازیخوازەكانی وەك پرۆتستانتی (لۆسەری ,كالفینی,ئینگلیكانی) توانیان بە پشت بەستن بە گەوهەری خودی ئاینەكە چاكسازیەكان لە ئاینی مەسیحیدا پێك بهێنیت و لابردنی ئەو توێكڵە زیادانەی پێوەی كراون. بەوەش دەگاتە جیاكردنەوەی ئاین لە دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام ئاینزا ئیسلامیەكان نەیان توانی ئەمە

پێك بهێنن, بەڵكو ناكۆكیەكانیان زیاتر تیژ كردەوە بە هۆی چاوتێبڕینەكانیان و داخوازیەكانی جلەو بەدەست گرتنی ڕێبەرێتی ئاینی وسیاسی بە شێوەیەكی ڕەها, ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی ناكۆكیەكانی تیژتر كرد. **لە نمونە زەقەكانی بەكارهێنانی ئاین و ئاینزاكان وەك چەكێكی كاریگەر لە دەسەڵاتی سیاسیدا, نمونەی دروست كردنی ئیمپراتۆری عوسمانی یە, كە بە كارامەییەكی بێ وێنە چەكی ئاین و ئاینزای بەكارهێنا,** چونكە كاتێ توركەكان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتن بەربەری بوون, ڕوویان لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین كرد و بە شێوەی یەكێتی خێڵ و تیرەكان بوون لە شێوازی بەرهەمهینانیاندا و لێرە ڕووبەڕووی ئاینی ئیسلام بوونەوە, ئیدی دەستیان بە پەیڕەوكردنی كرد, چونكە ئاینی هەرێمەكە بوو و تا بتوانن زاڵ ببن بە سەر دەسەڵاتدا.هەروەها پەیڕەوی ئاینزای سوونیان كرد چونكە زۆربەی موسڵمانان ئەم ئاینزایەیان پەیرەو دەكرد وئاینزای دەسەڵاتە سیاسیەكەشە, بەڵام شیعەكان وەك پێشتر باسمان كرد بەرهەڵستكاری ئەم دەسەڵات و فەرمانڕەواییە بوون. بە تایبەبیش عوسمانیەكان پشتیان بە ئاینزای (حەنەفی) بەست لە میتۆدیاندا. چونكە ئیمامەكانی تری ئاینزای سوونە ڕینادەن (خەلیفە) لەدەرەوەی قوڕەیش بێت, بەڵام حەنەفێتی ڕێ دەدا كە خەلیفە لە دەرەوەی قورەیشیش بێت.

هەروەها لەو كاتەدا شیعە خاوەنی (صلاحیە المرجعیە) نەبوون بۆ نوێنەرایەتی كردنی موسڵمانان لە جیهانی ئیسلامیدا, چونكە خیلافەت نوێنەری ڕاستەقینەی گشت موسڵمانانە, لە بەر ئەم هۆیە ناكۆكی و شەڕەكانی سەبارەت بە بابەتەكانی نوێنەرێتی كردنی ئاین و ئاینزاكان دەستی پێكرد لە دەوڵەتی عوسمانیدا, كە دەتوانین لە دوو ئاراستەدا كۆیان بكەینەوە:

**یەكەم: ئاینیە**, كە بووە مایەی شەڕ لە گەڵ ئەوروپای كریستیانیدا و ماوەیەكی درێژ بەردەوام بوو.

**دووهەم: ئاینزاییە**, لە گەڵ ئاینزای شیعەدا كە دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران نوێنەرایەتی دەكات و شەڕێكی دژوار لە نێوانیاندا كەوتەوە و لە شەڕی چاڵدێراندا 1514ز گەیشتە ترۆپكی خۆی و كۆتایی پێهێنانی بە پەیمانێكی ئاگربڕی و پارچەكردنی كوردستان بۆ دووبەش, بە شێوەی هەرێمی سەر بە خۆیان. ئەوەش لە ڕێكەوتنی قەسری شیرینی ساڵی 1639ز) دا. بەوەش هەریەك لەم دوو دەوڵەتە هەستان بە ڕێكخستنی تەریقەت و ئاینزا ئاینیەكان لە ڕاژەی بەرژەوەندیەكانی ڕژێمەكەیدا و ڕیشە داكوتانی پارچە بوون لەو بەشەی دەكەوێتە ژێر باڵادەستی خۆی.

**كەواتە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە شانۆی ململانێ و ناكۆكیە ئاینی و ئاینزاییەكان دادەنرێت, كە تا سەدەی بیستەم بەردەوام بووە و بۆتە هۆی ڕاكێشانی كۆلۆنیالیزمی كۆن و نوێ بۆ هەرێمەكە.**

ئەم هێزە داگیركەرانەش هەستەكانی تایەفەگەری و ئاینزایی و ئاینیان پێ بزواند و كۆمەڵگاكان و گەلان تێیدا تووشی كارەسات و وێرانەیی و دواكەوتن بوون. ئەو ناكۆكیانەی ململانێ ی لێ كەوتەوە لە ئێران و عێراق لە نێوان ئاینزاكانی سوننە و شیعە, باشترین نمونەیە بۆ چۆنێتی تۆكمەكردنی ئەم دەوڵەتانە بۆ فەرمانڕەواییان بە سەر كۆمەڵگاكانیاندا. هەروەها هێزە داگیركەرەكان توانیان سوود لەو جیاوازیە ئاینزایانە ببینن و ویستیان وەك ئامرازێكی دەستیان بەكاری بێنن, باشترین نمونەكانی ئەمەش پەیڕەوكارێكانی ئیمپریالیزمی ئەمریكایە لە ئەفغانستان و بەنگلادیش, هەتا پشتیوانی كردنی لە هەندێ بزوتنەوە ئیسلایە ساختەو بەكرێگیراوەكانی لە هەرێمەكەدا, وەك ڕێكخراوی (ئیخوان ئەلموسلیمین) لە سوریا و میسر و ئەو شەڕە مەزهەبی و ناوخۆییەی جەزائیر, ئەو ئەنجامانەش كە لە شەڕی ناوخۆیی تایەفەگەری و ئاینزایی لە لوبنان كەوتۆتەوە و ئەو كاریگەریە نەرێنیانەی لە سەر یەكگرتووی و هاوپشتی كۆمەڵگای لوبنانی بەجێی هێشت, بە درێژایی بیست ساڵ.

بەڵام سەبارەت بە ناكۆكی و ململانێ ئاینزایی و ئاینیەكان لە كوردستاندا, ئەوا دوای یەكەمین پارچە كردنی كوردستان لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و پاش ڕێكەوتنی قەسری شیرین هەریەكێكیان دەستی بە ڕێكخستنی چەندین ئاینزا و تەریقەت كرد, ئەو سیاسەتەی كە دەوڵەتی تورك پەیڕەوی كرد بەڵگەیەكی ڕوونە لە سەر بەكارهێنانی ئاین و ئاینزاكان بۆ ئاوا كردنی ڕژێم و فەرمانڕەوایەتی خۆی بە سەر كۆمەڵگادا, **میتۆدی ئیسلامی عوسمانی توركی جگە لە هەوڵدان بۆ زیاتر بڵاوكردنەوەی تەریقەتە ئاینیەكان و هەڵبژاردنی ئاینزا ئاینیەكان هیچی تر نیە, كە دیارترین شێوەی ئیدیۆلۆژی و ڕێكخستنی یە لە كوردستاندا,** چونكە كاتێ باس لە ئیسلامێتی تورك دەكرێت, یەكسەر ئیسلامێتی عوسمانی و كۆنەپارێزی سوننیمان دێتەوە بیر لە چێوەی تەریقەتی نەقشبەندیدا, كە لە گەوهەری خۆیدا شێواندن و پێچەوانەكردنەوەی دیاردە پۆزەتیفەكانی ئیسلامە و لەوەدا پشتی بە كۆنەپارێزی و ڕاست ڕەوێتی بەستووە, وەك بناغە بۆ خۆی. هەتا دوای بزواندنی دەوڵەت بە ڕژێمە عیلمانیەكەیەوە بۆ بزوتنەوە ئیسلامیە توركیەكان وەك (پارتی ڕەفاه , پارتی فەزیلەت)ی پاشتر و تەریقەتە ئاینیەكانی وەك نەقشبەندێتی و قادری و ئیدریسی و مەحمودی و سلێمانی و نوربەخشی و نەورەسی كە هاتە كوردستانەوە و لە نێو سەرۆك خێڵەكاندا بڵاو بۆوە و شێوازی فریودانی ئاینیانەی جەماوەری كوردستانە, كە تینوی هزری ئازادییە, بۆیە نەقشبەندێتی ڕووكاری ئاینی بەكرێگیراوی و پاشكۆیەتی توركیایە. هەروەها بەكداشێتی هەیە لە ئاینزای عەلەویدا كە بووە ئامرازێك بە دەستی دەوڵەتەوە دژ بە ئاینزای شیعە كە لە پێناو مافەكانی ستەمدیدە و لاوازەكاندا تێدەكۆشێت.

شێخەكانی تەریقەتی نەقشبەندی, بەشی شێریان هەیە لەو كۆمەك و پشتگیریەی دەوڵەت پێشكەشیانی دەكات. ناوەندی ڕاستەقینە وسەرەكیان شاری بەدلیس بوو كە زاڵ بوون بە سەریدا, شیخ سەعید نەورەسیش لەوێیە كە

یەکێکە لە دیارترین ڕێبەرانی ئەم تەریقەتە, نەقشبەندیەکی نەتەوەیی دەمارگیرە و کۆمەکی دەوڵەتی عیلمانی بۆ ئەم تەریقەتە و تەریقەتەکانی تریش دووانەیەتی لۆژیکی عیلمانێتی دەوڵەتی تورکیا دەردەبڕێت و لە ژێر ئاڵاکەیدا (نەقشبەندێتی , قادری و ئیدریسی و...هتد) کۆدەکاتەوەو پەلاماری شیعە (عەلەوی)ەکان دەدرێت لە پاڵ ئاینەکانی تردا, وەك یەزیدێتی و کریستیانی و ئاینزاکانیی تر بە تایبەتیش لایەنە ئەرێنیەکانی ئەم ئاین و ئاینزایانە, هەروەها نەقشبەندێتی بەکاردەهێنرێت کە بناغەیەکی مێژووی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ شێخ ئیدریسی بەدلیسی و لەو بناغەیەوە هێز وەردەگرێت و لە چێوەی پەیکەری دەوڵەتدا ڕێکدەخرێت .

ئەم تەریقەتانە ناکۆکی گەورەیان تێدایە و بۆتە هۆی ناکۆکی نێوان خێڵە کوردەکان و پارچەکان و وای لە مرۆڤی کورد کردووە دوربکەوێتەوە لەوەی کە کوردە و لە پێناو ئەو تەریقەتانەدا کاردەکات کە لە ڕاژەی دوژمن و بەرژەوەندییەکانیدان, هەروەها ئەم تەریقەتانە چینە سەردەستەکانی لە خۆی گرت, واتە ئەو چین و هێزە بەکرێگیراوانەی لە کوردستاندا باڵادەستن و بەوەش ڕوودەکاتە چینە ستەمدیدەکان و جەماوەری زەحمەتکێش. بەم شێوەیە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا نیازەکانی بەکارهێنان و ڕەنجخواردنی کۆمەڵگای کوردستان بەدی دێنێت.

**لێرەدا ئەوە لە کەس نەشاردراوەتەوە کە ئەم ناکۆکیە ئاینی و ئاینزاییانە لە بناغەوە پشت بە بونیادی چینایەتی و کۆمەڵایەتی دەبەستێت لە کۆمەلگادا, کە پەیوەستە بە نوێ کردنەوەی شێوەی پەیوەندیە باوەکان لە کۆمەڵگادا و تا چ مەودایەك ئەم پەیووەندیانە کۆسپە لە بەردەم پەرەسەندنی هێزە بەرهەم هێنەرەکان لەکۆمەڵگادا. ناکۆکیە ئاینی و ئاینزاییەکان, یەکێکە لە گرفت و بابەتە گرنگەکان کە ڕووبەڕووی پرۆسەی ئاوا کردنی ڕژێمە دیموکراسیەکان دەبێتەوە, بە تایبەتیش ڕووبەڕووی هەموو ڕژێمە سیاسیەکان دەبێتەوە لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناویندا, چونکە ڕیشەی ئەم ناکۆکیانە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە و لە ئەمڕۆدا بۆتە تەگەرەیەکی بە هەند لە بەردەم پەرەسەندنە شارستانیەکانی کۆمەڵگاکاندا, کە کەڵەکە بونێکی ئایدیۆلۆژی-باوەڕی, تۆکمە کردوە لە پاشماوە و شوێنەوارە نەرێنیەکانی ئاین, کە بە تیپەربوونی کات لە زیهنیەتی تاکەکانی کۆمەڵگادا قوڵ دەبێتەوە.** بینینی ئەم ناکۆکیە ئاینی و ئاینزاییانە پێویستیەکی دەست لێ بەرنەدراوە. هەروەها ئەو بنچینە و بونیادە چینایەتیەی پشتی پێ دەبەستێت و شیکردنەوەی بە گوێرەی بنەما زانستیەکان بۆ بینینی ڕێڕۆیشتنی و شێوەی ئەو پەیوەندیانەی پشتی پێ دەبەستێت .

### ج-ڕۆڵی باڵادەستی دەرەکی لە دروست بوونی ململانێکان:

بێگومان ئەو کەشانەی لە ئەنجامی جیاوازیە کولتوریەکان دروست بووە, مۆرکی ململانێ و ناکۆکیە ڕەگەزی و ئاینی و ئاینزایەکانی بەسەرەوەیە, هەروەها مۆرکی ناکۆکیەکانی تەریقەتەکان کە لە کەشی ئەم ململانێیانەدا دەرکەوتوون. خاڵی گرنگ کە دەبێت هەڵوێستەی لە سەر بکەین ئەوەیە, کە **دروست بوونی ئەم کەشە پڕ لە ململانێ و ناکۆکیانە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری" سروشتی پێکهاتنی ئاین و ئاینزاکان و خەسڵەتە جیاواز و هەمەڕەنگە ڕەگەزیەکان"**. ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی بووە مایەی لێکخشانی نەرێیانە, لە پەیوەندیە کولتوریەکاندا و لە ئەنجامی ئەوەش ململانێ و ناکۆکی و بەربەرەکانێ دژوارەکان دەرکەوتوون و لە هەندێ قۆناغی مێژوویدا گەیشتونەتە ترۆپك, چونکە لەو شەڕە خوێناوی و پێکدادانە چڕانەی نێوان ئاین و ئاینزا و تەریقەتە جیاوازەکاندا, ئاماژەیەکی زەق و جەخت کەرەوە هەیە لە سەر هەبوونی لێکخشانە نەرێنیەکان لەناو پەیوەندیە کولتوریەکان لە هەرێمەکەدا, لە پاڵ ئەو ڕۆڵەدا کە سروشتی پێکهاتنی ئاین و ئاینزاکان و خەسڵەتە ڕەگەزیەکان گێڕاویێتی لە دروست بوونی کەشەکانی ململانێ و ناکۆکیەکان لە هەرێمەکەدا بە درێژای مێژوو.

پێویستیشە لە سەرمان ئەو هۆکارە جوگرافیانە دیاری بکەین کە ڕۆڵی هەبووە لە دروست کردنی جیاوازیە کولتوریەکان و بەر یەك کەوتنە تیژەکان. چونکە سروشتی جوگرافی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە پێکەوەنانی بونیادی کولتوری هەمەڕەنگ و لەیەکتر جیاواز. بۆ نمونە سروشتی چیایی سەخت و دژواری هەڵکەوتەکانی, بۆتە هۆی لاوازی لە پەیوەندیە کولتوریەکاندا چونکە لە توانای گەلان و خێڵ و گروپە ئەتنیکیەکاندا نەبووە بە بەردەوامی پەیوەندی بە یەکەوە بگرن. لاوازی ئەو پەیوەندی و گرێدانانە یان بەردەوام نەبوونیان, بە هۆی هۆکارە جوگرافیە سەختەکانەوە بۆتە مایەی دروست بوونی مەودایەکی فراوان لە نێوان گەلاندا, بەڵام بە هۆی بەرفراوان بوونی ڕووبەری کولتورەکان و دەرچوونی لە هەرێمەکەی خۆی, لە کاتی هەڵمەت و داگیرکاری و فتوحاتە ئاینی و ڕەگەزی و مەزهەبیەکانەوە, کولتورەکان بەریەك کەوتوون و چوونەتە ناو یەکەوە, لە ئەنجامی ئەو بەریەك کەوتنانەش, کەشی یەکتر پەسەند نەکردنیان ئافریندراوە و ڕێگاکانی کار لێکردن و کارلێبوونی ئەرێنییان داخستوە, یان ڕێگاکانی بەهێز کردنی پەیوەندیە ئەرێنیەکان کە لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕکردنی بەردەوامی کولتورییەوە دروست دەبێت.

هەروەها پێویستە ئەو هۆکارە مێژووییانە پشت گوێ نەخەین کە بەشداری کردنێکی کاریگەر و کارای هەبووە لە ئافراندنی ئەم کەشانە و فراوان کردنی چێوەکانیدا. کۆچبەریە یەك لەدواییەکەکانی گەلان و خێڵەکان لە هەرێمەکانی ترەوە بۆ ئەم هەرێمە, هەروەها گەشتە بازرگانیەکان کە بووە مایەی بەستنەوەی هەرێمەکە بە هەرێمەکانی ترەوە و هەڵمەت و داگیرکاریەکان کە لە دەرەوە هاتنە هەرێمەکە, هەموو ئەم هۆکارانە بووە مایەی چڕکردنەوەو فراوانکردنی چێوەی کەشەکانی ملاملانێ و شەڕە کولتوورییەکان و... هتد. لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بەنمونەی هەڵمەتەکەی

ئەسکەندەری مەکدۆنی بکەین لە سەر هەرێمەکە لە سالآنی 330-325پ.ز و ئەو ئەنجامانەی پاشتر لەشەڕ و پێکدادانەکان کەوتەوە، هەرچەندە کە ئەم هەڵمەتە لەگەڵ خۆی کولتووری وڵاتی یۆنان و زانستەکانیانی هێنایە هەرێمەکە و پەرەسەندنێکی شارستانی تێدا پێکهێنا , وەك ئاواکردن و ئەندازیاری و تێکەڵاوبوونی نێوان گەلانی هەرێمەکە, بەڵام نەیتوانی کۆتایی بەو ناکۆکییانە بێنێ کە لەنێوان گەلە جیاوازەکاندا دەرکەوت. کەوای لێکردن بکەونە شەڕی خوێناوییەوە، لە ئەنجامدا هەندێ گەل بوونە قوربانیەکەیی و هەندێ گەلی تریش لە هەرێمەکەدا پەرتەوازەبوون. هەروەها هاتنی خێڵە مەغۆلێکان و تەتەرەکان و ئەو وێرانکارییەی لە هەرێمەکەدا کردیان. لە ئەنجامی شەڕە هۆڤانەکانیان لەسەر شارستانی گەلانی نیشتە جێبووی ئەم هەرێمە و ئەوەی مەغۆلەکان بەشارستانییان کرد, لە سووتاندنی شارستانیەتە پەرەسەندووەکە و فڕێ دانی هەموو نووسراوەکان بۆ ناوی ئاوی دیجلە, لە کاتی خیلافەتی عەباسیدا کەسی تر نەیکردووە لەمێژوودا. هەروەها بە هاتنی تورکەکان بۆ هەرێمەکە لە سەدەی (11)مدا, ململانێ و ناکۆکیەکان تیژتر بوون , ڕۆڵی کاریگەری داگیرکاری هەڵمەتەکانی خاچپەرستیش لە بیر ناچێتەوە, بە تایبەتیش هەڵمەتە یەك لە دوای یەکەکانی لە سەدەی (10)یەمی زاینی و دواتری, لە چڕ کردنەوەی ئەو ئاتمۆسفەرەی بە ململانێ و پێکدادان مۆرك کراوە.

ئامانجی شەڕەکانی خاچپەرستی باڵادەست بوون بوو بە سەر ناوەندەکانی کاروانە بازرگانیەکان لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و بە دەستخستنی خەزێنە و کەلەپور و سامانەکانی ئەم هەرێمە.بەڵام هەموو ئەو ئامانجانەی لە چێوەی کۆمەڵە دروشمێکدا دانا کە هەست و سۆزی خەڵکی سادە دەوروژێنێت, وەك دروشمی (ڕزگارکردنی خاکی پیرۆز و گەیشتنە قودس). بەم شێوەیە دەبینین کە ئەو ئامانجانە سیاسی بوون, بەڵام لە ژێر پەردەی ئایندا. لە ڕاستیدا ململانێ یان شەڕێکی گشتگیری جیهانی کریستیانی ڕۆژئاوایی بوو کە بە شێوەیەکی بە ژان لە بەربەرێتی سەدە تاریکەکانی ناوین هەستابۆوە و چووە ناو پێکدادانێکی بەرفراوان لە گەڵ جیهانی شارستانی ئیمپراتۆری بێزەنتی کە بەهاری سیاسیانەی خۆی تێپەراند بوو, لە لایەکی ترەوە, هەریەك لەم دوو جیهانە لە گەڵ جیهانی ئیسلامیدا بەیەکیاندادا, کە لە سەر هەردوو بنکەی کولتوری ڕۆمانەکان و گریکەکان, کولتوری خۆی ئاوا کردبوو.

ئەو ئەنجامانەی لەم نمونە مێژوویانەوە دەیگەینێ ئەوەیە کە کۆچبەری و هەڵمەتە دەرەکیەکان کە لە هەموو قۆناغەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە دوای یەکدا هاتوون, سوودی لە ئاتمۆسفەری هەرێمەکە وەرگرتووە و جیاوازیە کولتوریەکانی بەکارهێناوە بۆ سەپاندن و ڕیشەکوتانی باڵادەستیان بە سەر هەرێمەکەدا و گەلانی و مانەوەیان بەو شێوەیە تا ماوەیەکی درێژ. ئەو کولتورە بیانیانەی بە ڕێی ئەو هەڵمەت و کۆچبەرییانە هاتن, کاریان کرد بۆ قوڵ کردنەوەی ناکۆکیەکان و فراوان کردنی مەودای نێوان کولتورەکان و زۆرکردنی بڕی زۆرانبازی نێوان گەلان.

هۆکاری ئابوریش هەن کە ڕۆڵێکی نێگەتیفیان گێڕا لەو جیاوازیە کولتوریانەدا. وەك ئەنجامی دەوڵەمەندی هەرێمەکە لە ڕووی سامانە ماددیەکانیەوە, بە گوێرەی بە پیت و پێزی زۆری خاکەکانی بۆ کشتوکاڵ و لەوەڕگا. هاوکات لە بەر یەکتر تەواو نەکردنی ئەو هەرێمانە, بە هۆی باڵادەستی یەکێك لە خێڵەکان یان یەکێك لە نەتەوەکان بە سەریدا, بۆتە مایەی دروست بوونی ململانێی ناوخۆیی درێژخایەن و پەنا بردنە بەر تاڵانکردن و زەوتکردن لە نێوانیاندا.

هەروەها جیاوازیە کولتوریەکان بە ڕۆڵی خۆی, تەگەرەی خستە سەر ڕێی کامڵ بوونە ئابوریەکان لە هەرێمەکەدا. یەکتر تەواو نەکردنی ئەو سامانانەی هەیە و زەویە بە پیتەکان لە ناوچە شاخاویەکان و دەشت و بیابانەکان, و ئاوێتە نەبوونی سامان و تواناکاریەکانی نێوانیان, وەك ڕەگەز(سامیکان و ئارییەکان) بووە هۆی جیاوازی لە لایەنی کولتورییەوە. ئاین و ئاینزاکان ئەوپەری کاریگەریان هەبووە لە هەڵگیرسانی ململانێ و شەڕ و داگیرکارییە بێ ئەژمارەکاندا, نەگونجان و ئاوێتە نەبوونی ئەو فاکتۆرە جوگرافی و مێژووی و ئابورییە باسکراوانە, لە گەڵ خەسڵەت و تایبەتمەندیە جیاوازەکان کە لە خودی هەریەك لەو کولتورانەدا هەیە, ململانێکانی گەیاندە ڕێگاکانی بێچارەیی و داخران لە هەرێمەکەدا.

**ووشك بوون و دۆگماکان کە لە بناغەوە لەو کولتورانەدا هەیە کە لە سەر کۆڵەکەی ئاینی یان ئاینزایی دروست بوون, هەروەها توندڕەوی ئاینی و سیاسی و ئاینزای, زۆر ئە نجامی نەرێنی ئافراند و ئەمەش بووە مایەی گۆشەگیری کولتوری هەرێمی, بە هۆی هۆکارە ئاینی و ئاینزای یان رەگەزی و...هتدەوە.** ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بووە لە تیژتر بوونی ململانێ و ناکۆکی, کە ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە مایەی ڕەوشی پێکدادانێکی دژوار لە ڕەوشی ڕووبەڕووبونەوەی ئەم کولتورانە لە گەڵ یەکتری و نەمانی هەموو تواناکاریەکی ڕەخساو بۆ ئافراندنی سەرەتاکانی دیالۆگی کولتوری کە بناغەی ئاواکردنی کولتوری هاوبەش و گشتگیرە. ئەم کەشانە ناوەندێکی بە پێزی ئامادە کرد بۆ دەست تێوەردانە دەرەکیەکان لە هەرێمەکە, کە ئەوەش لە نەبوونی سیستەمێکی گشتگیرەوە دێت, کە بتوانێ هەموو ئەم کولتورانە کۆبکاتەوە و لە چێوەیەکدا بیانتوێنێتەوە کە ئەویش چێوەی کولتوری هاوبەشە.

ئەم دەست تێوەردانانە بە تایبەتی لە چەند سەدەی دوایدا زەق بۆوە و بە هەموو داگیرکاریەکانی (مەکەدۆنی و تاتاری مەغۆلی و سەلجوقی و عوسمانی و هەڵمەتەکانی خاچپەرستان) خۆی دەنوێنێت. ئەمە لەپاڵ دوا دەست تێوەردانەکانی فەرەنسیەکان و ئینگلیزەکان و گەیشتنە لوتکەی, بە دەست تێوەردانەکانی ڕوسیا و ئەمریکا لە هەرێمەکە.

کاتێ دەگەینە قۆناغی سەرهەڵدانی هەردوو ئیمپراتۆری گەورەی (عوسمانی و سەفەوی), دەبینین کە کەشەکانی ململانێکان گەیشتۆتە لوتکەی خۆی و ئیدی وای لێ هاتوە چارەسەرکردنی لە توانادا نەبێت, چونکە شەڕی عوسمانی – سەفەوی, هەرێمەکەی خستە قەیرانێکەوە ڕێی دەرچوونی نەبێت, هاوکات دەرگاکانی هەرێمەکەی خستە سەر پشت بۆ دەست تێوەردانە چڕەکانی دەرەوە, وەك دەست تێوەردانی ڕوسی لە هەردوو سەدەی 18و 19 و سەرەتای سەدەی 20.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەست تێوەردانە دەرەکیەکان بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەر, چڕتر و فراوانتر بوون بە بەکارهێنانی جیاوازی کولتوری نێوان گەلان و نەتەوەکانی هەرێمەکە. دوای ئەوەی کە ئیمپراتۆری (پیاوە نەخۆشەکە) ڕووخا, **دەوڵەتە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان ( بەریتانیا و فەرەنسا و ئینگلیز ) سەرلەنوێ دەستیان کرد بە کێشانەوەی نەخشەی سیاسی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین, بە شێوەیەکی گونجاو لە گەڵ بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانیان, ئەم کردارانەش بە ( ستراتیژی ئابوری و سیاسی ) تەواوی سەدەی بیستەم دادەنرێت.**

ڕۆژهەڵاتی ناوین دەوڵەمەند ترین هەرێمەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو و کاتێك ئیمپراتۆریەکە ڕووخا, بووە میراتێك بۆ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان.ئەمانیش بە چاوپۆشین لە ڕاستیە مێژوویەکان و تایبەتمەندیە ئەتنیکی و کولتوریەکانی هەرێمەکە, هەستان بە دروست کردنی کیانە دەستکرد و ناکۆکەکان لە ناویدا و سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) یان پەیڕەو کرد, بە ڕێی ئەم کیانانەش, دەوڵەتی بەریتانیا سیستەمێکی ئابوری و سیاسی سەپاند بە سەر هەموو گەلانی هەرێمەکەدا.

بە پێی ئەم ڕژێمە و بە درێژایی سەدەی بیستەم, دەوڵەتانی هاوپەیمان بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی خۆیان پاراست, لە سەر حیسابی بەکارهێنان و تاڵان کردنی سامانەکانی گەلانی هەرێمەکە و مانەوەی ئەم گەلانە لە ژێر قورسایی چەندین سەردەم لە دواکەوتن و ستەم, بە هۆی شکاندنی دینامیکیەتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. بەوەش گەلان و کۆمەڵە ئاینی و ئاینزاییەکان, بە گوێرەی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە پارچەکران تا لە چێوەی سنورەکانی ئەم دەوڵەتە ساختانەدا دەست بەسەربکرێن, وەك کیانی زایۆنی کە لە فەلەستیندا ئاواکرا.

ستراتیژی سیاسی و ئابوری ئینگلیز ستراتیژێك بوو هەوڵی بۆ بەردەوام بوونی ئافراندنی ناکۆکی و ململانێکان دەدا لە هەرێمەکەدا,ئەمە هێڵی گشتی ستراتیژییەتی سیستەمی سەپێنراوە بە سەر هەرێمەکەدا. شایانی باسیشە کە ئەم ناکۆکی و ململانێیانە بە شێوەیەکی توندوتیژ و بەرفراوان بەردەوام بووە و زۆر شوێنەواری نەرێنی و خاوەن دوورایی جۆراجۆری بەجێهیشتووە لە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتیەکاندا. هەروەها تواناکارییە ماددی و مەعنەویەکانی گەلانی هەرێمەکەی بە فیرۆدا یان ڕاستر, وای کرد کە تالاَن بکرێت, لەوەش مەترسیدارتر سەپاندن و قوڵ کردنەوەی داخران و بێچارەییە و ناجێگیری ڕەوشی هەرێمەکە و هەڵگیرسانی شەڕ و پێکدادانە خوێناویەکان. لێرەشەوە تەگەرەی خستە پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراتی لە هەرێمەکەدا.

هەروەها ستراتیژی ئەمریکا کە هەنوکە لە هەرێمەکەدا پیادەی دەکات هەمان ستراتیژی باسکراوە. ئەمڕۆ ئەمریکا هەوڵ دەدات بە ڕێی سەپاندنی سیستەمێکی جیهانی نوێ, بە سوود وەرگرتن لە گۆڕانکارییە جیهانی و هەرێمیەکانی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیت و شەڕی دووەمی کەنداو, کە بووە هەلێکی زێڕین لە پێناو چڕکردنەوەی باڵادەستی نێودەوڵەتی و تۆکمەکردنی زاڵێتی خۆی بە سەر هەرێمەکەدا. **سیستەمی باسکراو لە سەر سیاسەتی پەرتکەو زاڵبە دەڕوات و بە شێوەیەکی قوڵتر و فراوانتر, بە بەکارهێنانی دۆز و گرفتە نەتەوەیی و ئاینی و ئاینزاییەکانیش. دەسەڵاتە فەرمانڕەواکانیش هەمان سیاسەت بەکاردەهێنن لە هەرێمەکەدا بۆ تۆکمە کردنی باڵادەستیان بە سەر گەلانیاندا. بە بەکارهێنانی ئەو کیشە و ململانێ نەتەوەیی و ئاینزاییانەی هەڵقولاوی جیاوازیە کولتوریەکانن لە هەرێمەکەدا و پەنا نابەنەبەر شێوازە دیموکراسیەکان لە ترسی لە دەست دەچوونی جڵەوی کارەکان, بۆیە ئەو ڕژێمانەش کۆسپن لە بەردەم چارەسەریە دیموکراسی و ئاشتیخوازانەکان.**

## د-ڕۆڵی ئاین لە بەردەوان بوونی رژیمە نا دیموکراتەکان لە هەرێمەکەدا :

بەو پێیەی کە ئیسلام ئاینی باوە لە هەرێمەکەدا, بۆیە دروست بوونی یەکەمین دەوڵەتە ئیسلامیەکان, مۆرکی زاڵ بوون بە سەر چینە جیاوازەکانی لەسەرە بە ڕێی یەك هۆشی گشتگیر. بەڵام ئەوە کاتی بوو, چونکە ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان دەستیان بە تەقینەوە کرد. بە تایبەتیش لە گەڵ شەڕی هەڵگەراوەکان, ئنجا شەڕەکانی فتوحاتە ئیسلامیەکان کە دەوڵەمەندی ئەو وولاتانەی فەتح کرابوون بە سەر ئۆرۆستۆکراتەکانی قوڕەیش و عەرەبدا هەڵڕشت. ئەمە بووە مایەی کەوتنەوەی ململانێکان, لە دەست پێکردن بە کوشتنی عومەری کوڕی خەتاب و تا کوشتنی خەلیفەی سێهەمین عوسمانی کوڕی عەفان و ئنجا کوشتنی عەلی کوڕی ئەبی تالیب, **لێرەشەوە ململانێ چینایەتیەکان فراوانتر بوون کە بەڕێی هۆشیاری ئاینی گۆڕاو بۆ هۆشیاری ئاینزایی, بە ئەنجام گەیشت.** بۆ نمونە عومەری کوڕی خەتاب هەوڵیدا هاوسەنگیەکی کۆمەڵایەتی دروست بکات و دەستکەوتەکانی وولاتە داگیر کراوەکان بە سەر عەرەبە سەرکەوتووەکاندا بەش بکات, بەڵام ناکۆکیە قوڵەکان ململانێی خوێناوی تەقاندەوە و چاو برینە دەسەڵات و

خیلافەت سەریهەڵدا لە لایەن ئۆرۆستۆکراتە عەرەبەکانەوە, کە بوو بوونە خاوەن سامان و پلە و پایە و بیرو بۆچوونی جودا و شێوازی سیاسیان دروست کرد بۆ فەرمانڕەوایی کردنە درێژ خایەنەکەیان.

هەردوو ڕژێمی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی, دوای دەست گرتنیان بە سەر موڵکایەتی زەوی و جوتیاران و بە ئامادەکردنی بەرگێکی ئاینی بە پێی پێودانگەکانی کەڵك و بەرژەوەندیان, بەردەوامیان بە وەرگرتنی موڵکایەتی مرۆڤدا لە فیرعەون و پاشا و قەیسەرەکانی پێشتریانەوە. هێزە بەرهەڵست کارەکانیش بە حوکمی مەرجەکانی هۆشیاری و هەبوونی کۆمەڵایەتیان, کەوتنە شوێن بەکارهێنانی پەرستنکاری ئاینی بۆ بیانوهێنانەوەی جودا بون و ململانێیان لە گەڵ فەرمانڕەوایی ئاینی و ئاینزایی ناوەندی. ئیدی ئاینزاکانی تریان داهێنا, تا ببێتە ڕەنگدانەوەی لایەن و کۆمەڵە و نەتەوەکانیان. هەرچەندە ئاماژەیان بە دادپەروەری و بەدیهێنانی یەکسانی و ڕاژەکردن بە هەرێمەکان و ناوچە جیاوازەکان کرد و هەندێ دەستکەوتی بەرچاویان بەدیهێنا لەو پێناوەدا, بەڵام دەوڵەمەندان و گەورە پیاوان و دەسەڵاتداران, زۆری نەبرد زاڵ بوون بە سەر ئاینزا نوێیەکان و سامان و دەسەڵاتیان خستە ڕاژەی خۆیانەوە, **ئیدی شەڕە ئاینزاییە خوێناویە چەند بارە بووەکان, بووە دەربڕی شەڕە کۆمەڵایەتیە ناوخۆییەکان کە لە لایەن فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانەوە دەشاردرایەوە.**

لە بەر ئەوە دەبینین کە بەرهەڵستکاران پرۆسەی گۆڕانکاری قوڵ و گشتگیریان دۆڕاند لە هەرێمەکەدا, بە پەنا بردنە بەر ئاین و شیکردنەوەی ئاینزاییانەی. هەروەها ئەو دەوڵەتەیان وێران کرد, کە دەیانویست ڕزگاری بکەن, ئەمە و چینە باڵادەستەکانی هەموو ئاینزا پەرت بوو و دوژمن بە یەکەکان, بەمەوە ڕانەوەستان, بەڵکو بە ڕێی گشت بناغە کۆمەڵایەتیەکانیان لە تەڤگەرە مێژووییەکانیاندا, هەوڵیاندا کە ئەو ناکۆکیانەی لە ئارادان کۆنترۆڵ بکەن, هەتا بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی سەرکوتکردنی ماددی و توندوتیژی سوپاکانیان و زیندانەکانیان و سەپاندنی باج بە سەر گەلانیاندا, هەروەها ئاینزای ئاینیان کردە ئامرازێکی سەرکوت کردن و باڵادەستی بە ڕێی بەلاوەنانی هەر شتێکی مرۆڤانە.

گەلانی موسڵمان بە ڕێی ئاینزاکانیان هەوڵی ڕزگاربوونیاندا, گروپە ئاینیەکانیش هەوڵیان دەدا بە ڕێی هزری ئاینی لە ژێر زاڵێتی ئاینزای باڵادەستی ناوەندیدا دەربچن. لە بەر ئەوە ڕۆشنبیرانی موسڵمان هەوڵی هەژاندنی ئەو ناوەندی بوونە ئاینزاییە گشتگیرە فیوداڵییەیاندا, بە ڕێی سوك کردنی ناوەندەکانی.

ئەمە و ئیمپراتۆری عوسمانی سیاسەتێکی داگیرکەرانەی دوواکەوتوی گرتە بەر و ئامانجەکەی پارچەکردنی هێزی تەڤگەرە بەرهەڵستکارەکانی بوو و لێك هەڵوەشاندنەوەشی, بۆ مسۆگەرکردنی پێکنەهاتنی بەرەیەك کە بتوانێت هەڕەشە لە خۆی و فەرمانڕەوایەتیەکەی بکات, ئەم سیاسەتەش گەیشتە لوتکەی خۆی بە نزیك کردنەوەی هەندێ لە توێژە کۆمەڵایەتی و ئاینیە دوواکەوتووەکان. بە پەیڕەوکردنی ئاینزای سوونە لە لایەن ئیمپراتۆرییەوە وەك بناغەیەك بۆ خۆی, هەستا بە وروژاندنی ئەندامانی هەردوو کۆمەڵەکە (سوننە و شیعە) دژ بە یەك. لە پاڵ هاندانی تەریقەتەکانی سۆفیگەرایی کە زۆربەی شێخەکانی ئەم تەریقەتانەی بە کاروباری دەسەڵاتەوە بەستەوە و لە نوێژەکانیاندا بەناوی خەلیفە یان سوڵتانی عوسمانیەوە دەپاڕانەوە. لە پاڵ ئەوەدا کە بوو بوونە گرنگترین ئەو ڕەگەزانەی کە ڕیشەی هۆشیاری ئاینی دەکوتن, بە شێوەیەك جەماوەر بە (باب العالی)یەوە ببەستنەوە, کە بە سێبەری خوا دادەنرێت لە سەر زەوی. **لە بەر ئەوە و بۆ دابڕینی ئەم کۆمەڵگایانە لە گشت پەرەسەندنە جیهانیەکانی دەرەوەی ئیمپراتۆرییەکە, سوڵتانەکانی عوسمانی هەستان بە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو کولتورانەی لە ئەوروپاوە هاتوون, لە ژێر دروشمی ( ئەوروپا ووڵاتی کافرانە )**. ئەم سیاسەتە کە پەیڕەویان کرد زۆر لە تۆوەکانی دووبەرەکی و ڕەگەزپەرستی بڵاوکردەوە و ئاین و ئاینزاو و توێژەکانی گەلی لێك جیاکردەوە و ئاگری شەڕەکانی نێوانیانی هەڵگیرساند, وەك شەڕەکانی لە گەڵ ئەرمەنیەکان و کۆمەڵکوژی کردنیان (هاندانی کورد بۆ شەڕکردنی ئەرمەنەکان) بەوەش هەرێمەکەی دابڕی لە پەرەسەندنە زانستیەکان و خستیە ژێر باری قورسی سەردەمەکانی تاریکی و نەزانی, لە سایەی فەرمانرەوایی عوسمانیدا. تێبینیش دەکەین کە شوێنەوارەکانی ئەوە تا ئەمڕۆمان ماوەتەوە, وەك کێشەکانی تایەفەگەری و ئاینزایی نێوان سوننە و شیعە کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕەکانی نێوان ئەمەوی و عەلەوی, ئنجا بەکارهێنانی لە لایەن عوسمانیەکانەوە و هاندانی ئەو کوردانەی پەیڕەوی ئاینزای سوننە دەکەن بۆ شەڕ دژ بە فارسە سەفەوییەکان کە پەیڕەوی ئاینزای شیعەییان دەکرد و بە وەش کوردستانیان کرد بە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ئاینزا و تایەفە ئاینیەکان کە تا ئێستا شوێنەوارەکانی ماوەتەوە.

لە پێناوی ئەوەی ڕژێمی فەرمانڕەوا بەردەوام بێت لەدەسەلاتدا, هەموو شێوازەکانی ترس و تیرۆر و کۆمەڵکوژی بەکار هێنا، هەروەها دەست تێوەردانی دەرەکیش ئەنجامدران, لەپێناو پاراستنی ئەم ڕژێمە کۆنە بەسەرچووانە.

یارمەتیەکانی ئەڵمانەکانمان لەلا شاراوە نیە بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی, واتە ئەڵمانەکان یارمەتی عوسمانیەکانیاندا تا دەسەلاتیان بەردەوام بێت، چونکە ئامانجیان سوود وەرگرتن بوو لە دەوڵەمەنی کەرەستە سەرەتایەکانی هەرێمەکە، لە پیشەسازیەکانیدا. لەبەر ئەمە بالادەستی ئەڵمانەکان فراوان تربوو لەهەرێمەکەدا و هەندێك پرۆژەی ئەنجامدا بۆ مسۆگەر کردنی بەرژوەندیەکانی لە هەرێمەکەدا،بەتایبەتیش لەدۆزینەوەی نەوتدا.

بەڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دوای شەڕی جیهانی یەکەم، میراتیەکانی لەلایەن فەڕەنسا و بەریتانیاوە بەشکرا, کە بالادەستیەکی بەرچاویان هەبوو لە هەرێمەکەدا. بەوەش هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەشکرا بۆ چەند ناوچەیەك و ئەمەش سیاسەتیان بوو, لە پێناو ئەوەی خێروبێرەکانی هەرێمەکە، بخەنە ڕاژەی پیشەسازیەکانیان. هەروەها هەرێمەکە بکەنە بازاڕێك بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان. بەسیاسەتی پەرتکە و زاڵبەش دەسەلاتی خۆیان و دەسەلاتی مانداتیان (انتداب) ئاواکرد، کە بە دەسەلاتێکی نادیموکراتی دەژمێرێت و بەردەوام لەناکۆکی و ململانێدا دەژی، بەوەش شێوازی پەیوەندەیە کۆمەلایەتیە کۆنەکانی پاراست, ئەوەش کە گۆڕدرا،تەنها گۆڕینی ناوەکان بوو نەك زیاتر.

لەبەر ئەوە و بۆ ئەوەی هەرێمەکە بەرە و دیموکراتی بوون هەنگاو نەنێت دەوڵەتە داگیرکەرەکان، ئاگری ناکۆکی نێوان گروپ و ئاینیەکانیان هەڵگیرساند، بەتایبەتیش لەکورستان و لەهەرێمەکانی تریش, هەتا سودیشی لە نەستی نەتەوەیی ئەو گەلانە وەرگرت، بەوەش ویستی کە شەڕ و ململانێ لە نێوان ئەو گەلانەدا دروست بکات، نمونەی ئەو ململانێیەی هەیە لەنێوان هەردوو گەلی کورد وعەرەب لەعێراق داو هەروەها سوریا و تورکیاش. ئامانجی ئەم سیاسەتەش ئەوەبوو کە هەرێمەکە بخرێتە ڕەوشێکی ناجێگیری, هەروەها سیاسەتەکەیان پشت بەستوو بوو بەگەیاندنی کەمینەی ئاینزایی بە دەسەلات و مانەوەی زۆرینە لەناکۆکیەکی دژواردا لەگەڵی. نمونەی گەیشتنی ئاینزای سونی بە دەسەلات لەعێراقدا و دوور مانەوەی شیعە کە زۆرینە دەنوێنێت لە دەسەلات، هەروەها گەیشتنی عەلەوییەکان بەدەسەلات لەسوریادا و دوور مانەوەی سونیەکان لەدەسەلات، هەموو ئەم شێوازانە ئامانجەکەی هەژاندنی ئاسایشی هەرێمەکە و هێشتنەوەی ناکۆکیەکانە تێیدا و چارەسەرنەکردنێکی ڕیشەیانە بۆ کێشەکانی هەرێمەکە. لەلایەکی ترەوە گروپە ئەتنیکیەکان دوور لەدەسەلات مانەوە،تاوەکو ناچاری ئەو سیاسەتە بن کە فەڕەنسا و بەریتانیا پیادەی دەکەن. هەروەها ئەو دەسەلاتانەی کە دایانمەزراند، جیاوازیە ئاینی و ئاینزایەکانیان بەکار هێنا و ڕێی پەرەسەندنی دیموکراتیان نەکردەوە.

چوونکە ئاین و ئاینزاکان بناغەی تۆکمەیان هەبوو لەهەرێمەکە، هەروەها کاتێك تەماشای بونیادی چینایەتی ڕژێمە دەسەلات دارەکان دەکەین لە هەرێمەکەدا، دەبینین کە تائێستا پەنا دەبەنە بەر ئاین، وەك شێوازێك بۆ بەردەوام بوونی هەموو جۆرەکانی دەسەلاتیان و ئەمە بەزۆر شێوەی جیاواز بەناوی ئاینەوە دەردەکەوێت، بەوەش هەموو ڕێگاکانی یەکگرتنی گەلانی هەرێمەکە دادەخات بەبیانووی ئەوەی کە فلان ئاینزا پێچەوانەی ئیسلامە یان فلان ئاین دووری فەرمانەکانی خوایە و شێوازی تریش کە بەکاری دەهێنن, بۆ بەردەوام بوونی بەرژەوندیەکانیان و بەکار هێنانی هێزی گەلانیان لە ڕاژەی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان .

دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمیەکان ئاینیان خستە ڕاژەی بەرژەوەندیەکانیان بەڕێی ڕژێمە هەرێمیەکان, بەوەش سامانەکانی گەلانیان، خستە بەردەست خۆیان وەك ئەنجامی فشار و دواکەوتن و نەزانین کەباڵی بەسەر گەلانی هەرێمەکەدا کێشا, لەپاڵ نەهامەتی شەڕەکاندا, بەتایبەتیش شەڕی جیهانی دووهەم، لەنێو ڕیزەکانی جەماوەردا تەڤگەرە ڕزگاری خوازەکان، دەستیان بەگەشەکردن کرد بۆ سەربەخۆ بوونیان، لەزاڵێتی و فەرمانڕەوای بیانی, هەندێك لەو تەڤگەرانە کەوتنە ژێر کاریگەری شۆڕشی سۆسیالیستی ڕوسیا, بەلام ئەم تەڤگەرانە ئاینیان وەك بناغە وەرگرت لە تێکۆشانیاندا دژ بە ڕژێمەکانی ئینتیداب بەوەش توانیان هەستەکانی گەلانیان ڕابکێشن و زاڵ بن بە سەر نەستەکانیاندا و گیانی ڕزگاربوونیان لە بەرامبەر ئەو ڕژێمە ستەم کارانە لە لا دروست بکات.

لە گەڵ ئەوەدا کە ئەمەریکا چووە ناو بەرەی سەرمایەداریەوە, پاش ئەوەی ئەوروپا بەلاوازی لەشەڕی جیهانی دووهەم هاتە دەرەوە, پێش برکێیەکی چەك سازی نێودەوڵەتی لە نێوان هەردوو بەرەی گەورەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دەستی پێکرد. ئەمەش هاوکاتی زۆربوونی پێویستی هاوردنی کەرەستە سەرەتاییەکان بوو,کە ڕۆژهەلاتی ناوین باشترین سەرچاوەی بوو, بۆیە دەستیان لە هەرێمەکە وەردا و دەوڵەتی پاشکۆی خۆیان دروست کرد، بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی گەلانی هەریمەکە, نمونەی ئەوە (دەوڵەتی شاهانشایی لە ئێران) و دەوڵەتی تورکی لەسەر سنووری سۆڤیەت, لەئەنجامیشیدا زۆر ڕەوتی هزری و کلتووری ڕۆژئاوایی هاتە ناو هەرێمەکە, وەك (ڕەوتی تەکنۆکراتی و کاریگەریەکانی مۆدرێنیزم و پۆست مۆدرێنیزم و جیهانگیری و ...هتد). نمونەی زەق بۆ ئەوە نیشتیمانی عەرەبیە, سەرەڕای هەمەڕەنگ بوون لە کولتور و ئایین و ڕەوتە هزریەکانی تر لە نیشتمانی عەرەبیدا, هەندێك دەوڵەتی شێوە ڕۆژئاوایی وەك پێك هاتەی ئابووری و کۆمەلایەتی دروست بوو. مەبەستیش لەدروست کردنی ئەم دەوڵەتانە درێژەدان بوو بەخاڵەکانی ململانێ و دووبەرەکی, بۆ بیانوو هێنانەوەی دەست تێوەردانی دەرەکی لەپاڵ خاڵەکانی نا جێگیری کە دەکرێت لە هەرکاتێکدا بەکار بهێنرێت بۆ دروست کردنی ناجێگیری, هەروەها سەرقاڵ کردنی جەماوەر بە کێشە ئاینیە خەیاڵیەکان و نوقوم بوون لە چێوەکانی دواکەوتندا و بەردەوام بوون لەسەر کێشە کۆنەکان و دوور کەوتنەوە لە دۆزە سەرەکیەکان و هەماهەنگ بوون لەگەڵ پەرەسەندنە جیهانیەکاندا.

دەوڵەتانی عەرەبی هەرچەندە یەك ئاینیان هەیە, بەلام پارچەبوون بۆ بیست وسێ دەوڵەت و لەهەر دەوڵەتێکیشدا جیاوازی ئاینی و ئاینزای گەورە دەرکەوتن, ئەم جیاوازی و ناکۆکیانەش دەرفەتی بەوەرچەرخانی دیموکراتی نەدا لە هەرێمەکەدا. هەروەها دروست کردنی کیانی سەهیۆنی لەدڵی دەوڵەتانی عەرەبیدا لەچوارچێوەی ئەو ئامانجە

کۆلۆنیالیزمیانەدا بوو. بۆیە ناکۆکی نێوان ئاینەکان بەردەوام دەبێت و هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووە ناکۆکەکەیان, کە دەرفەتی لێك نزیك بوونەوە و پێکەوە ژیانیان نادات, هەروەها ئەو کیانە یەك نەگرتنی ولاتانی هەرێمەکەی بەئامانج گرت, چوونکە یەکگرتنیان ڕێدەکاتەوە بۆ پەرەسەندی دیموکراسی و ڕۆڵی پێشەنگایەتی کردنی خۆیانیان بۆ دەگێڕێتەوە لەپەرەسەندنی شارستانی مرۆڤایەتی.

لەپاڵ ئەوەدا ڕژێمە فەرمانڕەواکان و دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان، هەندێك خاڵی ململانێیان بەکارهێنا لە هەرێمەکەدا، بۆ بەلاوەنانی گرفتە ناوخۆیەکانیان، بەڕێی وروژاندنی بابەتێکی نوێ. ئەمەش بەڕێی دەرکەوتنی بزووتنەوەی (أخوان مسلمین)ەوە بینرا، کەلەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیەوە هاوکاری و پشتیوانی لێدەکرا. هەروەك دەزانین سیاسەتی ئیمپریالیزم و ئایدۆلۆژیاکەی ناگونجێت لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ئاینی ئیسلام, ئیتر چۆن پشتیوانی لە بزوتنەوەیەك دەکات بەناوی ئیسلامەوە و مەبەست لەوە چیە؟ هەروەك پێشتر ئاماژەمان کردبوو بەچۆنیەتی بەکار هێنای ئاین لەلایەن ئیمپریالیزمەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی, بە هەژاندنی هەرێمەکە تا ببێتە بیانوو بۆ دەست تێوەردانەکانی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شیکردنەوە گشتگیرەی کەلە لایەن ئەوانەوە سەبارەت بەئاین کراوە،بەو پێیەی کە گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوین تائێستا لە ژێر کاریگەری ئایندا ماونەتەوە، **بۆیە ئەگەر کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەلاتی ناوین نەیانتوانی خۆیان ڕزگاربکەن لەو کارکردە نەرێنیانەی بەدرێژای کات لە ژێر ناوی ئایندا دەرکەوتووە, ئەوا بەدواکەوتوویی دەمێننەوە لە ئاست پەرەسەندنە جیهانیەکان. ئەمەش بەو مانایە نایەت کە دەست بەرداری ئاینەکانیان بن، بەڵکو خۆیان ڕزگار بکەن لەو کاریگەریانە, کە مرۆڤ دوور دەخەنەوە لە شیکردنەوەی زانستیانەی گشت گرفتەکانی کۆمەڵگا** .

هەروەها ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە و ڕژێمە هەرێمیەکانیان هەستان بەقوڵ کردنەوە و بەهێز کردنی ڕۆڵی دامەزراوە ئاینزاییەکان، کە پشت بەستوون بە دواکەوتنی گەلان. وەك مەرجێکی درێژەدان بەتاڵانکردنی دەرەکی و ناوخۆی، هەروەها ئەو هێزە تازە گەشە کردوانە بەبونیادە فیودالی _ بۆرژوازیە بەناو یەکداچووەکانیانەوە, بەرنامەکانیان هیچ پرەنسیپێکی تیۆری و سیاسی لەخۆ نەگرتووە, بۆ ئاواکردنی کۆمەڵگا دیموکراتیەکان و ئەنجامدانی چاکسازی کۆمەلایەتی و سیاسی. بەتایبەتیش نائاگاییان لەهزری ڕووناکبیران سەبارەت بە جیاکردنەوی ئاین لە سیاسەت و دەوڵەت, ئەمەش دەربڕی پەیوەست بوونیانە بە پێکهاتە دواکەوتووەکەوە.

کاتێك پیاوە ئاینیە موسوڵمانە ڕاپەڕیوەکان، لەسەدەی نۆزدەهەمیندا دەستیان بەتێکۆشانی دژ بەبالادەستی بیانی زەق و دواکەوتنی گەورە کرد, زۆریان جارێکی تر ئاینیان کردە بناغەی کاری سیاسیانەیان، لەو کاتەشەوە بناغەی نوێ دارێژرا بۆ گرفتە هەنوکەیەکان، بۆیە دەبینني کە دروشمەکانی ڕاپەڕین و بەرخۆدان دژبە چەوسانەوە و بانگەشەکردن بۆ دەسەلاتدارێتی پەرلەمانی و چاککردنی پەروەردە و بلاوکردنەوەی زانیاریەکان هەنگاوێکی ئەرێنی بوو لە پێناو هەستانەوەدا, بەلام ئەم دروشمانە درکی بەسروشتی ڕەوشی سیاسی و ئاینی کۆنەپارێز نەکرد،ئەمەش دەربڕی پێکهاتە کۆمەلایەتیەکەی بوو کە ڕۆژئاوای سەرمایەداری پێچەوانەی بوو, بە نمونەی وەرچەرخاندنی فیودالی کریستیانی و جیاکردنەوەی لە دەوڵەت و سیاسەت. هەروەها بەلاوەنانی چینە دەرەبەگە بالادەستەکان بەسەر موڵکایەتی زەوی و مرۆڤ و ئاوەز .ئەو ئاینە کریستیانیەی کەمێژوویەکی درێژی دەمارگیری هەبوو و پێکەوە ژیانی لەگەڵ ئەوانیتر زۆر ئەستەم بوو, کۆمەڵگای وای لێ بەئەنجام هات کەرێزی ئازادی دەربڕین دەگرێت, لەکاتێکدا کەجیهانی موسوڵمان بۆماوەیەکی درێژ پێکەوە ژیانی پەیڕەو کرد و لەم ڕۆژانەدا وەك ناوەندی دەمارگیریە.

بەم شێوەیە لەکاتی شیکردنەوەدا, بەتایبەتی شیکردنەوەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەلاتی ناوین دەبینین کە ئاین یان ڕاست تر ئەو ڕژێمانەی کەئاینیان بەکار هێنا بۆ پاراستنی بەرژەوەنیەکانیان, ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لەنەگەیشتنی ئەو کۆمەڵگایانە بە چارەسەریە دیموکراسیەکان. چونکە ئەو ڕژێمانەی هەن ڕژێمی نادیموکراتن و دوورن لەگەوهەری لێبوردن و یەکسانی نێوان گەلان لە ئاینەکاندا .

ئەگەر ئەم ڕژێمانە بیانەوێت، بچنە کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیەوە, دەبێت وەرچەرخانێکی ڕیشەیی بکەن لەبونیاتەکەیاندا و کەڵك وەربگرن لە دەوڵەمەندی کلتوری هەرێمەکە و ئاین دوور لەسیاسەت دابنێن و بەمەش ئاین لەنێوان مرۆڤ و خوادا دەمێنێتەوە و دەست لەسیاسەتی دەوڵەت وەرنادات، ئەمە ئەو ڕێگایەیە لە پێناو گەیشت بە هەرێمێکی جێگیر کەتێیدا ڕژێمێکی دیموکراسی دوور لە چەوساندنەوە تێیدا بالادەست بێت و ڕێز لەمافەکانی گەلان بگرێت, هەروەها لە ڕاژەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی گەلاندا بێت. بۆیە بەردەوام بوونی ئەم ڕژێمانە هەڵقولاوی بەردەوام بوونی ڕەوشی هەنوکەیە کەپارچەبوون بەسەریدا زاڵە لەنێوان هێزە نیشتیمانیە زۆرەکاندا و هاوپەیمان نەبوونیان لەگەڵ یەکتر, بۆ دروست کردنی هێزێکی ڕۆژهەلاتی ناوینی کەتاکە دۆڕاو بوو.

---

## بەشی سێهەم

---

## نزیك بونەوەی هێڵی دیموكراسی KADEK لە دەوڵەمەندی ئاینی و كولتوری هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین:

هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕابردوویەكی مێژووی دێرینی هەیە و ناوەندێكی گەواهیدەرە لە سەر شارستانیەكی شكۆمەند، هەروەها بەو پێیەی كە جێی دروست بوونی هەموو ئاینەكان و ململانێی نێوان ئەو ئاینانەیە، لە ناو هەموو هەرێمەكانی جیهاندا پلەی یەكەمی گرتووە، و گۆڕەپانی بەهێزترین تێكۆشانە ئایدیۆلۆژیەكانیشە، كە لە گەڵ خۆیدا پەرەی بە ژیانی كۆمەڵایەتی داوە. ڕۆڵەكانی ئەم هەرێمە دەوڵەمەندە كۆڵەكە سەرەكیەكانی شارستانیان چەقاند و شارستانیان گەیاندە بەرزترین ئاست، بەمەش بووە ناوەندی شارستانی مرۆڤایەتی، و وای كرد ڕابردوو و كەلەپورێكی مێژوویی دەوڵەمەندی هەبێت، بۆیە شوێن پێ هەڵگری شارستانی نەبووە بە وێنەی هەرێمەكانی تری جیهان، بەڵكو جێی دروست بوون و لانكەكەی بووە.

دەتوانین بڵێین كە: كە لە ڕۆژی یەكەمی سەرهەڵدانی ئەو ئاینانە لە هەرێمەكەدا و تا ئەمرۆ، هەستاون بە بانگەشەكردن و تۆكمە كردنی بنەماكانی دەسەلاتدارێتی خۆیان. هەرێمەكەش بە هۆی بەپیتی زەویەكانی و ڕۆحی مەعنەوی و ڕەسەنی ڕۆڵەكانی و دەوڵەمەندیە كولتورییەكەی، لە پاڵ دەوڵەمەندی كەرەستە سروشتیە ژێر زەوی و سەر زەوییەكانی، سەرنجی دوژمنانی ڕاكێشاوە بۆ دەست گرتن بە سەریدا. ئەمەش شەڕی دژواری لێ كەوتۆتەوە، لێرەشەوە هەرێمەكە ڕەوشێكی ناكۆكی بەخۆیەوە بینی لە گەڵ ڕابردووە بەنرخەكەی، وەك ئەنجامی ئەو شەڕ و ململانێ بەردەوامانە.

هەرێمی ڕۆژ هەڵات بووە ناوەندی پەرەسەندنە مێژووییەكان، بە هۆی ئەو هونەر و كولتور و سیاسەت و فەلسەفانەی تێیدایە، هاوكاتیش مەڵبەندی یەكەمین كۆمەڵگا مرۆڤایەتیەكانە و یەكەمین ئیمپراتۆریەكانی كۆیلەداریش (سۆمەری، بابلی، ئەكەدی، ئاشوری، میدی، فارسی)یشی تێدا دەركەوتوون، وە بە سەرچاوەی ڕەسەنی ئاینە ئاسمانیە تاكخودا پەرستیەكانیش دادەنرێت (یەهودی و كریستیانی و ئیسلام)، هەروەها ئاینی زەردەشتی، ئەم ئاینانەش هەنگاوێكی پێشكەوتوانەی كۆمەڵگا بووە بەرەو ژیانێكی باشتر، لە جێی بێكاری، كار و لە جێی غەم و بێ هیوایی، كامەرانی ودانبەخۆدا گرتن و لە جێی خراپەكاری، چاكەی هێنا. هەروەك دەزانین كە ستەم پەسەند ناكات بەڵكو ڕووناكی بنچینەكەیەتی، ئاینی یەهودێتیش هەروەها بووە، كە وەك ئاینێك بۆ ڕزگاری گەلی یەهودی لە كەوتوویی ڕەوشتی و گەندەڵی، دەركەوتووە. بە وێنەی ئاینی كریستیانی كە وەك فریادڕەسی گەلی ئیسرائیل بووە لە كۆمەڵگایەكدا كە خراپەكاری و ناكۆكی و ململانێ و شەڕی تیرەگەری، بەردەوام باڵی بەسەردا كێشاوە.

دەبینین كە ئەم ئاینانە توانیویانە ئامانجەكانی خۆیان بەدی بینن لە قۆناغی دەركەوتنیاندا و وەڵامی بە قەیرانە كۆمەلایەتیە قوڵەكان داوەتەوە و بە شێوەیەك لە شێوەكان بۆتە مایەی جێگیری لەو كۆمەڵگایانەدا. و بەو پێیەی كە لە پێناو ڕزگاری مرۆڤایەتیدا بوون، بۆیە سنوریان بۆ بانگەشەكانیان دانەناوە، جگە لە ئاینی یەهودی كە بۆتە ئاینێكی نەتەوەیی یەهودیەكان، بەڵام ئەم ئاینانە سەرەڕای پرەنسیپە مرۆڤایەتیەكانیان مۆركی پێشكەوتنخوازانەی خۆیان نەپاراست، دوای مردنی سەرۆكایەتیەكانیان و كەوتنە خزمەت دەسەڵاتدارانەوە و بەناوی ئاینەوە ڕەفتاریان كرد و ئازار و نەهامەتیان هێنا بە سەر گەلاندا. لەم بارەیەوە سەروك ئاپۆ دەڵێت(**هەتا ڕۆژی ئەمرۆمان شەرەكانی ئیدیۆلۆژیای ئاینی باڵادەست بووە بە سەر كۆمەڵگاكاندا و شێوەی پێداون، وە لەبەر ئەوەی كە ئەم هەرێمە ملكەچی ئەم سێ ئاینە سەرەكیە بووە، بۆیە بۆتە مایەی ئەم ناكۆكییە لە هەرێمەكەدا و لە دەستدانی ئاینەكان بۆ پێكهاتەی پێشكەوتنخوازانەی سەرەتای دروست بوونەكەیان و وایان لێهات ببنە كۆسپ لە بەردەم زانست و پەرەسەندنیدا و سەركەوتوو نەبوون لە دروست كردنی پێودانگ و نەریتی دیموكراسیدا، فیوداڵیزمیش كە سێبەری قورسی خۆی بە سەر هەرێمەكەدا داوە، بۆتە هۆی كۆنە پارێزی و دەمارگیری زێدەتر، هەندێ لەو تایبە تمەندیە دیموكراسیانەشی تواندەوە كە لە پێكهاتەی خێڵدا هەبوون و هەموو شێوەكانی زۆردەستی شوێنی گرتنەوە لە پێكهاتەی كۆمەڵگادا. هەروەها شەڕی ئاینی و ئاینزایی دەرفەتی بە چاكسازی نەدا، وەك چۆن لە ڕۆژئاوادا كرابوو، بەڵكو بووە هۆی داخرانێكی زیاتر و ئەمەش بووە هۆی دەستبەردانی تاكە كەس و كۆمەڵگا لە تێكۆشانی ئازادی و رزگاری. هەتا زۆر نەمابوو ئازادی ڕامان و سیاسەت بە تەواوی لە بیر بكرێت**).

ئەگەرچی ئاینی ئیسلام شەڕێكی دژواری كرد بۆ بڵاوكردنەوەی بانگەشەكانی و زۆر هەرێمی جیهانی كردەوە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو جیاوازیانەی لە ناوخۆی كۆمەڵگای ئیسلامیدا دەركەوت، ئاینزاكان دروست بوون. لە ئاینەكانی تریشدا هەر وابووە و شەڕی دژواری نێوان ئاینزاكان لەم ناكۆكیانەوە كەوتۆتەوە و هەرێمەكەی كردە گۆڕەپانی شەڕە دژوارەكانی خۆی. بەڵام كاریگەری شەڕە هەڵگیرساوەكان لەم هەرێمەدا و پەرەسەندنی و تەقەلاكانی بۆ شكاندن و پوچەڵ كردنەوەی هێرشە دەرەكیەكان، جۆرێك لە یەكێتی دروست كردووە، كە دواتر گەشەی كرد و پەرەی سەندوو دەسەڵاتی كریستیانی لە هەرێمەكەدا تێكشكاند لە قۆناغی صلاح الدینی ئەیوبی كە گەلانی هەرێمەكەی یەكخست و (ئوممەتێكی ) فرە ڕەگەزی دروست كرد لە نەتەوەكانی كورد و عەرەب و (نەسارا) و ڕەگەزی دیتر و لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا كۆی كردنەوە. بەمەش ئاینی ئیسلام لە هەرێمەكەدا باڵادەست تر بوو. دواتریش بووە باڵادەستیەكی ئیدیۆلۆژی – سیاسی كە لە باڵادەستی هەردوو ئاینزای گەورەی (سوونی و شیعی)دا بەرجەستە دەبێت.

بۆیە دەبینین کە هەموو کولتورە مێژوویەکان کە لە ئەمرۆدا هەن, کولتوری دەوڵەمەندن و موزایکێکی گەلان دەنوێنی و کولتور و ئاینەکانی ئەم گەلانە شارستانیەکی گەورەی ئاوا کردووە و گشت کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان سوومەند بوون لێیەوە. ئەمە بەو واتایەش دێت کە پێویستە مرۆڤ شایستەی ئەو کولتورانە بێت و ڕێز لە کرۆکی ئاینەکان بگرێت, بەو پێیەی بەرهەمی ڕەنجی مرۆڤایەتییە. لەم بارەیەشەوە سەرۆك ئاپۆ دەڵێت:( **پێویستە سەنتێزێك لەمانە دروست بکرێت**) و دەڵێت(**بەناویەکدا چوونی زمانەوانی وکولتوری ئەم گەلانە کە سەردەمانیکی دوورو درێژە پێکەوە دەژین و ئەو لەناو یەکدا توانەوەیەی ئەو قۆناغە, وەها هۆکارێك نیە کە ببێتە هۆی لاوازی و تەنها مانەوە و دورکەوتنەوە, بەڵکو سامان و هەمەڕەنگی و سەرچاوەی هێزە و پاڵ بەو گەلانەوە دەنێت بەرەو پێکەوە ژیان, کە بەلای گەلانیشەوە باشترە**).

لە بەر ئەمەش چارەسەری دیموکراسی, باشترین شێوازی برایەتی نێوان گەلان و پێکەوە ژیانیانە. و بە ڕێی شیکردنەوەی دەوڵەمەندیی کولتوری ئەم ئاینانە و شیکردنەوەی لایەنە پۆزەتیفەکانی لە لایەن KADEK ەوە, بە تایبەتیش ئەو لایەنانەی پەیوەستن بە ڕاژەکردنی مرۆڤایەتی و پەرەسەندن و پێشکەوتنیەوە. چارەسەری گونجاوی تیۆری بۆ دۆزیوەتەوە و خستونیەتە ڕاستینەی پراتیکیەوە و کردونی بە پرەنسیپی سەرەکی لە شۆڕشدا, وەك لە خۆ بردوویی و هاوکاری و یەکسانی و ڕێز و چەندین خەسڵەتی ئاکاری تریش و بۆ گەیشتنە کۆمەڵگایەك کە ئەم تایبەتمەندیانە بکاتە بناغەی ئاکاری خۆی, گەلی کورد بناغەی ئەمە دادەڕێژێت بەڕێی پێکەوە ژیانی لەگەڵ گەلانی هەرێمەکە و تێکەڵاو بوون لە گەڵیان لە چوارچێوەی مافە ڕەواکانی خۆیدا و هاوکاری و هاوپەیمانی لە گەڵیاندا و کەڵەکە کردنی سامانەکانی ئەم هەرێمە تا ببێتە دەوڵەمەندی بۆ گشت مرۆڤایەتی. هەروەها گەڕانەوە بۆ گەوهەری ئاینەکان و شیکردنەوەیان و کردنەوەی ڕێگا دیموکراسیەکان لە بەردەمیدا تا بگۆڕێت و پەرەبستێنێت.

## أ- ئاین و مرۆڤ لە فەلسەفەی ئاپۆیزمدا:

لەبەشەکانی پێشتردا باسمان لە چۆنێتی پەرەسەندنی فەلسەفە کرد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. بەم پێیەش چۆنێتی شانبەشانیتی پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژیا لە گەڵیدا, ئایدیۆلۆژیا ئاینیەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بە ئاستی جۆراوجۆر پەرەیان سەندووە, بە شێوەیەك کە زۆر جیاواز ترە لە هەر ئایدیۆلۆژیایەکی تر و ئەمە تا ئەمرۆ بەردەوامە, هەروەها ئایدیۆلۆژیای تریش هاتنە ئارا کە فەلسەفە بووە بناغەی پێکهاتنەکەی, **لێرەدا پێویستە لە مانای ڕاستەقینەی ڕیزبەندی فەلسەفی بگەین, چونکە فەلسەفەکان یان لەناو ئاینەوە دەرکەوتوون یان پاش ئەو قۆناغی پەرەسەندنانە دروست بوون, کە ئاینەکان بەدییان هێناوە, ئەمە دێتە ئەو مانایەی کە فەلسەفەش ئەوەندەی ئاینەکان مێژوویەکی کۆنی هەیە**.

فەلسەفە نزیکترە لە زانستی بوون و جیاوازی نێوانی و بیرۆکەکانی تر ئەوەیە کە تیشك دەخاتە سەر گشت چەمکە پەیوەنیدارەکان بە گەردوون و کۆمەڵگاوە کە مرۆڤی تێدا دەژی. تایبەتمەندیە سەرەکیەکان کە تا ئێستا بینراوە, ئەوەیە کە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە گەڵ پەرەسەندی مرۆڤایەتیدا ڕوویداوە لە هزر و ئیدیۆلۆژیەکاندا و جادوو و (شعوەزە) و گەیشتنە ئاینەکان لە هەردوو ئاستی فەلسەفی و زانستیەوە بە شێوەیەکی بە ناو یەکدا چوو لە کەڵ ژیاندا پێکهاتووە و بەبێ ئەوە ئەستەم بوو پەرەسەندنێکی وا بەدی بهێنرایە, چونکە مرۆڤ ئەوەندەی کاریگەریتیە فەلسەفی و زانستیەکانی و پلەی خەیاڵەکانی و پێکهێنانە پراکتیکیەکانی لەم بوارەدا بە مرۆڤ دادەنرێت. **مێژووی شارستانی مرۆڤایەتی لە سەر ئاوێتەبوونی ئەم توخمانە ئاوابووە (هێزی مرۆڤ, ئاین, فەلسەفە) و دابڕینی هەڵقەیەك لەو سیانە, دێتە مانای ڕاوەستانی ڕەوڕەوە و دیالکتیکی ژیان. خۆ ئەگەر ئاین بریتی بێت لە سەرەتای ڕامانی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان بەڕێی دیاری کردنی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگا ئەوا فەلسەفە هەستاوە بە شیکردنەوەیی و تاوتوێ کردنی** .

لەم پێگەیەوە ناشێ دەستبەرداری ئەو ڕۆڵەی تاکە کەس بین کە گێڕاوێتی لە پێشخستنی میکانیزمەی کۆمەڵگادا, چونکە شۆڕشی مرۆڤایەتی کە پەرەی بە شارستانیدا و کۆمەڵگای بوژاندەوە و خۆش گوزەرانی پێدا. بەڕێی ڕەتکردنەوەی بیرۆکە کۆن و سواوەکان و داهێنانی بیرۆکە دنیاییەکانیش, بەرەو سیاسەت و هونەر و زانست, خستیە قۆناغێکی نوێوە, کە لە گەڵ داواکاریەکانی کۆمەڵگای نوێدا گونجاوە. ئەمەش بەمانای ڕەتکردنەوەی ئاین, هەتا بەمانای ڕەتکردنەوەی تەسەوفیش نایەت, چونکە ئەوەی ئاواکراو, هەروەها ڕەخنە کردنی کۆن بە چەمکێکی چینایەتی, بووە هۆی گێڕانەوەی بەها ڕۆحیەکان و ئازادی باوەڕیی ئاینی و پێویستی سروشتی مرۆڤە. بۆیە ئاینە کۆن و تاکخودا پەرستیەکان و فەلسەفە درێژکراوەکانیشیان, درێژکراوە و تەواوکەری یەکتر بووە, بەڵام سەرەڕای ئەمە ناکۆکیە زۆرەکانی نێوانیان لە ڕووی داب و نەریت و چەمکە ئاینی و ئاینزایەکان و سروتەکان و ...هتد. بۆتە هۆی پارچە بوونی ئاینەکان و دەرکەوتنی ئازادی ئاینی و ئاینزایی ڕامانی تاکە کەس, و واشی کرد کۆمەڵگا گرنگی بە مێژوو و بە ئایندەش نەدات, ئەوەندەی کە گرنگی بە هەنووکە دەدات و سەرۆك ئاپۆ لەم بارەیەوە دەڵێت: (**ئێمە نەك هەنوکە بەڵکو مێژوو و نە تاکە کەس بەڵکو کۆمەڵگا دادگایی دەکەین**).

سۆسیالیزمی بونیادنراو و ئەو پارتیانەی پێیەوە پەیوەست بون و هەرچەندە دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکانیان بە شێوەیەکی زانستیانە شیکردبێتەوە, لە پراکتیزەکردندا سەلمێنرا کە ئەوەی ڕەخنە کراوە و ڕووخێنراوە, کۆنەپەرستی و دوواکەوتوویی کۆمەڵگا و لایەنە نێگەتیفەکانی دەسەڵات نەبووە, بەڵکو ئەو بەها ڕۆحی و مەعنەویانە بووە کە بە درێژای مێژوو دەرکەوتووە و لە گەڵ سروشتی مرۆڤ و داستانە مێژووییەکەیدا ژیان کراوە.

وەك ئەنجامی تەسکی ئاسۆکان و ووشك باوەڕیی و پەیوەست نەبوون بە بەرژەوەندیە ماددی و مەعنەویەکانی کۆمەڵگاوە و بە بناغە وەرگرتنی بەرژەوەندی چینایەتی و نەبەستنەوەی دیالێکتیانەی مێژوو بە ئایندەوە. هەموو ئەمانە وای لە سۆسیالیزم کرد بڕوخێت, کە دەیویست سۆسیالیزمی زانستی بە دەست بەردان لە لایەنی مەعنەوی کۆمەڵگا و مرۆڤ و تێنەگەیشتن لێی بە شێوەیەکی ڕاست دروست بکات. لەم بارەیەشەوە سەرۆك ئاپۆ دەڵێت: ( **سۆسیالیزم لە گەوهەرە ئایدیۆلۆژیەکەی لایدا, بەڵام ئەمە نایەتە مانای کیسە بەتاڵ بوونی و هەموو لادانێکیش مەحکومە بە ژێرکەوتن و ڕووخان** ). لە گەڵ ئەم ڕووخانە و لە ئەنجامی دەست تێوەردانەکانی ئیمپریالیزم لە قۆناغی کۆتایدا, کە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریدا بۆ گۆڕینی سۆسیالیزم بۆ ڕێبازێك لە ڕێبازە تەسکەکان (واتە دابڕینی لە گەوهەرەکەی). بەمەش دەیویست بە شێوەیەکی وا نیشانی بدات کە مرۆڤ نەشێ تێیدا بژێت, هەروەها لە ئەنجامی چەمکە چەوتەکانی پارتیە چەپگرەکان و هەستانیان بە شێواندنی ئاین و ئەو بەهایانەی کە بۆتە بەشێك لە ژیانی کۆمەڵگا, هێزی بەو وێنەیەدا کە ئیمپریالیزم کێشای, لەم پێگەیەشەوە ناتوانین بڵێین کە ئەوەی ڕەخنە کراو و ڕوخێنرا ڕاست و پۆزەتیف بوو لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناویندا, بەڵکو کاریگەرێتی نیگەتیفی وای هەبوو کە ڕەگەکانی تا ئەمڕۆمان درێژ بۆتەوە, ڕاستیەکانی بەلاوە نا و لە جێی ئەوانە, ئایدیالیزمی یۆتۆبیایی وەك (چەندە توانیت ڕۆژی خۆت بژی, هەموو شتێك چارەنوسمە) و چەمکی ژیان کردن بۆ تێرکردنی پێویستیە ڕۆژانەییەکان و ژین بە بێ ئیرادەی دروست کرد.

**لە چوارچێوەی ئەم هەلومەرجە باوە لە ڕۆژهەڵاتدا, کە کۆن و تازەش لە ژێر قورسایی ئاینی و ئاینزای و کاریگەریە فەلسەفیەکانی بە زانستی و میتافیزیکیەکانیشیەوە دەناڵێنی, کەسێتیەکی بێ ئیرادە و بێ هیوایی دروست کرد لە هەرێمەکەدا بە گشتی و لە کوردستاندا بە تایبەتی, کە خۆی بە دەست بڕیاری چارەنوسەوە داوە, بەم شێوەیەش دەرکەوتنی PKK بە ڕەنگدانەوەی ئەم ناکۆکیانە دادەنرێت و بە شیکردنەوەی هەموو هەلومەرجەکان, چارەسەری شۆڕشگێڕانەی بۆ داناون و بەڕێی کەسێتی سەرۆك ئاپۆ بە شێوەی پرەنسیپ ئەم بیرۆکە و کاریگەرێتی و تایبە تمەندیانە ڕیشەیان داکوتا تا لە فەلسەفەی ئاپۆیزمدا شێوەیان گرت.**

فەلسەفەی ئاپۆیزم فەلسەفەیەکی ماتریالیزمیە و بناغەکەی مارکسیزم – لینینیزمە و درێژکراوەیەتی و پەرەی پێ دەدات, هەروەها فەلسەفەیەکی سەربەخۆ و تازە دروست کراو نییە, بەڵکو سەرچاوەکەی مارکسیزم – لینینیزمە, کە پشت بە پەرەسەندن و وەرچەرخان دەبەستێت و PKK لە کۆمەڵگای کوردستاندا و بە پێی هەلومەرجەکانی کۆمەڵگاکە پراکتیزەی کردووە و هەوڵی داوە نەك تەنها بۆ کێشەی کوردستان بەڵکو بۆ هەموو گرفتەکانی جیهان ببێتە وەڵام, ئەمەش تەریب لە گەڵ ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنەی کە بەدی دێنێت, لە لایەکی تریشەوە ئەم فەلسەفەیە مێژووی مرۆڤایەتییە, ئەمڕۆی مرۆڤایەتی پێکدێنێت و ئایندەکەی دەنوێنێت, **بە مانایەکی تر فەلسەفەی ئاپۆیزم ڕابردوو و ئێستا و ئایندەی مرۆڤایەتی یەکدەخات و ئاوایان دەکات و لە خودی خۆیدا پێکی دێنێت و پراکتیزەی دەکات. کاتێ سەرۆك ئاپۆ دەڵێت ( تەمەنم سێ هەزار ساڵە ), دێتە ئەو مانایەی کە گەلی کورد سێ هەزار ساڵە لە سەر ئەم خاکە دەژی و نوێنەری ئەو شارستانیە مرۆڤایەتیانەیە کە لێرەدا دەرکەوتووە.** هەروەها ئەم فەلسەفەیە نکولی لە فەلسەفەکانی تر ناکات, بۆیە بۆتە خاڵی بەیەکگەیشتنەوەی هەمویان و سەرۆك ئاپۆ توانیوێتی کە گەوهەرەکەیان یەکبخات و لە کەسی خۆیدا بیاننوێنێت و پراکتیزەیان بکات و هەموو بەها مرۆڤایەتیەکانی کۆکردۆتەوە و لە گەل ڕاستی ئەم سەردەمەدا یەکیخستووە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە فەلسەفەیەکی زۆر دەوڵەمەندە و سەرۆك یەکێتی هەموو لایەنە پۆزەتیفەکانی گشت فەلسەفە و ئاینەکانی مێژووی مرۆڤایەتیە و وەك ئەو پردەیە کە مێژوو بە ئایندەوە دەبەستێتەوە.

ئەم فەلسەفەیە چارەسەری پێویستی پێشکەش کردووە بۆ کێشە جیهانیەکان و مسۆگەرکردنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی, بۆ نمونە کێشەی تەکنەلۆژیا و سروشت, چونکە ئەگەر تەدبیری پێویست وەرنەگیرێت, گرفتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە و لەم بوارەدا شیکردنەوەی بەرفراوانی KADEK هەیە. بەم واتایە KADEK پێشەنگایەتی سۆسیالیزمی زانستی دەکات, هەروەك ووتمان ئەم فەلسەفەیە سەربەخۆ و جودا نییە, ئینجا لە چ گۆشەنیگایەکەوە بڕوانینە هەندێ لە شتەکان, ئەمەش سروشتییە چونکە زۆر ڕاستی نوێ دەرکەوتوون کە لە سەردەمی مارکس و لینیندا دەرنەکەوتبوون.

**لە تایبە تمەندیەکانی فەلسەفەی ئاپۆیزم :**

– **هۆشــیاری خــودێتی:** واتـە پشـت بـە خـۆ بەسـتن و خۆناسـی لـە هـەموو لایەنـەکانی ئیرادە و زانـین و هەسـت و تێگەیشتن و...هتد. بە زانینی ڕاستی هەنگاو هەڵدەهێنرێتەوە, بۆ گەیشتنە سەرکەوتنیش ئیرادەیەکی بەهێز پێویستە.
– **هیوا و گەشبینی:** کاتێ مرۆڤ دەست دەداتە کارێك و بی هیوا و ڕەشبین بێت, ئەوا دەبێتـە مرۆڤێکی میکانیکی, ئەمەش تایبەتمەندیەکی بنچینەیی و گرنگە. لە کەسی سەرۆك ئاپۆدا ئەوە بە زەقی دەبینرێت کە هیوای بە ئاینده بێ سنورە.
– تێدەکۆشێ لە پێناو دەستەبەرکردنی پێویستیە ماددیەکانی کۆمەڵگا, بۆنمونە ماتریالیزمیەکان دەیانووت ئێمە پێشەنگین و چی دەڵێین ڕاستە, بەڵام لە بەر ئەوەی پێویستیە مانەویەکانیان دابین نەکرد کۆمەڵگاکانیان هەڵوەشایەوە, بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەو پێویستیانە دابین دەکات و بەهای پیرۆزی مانەوی بۆ ئەو کۆمەڵگایـە دروسـت کـردووە کـە بۆتـە پارچـەیەکی گـرنگ لـە ژیـانی کۆمـەڵگادا, وەك (شـەهیدان, سەرۆك,خۆشویستنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ..هتد).
ڕابردوو ڕەت ناکاتەوە و نکولی لێ ناکات, بەڵام لە ئەمڕۆدا دەژێت, واتە نکولی لە کارە پۆزەتیفەکانی ناکات, بەڵام ژیان و ڕەوشی ئەمڕۆ شیدەکاتەوە و ڕێز لە کارە پۆزەتیفەکانی ڕابردوو دەگرێت.
مـرۆڤ ناوەنـدی فەلسـەفەی ئاپۆیزمـە. چـونکە مـرۆڤ بناغـە و دینامیکیـەتی پەرەسـەندنە و مـرۆڤ بـە هـۆش و کارەکانیەوە کە دەکەوێتە ڕاژەی مرۆڤایەتیەوە مرۆڤە, و بەو پێیەی کە مرۆڤ بناغەی فەلسەفەی ئاپۆیزمە دەبێ هەموو تواناکاریەکان بخرێتە ڕاژەیەوە و تۆکمەکردنی لایەنە ڕۆحی و مانەوی و هزریەکان لای ئەم مرۆڤە و دەرخستنیان بە شێوەیەکی کاریگەرتر بۆ چارەسەرکردنی کێشە مرۆڤایەتیەکان. بۆ نمونە: لە فەلسـەفەی مارکسیزم لینینیزمدا, بەش لە پێناو کۆدا ڕەت دەکرێتەوە و فیداکردنی تاك لە پێناو کۆمەڵگادا, بێگومان ئەمەش هەڵەیە, چونکە ناتوانیت لە پێناو کۆمەڵگادا تاك ڕەت بکەیتەوە و کۆمەڵگا خۆی لە تاکەکان پێك دێت, هەروەها گشت لە پارچەکان پێکدێت, بۆیە ڕەت کردنەوەی یەك دوو پارچە بەو مانایە دێت کە هیچت لا نامێنێتەوە و لە ئەنجامدا گشتیش ڕەت دەکەیتەوە. مرۆڤ دەتوانێ پەیوەندیەکانی نێوان تاك و کۆمەڵگا و مەبەست و ئامانجی ئەو پەیوەندیە پێناسە بکات. سەرۆك ئاپۆ دەڵێت:( هیچ شتیك نیە کە نکولی لێ بکەین), واتە هەڵە و کەموکوڕی پەسەند ناکات, لە کاتێکدا کە پەرە بە شتە پۆزەتیفەکان دەدات. ئەمەش لە هەردوو بواری ماددی و مەعنەوی و لە گشت کاتێکدا. نکولی لە ژیانی ماددی ناکات لە پێناو ژیانی مەعنەوی و نکولی لە ژیانی مەعنەوی ناکات لە پێناو ژیانی ماددیدا, بەڵکو بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە, بۆیە نابێ نکولی لە تاك بکرێ و لە پێناو کۆمەڵگادا, بەڵکو هەردووکیان پێکەوە پەیوەستن و ئەمەش لە فەلسەفەی ئاپۆیزمدا پرەنسیپێکە.
کەواتە بەدەستەوەگرتنی بابەتە مرۆڤایەتیەکان لە کۆمەڵگادا لە ڕووی ماددیەوە بە تەنها و گرنگی نەدان بە لایەنی ڕۆحی و مەعنەوی دەبێتە مایەی کەموکوڕی لە کۆمەڵگادا, بەڵام یەکخستنی هەردوو لاکە و بە یەکەوە بەستنیان دەبێتە مایەی کامڵ بوون و ڕەسەنێتی و مانا و دەوڵەمەند بوونێکی گەورە قازانج دەکات. بۆ نمونە: کاتێك لە هەر ئاینێك لایەنە مەعنەویە بەهێزەکان وەربگرین و یەکیبخەین لە گەڵ لایەنە مەعنەویەکانی ئاینێکی تردا و پەیوەندی نێوانیان بەهێز بکەین لە سەر بناغەی یەکخستن و پێکەوەنانی ئەم ئاینانە لە یەك پێکهاتە و بۆتەدا. ئەوکاتە زاڵێتی ئاینێك بە سەر ئاینێکی تردا دەرناکەوێت و ئەم پێکهاتەیە بەهێز دەبێت و بەرەو کامڵ بوون دەڕوات لە سەر ئەم بناغەیەش دەکەوێتە ڕاژەی هەموو مرۆڤایەتیەوە. ئەمە بەمانای ئافراندنی ئاینێکی نوێ نایەت, بەڵکو یەکگرتنی توخمەکانی گشت ئاینەکان و پێکەوە پەیوەست بوونیان لە سەر بناغەی کامڵ بوون و دەوڵەمەندی لە پێناو ئامانجی باڵادا. ئەوەش دەکەوێتە ڕاژەی مرۆڤایەتیەوە و ئەمە لە ڕاستینەی پراکتیکیدا سەلمێنراوە. چونکە ئاوێتەبوون و قوڵ بونەوە لە کرۆکی ئەم فەلسەفەیەدا, وا لەمرۆڤ دەکات ئامانج و مەبەستە مرۆڤایەتیەکانی بەدی بهێنێت و ژێرکەوتن و دۆڕان نازانێت و بە ڕێی گێڕانەوەی هیوا و باوەڕی وون کراو لە لای گەلانی ئەم هەرێمە ئەوە کراوە و تیکۆشانی کەسێتی (چارەنوسیی) ئەو کەسێتیە خۆبەدەستەوە دەرەی کە هەرگیز ڕووی لە دواوەیە لە ڕۆیشتنیدا و لەو یۆتۆبیا و وەهمە نالۆژیکیانەی ئیلهام وەردەگرێت کە مێژوو بە نەمان حوکمی بە سەردا داوە, ئەم کەسێتیانە خاوەن ڕاو ئایدۆلۆژی و ڕامانی ساختەن و هیچ پەیوەندیەکیان بە پەرەسەندنەوە نییە, واتە کەسێتی بێ چارە و بێ هێز و داماڵراوە لە هەر جۆرە دەستپێشخەری و داهێنانێك, بە شێوەیەك کە دەست لە هەموو ئەو شتانە بەردەدات, بۆ هێزێکی بەرز کە لێیان تێناگات و ناتوانێ شییان بکاتەوە و بێ ئیرادەیە. چونکە ئیرادەیان بە دەستی دەسەڵاتدارانەوەیە و تواناکاری ئاوەز و هزرییان نییە و بە بناغەیان ناگرێت لە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی دیاردە و ڕووداوەکاندا و وەك ووتمان پشت بە هێزێکی دەرەکی دەبەستێ نەك پشت بە خۆ بەستن, هەر بۆیە کەسێتی مشەخۆر و لاوازن و بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایانەن کە کۆلۆنیالیزم لە پاش خۆی بەجێیهێشتون و ئەم کەسێتییانە لە هەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریەکاندا لاوازن و بەوەش نوێنەری دواکەوتن و کەوتووی یە, نمونەکەشی ئەو

کەسێتیەیە کە لە کوردستاندا دروست کراوە و ڕەوشی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ خەیاڵ و یۆتۆبیای ناواقیعی و تێڕوانینە دواکەوتووەکانی کە لە لایەن دەسەڵاتدارەکانەوە دروست کراوە. پەیوەست بوونی کوێرانەی بە ئاینەوە و پەیوەست بوونی بە ئەفسانەکان و وازهێنانی لە گشت شتێك بۆ چارەنوس و فەلسەفە ڕۆژانەییەکەشی دەبێتە (ئەمڕۆ بژی و سبەی خوا کەریمە) و ئەو گرفت و ئازارانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە, بەڵای خوایە بەسەر مرۆڤدا, لە ئەنجامی کارە خراپەکانی و زۆری تریش. ئەم کەسێتیانە بونەتە بەرد و بەشێوەی قاڵبی بێ گیانن, بۆیە دەبێ خۆمان لە لۆژیکی (موستەحیل ) و(ناشێت) ڕزگار بکەین و بە ئیرادەیەکی بەهێز چەکداری بکەین و هەموو ووزە خۆییە شاراوەکانی ببزوێنین لە سەر بناغەیەکی ڕێکخراو و بەرنامە ڕێژ کراو و بەم ووزانە مرۆڤ دەتوانێ بچێتە ناو ململانێیەکی دژوار لە گەڵ خودی خۆیدا, کە سەرۆك بە گەورەترین جیهاد ناوی دەبات .

بەو پێیەش کە مرۆڤ گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتی و ناوەندە لە فەلسەفەی ئاپۆیزمدا, بۆیە ئەم فەلسەفەیە ئەوپەڕی گرنگی داوە بەو پەیوەندی و گرێدانەی کە مرۆڤ و کۆمەڵگا پێکەوە دەبەستێتەوە و یەکتر تەواوکردنیان, هەروەها کاتێ لە ئایندا ئامرازی مرۆڤانە دەدۆزینەوە بۆ پێکهێنانی مەبەستە مرۆڤایەتیەکانی, ئەو کاتە پێویستی تۆکمەکردنی هەموو پرەنسیپ و بیرۆکە و باوەڕیە ئاینی و ئاینزایەکان, خۆی دەسەپێنێ کە لە ڕاژەی مرۆڤدان, وەك سەردەمی کامەرانی سەرەتای سەرهەلدانی ئیسلام. **بۆیە KADEK ئاین بە شێوازێکی کۆمەڵایەتی دادەنێت کە وەك پێویستیەکی ڕۆحی و مەعنەوی بە درێژایی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەرکەوتووە و ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ و بیر کردنەوە و باوەڕی و ڕەوشتەکانیدا.**

پارچەبوونی ئاینەکان شەڕی خوێناوی لێ کەوتەوە و لە ئەنجامدا هەردوو ئاینزای (سوونی و شیعەی) ی لێ دروست بوو. KADEK یش گەوهەری ئەم ناکۆکیە ئاینیانە شیدەکاتەوە و بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی گشتگیر تێی دەڕوانێت, لایەنە ساختەکانی ئاشکرا دەکات و لایەنە پۆزەتیفەکانی بەهێز دەکات, قاڵبە نەبزواوەکانی دەشکێنێت و لێرەدا دەردەکەوێت کە بۆ جاری یەکەمین پارتیەك هەڵدەستێ بە شۆڕشێك لە پێناو جێبەجێ کردنی کرۆکی ئیسلامی شۆڕشگێڕانە, سەرۆك ئاپۆ بە ووتنی (**ڕاستی PKK پێکهێنانی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕانە و ئیسلامی شۆڕشگێڕانەیە, بەشێوەیەکی پێکەوە بەستراو لە سەر ڕاستینەی کوردستان, و ئەوەی کەمێك لە مێژووەکەی بزانێت, دەشزانێت کە ئیسلامی ڕاستەقینە سەرلەنوێ و بە ڕێی PKK ژیانراوەتەوە و گەورەترین بەها بە ڕزگار کردنی مرۆڤی کورد دەدات, ئەمەش ئامانجی ئیسلامە**). **ئەم ڕاستیە دەردەبڕێت.** هەروەها KADEK ڕێز لە کرۆکی هەموو ئاینەکان دەگرێت و باوەڕی بە ئازادی و یەکسانی هەموانە و بانگەشەی بۆ دەکات, لەم ڕووەشەوە سەرۆك ئاپۆ دەڵێت ( **ڕێز و پێزانینی گەورەمان بەرامبەر ئەو هەڵمەتانە هەیە کە ئاینزای عەلەوی پێی هەستاوە لە مێژووی کوردستاندا و پەیوەندیمان لە گەڵ پەیڕەوکەرانیدا پەرەدەستێنێت و تۆکمە دەبێت, هەروەها ئاینزای سوونیش کە بە شێوەیەکی تایبەتی جەماوەری زەحمەتکیشی کوردستان پەیڕەوی دەکەن و سەرکەوتوو بووین لە ڕاکێشانیدا بۆ ڕیزەکانمان, هەروەها سەرکەوتووبووین تا پلەیەکی دوور لە ڕزگار کردنی گەلەکەمان لەباڵادەستی کۆنەپەرستان** ).

هەروەها دەڵێت ( **ئاین ئایدیۆلۆژیای شۆڕشە, و دیارترین قۆناغ کە ئەو مانایەی هەڵگرتووە قۆناغی منداڵێتیە, لە بەر ئەوە دەست پێکردن هەڵمەتی شۆڕشگێڕانەی ئاینە و لەو کاتەدا هەموو ئایدیۆلۆژیاکان ئاینی بوون یان مۆرکی ئاینی زاڵە بە سەریانەوە, ئیسلامیش هەر وایە, شۆڕشێکی سیاسیە و ڕێی بۆ لەدایك بوونی شارستانیەکی مەزن خۆش کرد کە کاریگەرێتیەکانی تا ڕۆژی ئەمڕۆمان درێژ دەبێتەوە, ئەمەش شتێکە کە ناتوانرێت نکولی لێ بکرێت, وەبە بیری دێنینەوە کە هەر شتێك ئاین ئافراندبێتی خراپ نییە, چونکە لەناو ئیسلامیشدا ڕەوت و باڵی جیاواز هەبوون و هەر لە لەدایك بوونەوە ململانێیان بەردەوامە و ئەوە بە ڕوونترین شێوەکانی لە موعاویە و عەلی کوڕی ئەبی تالیبدا بەرجەستە دەبێت, چونکە هەر لایەکیان هەندێ بەهای بە بنچینە گرتووە بۆ خۆی** ). سەبارەت بە ئاینەکانی تریش لە سەر بناغەی بە هەند گرتنێکی تەواو مامەڵەی لە گەڵ دەکرێت و لەوەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەڵویستی KADEKبەرامبەر ئاین بابەتی و زۆر بە هەندە و لەبەر ئەوە گشت هەڵوێستە ئاینیە ساختەکان و ئەو تەریقەتانەی لە دوژمنەوە هێز وەردەگرێ, هەڵوێستی نابابەتی بەڵکو کۆنەپەرستانەن لە بناغەوە.

هەروەها ئازادی جێیەکی زۆر گرنگی هەیە لە فەلسەفەی ئاپۆیزمدا, چونکە بۆ توێژەکانی کۆمەڵگایە بە بێ سنور و جیاکردنەوە, هەروەها چەمکەکانی ڕێز و خۆشەویستی, برایەتی و دادپەروەری, جوانی و ڕەوشت لە ئاپۆیزمدا بێ سنورن. بەڵام ئەمە بەمانای کردنەوەی بوار نایەت لە بەردەم خۆپەرستی تاکڕەوانەی تەسك وجوڵانەوە بە پێی غەریزە و سۆز, بەڵکو بە ڕێکخستنی گشت شتێك لە کەسێتی مرۆڤدا و لە گەڵ گەوهەریدا و وابکرێت کە ئیرادە و ئاوەز, زاڵ بن لە بەڕێوەچوون و ئاڕاستەکردنی مرۆڤدا.

لە لایەکی ترەوە و کاتێك سەیری ڕاستینەی ئیسلامگەرایی دەکەین لە ڕۆژی ئەمرۆماندا, دەبینین کە جیاوازیەکان باڵی کێشاوە بە سەر هەموو ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین, چونکە ئاین بۆتە ئامرازێك بۆ گەیشتنە دەسەڵاتی هەندێ توێژ, بەتایبەتیش ئەوانەی بە بێ گوێدانە داواکاریەکانی جەماوەر, بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەپارێزن.

ئەو لایەن و ڕێکخراو و پارتیانەی بەناوی ئیسلامەوە دەدوێن, جگە لە دەمارگیری ئاینی دوور لە گەوهەری ئیسلام هیچی تریان نییە و بەو دەمارگیریە وا لە کۆمەڵگا دەکەن بەرەو کەوتوویی و دورکەوتنەوە لە شارستانی بڕوات. هەرچەندە کە هەندێ ناوەندی خۆڕاگری هەیە بە ڕووی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمدا و ئەوانە ناوەندی شۆڕشگێڕین لە جیهانی ئیسلامیدا. بۆیە دەبێ پەیوەست بێت بە گەوهەرە شۆڕشگێڕیەکەیەوە. ئەو ڕێسا ئیسلامیانە جێ بەجێ بکات کە شۆفینیزمی نەتەوەیی ڕەت دەکاتەوە و بانگەشەی یەکسانی نێوان هەموو نەتەوەکان دەکات و سوربوون لە سەر بەردەوام بوونی ئەم پەیوەندیە لە نێوان هەموو گەلاندا, بە شێوەیەك کە ئیدی برا ستەم لە برا نەکات, باوەڕداریش ستەم لە باوەڕداری برای نەکات و هەموو خەڵك یەکسانانە مامەڵەیان لە گەڵ بکرێت و ماف ژیانی ئازادیان هەیە و ئەمەش گرنگترین ڕاستییە لە ڕاستیەکانی ئیسلام.

هەروەها لە فەلسەفەی ئاپۆیزمدا ژن جێیەکی زۆر گرنگی هەیە و پارچەیەکی فەلسەفەکەیە. کاتێکیش سەیری بۆچوونە ماتریالیزمیە قەبەکان دەکەین دەبینین کە بە شێوەیەکی تیۆری و تەسك ئەم پرسەی بەدەستەوە گرتووە, بەڵام فەلسەفەی KADEK پەرەی پێداوە. چونکە هەلومەرجە بابەتی و خۆییەکان گەیشتۆتە پلەیەك ئەم کێشەیە لەم سەدەیەدا لە پلەی یەکەمدا دابنیت, بەو پێیەی نیوەی کۆمەڵگایە. **نزیك بوونەوەی قەبەی فەلسەفی لەم کێشەیە, بەو پێیەی یەکێکە لە ناکۆکیەکان, نەگەیشتە ئاستی دۆزینەوەی چارەسەری تەواو بەڵکو بە ناکاملی مایەوە, بەڵام فەلسەفەی KADEK وەك یەکێك لە ناکۆکیە هەرە سەرەکیەکان تەماشای دەکات کە پێویستە چارەسەر بکرێت. چونکە ئەم چارەسەرییە, زۆر گرنگە لە پێناو پەرەسەندنی دیموکراسی و کۆمەڵگا و ئاشتی, هەروەها لە پێناو ئازاد کردن و ڕزگار کردنی لە کۆیلایەتی هەزاران ساڵ و ببێتە خاوەن ئیرادەیەکی ئازاد, ئەمەش بەڕێی ئەو ڕۆڵە دەبینرێت کەKADEK بە ژنانی داوە لە گۆڕەپانەکانی خەباتدا لە چوارچێوەی شۆڕشی کوردستاندا و کردنی بە خاوەن ئایدیۆلۆژیەك نەك تەنها بۆ ئازادکردنی هاوڕەگەزەکانی خۆی, بەڵکو بۆ ئازاد کردنی ڕەگەزەکەی تریش. ئەمەش بە ڕێی شیکردنەوەی زانستی کۆمەڵگا و تیۆری سۆسیالیزمی زانستی.**

لە سەر ئەم بناغەیە دەبینین کە هەر لە گەڵ لەدایك بوونی PKKدا و لە هەلومەرجێکی سەختدا, چووە ناو ململانێی جۆراو جۆر, هەر لە داب ونەریتە خێزانیەکان کە کەسێتی لاواز و بێ هێز دروست دەکات و ناتوانێ لە ژێر قورسایی هەلومەرجەکانی چواردەوریدا هەناسە بدات و تەواوبوون بەو ڕژێمە دەسەڵاتدارانەی لە ڕاژەی بەرژەوەندیەکانی گەلاندا نین, بەڵکو خستویەتیە ڕاژەی دوژمن و لەگەڵ هاوسێکانیدا ململانێ دەکات, ئەم ڕژێمە بەکرێگیراو و گرێدراوانە, وای کردووە ململانێ و کێشەکان توندتر و زێدەتر بن لە نێوان گەلاندا و بواری کردۆتەوە لە بەردەم هێرشە بەردەوامەکانی دەرەوە, کە خێروبێر و داهاتە ماددی و مەعنەویەکانی هەرێمەکە تالاّن بکات و ئەوەش کاریگەرێتی نیگەتیفی لە سەر مرۆڤ و کۆمەڵگا بە جێهیشتووە. بەڵام دەرکەوتنی PKK ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا لە هەرێمەکەدا, بەڕێی گەلی کورد کە بۆتە داینەمۆ و پێشەنگی ڕابەر بۆ گەلانی هەرێمەکە بە گشتی, PKK ڕێسا و بنەماکانی هاوکاری و برایەتی و خۆشەویستی نێوان ئەم گەلانەی پتەو کرد و هیچ لایەنێکی جیانەکردەوە و ڕێزی لە گشت باوەڕی و نەریت و ئاین و شتە پیرۆزەکانیان گرت, هەروەها وورە بەرزی لە مرۆڤدا پتەو کرد, و بەرەو ئامانجە مرۆڤانە بەرزەکان ئاڕاستەی کردن کە لە ڕاژەی هەموو گەلانی هەرێمەکەدایە بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی, ئەم ڕۆڵ و هەڵمەتە یەکەمینە, بەری ڕەنجی بەردەوامی سەرۆکایەتی کردنی سەرۆك ئاپۆ بوو, ئەمەش ئەو ڕۆڵەیە کە ئەو کەسێتیە مێژوویانەی لە هەرێمەکەدا دەرکەوتوون گێڕاویانە لە عیسا و موحەمەد و زەردەشت و مانی و ئەوانی تریش, کاتێ پاڵیان بە گەلانەوە نا بۆ خەبات کردن لە پێناو ئامانجە بەرزەکاندا.

لێرەدا ڕۆڵی گرنگی KADEK دەردەکەوێ لە پێناو بە یەکگەیشتنی گۆشەنیگا گشتیەکان لە هەرێمەکەدا و نزیك بوونەوەی کۆمەڵگاکان لە بەها مەعنەویەکانیان, دوای ئەوەی ڕووبەڕووی سڕینەوە دەبۆوە لە لایەن بیرۆکە دەرەکیەکان و دەسەڵاتدارە ڕەگەزپەرستەکانەوە, کە هەوڵی شاردنەوەی گەنجینەی ئەم گەلانایان دەدا و زۆری نەمابوو تەواو لەناوی ببەن بە ڕێی لاوازکردنی بنەماکانی گەلانی ئەم هەرێمە, ئەم ڕۆڵەش زەق و ڕوونە و پاڵی بە هێزە دوژمنەکانەوە نا, یەکبگرن و پەلاماری پێشەنگی شۆڕشگێڕی بەرجەستەبوو لە PKK دا بدەن بۆ کۆتای هێنان بە هیواکانی یەکگرتن و ئازادی گەلان, سەرۆك ئاپۆ دەڵێت ( **تەڤگەر و خەبات و تیکۆشانم مرۆڤایەتی و بەها ماددی و مەعنەویەکان دەردەبڕێت کە لە چەندین سەدە و سەردەمدا بەدیانهێناوە لە سەر خاکی میزۆپۆتامیا** ). بۆیە دەبینین بڵندکردنی ئاستی هزری مرۆڤ, بنەمای ئاواکردنی کۆمەڵگای نوێیە و دۆزینەوەی هەبوونی کۆمەڵایەتی نوێ ی هەڵگری هۆشیاری نوێی ئەم شۆڕشە دەبێ, بەو پێیەی مرۆڤ بنکەی سەرەکییە لە ئاواکردنی کۆمەڵگای پێشکەوتوو و پەرەسەندوودا .

لێرەدا گرنگیدانی KADEK بەمرۆڤ وەك ئاڕاستەیەکی ڕاست و بە تێڕوانینێکی زانستی بۆ زیاتر پێشخستنی بیرۆکە و بۆچوونەکانی و دەیگەیێنێتە ئاستی پەیوەست بوون بە بەرزترین بەها مەعنەویەکانەووە. ڕژێمە گرێدراوەکان هەوڵیاندا بۆ زیاتر کردنی پارچەبوون و ڕق و کین لە نێو جەماوەردا و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و تیرەگەرایی و PKK بەو مرۆڤ دۆستیەی خۆیی, ڕووبەڕووی ئەم ڕەوشە بۆوە.

**شێوەی ڕژێمەکان چۆن دەبن با ببن ئێمە دەڵێین کە ئەو ڕۆڵەی PKK خستیە ئەستۆی خۆی بۆ بەدیهێنانی بەیەکگەیشتنی مرۆڤ و کۆمەڵگاکانی هەرێمەکە لە گەڵ بەها مەعنەویەکانیدا, زۆر گرنگ بوو و تێکۆشانێکی سەخت کرا تا ئەو بەهایانە لە گەوهەری PKK دا کۆکرایەوە و ببێتە هێزێکی ڕۆحی ومەعنەوی بۆ مرۆڤ و گەیشتنە ئەم ئاستەی بەیەکگەیشتن. بۆیە دانی بە هیچ کۆسپێکدا نەنا کە ڕووبەڕووی بۆوە, بەڵکو هەمبێزی کردەوە بۆ هەموو لایەنە پۆزەتیفەکانی گشت فەلسەفە و ئاینەکان و نکولی لە هیچیان نەکرد, بەڵکو پەرەی پێدان و پێشیخستن. لەبەر ئەوەشە کە دەبینین هەر مرۆڤێك, نەتەوە و ڕەگەز و ئاین و ئاینزاکەی چی دەبێت با ببێت, دەتوانێ لەم ئایدیۆلۆژیەدا جێیەك بۆ خۆی بگرێت.**

لێرەدا ئاشکرا دەبێت کە لایەنە گەوهەری و پۆزەتیفەکانی فەلسەفە و ئاین وسۆسیالیزم پێکەوە لە کەسی سەرۆك ئاپۆدا یەکیگرتووە و سەرۆك گشت باوەڕی و بۆچوون و کولتورەکانی یەکخستووە و بە شێوەی سەنتێزێك دایڕشتووە, وەك دەربڕینی ڕەوشی هەمەڕەنگی و فرە لایەنی و دەوڵەمەندی لە هەرێمەکەدا و دەتوانین بڵێین کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردستاندا هاوڕێیەتی و نزیك بوونەوەی گشت ئاین و ئاینزاکان بەدی دێت و لە ژێر یەك چەتر و یەك سەرۆکایەتیدا جێ دەگرێت, لە پێناو گەیشتنە هەنگاوەکانی مرۆڤایەتی لە سەر بناغەی هاوکاری و لێبوردن و برایەتی و ئاشتی دادپەروەرانە.

## ب- سیاسەتی KADEKبۆ دیموکراتیزەکردنی ئیسلام و ئازادیە ئاینیەکان:

دۆزی دیموکراتیزەکردنی ئیسلام یەکێکە لەو پرس و دۆزە سەرەکیانەی کە تەرح کردنێکی دروست و لێکۆڵینەوەی ڕاستینەکەی دەسەپێنێت لە سەردەمی ئیستاماندا, بەڵام تا ئێستا چارەسەری تێروپڕ بۆ ئەم گرفتە دانەنراوە لە سەر بنەمای زانستی, کە تەگەرەیەکی گەورەیە لە بەردەم هەموو ڕژێمە سەردەمیەکانی هەنوکەدا. بۆیە دیموکراتیزەکردنی ئاینی ئیسلام لە سەر بنەمای پرەنسیپەکانی ئازادی کۆمەڵایەتی و باوەڕی و مرۆڤایەتی, لە کارە ئاسانەکان نییە و گاڵتەی پێ ناکرێت.

لەو هۆکارانەی کە ئاسانکاری کرد بۆ ئەوروپا لە کردنەوەی گرێی ئاینی کریستیانیدا, واتە وەرچەرخانی دیموکراسی: چەندین جار نوسینەوەی پەرتووکی پیرۆز و پشت بە خۆبەستنی هەریەك لە قەشەکان لە فێرکردنی ئاینی کریستیانیدا و پێگەیشتنی هەلومەرجی بابەتی بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی تا بگونجێت لە گەڵ ڕۆحی سەردەمدا.

مۆرکی گشتی زانستە کۆمەلایەتیەکانی سەدەی هەژدەهەمین مۆرکێکی (استدلالی) و ڕەخنەیی بوو لە گەوهەریدا, و زانستەکان وەك جوڵانەوەی ناڕازی بوون بوون, و دژ بە بیرکردنەوە خەڕەکیەکان دەرکەوتن کە کڵیساکان بەڕێیان, خۆیان بە سەر بەڕێوەچونی ژیانی ڕۆژانەدا باڵادەست کردبوو. یەکەمین ئامانجی تێکشکاندنی بنچینە کولتوری و ڕەوشتیەکان بوو کە شێوە خەڕەکیەکەی کۆمەڵگای لە سەر ئاوا بووە, ئەوەش بەڕێی ڕەخنەی فەلسەفی, بۆئەوەی ئەوروپا بەرەو دیموکراتیزەکردنی ئاینی کریستیانی هەنگاو هەڵبهێنێتەوە بە شێوەیەکی گونجاو لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی ڕژێمە سیاسیەکانی و لە گەڵ ئەو پێویستیە ژیانیانەی سەردەم کە خۆی دەسەپێنێ. بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ و ئاشکرا ڕووبەڕووی ئاین نەبۆوە, چونکە ڕاگەیاندنی دیموکراسی هیچ کاریگەریەکی دیاری نەبوو تا هاتنی قۆناغی چاکسازی ئاینی, ئیدی ئاینزا ڕیفۆرمخوازەکان لە ئەوروپادا دەرکەوتن. وەك لۆسەری لە ئەڵمانیا, کالفینی لە فەرەنسا, ئینگلیکانی لە ئینگلتەرا و پاشان دەسەڵاتی کەهەنوتی کڵێسە ڕەت کرایەوە و بیرۆکە دنیایەکانی ئاشکرا کرد و نزیك بوونەوەی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. ئەمەش بە مانای ڕەتکردنەوەی ئاین و تەسەوف نایەت, بەڵکو زیاتر پێداگرتنە لە سەر ئازادی ئاینی تاکە کەس و پشت نە بەستنی بە خزمەتەکانی کڵێسە.

جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و مافی هەڵبژاردن ڕاگەینرا لە دەسەڵاتدا و خوێندکارانی زانستە مرۆڤایەتیەکانیش بەڵگەنامە یەهودی و گریکیەکانیان ڕاست کردەوە و وەریان گێڕا, بەوەش کێشێکی نویان بە دەسەڵاتی کتیبی پیرۆزدا. وە بە پشت بەستن بە دەقی ووشە بە ووشەی ئینجیل, خۆیان لەو ناکۆکیانە ڕزگارکرد, کە لە زاری جێگرەوەکانی بوتروس و پێغەمبەرەوە هاتووە و بۆرژوازی دروست بوو و تازە پێگەیشتوو دوای دەرکەوتنی وەك چینێکی تازە, ناچار بوو هەر لە سەرەتاوە دژ بە سیستەمی فیوداڵی تێبکۆشێت, کە ئەمیش تەواو بە پشت بەستن بە ئاین لە سەر پێ مابوو و ڕەوتە فەلسەفیەکانی دەرەوەی ئاین بە تەوژمێکی گەورەتر پەرەیسەند و پێگەکانی خۆی پتەو ترکرد و ئەو کاتە قۆناغێکی گواستنەوەیەکی چالاك بینرا لە ئاینەوە بۆ فەلسەفە, چونکە بۆرژوازی ناچارە ئیدۆلۆژیە تایبەتیەکان بەرامبەر ئاین بێنێتە کایە کە لۆژیکی ئایدیۆلۆژی فیوداڵەکانە و گۆڕەپانی ململانێ دەگوازێتەوە بۆ گۆڕەپانی سیاسی لە گەڵ کاتدا.

بۆ ئەوەی ئەوروپا وەرچەرخانەکانی لە سیستەمە سیاسیەکەیدا ئەنجام بدات, دیموکراسیەتی بۆرژوازی بەدیهێنا و مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە مەدەنیەکان و باوەڕی ئاینی ڕاگەیاند, ئەوەش بەڕێی تێکۆشانێکی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی کە دژ بە باوەڕیە ئاینیە ڕاوەستاوەکان و بیرۆکەکانی, ئەنجامیدا و ئەو سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەی دروستی کرد و هۆشیاکردنەوەی کۆمەڵگا, بە سوود وەرگرتن لە دەستکەوتەکانی پەرەسەندنی

زانستی لە هەموو بوارەکانیدا, بۆ لاواز کردنی باڵادەستی کڵێسا لە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیدا, و ئامادەکردنی جەماوەر بۆ بەدیهێنانی کودەتا چۆنایەتیەکان, بە دابڕینی دەسەڵاتی ئاین لە سیستەمی دەوڵەت و بەوەش وەرچەرخا بۆ دامەزراوەیەکی ڕۆحی و مەعنەوی و نەك زیاتر لە کۆمەڵگادا, و بەوەش ئەزمونی دیموکراسی و ئازادییە ئاینی و مەدەنیەکان پتەوتر دەبن.

**دیموکراتیزەکردنی ئیسلام, خۆی لە خۆیدا ئازاد کردنی ئاینە لە پەیوەندیە بێ گیان و ڕاوەستاوەکان و ئافراندنی قۆناغی پێکەوە ژیانی هزر و ئایدیۆلۆژیا و ئاینەکانی تر لە ناو یەك و لە دەرەوەی یەك و دەست بەردان لە شێوازی بیرکردنەوەی ڕەتکردنەوەی هزر و بونیادە سیاسیەکانی تر و خەباتی هاوبەش شانبەشان لە گەڵ چەمکە ئیدیۆلۆژی و سیاسی و سیستەمە جیاوازەکانی تر**, بەڵام ئەو ڕژێمە سیاسیانە و کۆمەڵگاکانیان ڕووبەڕووی تەگەرەی بە هەند دەبنەوە, بۆ دیموکراتیزەکردنی ئاینی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا, چونکە هەلومەرجی هەرێمەکە و هەلومەرجی دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام جوداترە لەو هەلومەرجانەی ئەوروپا تێیدا ژیا و بۆ بەدیهێنانی وەرچەرخانی دیموکراسی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناویندا پێویستە ئەم تەگەرانە ببینرێن و شیبکرێنەوە (جیاوازێکانی نێوان ئاینی کریستیانی و ئاینی ئیسلامی). تا ئێستا گفتوگۆکان بەردەوامن سەبارەت بە وەرچەرخاندنی دیموکراسیانەی ئاینی ئیسلام و چۆنێتی ڕوودانی ئەوە لەو کۆسپانەش کە ڕووبەڕووی دیموکراتیزەکردنی ئیسلام دەبنەوە:

1- دەق و ئایەتەکان لە قورئاندا نەگۆڕ و ڕوونن لە 1400ساڵەوە و تا ئێستا و گفتوگۆکردن لە سەری بەهیچ شێوەیەك پەسەند ناکات و شیکردنەوەکانیشی ئاشکران.

2- قورئان لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگا ڕەنگی داوەتەوە لەو ماوەیەدا و قورئان گەێنراوەتە ئاستێك لە گەڵ داواکاری و پێویستیەکانی کۆمەڵگادا بگونجێت, ئەوەش بە ڕێی ووتەکانی پێغەمبەر.

3- یاساکانی تەشریعی ئیسلامی بۆ ژیانی مەدەنی کۆمەڵگا ئاشکرایە و گفتوگۆکردن و ناڕازی بوون پەسەند ناکات و وەك ئاینی کریستیانی نییە کە جۆرێك لە دەرفەتی شیکردنەوەی ئاکاری و مافداری جیاوازی تیدایە.

4- ئاینی ئیسلام لایەنی مەعنەوی و ڕۆحی و دەروونی کۆمەڵگای بینیوە و توانیوێتی بە ڕەوان بێژی و شێوازی قورئان و تواناکاری وێژەیی و ووتاربێژی ووتەکانی پێغەمبەر, کە بچێتە دەروونی جەماوەرەوە و ببێتە دەسەڵاتێکی ڕۆحی ڕەت نەکراوە و ئاینی ئیسلام و ڕێنمایەکانیی دەپارێزێ و بەوەش دەبێتە سیستەمێکی هزری و باوەڕی تا ڕۆژی ئەمرۆمان.

5- دانانی ئاینی ئیسلام بە دوا ئاین و کۆتایی.

6- ئاینی ئیسلام و سیستەمی دەسەڵات تا ئێستا لە یەك دانەبڕێنراون, بۆ نمونە تا ئێستا چوارچێوە و پێگە ئاینیەکان زاڵە بە سەر ڕژێمە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا و تا ئێستا ڕژێمەکان وەك مەرجێك ئەوە دیاری دەکەن لە هەڵبژاردنی سەرۆکدا, کە دەبێت پەیوەست بێت بە ئاینی ئیسلامیەوە.

7- ڕەهایەتی ئیسلام لە بڕیارە ڕەوشتی و هزری و فەلسەفی و یاساییەکانیدا کە زۆر بە توندی هەموو ئەو بیرۆکانە ڕەتدەکاتەوە کە بەرهەڵستکاری دەکەن و ڕەهایانە و بە توندی ڕەتیان دەکاتەوە .

بەڵام تا ئیستا دەست نەدراوەتە ئاین و لە سەری لیکۆلینەوەیەکی زانستی تێر و پڕ بۆ چۆنیتی دیموکراتیزەکردنی ئاین نەکراوە و بە ئەرکێکی ژیانی دانەنراوە, چونکە دەبێ ڕەخنەی فەلسەفی و زانستیانە ئاڕاستەی ئەم ئاینە و ڕژێمە سیاسیەکەی بکرێت, بۆیە لێکۆلینەوە کردنێکی تێروتەسەلی مێژوویی و فەلسەفیی و ئاینی ئیسلام, دەست لێ بەرنەدراوە. ئەگەر ئەو فاکتەرە باس کراوانە ڕەچاو بکەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دیموکراتیزەکردنی ئیسلام لە کارە ئاسانەکان نییە, کە بەبێ قاڵ بوون و قوڵبوونەوە بەدیبهێنرێت. چونکە لەکاتی دەسەڵاتدارێتی خیلافەتی ئیسلامی عەرەبی و عوسمانیدا, چەند تەڤگەرێك لە بوارەکانی پزیشکی و فەلەکناسی و فەلسەفەدا دەرکەوتن, کە لە یۆنانیەکان و شارستانییەکەیانەوە وەرگیرا بوو, هەتا بە شێوەی دەرکەوتنی تەریقەت و مەزهەب و هەوڵیاندا گونجاوانە لە گەڵ ڕۆحی سەردەم لە ئاین و یاساکانیدا گۆڕانکاری بکەن, بەڵام دەرکەوتنی ئەم تەڤگەرانە وەك ئەوانەی کریستیانی نییە, چونکە ئەم ئاینزاو و تەڤگەرانە نەیانتوانی هیچ وەرچەرخانێکی چۆنایەتی لە بونیاد و پێکهاتەی ئاین و باوەڕیەکانیدا بکەن, بە پێی پێویستیەکانی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا, بەڵکو ڕۆچووە ناو چڵپاو و خەیاڵەکانی گەیشتنە سەرۆکایەتی و خەلیفایەتی ئاینی, تۆوەکانی شەڕ و دووبەرەکی زێدەکرد, لە بری ئەوەی تەوژم بدات بە ڕەوتە هزری و فەلسەفیە نوێکان کە تواناکاریەکانی لە کاریگەرێتیەکانی سەر جەماوەرەوە وەردەگرێت, بەڵکو ئەویش هێز و کاریگەری خیلافەتی ئیسلامی و ئاینی زێدەترکرد لە ڕۆڵە نێگەتیفەکەیدا کە بە ڕۆڵی خۆی زەمینەی خۆش نەکرد بۆ هیچ گۆڕانکاری و پەرەسەندنێك لە بونیادی ئایندا و یارمەتیدەر نەبوو لە سەرکەوتنی بزوتنەوە چاکسازیخواز و ئاینزایی و فەلسەفیەکان, بۆ نمونە باوەڕیەکانی (ماندەرییەکان-معتزلە) لە ماوەی خیلافەتی عەباسیدا بڵاوبۆوە و لە سەرەتادا ژمارەیەك لە زانایانی دەرکەوتوو لە ئاین و فەلسەفە باوەڕیان بەم پرەنسیپانە

هێنا بە دزییەوە, کە کەوتبونە ژێر کاریگەری فەلسەفەی کۆنی یۆنان, بەڵام زانایانی ئاینزای سوونە دەستیان بە سەر پەرتوکی فەیلەسوفەکانی (ماندەریدا)گرت و سوتاندیانن, **چونکە ئەو کۆمەڵگایەی رژێمی دەسەڵات و یاسا و رەوشت بە باوەری ئاینیەوە دەبەستێتەوە, لە هەر بێ باوەرییەکدا هەرەشە لە سەر خودی رژێمە کۆمەڵایەتیەکە دەبینێت و بە سرینەوە و لەناو بردن کۆتایی پێ دەهێنرێت.**

یەکێك لەو هۆکارانەش کە بووە مایەی سەرکەوتنی زانایانی سوونە و تەسك مانەووەی زانا و فەیلەسوفەکان لە هەبوونی خەلیفەیەکی کۆنەپاریز و پەیوەست بە ئاینەوە و پشتیوانی هێزی تورکی بۆی شاراوەیە, هەروەها پەیوەست بوونی سروشتی خەڵك بەو باوەریانەوە کە بە میراتی بۆیان ماوەتەوە. لەو کاتەدا تورك تازە چووبوونە ناو ئیسلامەوە و قین لە دڵ بوون بەرامبەر بە فارس و نامۆ بوون بە هزری یۆنانی, بۆیە بە هەموو هێزیان پشتگیریان لەو سیاسەتە کرد کە هەوڵ دەدات بە نوکی شمشێر, ئاین سەر بخات. بۆیە رەنجدەران و موعتەزەلەکانیان لە پلە و پایەکانی دەوڵەتان و ئەرکە فێرکاریەکان دەرپەراند و دەربرینی ئاشکرایانەی بۆچوونە جیاوازەکان لە گەڵ بۆچوونەکانی سوونە مەزهەبان لە فەلسەفە و وێژەدا, و هەتا ئازادی ئاینیان حەرام کرد.

لێرەدا ئەو رژێمە ئاینیە دەردەکەوێت کە بە سەر کۆمەڵگادا سەپێنراوە و هیچ بزوتنەوەیەکی چاکسازی بۆ خودی ئاینیش نەهێشتۆتەوە, بەڵکو چەوساندویەتەوە و کاری بۆ بێ کاریگەر کردنی کردووە و سوتاندنی ئەو پەرتوکانەی موژدە بەخشی سەردەمی نوێن. بۆ نمونە شاکارەکەی ئیبن روشدی عەلامە لە کریستیانیتیدا هەرە مەزن بوو لە وڵاتانی ئیسلامیدا. بەڵام هاوسەردەمانی لە ئیسلامدا چەوسێنرانەوە, بۆیە گونجاندنی نێوان فەلسەفەی یۆنانی و ئاین جگە لە هەڵوێستی خۆپاراستن لە زەبری ئاین و ئاینزاکانی کە ئاوەزی کۆت کردووە هیچی تر نییە. لە کاتێکدا کە کریستیانیتی چوو بووە ناو بە پیت و پێزترین سەردەمەکانی فەلسەفە.

**دەتوانین هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی تەڤگەرە ئاینزایی و فەلسەفی و چاکسازیخوازە تازەکان لەمانەدا کورت بکەینەوە:**

1- ریشەداکوتانی دەسەڵاتی ئاینی لە دەسەڵاتی سیاسیدا(خیلافەت) کە بەرهەڵستی هەموو هەوڵەکانی نوێکردنەوە و چاکسازییە لە ئاینی ئیسلامدا .

2- ناروونی میتۆدی فەلسەفی تەریقەتەکان و تەڤگەرە فەلسەفیەکان, بەڵکو هەوڵی گونجاندنی فەلسەفەی یۆنانی و باوەرییە ئاینیەکان بوو.

3- نەیتوانی پشت بە بونیادێکی چینایەتی ئاشکرا ببەستێ, و لە شوێنگەیەکی کاریگەردا بێ لە سەر رۆحیەتی جەماوەری گەلێری, کە بە دەمارگیریەکی توند پەیرەوی ئاین دەکەن.

4- هەر لە بناغەوە هیچ مەزهەبێکی چاکسازیخواز لە ئارادا نەبووە کە بیر لە پەرە پێدانی شەریعەتی ئاینی ئیسلام بکاتەوە.

لە سەردەمی عوسمانیەکانیشدا هەموو ئەو هەوڵ و تەڤگەرانە بەریان لێ گیرا کە چاکسازی ئاینی بە ئامانج دەگرت, هەروەها پەیوەندیەکانی سیستەمی نوێ قەدەغە کراو و بە شێوەیەکی رەها بەر لە دەرکەوتن دەگرێ لە پەیوەندیەکانی سیستەمی فیودالی کە پشت بە ئاین دەبەستێت, بەوەش شێوازی بەرهەمهێنانی فیودالی دەپارێزێ و دەرکەوتنی تەڤگەرەکانی رۆشنگەری و راپەرین لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا قەدەغە دەکات.

**ئەو هەنگاوە دەست لێ بەرنەدراوانەش کە پێویستە لە سەرەتاوە بگیرێنە بەر بۆ دیموکراتیزەکردنی ئاینی ئیسلامی ئەمانەن:**

جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و سیاسەت, هێشتنەوەی ئاین وەك دامەزراوەیەکی رۆحی و مەعنەوی لە کۆمەڵگادا نەك زیاتر و رێ کردنەوە لە بەردەم ئازادییە مەدەنیەکاندا, ئازادی باوەری ئاینی, و ئازادی بیرکردنەوەی تاکە کەس, هەروەها پێویستە ئەو قاڵبە نەبزواوانە بشکێنرێت کە ئاین لە بەردەم توانای داهێنانی ئاوەزی مرۆڤدا داینا‌وە و پەرەپێدانی داهێنەرانە و تێکۆشان دژ بە گشت جۆرەکانی دەمارگیری ئاینی و ئاینزایی و داب‌رینی لە خەباتی سیاسی ناو کۆمەڵگا و بەوەش وەك ئامرازی بەردەوام بوونی نێوان تاك و خودا بمێنێتەوە.

بۆیە ناسین و شیکردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوین دەست لێ بەرنەدراوە کە بە دەست دواکەوتنێکی زۆرەوە دەناڵێنێت لە هەموو رووەکانی ئابوری وفەلسەفی و زانستی و کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی چارەسەری بۆ گرفتەکانی و لە پێش هەمووشیانەوە دیموکراتیزەکردنی ئاینی ئیسلامی بە پێی پێودانگە سەردەمیەکان, رژێمە ئاینیەکانی ئیسلام یەکێکە لەو هۆکارانەی, دواکەوتنی کولتوری و شارستانی لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناویندا قوڵترکردۆتەوە بە شێوەیەکی کاریگەر بەگرتنە بەری ئەو سیاسەتانەی پشت بە دەمارگیری ئاینی دەبەستێ و ستەمی ئەم رژێمانە کە تا ئێستا ئاینیان وەك چەکێکی سیاسی بە دەستەوە گرتووە دژ بە باوەری و ئاینزاکانی دیتر و باوەری ئاینی لە ئاوەزی کۆمەڵگادا ریشەی کوتاوە و تا رادەیەك بە شێوەیەکی رۆحی دەمارگیر پێیەوە پەیوەستە و هاوکات لە هەموو هەوڵەکانی گۆرانکاری یان دیموکراتیزەکردن دەیپارێزێت, بۆیە ئەو کاریگەریە نێگەتیفانەی رژێمە ئاینیەکان خوڵقاندویانە بەرهەڵستی هەر پەرەسەندن و وەرچەرخانێکی

ڕیشەیی و بونیادی دەکات یان پەرەسەندنی بوارە زانستیەکان و پێشکەوتنی شارستانی و بەرز کردنەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە مەدەنیەکان. بۆیە PKK هەستا بە شیکردنەوەی گشت ئەم ڕاستیانە لە سەر بنەماکانی تیۆریەکی زانستی دروست و بەدەرخستنی گرنگترین نیگەتیفێتیەکانی کە کۆسپن لە بەردەم دیموکراتیزەکردنی ئاینی و دۆزینەوەی چارەسەری بۆی.

تەڤگەری KADEK لە شیکردنەوەکانیدا پشت بە بنەمای زانستی دەبەستێ و هەموو شێوەکانی دەمارگیری ئاینی و قاڵبە نەبزواو و ڕاوەستاوەکان ڕەخنە دەکات کە تا ئێستا لە کۆمەڵگادا ڕیشەی داکوتاوە و ناهێڵێت وەرچەرخانی دیموکراسی ڕووبدات لە کۆمەڵگادا و کردنەوەی دەرفەت بۆ ئازادیە مەدەنی و ئاینیەکان لە سەر بنەما و پرەنسیپەکانی یەکسانی و دادپەروەری و مرۆڤایەتی, کە بناغەی سەرەکی دەنوێنێ بۆ ئاواکردنی دیموکراسی کە نوێنەرایەتی کردنی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بکات بە ئاین و ئاینزاکانیانەوە و مسۆگەرکردنی بەشداری کردنی کاریگەرانەیان لە هەموو بوارە ئابوری وکولتوری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگادا و ئاشکراشە کە ئەمە ناکرێت ئەگەر ئازادی باوەڕی ئاینی و ئاینزایی و دورکەوتنەوە لە هەڵوێستە دەمارگیریەکان بە هەموو شێوەکانیەوە لە ئارادا نەبێت.

بەدیهێنانی لێکترنزیك بوونەوەی نێوان ئاین و ئاینزاکان بە ڕێی دەرخستنی بەها ڕۆحی و مەعنەوی و ئاکاریە پۆزەتیفە هاوبەشەکان و دیالۆگی بونیادنەرانەی دروست لە سەر بنەمای شارستانیەکان لە ئەرکە ژیانیەکانە کە تا ئێستا تەڤگەری KADEK لە پێناویدا تێدەکۆشێ. ئەو چارەسەریانەی کە سەرۆك ئاپۆ پەرەی پێداوە وەك (پێویستە ئەکادیمیاکانی لێکۆڵینەوەی ئیلاهیات دابمەزرێنرێت) ئامرازێکە بۆ ئاشنا بوون بە ئاینەکان و بەها هاوبەشەکانی نێوانیان وەك لێ بوردن و دادپەروەری و یەکسانی و خۆشویستنی زانست, ڕاستی و چاکە, ئەو بەهایانەی تریش کە دیموکراتیزەکردنی ئاین ئاسان دەکەن و گەوهەری سیاسەتی KADEK لە دیموکراتیزەکردنی ڕژێمە ئیسلامیەکان لە ناو جیاکردنەوەی ئاین لە ڕژێمی سیاسیدایە و ئاواکردنی ڕژێمێکی شارستانی عیلمانی و بەوەش دەتوانێ ئازادیە ئاینیەکان دەستەبەر بکات و ماڤ بەشداری کردنی گشت تاکەکانی کۆمەڵگا. ئیدی باوەڕی ئاینی و ئاینزاییان هەرچۆنێك بێت لە چالاکیە دیموکراسیەکان و ماڤ خۆ پاڵاوتن و هەڵبژاردندا.

ئەو ئەرکە دەست لێ بەرنەدراوەی تریش خەباتی بێ ووچانە دژ بە هەموو کاریگەریە نیگەتیفەکان و قاڵبە ڕاوەستاوەکان کە ڕژێمە ئاینیە ئیسلامیەکان خوڵقاندویانە و فەلسەفە نەبزواوەکانیان بە سەر کۆمەڵگادا سەپاندووە و پێچەوانەی گۆڕان و چاکسازییە و فەلسەفەی چارەنوسیش باشترین نمونەیەتی چونکە لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا تاکێکی دروست کردووە. ڕاستینەی دوواکەوتوویی و هەژاری و هەموو لایەنەکانی ژیانی پێ پەسەندە, وەك چارەنوسێك کە لە لای خوداوە بۆی دیاری کراوە.بەوەش دووردەکەوێتەوە لە ڕۆحی سەردەمی خوڵقکار و داهێنەر, تاکێکی ئافراندووە خاوەن سایکۆلۆژییەتێکی ڕۆحی دوور لە ڕۆحی پێشکەوتن و ئافراندنی داهێنەرانە, بۆیە زۆر پێویستە کاریگەریە نێگەتیفەکانی ئاین لە سەر کۆمەڵگا ڕەخنە بکرێت کە هەر لە سەرەتاوە ڕەوتە هزری و فەلسەفیەکانی ڕەت کردۆتەوە و پەرەسەندنی کۆمەڵگا کە لە بنەماکانیدا پشت دەبەستێت بە دادگایی کردنی هزری و لۆژیکی لە گۆڕینی ڕاستینەدا بە بێ پەنابردنە بەر شیکردنەوەی میتافیزیکی و بۆ گەیشتنە ڕاستیەکانی ڕژێمی دیموکراسی لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا, دەبێ کۆمەڵگا ڕێکبخرێت و بە کولتوری دیموکراسی ئاشنابکرێت و لەو پێگەیەوە کاریگەری لە سەر بکرێت. چونکە ئەگەر کولتوری دیموکراسی پەرە نەستێنێت و ئەگەر پرەنسیپەکانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە خودی کۆمەڵگادا پەسەند نەکرێت و فام نەکرێت, لە تواناداا نابێ وەرچەرخانی دیموکراسی بونیادنەر بەدیبهێنرێت و دیالۆگی بونیادنەرانەی نێوان هەموو ئاین و مەزهەبەکان لە توانادا نابێ, جگە لە ڕژێمێکی دیموکراسی سیاسی هاوبەشدا.

لەم پێگەیەوە سەرۆك ئاپو بەردەوام پێ لە سەر دیالۆگ کردنی بونیادنەرانەی نێوان ئاینەکان دادەگرێت. ئەمەش پاش شیکردنەوەی بنەماکانی ئەم ئاینانە و ئەو بەها پوزەتیفە مرۆڤانە هاوبەشانەی کە ئەم فرە ڕەنگییە کولتوری و ئاینیەی ڕۆژهەڵاتی ناوین کۆدەکاتەوە و ئامادە دەبێت بۆ خۆش گوزەرانی کۆمەڵایەتی دوور لە هەموو جۆرەکانی دەمارگیری پێچەوانەی زانست و دیموکراسی.

هەستان بە توێژینەوەی ئاینە ئاسمانێکان ڕاژەکردنێکی بێ هاوتایە بۆ تەڤگەری دیموکراسی ڕۆژهەڵاتی ناوین. دامەزراندنی ئەکادیمیای لێکۆڵینەوە لە ئیلاهیات, یارمەتی دەر دەبێت لە شیکردنەوەی کرۆکی دروستی ئاین و بەها پۆزەتیفەکان, کە ئاینەکان لێك نزیك دەکاتەوە و یەکیان دەخات لە ڕاژەی دیموکراسی کۆمەڵگادا .بەڵام تا ئێستا لە هەرێمەکەدا بوێری نیشان نەدراوە لە تاوتوێ کردنی پرسی دیموکراتیزەبوونی ئاین لە لایەن ڕژێمە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمەکەوە, هەتالە لایەنی زانایانی کۆمەڵناسیەوە و هەستان بە کارێکی وا بە ئاسانی ڕێخۆش دەکات بۆ دیموکراسی بوونی ئاین.

**ج- هەلوێستی دیموکراسیانەی KADEK بەرامبەر بە جودایی کولتوری لە هەرێمەکەدا:**

PKK وای دەبینی کە ئەو جوداییە کولتورییەی لە هەرێمەکەدا هەیە, ڕەگ و ڕیشەی مێژووی قوڵی هەیە و ئەم جیاکردنەوە و لە یەك جودا بوونە, لە لایەن زۆر هێزەوە بەکاردەهێنرێت. بە تایبەتیش ئەو هێزە ئیمپریالیزمیانەی دەیانەوێت ئەم جیاکردنەوەیە لە بەرامبەر جەماوەر بەکاربهێنرێت و زەمینەیەکی گونجاو و خۆشی تێدا دەبینێت, بۆ پێکهێنانی سیاسەتی ناسراوی بە (پەرتکە و زاڵبە). لەو پێناوەشدا لە کۆنەوە هەوڵ دەدات بۆ وروژاندنی نەستەکانی تایەفەگەرایی و پارچەکردنی ڕەگەزی نێوان ئەم گەلانە, تا یەك نەگرن و هاوکاری یەك نەکەن و هێزێکیان لێ پێکەوە نەنرێت و نەبنە هەڕەشە و مەترسی لە سەر بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزم بە گشتی, و بەرژەوەندی دەسەڵاتە خۆجێیەکان بە تایبەتی. بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵاتدارە خۆجێیەکان هاوکاری دەکەن لە گەڵ سەرۆکایەتیە ئیمپریالیزمیەکانیان, تا بەوەش باڵادەستی و دەسەڵاتیان بە سەر خێرو بێرو سەرچاوە مادییەکاندا بپارێزن, هاوکات ئیمپریالیزمیش, کۆمەك و پشتیوانیان پێشکەش دەکات تا بە ئاسانی بگاتە داخوازیەکانی خۆی.

لە بەر دەوڵەمەندی هەرێمەکە لە کەرەستە سەرەتاییەکاندا و خێرو بێرە زۆرەکانی و شوێنگە ستراتیژیەکەی لە جیهاندا, ئیمپریالیزم هەستا بە ڕواندنی کیانی ئیسرائیل لە ماوەیەکی درێژەوە بۆ هەژاندنی هەرێمەکە و جێگیرنەبوونی و بۆ ئەوەی بەردەوام لەناو ململانێ و ناکۆکیدا بێت, بۆیە لە ئەمڕۆدا هەڵدەستێ بە دەستەك کردن و پشتگیریەکی بێ سنور بۆیان و ئەم ململانێیانەش کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر گەلانی عەرەبی بە گشتی.

هەروەها ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان لەم جیاکردنەوەیەدا دەرفەتێك دەبینن بۆ درێژەدان بە باڵادەستیان لە سەر شانی گەلان, بە سود وەرگرتن لەو ناکۆکیانەی هەن. بۆیە هەر جۆرە هاوکاری و یەکگرتنێکی پراتیکی نێوان ئەم کولتورانە ڕەت دەکەنەوە و گرێدان و پاشکۆیەتیان تەنها بۆ ڕژێمێکیش نییە, بەڵکو هەر دەسەڵاتێکیان گرێدراوە بە بەرەیەکی دیاری کراوەوە, کە جوداترە لەوی تر.

سەرەڕای هەبوونی بەرهەڵستکاری ناوخۆیی بۆ ئەم دەسەڵاتانە و هەڵویستەکانی ڕەت دەکاتەوە, بەڵام ئەم بەرهەڵستکاریانە شێوازی گونجاوی یەکێتی و هاوکاری نێوان خۆیانیان دانەناوە, نمونەی ئەوەش هێزە بەرهەڵستکارەکانی زۆربەی وڵاتانی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە شێوەیەکی گشتی و لە عێراقدا بە تایبەتی, هەتا ئێستا نەیانتوانیوە شێوازی گونجاو بدۆزنەوە تا لە نێوان خۆیاندا یەکگرتووبن و بیگەیننە ئاستی دروست کردنی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز و تۆکمە سەرەڕای جیاوازیە نەتەوەییەکان, ئەمەش هەڵقولاوی گرێدانیانە بە هێزە دەرەکیەکانەوە و پشت نەبەستنیان بە هێزە خۆییەکانیان, لە بە ڕێکخستن کردنی جەماوەردا. بۆیە دەیانبینین لە ململانێ و ناکۆکیدان کە لە ڕابردوویانەوە سەرچاوە دەگرێت و تا ئەمڕۆش لە توانایاندا نییە بگەنە ئامانجەکانیان بەم شێوازە خەڕەکییانە, چونکە ئامانجەکانیان لە ڕاژەی گەلاندا نییە, بەڵکو چەند دەستەیەکی کەم ئەم ڕەوشە دەخەنە ڕاژەی خۆیان و بەدیهێنانی نیازەکانیان.

هەروەها گەلانی هەرێمەکە, هەستیان بە هاوکاری کولتوری نێوان خۆیان نەکردووە و بە پێویستیان نەبینیوە و ڕاستینە پڕ لە ناکۆکیەکەی خۆیانیان پەسەند کردووە و هەوڵیان نەداوە بۆ زیاتر هاوکاری و یەکگرتوویی بۆ دەوڵەمەند کردنی یەکتری, یان سەپاندنی چارەسەریەك کە ببێتە ئەلتەرناتیفی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان کە جگە لە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانی دوژمنان بۆ هیچ شتێکی تر هەوڵ نادەن, وە زۆر بەئاسانی ئەو ناکۆکی و ململانێیانە دەبینرێن کە دوو سەدەی ڕابردوو بە خۆیانەوە دیوە بە ڕێی ئەو ئەنجامە نوێیانەی کە مرۆڤایەتی لەم هەرێمەدا بە خۆیەوە دەبینی, کە سەرۆك ئاپۆ بەمە وەسفی دەکات (**دەتوانین بڵێین کە هەرێمەکە بە قوڵی لە پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەراستدا دەژی, هەروەها بە شێوەیەکی بەناو یەکداچووش لە گەڵ سەرمایەداری دەوڵەتی بیرۆکراسی و سەرمایەداری زەوتکەری پێشنەکەوتوودا دەژی, بە ڕاستی ئەوە ناکۆکیەکی زەقە لەنێوان مێژووە شکۆدارەکەی و پێشکەوتنەکانی هەنوکە, ئەم ناکۆکیەش لە گشت بوارەکانی "ئاین, زمان کولتور, ئەتنیك, چین, ڕەگەز, ژینگە"دا ڕەنگ دەداتەوە و هەڵویستە ئاینی و نەتەوەییەکان کیسە بەتاڵ بوون لە چارەسەر کردنی ململانێ و گرفتەکاندا, بۆیە لە هەموو شتێك زیاتر پێویستیەکی زۆری هەیە بە چارەسەریە دیموکراسیە دروستەکان و زاراوە و دروشمی یەکێتی دیموکراسیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین, نمونەیترین فۆرمیلەیە بۆ وەڵامدانەوەی پەرەسەندنی میژوویی**).

ئەم هەرێمە شوێنەوارەکانی پارچەکردن و بەش کردنی بە خۆیەوە بینی لە چارەکی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا, ئەو ماوەیەی کە تێیدا دەسەڵاتی فیوداڵی لە هەندێ هەرێمدا هەڵوەشایەوە و هەرێمەکەی بە ڕووی پەرەسەندن و وەرچەرخاندا داخست و لە دینامیکیەتی ناوخۆیدا, هیچ پەرەسەندنێك ڕووی نەدا و نەبووە هۆی پێشکەوتن و یەکگرتنی گەلان لە ڕووی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەوە.

دەتوانین بڵێین: کە هەرێمەکە بەو ناکۆکیانەی کە تێیدایە بەشە چارەسەری بەرنەکەوت, بەڵام گەیشتە ئاستی پێگەیشتنی تەواو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی, ئەمیش لە ئەنجامی ئەو خەباتە بێ ووچانەی کە ململانێ و ئێش و ئازارێکی زۆری لە گەڵدا بوو, بۆ نمونە شەڕی بەرخۆدانی نەتەوەیی کە لە کوردستاندا هەڵگیرسا, بە شێوەیەکی باش هەموو ناکۆکیەکانی تەواوی هەرێمەکەی زەق کردەوە و چارەسەری سەپاند و سەلماندی کە

شێوازی توندو تیژی ئەو ئەرکەی جێبەجێ کرد کە دەیتوانی جێبەجێی بکات و ناکرێت ململانێ و ناکۆکیەکانی پێ چارەسەر بکرێت لە ڕیشەیەوە, کەواتە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە ڕەوشی هەنوکەیەوە, پێچەوانەی پەرەسەندنە بەردەوامەکانە لە ئاستی جیهان و زۆر دواکەوتووە لە سەردەمی دیموکراسی و ئازادیەکان. بۆیە پێویستە بە شوێن چارەسەری کێشەکاندا بگەڕێین بە پێی شێوازە دیموکراسیەکان و کردنەوەی ڕێ لە بەردەم کۆمەڵگاکانی هەرێمەکە بۆ بەدیهێنانی پەرەسەندنی گەورە, ئەم پەرەسەندنەش بە هەڵوێستەکانی پارچە پارچەکردن و بەش کردن و جیابوونەوە بەدی نایەت, شایانی باسیشە کە بەهۆی ئەم هەڵوێستانەوە گەورەترین زیان بەر گەلان و کۆمەڵگاکانی هەرێمەکە کەوتووە. بۆیە دەبێت تێبپەڕێنرێن و پەنا ببرێتە بەر یەکێتی و هاوپشتی و پشت بەستن بە کاری هاوبەش و مسۆگەرکردنی شێوازە ڕاستەکانی خەبات لە پێناو چارەسەرکردنی گرفتەکاندا, بەم هەڵویستەش زۆر لە هۆکارەکانی بەش کردن و پارچەکردنی نەتەوەیی لادەبردرێت و یەکێتی و ڕێکخستن و پەرەسەندنی ناوخۆیی سەرجەم نەتەوەکان ئاوا دەکرێت و تواناکاریەکانی دروست کردنی پەیوەندی دروست و ڕاست و تۆکمەکردنی هاوکاری لە گەڵ گەلان و نەتەوەکانی تردا فەراهەم دەکرێ, لە سەر ئەم بنەمایەش پەرەسەندنی گرنگ ڕوودەدەن, بۆیە هەرێمەکە زۆر پێویستی بە گرتنە بەری شێوازەکانی هاوکاری و یەکگرتوویی هەیە و لە پێناو بەدەستخستنی ئەنجامێك دەبێت خۆمان لە هەڵوێست و چەمکەکانی هەلپەرستی و سیاسەتە ناکۆکەکانی ڕزگار بکەین.

بۆیە هەڵوێستی دیموکراسی KADEK بەرامبەر ئەو جیاکردنەوە کولتورییانەی لە ئارادایە لە هەرێمەکەدا, هەڵوێستێکی مرۆڤانەیە و هەوڵ دەدات بۆ ئافراندنی چارەسەریە گونجاوەکان بۆ کێشەکانی ئەم گەلانە بە ڕێی هاوکاری کردن لە گشت بوارەکاندا, هەروەها وای دادەنێت کە جیاوازییەکان, زەمینەیەکی لەبارە بۆ بەدیهێنانی یەکێتی ئازادانەی نێوان گەلانی هەرێمەکە و بۆ بەدیهێنانی ئەمەش دەبێت گشت هەڵوێستە ناکۆکەکان لە گەڵ ئەمەدا ڕەت بکرێنەوە کە لە ڕاژەی بەرژەوەندیەکانی گەلانیشدا نییە و لەیەکیان دوور دەخاتەوە. بەهۆی ئەمەشەوە دەبێت ئەو توخمانە لابرێن کە دەبنە مایەی دوو بەرەکی نێوان ئەو کولتورانەی لە ئارادان و بانگەشەکردن بۆ پرەنسیپی دیالۆگ لە نێوان هەموو دەستە و گروپ و مەزهەب و ئاینەکاندا و بە گفتوگۆکردنێکی بەرفراوان لەو بارەیەوە بۆ گەیشتنە چارەسەری هەموو کێشەکان, لە سەر بناغەی ڕێزگرتنی یەکتری و بەرژەوەندی هاوبەش و هاوکاری و یەکێتی ئازادانەی هەموو کولتورەکان. کەواتە هەستان بە ئەرکی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و یەکێتی ئازادانە, بە هەبوونی ڕێکخستنێکی سیاسیەوە بەستراوەتەوە کە زۆرینەی جەماوەر ڕاپەڕێنێت بە جیاوازییە نەتەوەیی و ئاینی و ڕەگەزییەکانیانەوە, لە تەڤگەرێکی دیموکراسی یەکگرتودا و بە تەنها ئەو دەتوانێ بەرنامەیەك دابڕێژێت کە وەڵامدەرەوەی هیوا و ئامانجەکانی گەلانمان بێت لە بەدیهێنانی ئازادی و دیموکراسیدا.

تەڤگەری ئازادیخوازی کورد کە لە پێشەنگەکەی KADEK دا خۆی دەنوێنێت و نوێنەرایەتی گشت ئەو خاڵە ئاماژە پێکراوانە دەکات. لە گەوهەریدا پشت بە پرەنسیپە مرۆڤانەکەی دەبەستێت و ئەرکی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە ئەستۆی خۆی گرتووە و چارەسەری پێشکەوتووی پێشکەش کردووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسیەیەی کە هەموو هەلپەرستەکان بەکاری دەهێنن لە هەرێمەکەدا. هەروەها دەستپێشخەری کرد لە بەکارهێنانی هەڵویستە شارستانیەکان بۆ ئەم هەمەڕەنگیە کولتورییە, بە ڕاکیشانی و کۆکردنەوەی لە سایەی ڕژێمێکی دیموکراسی پڕ لە ئازادی و یەکسانی نێوان هەموان.

ئەو ڕۆڵەی کە گەلەکەمان دەیگێڕێ لەم چوارچێوەیەدا مێژوویی دەبێت, چونکە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە هەرێمەکەدا بڵاوبووەتەوە و لە گەڵ هەمو گەلانی هەرێمەکەدا (فارس, عەرەب, تورك, ئاشوری, ئەرمەنی, تورکمان...هتد) دا دەژی. بەهۆی ئەم هەلومەرجانەشەوە ئاشنایە بە زۆربەی کولتورەکان بە درێژای مێژووە دێرینەکەی و لە گەڵیاندا ژیاوە و بەشدار بووە لە پەرەپێدانی پراتیکی زۆربەیان و سەرۆك ئاپۆ سەبارەت بەمە دەڵێت:

(**گەلی کورد بە داینەمۆی سەرەکی پێکهێنانی دیموکراسی دادەنرێت لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناویندا**). لە لایەکی تریشەوە ئەو ڕۆحی وولاتپارێزیەی لە لای گەلەکەمان دەرکەوت لە خەباتە شۆڕشگێڕانەکەیدا, هێزێکی مەعنەوی وای لە لا دروست کرد کە دەتوانێت پێیەوە ناسنامە و مافە ڕەواکانی بە دەست بخات و بە ئاشتیانە لە گەڵ گەلانی تردا ئازاد و یەکسانانە بژێت, چونکە پەیوەستە بە هزر و ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕانەکەی و شوێن پێ هەڵگری پێشەنگەکەیەتی کە لە کەسێتی سەرۆك ئاپۆ و فەلسەفەکەیدا خۆی دەنوێنێت, و سەنتێزێك پێکدەهێنێت کە کۆکراوەی ئەو هزر و فەلسەفانەیە و خزمەت بە هەموو مرۆڤایەتی دەکات. لەم چوارچێوەیەدا گەلەکەمان بە پرد و هێزی سەرەکی وەرچەرخانی دیموکراسی و یەکێتی دیموکراسیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین دادەنرێت.

## د-ستراتیژی KADEK بۆ ئاواکردنی یەکێتی ئازادانەی باوەڕی و کولتورە جۆراوجۆرەکان لە هەرێمەکەدا:

ڕاستی گەلی کورد لە ڕەوشی بیرچونەوەدا بوو لە لایەن هێزە دۆست و هێزە دوژمنەکانیشەوە. هەتا گەلی کورد خۆشی نکولی لە ڕاستی خۆی دەکرد و لە ناسنامەکەی خۆی هەڵدەهات, و لە ڕەوشی دوژمنایەتی و ململانێی ناوخۆیدا دەژیا. تەنها نەکرابووە چوار پارچە و بەس, بەڵکو ئەوەندە پەرت و پارچە بوو بوو, گەیشتبووە ئاستی پارچەبوونی ئەندامانی تاکە خیزانێك, بۆیە دەبێت ئەو ڕاستینەیە بە شێوەیەکی زانستی و دروست شی بکرێتەوە لە گەڵ گەوهەری ناکۆکیەکان و چۆنێتی دۆزینەوەی چارەسەری ڕاست بۆ ئەم دۆزانە...؟ کە بە هەستیارترین ئەو دۆزانە دادەنرێت کە خۆی بە سەر هەموو نەتەوە و کۆمەڵگاکانی ئەم سەردەمانەدا دەسەپێنێت. چونکە لە ئەمڕۆماندا جیهان وەرچەرخانی ڕیشەیی و بونیادی بە خۆیەوە دەبینێت لە هەموو ڕووەکانەوە. ڕژێمە خەڕەکیە خاوەن پێودانگە کلاسیکیەکان تێدەپەڕێنێت, کە ناتوانێت خاوەن ئاسۆی چارەسەریە ڕیشەییەکانی هەموو ناکۆکیەکان بێت, ئیدی نەتەوەیی یان چینایەتی یان ئاینی و یان ناکۆکیە هاوشێوەکانی تر بن.

هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناوین یەکێکە لەو هەرێمانەی کە لە بونیادەکەیدا چەندین باوەڕی و نەتەوە هەن کە لە نێوانیاندا پێکدادانی خوێناوی و توند و تیژ ژیان کراوە و گەیشتۆتە پلەی ڕیشەکوتانی درزە گەورەکانی بونیادی ئەم کۆمەڵگایانە, کە ئەمرۆ دەیانبینین, دۆزینەوەی چارەسەری ڕیشەیی دەسەپێنێت. بە پێی پێودانگە سەردەمیەکان. بۆیە هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناوین لە ڕەوشێکی ناجیگیردا ژیاوە و بووە بە زەمینەی ململانێکان تا ڕۆژی ئەمڕۆمان.

گرنگی شوێنگەی کوردستانیش لە گرنگی شوێنگەی هەرێمەکە کەمتر نییە, چونکە ناوەندێکی گرنگی هەرێمەکەیە و ڕۆڵی کلیلی هەرێمەکە دەگێڕێت لە بەر ستراتیژی بوونەکەی. هەر لە کۆنەوە کوردستان خاوەن گرنگییەکی گەورە بووە لە بڵاوکردنەوەی کاریگەری شارستانیەکانی چاخە کۆنەکانی یەکەم و ناوین, لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئافریقیا و ئەوروپا. ئەم گرنگێتیەی کوردستانیش لە بەر شوێنگە جیۆپۆلەتیکیەکەی و دەوڵەمەندی سەرچاوە پترۆلیەکان و سامانە کانزاییەکان, زیاتر دەبێت. کە وای لیٚ کردووە شوێنێکی دیار بگرێت لە گۆڕەپانی نێو دەوڵەتیدا. بەو پێیەش کە کورد لە کۆنترین گەلانن و خاوەن کولتورێکی ڕەسەنن و لە میزۆپۆتامیادا جێگیر بوون و کردوویانە بە وڵاتی خۆیان, بۆیە خاوەنی ڕۆڵی سەرەکی بوون لە یەکگرتنی گەلانی هەرێمەکە, ئەمەش بە ڕوونترین شێوە لە شەڕەکانیاندا دژ بە ئاشوریەکان دیار دەبێت, پاش ئەوەی هێزی میدیەکان تۆکمە دەبێت و هاوپەیمانێتی دروست دەکات لە گەڵ گەلانی هەرێمەکەدا, بە تایبەتیش لە گەڵ بابلی و فارسەکاندا ئەو کاتە دەستیان بە سەر نەینەوادا گرت لە 612 پ.ز و کۆتاییان بە ئیمپراتۆری ئاشوری هێنا.

مێژوو گەواهی دەدات لە سەر بەرخۆدانەکانی ئەم گەلە نەك تەنها لە نەینەوا, بەڵکو کاتیٚ داگیرکاری مەغۆلەکان دەستی پێکرد لە هەرێمەکەدا, کورد ڕووبەڕوویان بووەوە لە پێناو پاراستنی سنوری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی.

هەروەها کورد لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیاندا لەم هەرێمەدا ئاوێتەبوونی ژیانیانەیان دەربڕیوە لە گەڵ گەلانی تردا و سوربوونیان لە سەر یەکگرتن و پتەوکردنی پەیوەندیەکان لە چێوەی یەکێتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. ئەم پەیوەندیانەش لە سەدەی یانزەهەمیندا پتەو تر بوو بە ڕێی ئەو ڕۆڵەی گێڕایان لە نواندنی بەرژەوەندیەکانی گەلانی موسڵمان لە هەرێمەکەدا, و بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەڵمەتەکانی خاچپەرستەکان ببنەوە. پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب لە سایەی دەوڵەتی ئەیوبیدا پتەوتر بوو بە سەرۆکایەتی کردنی صەلاحەدینی ئەیوبی, بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سوپاکانی خاچپەرستان تا ئەوەی ئەو سوپایانە بەریان لیٚ گیرا و تێکشکێنران لە شەڕی (حەتیندا), پاشان قۆناغێکی لە یەکتر تێگەیشتن و ئاشتی باڵی بە سەر هەرێمەکەدا کێشا لە سایەی دەسەڵاتدارێتی ئەیوبیەکاندا لە نێوان هەموو گەلانی هەرێمەکە. بەم شێوەیە کورد ڕۆڵێکی پێشەنگیان بینی لە ناو ئەم گەلانەدا بۆ تۆکمەکردنی یەکێتی نێوانیان, KADEK یش هەلستاوە بە گێڕانی هەمان ڕۆڵ لە کاروانی دژواری خەباتیدا و تا ئەمڕۆ, ئەوەش چونکە لە سەر بنەمای زانستی لە هەلومەرجی ژیانکراوی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوینی کۆڵییەوە و شیکردەوە و ئەو هەڵمەتە دەرەکیانەی نرخاند کە هەرێمەکە و جێگیریەکەی بە ئامانج دەگرێت.

پێکهاتەی بونیادی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین, بۆتە مایەی بەردەوام بوونی دەسەڵاتی نا دیموکراسی کە دەبێتە مایەی قوڵبوونەوە و درێژە کێشانی گرفتەکان, ڕەوشی هەنووکە کۆسپێکە لە بەردەم پەرەسەندنی گەلان لە سەر بنەمای پرەنسیپەکانی ئازادی و یەکسانی و پەرەسەندنی هەرێمەکە ڕووبەڕووی ڕاوەستانێکی تەواو دەکاتەوە. چونکە لە کاتێکدا کە ڕەفتارەکانی قڕکردن سەپێنراوە بە سەر گەلە ستەم دیدەکانیدا, ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمەکە ووزەکان بە فیڕۆ دەدەن لە پێناو بەردەوام بوونی دەسەڵاتیاندا و درێژەکێشانی فەرمانڕەوایەتیان بە سەر گەلانیاندا لە دۆخی پاشکەوتن و دەمارگیریدا و دەتوانرێت زەقترین نمونەکانیش لە پەیوەندیەکانی گەلانی کورد و عەرەب و تورك و فارسدا ببینرێت, کە ئەو ناکۆکیانەی بە دەستیەوە دەناڵێنن و تا ئیستا بەردەوام هەردەچێت قوڵتر و ڕیشەکوتاوتر دەبێت و دەبێتە هۆی دەست تێوەردانە ڕاستەوخۆ و

ناڕاستەوخۆکانی سیاسەتی هێزە دەرەکیەکان لە هەرێمەکە. بەردەوام بوونی ئەم ناکۆکیانە بووە بە گرێ کوێرەیەك کە ڕاژە بە بەرژەوەندی کام لەم گەلانە ناکات.
لە گەڵ ڕوودانی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و لەدایك بوونی چینەکان, دەوڵەتیش لە دایك بوون و شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەرێتی و زۆر ئەزموونی گەورەی قازانج کرد, کە هەمووی جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە شێوازی دیموکراسی باشترین شێوازە. بە تایبەتیش لە ماوەی دوایدا کە تەوژمێکی پەرەسەندنە بە پەلەکانی بینی لە بونیادی ڕژێمە سیاسیەکان و کۆمەڵگاکانی لە جیهاندا. ئەمەش کاریکردە سەر شێوە و شێوازەکانی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی لە هەرێمەکەدا و لە ئەمڕۆماندا لە لای ئەم گەلانە بیرۆکەی چارەسەرکردنی گشت دۆزەکانیان بە شێوازی ئاشتیانە و دیالۆگی دیموکراتی دروست بووە و لە کاتێکدا کە هێزە ئیمپریالیزمیەکان کێشە و ململانێ دەوروژێنن و دەخوازن وەك تاکە ڕژێمێك کە ماوەتەوە و بێ ئەلتەرناتیفە لە سەرەتای سەدەی (21)ەمدا.
سیاسەتەکانی ئیمپریالیزم و کاریگەری پاشماوەکانی سەدەکانی ناوین کە دەیەوێت پتەوتر بێت لە بونیادی کۆمەڵگاکانی هەرێمەکەدا, هەموو پێکەوە یەکێك لە گرنگترین تەگەرەکان پێکدێنێت لە بەردەم پەرەسەندنی پرۆسەی دیموکراسی لە سەر بنەمای یەکێتی ئازادانەی ئەم کۆمەڵگایانە. چونکە بونیادی ئۆلیگارشی ڕیشە کوتاو لە بونیادی ڕژێمە بۆرژوازیە کۆمپرادۆرەکاندا کە ئابوری و سەرمایەی جیهانیان لە دەستدایە و بەو کۆنەپەرستیە نەتەوەیی و ئاینیە خەڕەکیەیەی هەیەتی بەرهەڵستی وەرچەرخانی دیموکراسی و یەکێتی ئازادانەی گەلانی هەرێمەکە دەکات و نایەوێت کە کۆتای بە ناکۆکی و ململانێکان بهێنرێت, بەڵام هەلومەرجەکان یەکێتی ئازادانە و وەرچەرخانی دیموکراسی دەسەپێنێت کە ئەمیش بەڕۆڵی خۆی شێوازی هەرە گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی هەمو کێشەکان, **ئەگەر گەلی کورد توانی کێشەکانی لە گەڵ دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکاندا چارەسەر بکات لە سەر بنەمای پرۆژەی کۆماری دیموکراسی و بە شێوەیەك کە لە سەر بنەماکانی پرەنسیپی ئازادی , ناسنامە و ئینتیمای نەتەوەیی و خۆی مسۆگەر بکرێت, ئەو کاتە هەڵدەستێ بە ڕۆڵی پێشەنگایەتی بۆ ئاواکردنی یەکێتیە ئازاد و دیموکراسیەکانی گەلانی هەرێمەکە, ئەوەش دەبێتە سەرەتای سەردەمی ڕا پەڕینێکی شارستانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی, هاو پلەی ئەو پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیە کۆمەڵایەتیەی ئەوروپا پێی گەیشتووە.**
هەموو دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان بە سەر کوردستاندا لە بونیادێك پێکهاتوون کە بریتیە لە چەندین ئاین و باوەڕی و ئاینزا, ئەوەش دەوڵەمەندی و هەمەجۆریەکی کولتوری بێ وێنەیە, لە تورکیادا موسڵمانەکان دەبینین بە (سوننە و شیعە) وە, هەروەها کریستیانیەکان و ئەرمەنی و ئاشوری و تورك و عەرەب و کورد و چەرکەس و لاز و...ڕەگەزی نەتەوەیی تریش, هەروەها عێراقیش, عەرەبی موسڵمانی (سوننە و شیعە) و کوردی موسڵمان و یەزیدی, تورکمان و ئاشوری هەن کە فرە ڕەنگی ئاینی و کولتوری و نەتەوەی دەنوێنن و دەکرێت هەموویان لە یەکێتیە فیدراڵیەکان و لە سایەی کۆماری دیموکراسی خاوەن دەوڵەمەندی و فرەجۆری شارستانی مرۆڤانەدا کۆببنەوە. هەروەها ئێران بە شوێنگەی جیۆپۆلیتیکیە گرنگەکەیەوە و بە سەرچاوە شارستانیەکانی و مێژوویی دێرینی کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ و بەو پێیەی ئەو خاکە بەپیتەیە کە چەندین شارستانی وەك ئاشوری و میدی و پارسی و ساسانی و شارستانی تریشی لە هەمبێز گرتووە. بەڵام پەیوەندی کورد و فارس شێوەیەکی جیاوازتری وەرگرتووە لە هاو وێنەکانی لە گەلانی تر.
بە هۆی ئەو لەیەك نزیك بوونە گەورەیە, وەك مێژوو و ئاین و زمان و کولتوری نێوان هەردوو گەل, کورد لە پاڵ فارسەکاندا جێیان گرت بۆ بەرگری کردن لە وڵاتی هاوبەش بەرامبەر بە مەترسیە دەرەکیەکان بۆیە بە تەماشاکردنی ئەم هەرێمە دەوڵەمەندە خاوەن شارستانیە دێرینە بەو پێیەی ناوەندی پرشنگدانەوە و شارستانی بووە و ناوەندی چەندین ئاینی جیهانی بووە, دەبینین کە ئەو پێکهاتەیەی تێدایە ئەنجامی ڕەنج و هزری مرۆڤ و ئاوێتە بوونێتی لە گەڵ چواردەورەکەی و لە سەر بنەمای کاریگەریە گۆڕاوەکان بۆ ئەم پێکهاتەیە دوا شێوەی خۆی وەرگرتووە و ئەو قۆناغە جیاوازانەی پەرەسەندن کە شارستانیەکان لە جیهاندا پێیدا تیپەڕیوون.
مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە لە میزۆپۆتامیادا بە ناوەند بووە مێژوویەکی هاوبەش و بە ناویەکدا چووی ئاین و باوەڕی هەمەجۆرە, هەتا لە بونیادە کۆمەڵایەتی و ئابوریە جیاوازەکانە, بەڵام لە یەك بۆتەی پێکەوە نوساودا یەکیگرتووە و یەکێتیە بەهێزەکانیشی دروست کردووە و بە هێزترین ئایدیۆلۆژیەکانیشی داهێناوە کە تا ئەمڕۆش کاریگەرە, بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو لایەنە پۆزەتیفانە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەرێمێکە بە دەست پارچە بوون و گەندەڵ بوونەوە دەناڵێنێت, ئەوەش وەك ئەنجامی ئەو هێزە کۆلۆنیالیزمیانەی چاویان بڕیوەتە هەرێمەکە.
**بۆ تێپەڕاندنی ئەو ڕەوشە ئالۆز و نائاساییانە و ناکۆکیە ئاینی و نەتەوەییەکان دەبێت تێڕوانینی( نەتەوەیی ئاسۆ تەسك, ستەمی کولتوری, دۆگماتیزمی ئیدیۆلۆژی ) تیپەڕێنرێت.** شایانی باسیشە کە ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی هەر لە سەرەتاوە و تا ئێستا هەرێمەکە بە دەستیانەوە دەناڵێنێت, ئازاری زۆر بە گەلان دەگەێنێت و ئیدی ئەم کێشانە چارەسەرییەکان دەسەپێنێ بە شێوەیەکی خێرا

**KADEK یش بۆتە زمان حاڵی ئەم کێشەیە بە تایبەتیش بە هۆی ئەو چارەسەریە پێشکەش کراوانەی KADEK ی بڵندتر کرد و کردیە هێزێکی پێشەنگ لە ناو گشت هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دیتری هەرێمەکە و ئەو خەباتانەی دەیکات لە پێناو گەیاندنی ئەم کێشانە بە چارەسەرییەکانیان.**

لە دایك بوونی PKK لە هەلوومەرجێکی وادابوو کە دەخوازرا گەلی کورد و هەبوونەکەی ڕووبەڕووی سڕینەوە بکرێت لە سەر شانۆی مێژوو. بە نەتەوە بوونی خۆی بژێت بە هەموو لایەنەکانیەوە و خۆی وەك تەڤگەری ژیانەوەی نەتەوەیی دەنوێنێت بەرامبەر بە قڕکردن, بۆیە PKK تەڤگەری ژیانەوە و ڕاپەڕینە لە هەلومەرجەکانی قەیران و ململانێی توند و تیژدا کە هەرێمەکە تێیدا دەژی. بە تەماشاکردنیKADEK یش لە هەموو ڕووەکانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لەدایك بوونێکی نوێیە بۆ مێژووی گەلی کورد و پێچێکی یەکلایکەرەوەیە بۆی.

KADEK لە ژێر سەرۆکایەتی سەرۆك ئاپۆدا شایستەیی خۆی دەربڕیوە لە نواندنی بەها پۆزەتیفەکان کە لە سەر بناغەی پەرەدان بە ستراتیژی یەکێتی ئازادانەی دیموکراسی ئافراندوێتی و چارەسەری دیموکراسی و ئاشتیانەی ئەو کێشە هەستیارانەی لە هەرێمەکەدا هەیە. چارەسەری دیموکراسی بە پێی پێگەی ستراتیژی نوێی شۆڕش, باشترین چارەسەریە سەبارەت بە دۆزەکانی زمان, کولتور, باوەڕی ئاینی و ئەو ناکۆکیانەی تێیدایە و لە توانایدایە دیموکراسی بەدیبهێنێت بە پشت بەستن بە دەوڵەمەندی کولتوری و هەمە ڕەنگیەکەی لە نێوان گەلانی هەرێمەکەدا, کە دەتوانیٚ وەك ڕێیەکی چارەسەری کە ئەو هەمەڕەنگی و بەناویەکدا چوونەی کولتور و ئاینەکانی هەرێمەکە بنوێنێت, چونکە شۆڕشێکی دەوڵەمەندە و زەمینەی لە یەکتر نزیك کردنەوەی گەلان و پێکەوە ژیانیان زیاتر و ئامادە دەکات.

سەرکەوتنەکانی سیستەمی دیموکراسیش وەك سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەر لە چەندین وڵاتانی دنیادا سەلمێنراوە. بۆ نمونە سویسرا کە ئەزموونی ئەوروپی دەنوێنێت لە چارەسەرکردنی دیموکراسیانەی دۆز و گرفتە جۆراوجۆرەکانی ئاینی و ئاینزایی و کولتوری و نەتەوەیی. دوای ململانێی ئاینزایی کە چەندین سەدە بەردەوام بوو, گەیشتنە فۆرمیلەی هاوبەش کە هەمووان پێی قایلن و لە نێوانیاندا لە سەر بناغەی سیستەمی فیدڕاڵی پێکەوە دەژین کە تێیدا, دان بە چوار زمانی فەرمیدا نراوە (ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتاڵی و لەم ماوەیەی دووایشدا دان بە زمانی چوارەمیشدا نرا بۆ کەمینەیەکی ئیتالی زمان کە لە ئەڵمانیەوە دروست کراوە و بە "ڕومانشی" ناودەبرێت لە هەرێمی "گریسونس" ), هەروەها چەندین ئاینزایی کریستیانی هەیە کە لە سایەی دەسەڵاتێکی دیموکراسیدا تەبان. هەروەها نمونەیەکی تر ئینگلیزەکان و ڕژێمە دەستوریەکەیانە کە باشترین جیٚ بەجیٚ کردن دەنوێنی لە جیهاندا و ئەو وڵاتەیە کە کێشەکانی بە ڕێی دیموکراسی و دیالۆگی شارستانی چارەسەردەکات, لە گەڵ ئەوەشدا کە دەزانرا بەریتانیا پێکدێت لە (سکۆتلەندیەکان, گال و ئیرلەندیەکان, پرۆتستانت و کاسۆلیك, ئۆرۆستۆکراتەکان و پیشەسازەکان و خەڵکی ئاسایی).

بەڵام هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێویستی بەوەیە ئەزموونی دیموکراسی بژێت بە پێی هەلومەرجەکانی هەرێمەکە کە ململانیٚ و شەڕی نەتەوەیی و ئاینی و ئاینزایی خوێناوی بە خۆیەوە بینیوە, دوای ئەوەی ڕژێمە ئۆتۆکراتەکان دەستیان بە سەر دەسەڵاتدا گرت لە هەرێمەکەدا. ئەمڕۆش دەبینین کە ئامانجی ستراتیژی نوێی PKK پەرەدانە بە بنەماکانی چارەسەری دیموکراسی بونیادنەر بۆ گرنگترین دۆز و گرفتە هەستیارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا لە سەر بناغەی کۆماری دیموکراسی ئازاد و بە پێی سیستەمێکی عیلمانی کە هیچ دەمارگیریەکی ئاینی و ڕەگەزی و نەتەوەیی لە خۆ ناگرێت.

بەهاتنی سەدەی (21) هەلومەرجە بابەتیەکان پێگەیشتوون بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و ململانێیەکان کە گەلانی هەرێمەکە بە دەستیەوە دەناڵێنن و چارەسەری دیموکراسی بۆتە یەکێك لە پێویستیە دەست لیٚ بەرنەدراوەکان, ئەوەش وەك وەڵامدانەوەی ئەم سەردەمە.

ئەم ستراتیژیەتەش هەروەك پێچی یەکلایکەرەوەیە و وەرچەرخانی هەرە گەورەیە لە ستراتیژیەتی پارتیدا.چونکە مانیفستۆی چارەسەری دیموکراسیانەی کێشەی کورد و زەمینەی خۆشکراوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی هەرێمەکە کە لە ئیمرالیەوە دەستی پێکردوو و تێیدا سەرۆك ئاپۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی ستراتیژی تێدا ڕاگەیاند, بەوەش هەڵمەتێکی چۆنایەتی پێکهات بۆ کردنەوەی ئەو گرێکوێرەیەی دەیان بەڵکو سەدانساڵە بەردەوامە و زەمینە خۆش بکات بۆ شۆڕشی وەرچەرخانە دیموکراسیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی سۆسیالیزمی زانستیانە لە سەر ئاستی ئایدیۆلۆژی و زانستی تا سەر لە نویٚ ژیانەوە و ڕاپەڕینی شارستانی بئافرێنێت وەك چۆن پێشتر مەشخەڵی شارستانی مرۆڤایەتی بووە.

ئەوەش بە لە یەکتر نزیك بوونەوە و دیالۆگی دیموکراسی بونیادنەر پێکدێت لە نێوان هەمووو باوەڕییە ئاینی و ئاینزایی و نەتەوەییە جیاوازەکان لە کولتور و زمانەکانیاندا, لە ژێر ئالاٚی یەکێتی ئازادانەی دیموکراسی کە مافە ڕەواکانی مسۆگەر دەکات.

## کۆتایی:

لەو ڕاستیانەی تا ئێستا سەلمێنراون و ناکرێت پشتگوێ بخرێن، مانەوەی کاریگەرییە ڕۆحیەکانی کولتوور و باوەڕییە ئایینییەکانە، سەرەڕای هەموو هەڵمەتەکانی سەردەمی ڕێنیسانس، هەروەها ئەو پێشکەوتنە زانستیانەی شۆڕشی پیشەسازی لەئەوروپا بەدیهێنا لە بوارەکانی زانستە سروشتی، فەلەکی و فەلسەفە نوێیەکاندا، لە دوا ماوەکانیشیدا شۆڕشی تەکنەلۆژی و ئەو دەستکەوت و دۆزینەوە تازانەی بەدیهێناوە، تا ئەمڕۆ ئایین وەك: باوەڕی و شێوازی بیرکردنەوە هەبوونی خۆی دەپارێزێت لە ئاوەزی خەڵکدا.

سەرەڕای هەندێ لەو گۆڕانکارییانەی کە ئەوروپا ئەنجامیدا لە ڕژێمە دیموکراسیەکانیدا بەم مەبەستە، ئەوا بناغە تیۆری و پراکتیکیەکان دانەنراوە بۆ میتۆدی چارەسەری ڕیشەیی، چۆنیەتی نزیك بوونەوە لە ئایین لە ڕژێمە سەردەمیەکاندا، کە ئەنجامدانی وەرچەرخانی دیموکراسی لە ڕژێمەکانیدا، بە ئامانج دەگرێ. چونکە ئەمە لەو کارانەیە کە بەپێی پێودانگە سەردەمیەکان، دۆزینەوەی چارەسەری ڕاست و دروست دەسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا.

لێرەدا دەکرێ هەندێك پرسیار بکرێ، کە پێویستە وەڵام بدرێنەوە. ئەوە چییە کە داوای بەهەند گرتنی ئەم پرسەمان لێدەکات بەم پلەیە، وەك پێویستی دۆزینەوەی چارەسەریەك بۆی؟ پێودانگە سەردەمی و زانستیانەکانی نزیکبوونەوە لە ئایین لە کۆمەڵگادا کامانانەن؟ ئەو ئەنجامە شیمانەکراوانەی، بەهەند نەگرتنی ئەم کێشەیە چین؟ بۆ دۆزینەوەی چارەسەریش بۆیان پێویستە بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری زانستی و مێژوویی، سەرچاوەکانی و بناغە ڕۆحی و ئایینیەکانی ئایین بەدەستەوە بگرین.

ئەمڕۆ تێبینی ئەوە دەکرێت، کە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین یەکێکە لە هەرێمە هەستیارەکان لە جیهاندا، کە بەدەست ئەنجامەکانی ناکۆکی و کێشەی باوەڕییە ئایینییەکانەوە دەناڵێنێ، و بناغەی چارەسەریەکی دیموکراسی دروست دانەنراوە بۆ ئەم دۆزانە. بەوەش بۆتە هۆی پارچەبوونی دژوار لە بونیادی کۆمەڵگادا، ئەوەش وەك ئەنجامی تیژتربوونی ئاستی کۆنەپارێزی، دەمارگیری ئایینی و باوەڕی لەنێوان جەماوەردا. چونکە چەکی ئایین لەلایەن ڕژێم و هێزە کۆنەپەرستەکان و، ئیمپریالیستەوە بەکاردەهێنرێت دژ بە پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسی و پێشکەوتنی شارستانی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. ناکۆکی ئیسرائیل–عەرەب، عەرەب–ئێران، شەڕی تایەفە و ئاینزاکان لە لوبنان و جەزائیر بەڵگەیە لەسەر ئەوە، بەڵام ئەگەر بگەینە دۆزینەوەی چارەسەری ڕیشەیی بۆ دۆزەکانی ئایین لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەوا هەرێمەکە وەرچەخانی ڕیشەیی بەخۆیەوە دەبینێت و، دەبێتە مایەی پەرەسەندنی دیموکراسی لە ڕژێمەکانی هەرێمەکەدا. هەروەها پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و شارستانی و گەیشتنەوە کاروانی شارستانی مرۆڤایەتی. ئەمەش وەها وەرچەرخانێکن، کە ناکرێت وردە کارییەکانی و ئاستەکەی دەست نیشان بکرێ.

لەپێویستیە دەست لێبەرنەدراوەکان، نیشاندانی گیانی پێکەوە ژیانی ئازادانەیە لە نێوان ئایین و کولتوورە جیاوازەکان، چونکە بەهای هاوبەشی نێوان ئەم ئایینانە هەیە کە لەیەکتریان نزیك بکاتەوە. سەرۆك ئاماژە بەگرنگی پەرەسەندنی دیموکراسی و چارەسەرکردنی پرسی ئایینەکان دەکات. ( **سەرکەوتنمان لەشکاندنی کاریگەری تەریقەتە ئاینییەکاندا، گەورەترین ڕاژەی بەدیموکراسی کرد** ). هەروەها ئاماژە بە مەترسیەکانی نکولی کردن لە ئایین دەکات لەلایەن چەپگرانەوە ( **بەشێوەیەکی دروست لە ئایین تێگەیشتین و شیمان کردەوە، خۆشمان بەدوور گرت لەو هەڵە خەرەکیەی، کە تەڤگەری چەپ ڕەو تێیکەوت، کە لە نکولی کردن لە ئایین و بەدەستەوەگرتنی بەشێوەیەکی**

**زۆر شێوێنراودا خۆی دەنوێنێ. نەکەوتینە ئەم هەڵەیەوە و بەشێوەیەکی ڕاست لە ئایین تێگەیشتین و شیمان کردەوە)**. بۆیە پێویستە بە هەند و بابەتیانە نزیکی ئایینەکان ببینەوە، بە ئامانجی ڕزگارکردنی کۆمەڵگاکان لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی، کە وا دەکات ئایین وەك پەردە و چەکێکی کاریگەر بەکاربهێنرێت، دژبە ڕاپەڕین و پەرەسەندنی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی، بۆیە پێویستە کە ئایین بە هەموو باوەڕییەکانیەوە لە ڕاژەی پەرەسەندنی هزر و زانست دابێ و، ڕاژە بە کۆنەپارێزی و بناغەکانی نەکات.

بۆیە نرخاندنی ئەرێیی گەوهەری ئایین و بەکارهێنانی وەك چەکێکی کاریگەر لە لەناوبردنی بناغەکانی کۆنەپارێزیدا خاوەن بایەخێکی گەورەیە، هەرسکردنی ئەم ڕاستیە و، پراکتیزەکردنی بەشێوەیەکی ڕاست پەرەسەندنێکی بەرچاو بۆ شۆڕش بەدیدێنێت و، پاڵێکی بەهێزی دەداتێ، بەوەش بەشدار دەبێت لەوەدا، کە نەریتەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕزگار بن لە چەمکە چەوتەکان و، ژیاندنەوەی بەها شارستانیە گەورەکان و پەرەپێدانی لەسەر بناغەی ئازادانە و ئەمەش خۆ بە خۆ یەکێکە لە گرنگترین ئامانجەکانی شۆڕش. هەروەها لەو کارانەی کە پێویستە پشتگوێ نەخرێن ڕێزگرتنە لە باوەڕییە ئایینییەکانی جەماوەر و، نرخدان بە کولتوورە جۆراوجۆرەکانیان، پێداچوونەوەی و ڕێکخستنەوەی، هەروەها گۆڕینی ئامۆژگارییە ئایینیەکانیش بۆ ئامۆژگاری لە پێناو ڕێنیسانس و هەستانەوە بەڕووی هەموو شێوەکانی دواکەوتن و کۆنەپەرستی و کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم. گۆڕینی مزگەوت و کلێسە و دێر و پەرستگاکانیش بۆ ناوەندەکانی دەستپێکردنی ڕێنیسانس و ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی یەکەکانی بەرخۆدان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو شێوەکانی ئاماژە پێکراوی کۆنەپەرستی.

لە چێوەی ئەم ئامانجەدا و تاوەکو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین خۆیان پەیوەندیداربن، ئەوا هەڵوێستی هەرە ڕاست، مامەڵەکردنێکی ڕاستە لەگەڵ مێژوودا، واتا مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر و ڕێزگرتنی یەکتر و نکۆلی نەکردن لە ئەوانیتر، وەك چۆن بەدرێژایی سەدان ساڵ نکولی لە گەلی کوردمان کرا, سەرەڕای هەموو هەوڵە گەورەکانی لە پێناو پەرەسەندنی شارستانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و گێڕانی ڕۆڵی پرد لەمێژووەکەیدا و لە نێوان گەلانی هەرێمەکە بەڕێی پێشەنگایەتی کردنی ئەم گەلانە دژ بە هەڵمەتە دەرەکیەکان، بۆیە پێویستە بە ئەوپەڕی زانستیبوون لەوە بڕوانین و شێوازەکانی قڕکردن و نکۆلیکردن بەکار نەهێنین، چونکە ئیدی سەردەمیش ئەوە پەسندناکات. هەتا گەوهەری ئایینەکانیش ئەوە پەسند ناکەن.

لەپێناو گەیشتنی ڕژێم و ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتدار لەهەرێمەکەدا بەچارەسەری کێشەکانیان، دەبێ بەر لە هەر شتێك دیالۆگی نێوان گەلان بکرێت، بەشێوەیەکی دیموکراسی و لەسەر بناغەی یەکێتی ئازادانەی دیموکراسی و یەکێتی کولتوور و باوەڕییەکانیان و، سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو، کە مێژوو بینیویەتی.

لەبەر ئەوە بینیمان لەو شێوازانەی کە ڕیشەی دواکەوتن لە کاروانی شارستانی و پەرەسەندنی مرۆڤایەتی قایم کرد، گرتنەبەری خراپترین شێوازەکانە لە بەکارهێنانی ئاییندا و، نکولی کردن لە مافەکانی هەندێ گەلان لە ژێر ئەم ناوەدا، بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و، دەرخستنی ڕاستی ئایین دەبێتە مایەی کرانەوە و پەرەسەندن لە بونیادی کۆمەڵگاکانی هەرێمەکەدا، بەوەش کۆڵەکەکانی برایەتی و یەکسانی و پێکەوە ژیانی ئازادانە تۆکمە دەبێت لە ئەزموونێکی دیموکراسی گشتگیر لە هەرێمەکەدا، کە هەموو گەلان بەدەرکەوتنی سەدەی بیست و یەکەمین، چاوەڕێی دەکەن.